# گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری


نووسینی

د. دلال محسن



( 2521 )



هەواڵنامەی کتێب


وەرگێڕانی

محمد فاتح


هەولێر

ئازار_ ٢٠١١

هەواڵنامەی کتێب


- ناوی کتێب: گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری
- ناوی نووسەر: د. دلال محسن
- وەرگێڕانی: محمد فاتح
- پیتچنین: نووسینگەی بایۆز
- نەخشەسازی و بەرگ: عبدالحمید عزیز
- تیراژ: ٥٠٠
- لە کتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارەی سپاردنی (١١٤٣)ی ساڵی (٢٠١١)ی دراوەتێ.
- چاپخانەی:

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١٢ |
| بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆریی. | ١٥ |
| چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. | ١٦ |
| شێوازەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی | ٢٣ |
| داهێنان و دۆزینەوە. | ٢٤ |
| زیرەکی و ژینگەی ڕۆشنبیری. | ٢٤ |
| بڵاوبوونەوە. | ٢٥ |
| زاراوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی | ٢٥ |
| یەکەم: پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. | ٢٦ |
| دووەم: پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. | ٣٢ |
| سێیەم: گەشەکردنی کۆمەڵایەتی. | ٣٥ |
| چوارەم: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٣٩ |
| هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. | ٤٢ |
| یەکەم: هۆکارە دەرەکیەکان. | ٤٤ |
| - هۆکارە فیزیکیەکان (ژینگەیی). | ٤٤ |
| - هۆکارە دیموگرافیەکان. | ٤٦ |
| - هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان. | ٤٨ |
| - هۆکارەکانی تازەگەرێتی. | ٥١ |
| - هۆکارە ئابورییەکان. | ٥٣ |
| دووەم: هۆکارە ناوخۆییەکان. | ٥٤ |
| - سیستمی سیاسی. | ٥٤ |

| | |
|---|---|
| سێیەم: هۆکارە تەکنولوجیەکان. ........................ | ٥٦ |
| چوارەم: هۆکارە هزری و فەلسەفیەکان. ........................ | ٥٩ |
| قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. ........................ | ٦١ |
| خاسیەتەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. ........................ | ٦٥ |
| گرینگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. ........................ | ٦٧ |
| بەشی دووەم: ئاڵۆزی گۆڕانی ڕۆشنبیری. ........................ | ٦٩ |
| پێشەکی. ........................ | ٧٠ |
| چەمکی گۆڕانی ڕۆشنبیری. ........................ | ٧١ |
| بنەماکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری. ........................ | ٧٦ |
| هۆکارەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری. ........................ | ٨٢ |
| ١- دۆزینەوەکان. ........................ | ٨٢ |
| ٢- داهێنان. ........................ | ٨٣ |
| ٣- بڵاوبوونەوە. ........................ | ٨٤ |
| ٤- هۆیەکانی پەیوەندیکردنی ڕاگەیاندن. ........................ | ٨٧ |
| شێوازەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری. ........................ | ٨٩ |
| یەکەم: گۆڕانی ڕۆشنبیری ناوخۆیی. ........................ | ٩١ |
| أ- نوێکردنەوە. ........................ | ٩١ |
| ب- داهێنان. ........................ | ٩٣ |
| ج- دۆزینەوە. ........................ | ٩٧ |
| دووەم: گۆڕانی ڕۆشنبیری دەرەکی. ........................ | ١٠٢ |
| - بڵاوبوونەوە. ........................ | ١٠٤ |
| پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی ڕۆشنبیری. ........................ | ١٠٦ |
| بەشی سێیەم: ........................ | ١١٣ |
| تیۆریەکانی هاوچەرخ بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. ........................ | ١١٣ |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| پێشەکی. ........................ | ١١٤ |
| تیۆریەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی........................ | ١١٦ |
| یەکەم: تیۆریەکانی هەر بوونایەتی. ........................ | ١١٦ |
| أ- هەر بوونایەتی جوگرافی. ........................ | ١١٧ |
| ب- هەر بوونایەتی بیولوجی. ........................ | ١١٨ |
| دووەم: تیۆریەکانی پەرەسەندنگەری. ........................ | ١٢٠ |
| أ- تیۆریەکانی هێلگەری. ........................ | ١٢١ |
| ب- تیۆریە بازنەییەکان. ........................ | ١٢٦ |
| شێوازەکانی رۆشنبیری. ........................ | ١٢٩ |
| - رۆشنبیری هەستیاریی. ........................ | ١٢٩ |
| - رۆشنبیری وێنەیی. ........................ | ١٣٠ |
| - رۆشنبیری ئایدیالیزمی. ........................ | ١٣٠ |
| - رۆشنبیری تێکەڵاو. ........................ | ١٣٠ |
| شێوە نوێیەکانی پەرەسەندگەرایی. ........................ | ١٣٢ |
| أ- تیۆری قۆناغەکانی گەشەکردن. ........................ | ١٣٢ |
| ب- تیۆری بەیەك گەیشتن یان نزیکبوونەوە. ........................ | ١٣٣ |
| ج- تیۆری کۆتایی مێژوو. ........................ | ١٣٤ |
| سێیەم: تیۆریەکانی بوونیادنان _ فەرمانگەرایی. ........................ | ١٣٥ |
| ١- فەرمانگەرایی کلاسیکی. ........................ | ١٣٧ |
| ٢- تیۆری هاوتایی دینامیکی. ........................ | ١٣٩ |
| أ- گۆڕانکارییە کورت ماوەکان. ........................ | ١٤٠ |
| ب- گۆڕانکارییە دوور ماوەکان. ........................ | ١٤١ |
| ج- تیۆری تازەگەرێتی فەرمانگەرایی. ........................ | ١٤٢ |
| چوارەم: تیۆریەکانی ماتریالیزمی مێژوویی. ........................ | ١٤٤ |
| أ- تیۆری مارکسیزم. ........................ | ١٤٥ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ب- تیۆری گەشەپێدانی پاشکۆ. ........ | ١٤٧ |
| پێنجەم: تیۆریە سایکولۆژییە ـ کۆمەڵایەتیەکان. ........ | ١٤٩ |
| أ- ڕۆڵی هزرەکان لە گۆڕان. ........ | ١٥٠ |
| ب- تیۆری کەسێتی نوێکار. ........ | ١٥١ |
| جـ- تیۆری کۆمەڵگەی بەجێهێنراو. ........ | ١٥٣ |
| تیۆریەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری. ........ | ١٥٥ |
| أ- تیۆریەکانی پەرەسەندگەرایی. ........ | ١٥٥ |
| ب- تیۆریەکانی مەرجداریگەری. ........ | ١٦٠ |
| بەشی چوارەم: بەرهەڵستەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.... | ١٦٥ |
| پێشەکی. ........ | ١٦٦ |
| یەکەم: بەرهەڵستە کۆمەڵایەتیەکان. ........ | ١٦٦ |
| ١- ڕۆشنبیری نەریتگەری. ........ | ١٦٧ |
| أ- سروشتی بونیادی چینایەتی. ........ | ١٦٩ |
| ب- ئارەزووی پارێزگاریکردنی دەسکەوتەکان. ........ | ١٦٩ |
| جـ- گۆشەگیری کۆمەڵگە. ........ | ١٧١ |
| د- پارێزگاری بەهاکان و ترس لە گۆڕان. ........ | ١٧١ |
| هـ- یەکگرتوویی کۆمەڵ. ........ | ١٧٢ |
| و- ناتەبایی لە پێکهاتەی کۆمەڵگە. ........ | ١٧٢ |
| أ- پابەندبوونی ئاڵ و گۆڕ لەناو خێزان. ........ | ١٧٣ |
| ب- بزاوتی کۆمەڵیی بچووک. ........ | ١٧٣ |
| جـ- ڕای گشتی. ........ | ١٧٤ |
| ٢- ناکۆکیەکان. ........ | ١٧٤ |
| أ- حزبایەتی. ........ | ١٧٤ |
| ب- گروپەکانی بەرژەوەندی. ........ | ١٧٥ |
| جـ- سەرچاوەکانی دەسەڵات. ........ | ١٧٥ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| دووەم: بەرهەڵستیە ئابورییەکان. ........................ | ١٧٦ |
| ١- وەستانی جولەی داهێنان و دۆزینەوە زانستیەکان. .............. | ١٧٦ |
| ٢- تێچووی دارایی. ........................................ | ١٧٧ |
| ٣- سنورداری سەرچاوە ئابورییەکان. .......................... | ١٧٩ |
| سێیەم: بەرهەڵستیە ئیکۆلوجیەکان. ............................ | ١٨٠ |
| چوارەم: بەرهەڵستە سیاسیەکان. ............................... | ١٨١ |
| ١- کۆسپە سیاسیە ناوخۆییەکان. | ١٨١ |
| ........................................ | ١٨١ |
| أ- لاوازی ئایدیولوجیای گەشەپێدان. ............................ | ١٨٢ |
| ب- فرەیی نەتەوە و کەمایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە. ............... | ١٨٢ |
| ج- نەبوونی سەقامگیری سیاسی. ............................... | ١٨٣ |
| ٢- کۆسپە سیاسیە دەرەکیەکان. | ١٨٣ |
| ........................................ | ١٨٣ |
| أ- سیاسەتی ئیپریالیزمی. .................................. | ١٨٤ |
| ب- جەنگە دەرەکیەکان. ...................................... | ١٨٥ |
| پێنجەم: بەرهەڵستیە ڕۆشنبیرییەکان. ........................... | ١٨٥ |
| أ- ژینگە یان شوێن. ........................................ | ١٨٦ |
| ب- هۆکارە مێژووییەکان. .................................... | ١٨٦ |
| ج- هۆکارە دەروونیەکان. ..................................... | ١٨٧ |
| ء- جۆر و سروشتی کەلەپور. .................................. | ١٨٨ |
| هـ- پشت بەستن بە هێزە نادیارەکان. ........................... | ١٨٩ |
| و- پێوەرەکانی خاکێتی باو. .................................. | ١٩٠ |
| ز- پێکدادانی خسلەتە ڕۆشنبیرییەکان. ........................... | ١٩١ |
| ج- ئەنجامە پێش بینی نەکراوەکانی نوێکاری. ..................... | ١٩٢ |
| ڤ- بیروباوەڕە میللیەکانی ڕێگر لە گۆڕانی ڕۆشنبیری................ | ١٩٢ |

| | |
|---|---|
| ل- بەهاو ئاراستەو دابونەریتەکان. ........................ | ١٩٢ |
| ١- نەریتەکان. ........................................ | ١٩٣ |
| ٢- باوەڕ هێنان بە چارەنووس. ........................ | ١٩٣ |
| ٣- توندڕەوی ڕۆشنبیری. ................................ | ١٩٤ |
| ٤- هەستکردن بە سەربەرزی و شکۆمەندی. ............... | ١٩٤ |
| ٥- پێوەرەکانی خاکێتی. ................................ | |
| شەشەم: بەرهەڵستیە سایکولوجیەکان. .................. | ١٩٤ |
| یەکەم: جیاوازی ئەندیشەکاری و درك پێکردنی لەناو | ١٩٥ |
| ڕۆشنبیرییەکان. ........................................ | ١٩٥ |
| ١- تێڕوانین بۆ ڕۆڵی نوێنەرانی حکومەت. .............. | ١٩٥ |
| ٢- تێڕوانین بۆ دیارییەکان. ............................ | ١٩٦ |
| ٣- تێڕوانینی جیاواز بۆ ڕۆڵەکان. ...................... | ١٩٦ |
| ٤- جیاوازی تێڕوانین بۆ مەبەستی ڕاستەقینە. ............ | ١٩٦ |
| دووەم: کێشەکانی گەیاندن. ............................ | ١٩٧ |
| أ- کێشەکانی زمان. .................................... | ١٩٧ |
| ب- کێشەی هۆیەکانی ڕوونکردنەوە. ..................... | |
| ج- کێشەکانی فێربوون. ................................ | ١٩٩ |
| بەشی پێنجەم: ڕۆڵی پەروەردە و پەیوەندی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی | ٢٠٠ |
| و ڕۆشنبیری. ........................................... | ٢٠١ |
| پێشەکی. ................................................ | ٢٠٥ |
| ڕۆڵی پەروەردە و پەیوەندی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. .. | ٢٠٦ |
| پێویستی بۆ پەروەردە سەرلەنوێ. ........................ | |
| پەروەردە پرۆسەی بونیاد نانەوە. ........................ | ٢١٤ |
| ڕۆڵی پەروەردە لەبەر ڕووناکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و | ٢١٧ |
| ڕۆشنبیرییە خێراکان. .................................. | ٢١٩ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| أ- ئامادەکردنی تاك لە ڕووی پیشەییەوە. ................ | ٢٢٠ |
| ب- پارێزگاری یەکگرتوویی کۆمەڵگە. ................ | |
| جـ- پارێزگاری ئایدیولوجیاو بنەما بنچینەییەکانی کۆمەڵگە.... | ٢٢٢ |
| ء- ئامادە و ڕاهێنانی تاکەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی | ٢٢٣ |
| گۆڕانکاریەکان و سوود وەرگرتن لێیان. ................ | ٢٢٥ |
| هـ- جەخت کردن لەسەر بەها ئاینیەکان. ................ | ٢٢٥ |
| پەروەردە و ڕۆشنبیری. ................................ | ٢٢٦ |
| پێشەکی. ................................................ | ٢٢٦ |
| چەمکی ڕۆشنبیری. ...................................... | ٢٣٢ |
| پێناسەکانی ڕۆشنبیری. ................................ | ٢٣٢ |
| ١- توێژی ڕۆشنبیرە پابەندەکان. ...................... | ٢٣٢ |
| ٢- توێژی نیمچە پابەندەکان. ........................ | ٢٣٣ |
| ٣- توێژی کارمەندان لە بواری فێرکردن. ............... | ٢٣٣ |
| ٤- توێژی تەکنوکرات و پیشەدارەکان. ................. | ٢٣٣ |
| خسڵەتەکانی ڕۆشنبیری. ................................ | ٢٣٣ |
| أ- ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی. ............................. | ٢٣٣ |
| ب- ڕۆشنبیری وەرگیراو. ............................. | ٢٣٤ |
| جـ- ڕۆشنبیری جێگیر و گۆڕاو. ....................... | ٢٣٤ |
| ء- ڕۆشنبیری ناواخنی و ڕۆشنبیری ئاشکرا. ............ | ٢٣٤ |
| هـ- ڕۆشنبیری ناواخنی جۆراوجۆر. .................... | ٢٣٤ |
| و- ڕۆشنبیری ئەشێ بۆ بڵاوبوونەوە و گواستنەوە. ......... | ٢٣٥ |
| ز- ڕۆشنبیری بەردەوام. ............................. | ٢٣٥ |
| حـ- ڕۆشنبیری فێرکراو. ............................. | ٢٣٦ |
| ن- ڕۆشنبیری هاوبەشی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە. ......... | ٢٣٦ |
| ل- ڕۆشنبیری پێداویستیەکانی تاك تێردەکات لە کۆمەڵگە. ..... | ٢٣٧ |


پەرتووکخانەی کتێب

| | |
|---|---|
| ر- رۆشنبیری یارمەتی تەبایی دەدات. | ٢٣٧ |
| فەرمانەکانی رۆشنبری. | ٢٣٨ |
| أ- فەرمانی کۆمەڵایەتی. | ٢٣٩ |
| ب- فەرمانی مرۆڤایەتی (تاکگەرایی). | ٢٣٩ |
| ج- فەرمانی دەروونی. | ٢٣٩ |
| رەگەزەکانی رۆشنبیری. | ٢٤٠ |
| یەکەم: رۆشنبیرییەکان. | ٢٤٠ |
| دووەم: تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیری. | ٢٤٠ |
| أ- تایبەتمەندییەکانی تەمەن. | ٢٤٠ |
| ب- تایبەتمەندییەکانی پیشە. | ٢٤١ |
| ج- تایبەتمەندییەکانی رەگەزی. | ٢٤١ |
| د- تایبەتمەندییەکانی چینایەتی. | ٢٤١ |
| ه- تایبەتمەندییەکانی رەچەڵەك. | ٢٤١ |
| و- تایبەتمەندییەکانی بیروباوەڕ. | ٢٤١ |
| ز- تایبەتمەندییەکانی فێربوون. | ٢٤٣ |
| گۆڕاوە رۆشنبیرییەکان. | ٢٤٣ |
| پۆلێن کردنی رۆشنبیرییەکان. | ٢٤٣ |
| ١- پێکهێنەرە مادییەکان. | ٢٤٣ |
| ٢- پێکهێنەرە کۆمەڵایەتیەکان. | ٢٤٣ |
| ٣- پێکهێنەرە هزرییەکان. | ٢٤٦ |
| ئاستەکانی رۆشنبیری. | ٢٤٨ |
| تەواوکاری رۆشنبیری. | ٢٤٩ |
| قۆناغەکانی تەواوکاری رۆشنبیری. | ٢٥٠ |
| پێکهێنەرەکانی تەواوکاری. | ٢٥١ |
| ١- تەواوکاری نامێری و ئۆرگانی. | ٢٥١ |

| | |
|---|---|
| ٢- تەواوكاری كۆمەڵایەتی و دەروونی. .......... | ٢٥١ |
| هۆكارە كاریگەرەكان لە تەواوكاری. ......... | ٢٥٢ |
| ١- قەبارەی كۆمەڵگە. ........... | ٢٥٢ |
| ٢- بە ڕەگەزبوون (یەكسانی). ........... | ٢٥٣ |
| ٣- گواستنەوەی فیزیكی. ........... | ٢٥٣ |
| دوواكەوتنی ڕۆشنبیری. ........... | ٢٥٤ |
| شوێنی دوواكەوتنی ڕۆشنبیری. ........... | ٢٥٤ |
| هۆكارەكانی دوواكەوتنی ڕۆشنبیری. ........... | ٢٥٥ |
| ١- پارێزگاری لە كۆن. ........... | ٢٥٥ |
| ٢- جیاوازی لە خێرایی گۆڕان لە ڕەگەزەكانی ڕۆشنبیری. ...... | ٢٥٦ |
| ٣- ئەو ماوەیەی كە دوواكەوتنی ڕۆشنبیری دەیخاینێد. ........ | ٢٥٧ |
| ٤- ڕۆشنبیری كردن. ........... | ٢٦١ |
| ٥- فێربوون و ڕاهێنانی ڕۆشنبیری. ........... | |
| ٦- لێكدانەوەی زاراوەكان. ........... | |


هەواڵنامەی كتێب

## پێشەکی

گۆڕان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە کێشەی یەکەمی مرۆڤ دادەنرێت، کاتێک باس لە گۆڕان دەکەین مەبەست گۆڕانێکی هەمەلایەن و هەموو بوارەکانی ژیانیش بگرێتەوە.

ئەم چەمکە تا ڕادەیەکی زۆر چەمکێکی تەمومژاوییە، زەحمەتە وەك دیاردەیەکی سنوردار و لەیەك بار باسی لێبکرێت، دەکرێ وەك پرۆسەیەك باس لە گۆڕان بکرێت کە لە چوارچێوەیدا کۆمەڵە کردار و کار لەیەککردنی خودی هەبێ، ئاڵوگۆڕ لە نێوان ڕەگەز و بەشەکانی ڕوبدات.

گۆڕان دەرئەنجامی چەند کردارێکە، هەندێکی ئاشکرایە و هەندێکیش شاراوە، کە بە شێوەیەکی خۆڕسکی یان بەپێی بەرنامەو پلان ڕوودەدات، بەڵام دیاردەکە بەستراوەتەوە بە ژیان و بە بوونی مرۆڤایەتیەوە.

گۆڕان ئاکامی ماندووبوونی مرۆڤە لە هەوڵەکانی بۆ چاکسازی و چاککردنی باری ژیانی و زاڵبوون بەسەر کێشە و کەم و کورتیەکان، ژیانیش بۆ خۆی زنجیرەیەك گۆڕانکارییە ئەگەر بوەستن ئەوا ژیان دەوەستێت، ئاینەکان گۆڕانیان دروست کردووە، قۆناغە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان لە مێژووی مرۆڤایەتی بۆ خۆی گۆڕانە، ململانێی هزری و چینایەتی و سیاسی گۆڕان دروست دەکات.

سەرنجدان و تێگەیشتن لەو بابەتانەی لەسەر گۆڕان نووسراون ئەرکی توێژەر و پسپۆڕانی زانستە مرۆڤایەتیەکانە، ئەرکی سەرکردە سیاسیەکانە، ئەرکی بەرپرسە باڵاکانە ئەوانی بڕیارە سیاسی و ئیدارییەکان وەردەگرن، هەریەکە لە جێگە و پێگەی خۆیەوە، بۆ ئەوەی بڕیارەکانیان زیاتر ڕاست و گونجاو بن لەگەڵ بارودۆخەکە، لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

گۆڕان لە بۆشایی دروست نابێ و کارناکات، بەڵکو لە چوارچێوەی واقعێکی کۆمەڵایەتی ئابوری دیاریکراو لە سێبەری ژینگەیەك بە هەموو هۆکارە بابەتی و خودییەکانی و لەناو کەلەپورێك لە داب و نەریت و ئاراستە و بەهای کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی ڕۆشنبیرییەکی باودا.

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە تۆژینەوەیەکی زانستیانە بۆ پرۆسەی گۆڕان، زۆر بە وردی لە هەموو بوار و لایەنەکانی دەکۆڵێتەوە بیروڕای چەندین شارەزای ئەم بوارەی کۆ کردۆتەوە. گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەستۆتەوە بە گۆڕانی ڕۆشنبیری و لە پەیوەندییەکانیان دەکۆڵێتەوە و ڕوونی دەکاتەوە.

کتێبەکە لە شەش بەشی سەرەکی پێکدێت، لێرەدا تەنها پێنج بەشی یەکەمی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە بەشە گرینگەکان و تۆژینەوەن لەسەر هەموو بوارەکانی پرۆسەی گۆڕان، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

بەشی شەشەمیان چەند لێکۆڵینەوەیەکی (مەیدانیە) لە چەند ولاتێکی عەرەبی کە بە پێویست نەزانرا زیاد بکرێت. ئەم بەشە ڕەنگە زیاتر پسپۆڕان و مامۆستایانی بابەتەکە سوودی لێوەر بگرن.

لەگەڵ هیوای خۆشی و ڕێزم...

هەواڵنامەی کتێب

محمد فاتح

ئازاری ٢٠١١ - هەولێر

# بەشی یەکەم

# دەروازەیەکی تیۆری

هەڵگری کتێب

خودی گۆڕان دیاردەیەکی سروشتیە هەموو دیاردەکانی گەردون و کاروبارە جۆراوجۆرەکانی ژیان ملکەچی دەبن.

لە کۆندا فەیلەسوفی یونانی (هیرکلیتس) وتویەتی: (گۆڕان یاسای هەبوونە، جێگیری مردن و نەبوونە). هەروەها دەربارەی گۆڕان گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە (تۆ دوو جار ناچیتە ناو ئاوی دەریایەك، ئاوی نوێ بەردەوام دەڕوات).

دیاردەی گۆڕان زۆر ئاشکرایە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوەش وای لە هەندێ بیرمەندان کردووە کە بڵێن: لێرەدا کۆمەڵگاکان بوونیان نییە، بەڵام ئەوەی هەیە کار لە یەککردن و کردارە کۆمەڵایەتیەکانە کە لە گۆڕانی بێ کۆتایی و کار لە یەککردندا بەردەوامن.

## چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێت کە هەر گۆڕانێك ڕوو بدات لە سیستەم و پێکهاتە و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر لە بواری بونیادنان بێت یان لە کاری فەرمانیەوە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا. هەر لەبەر ئەوەی سیستەمەکانی ناو کۆمەڵگە پەیوەست و تێکەڵاو و تەواوکارن لە ڕووی بونیادنان و فەرمانیەوە، بۆیە هەر گۆڕانێك لە دیاردەیەکدا ڕوو دەدات دەبێتە هۆی زنجیرەیەك لە گۆڕانکارییە لاوەکیەکان تووشی گەورەترین بوارەکانی ژیان دەبێتەوە بەڵام بە پلەی جیاواز.

گۆڕان لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پێویست بە خۆ گونجاندنی تاکەکانی دەکات بەپێی پێداویستیەکان و بەپێی داواکارییە نوێکاریەکان، ئەوان ئەگەر بێ جولە مانەوە ئەوا تووشی شکست دەبن و پەنا بۆ هەڵاتن دەبەن لەژێر فشارەکانی ژینگەدا. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە تاکەکان پێویستە ئامرازێکی زیندو و نەرم بن بەهۆی داواکارییەکانی گۆڕان تا بتوانن لە ڕێڕەوی شارستانیەت و پێشکەوتندا بەردەوام بن.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەك چەمکێکی ناسراو لە کۆمەڵناسیدا، بەتایبەتی لە توێژینەوە دینامیکیەکان بە خسلەتێك دادەنرێت کە پەیوەستە بەرەفتاری

مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ. گۆڕان بە ڕادەیەك پێویست بووە بۆ مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و كار لەیەككردنی شێوازەكانی ژیان بە هەموو جیاوازییەكانی بۆ ئەوەی شێواز و بەهای كۆمەڵایەتی نوێ بەردەوام بەدی بهێنێ كە لە سێبەریدا تاكەكان هەست بكەن كە ژیانیان لە جوڵەو نوێبوونەوە دایە هەروەها لەو جوڵەیەدا پێویست دەكات تاكەكان لە جوڵەی هەمیشەیی و لەگەڵ ڕۆیشتنی تەواو دابن بێ دوواكەوتن یان خۆ بەستنەوە بە كۆن.

گۆڕان لە ساكارترین شێوەكانیدا لەوە كۆدەبێتەوە كە ژمارەیەكی گەورەی كەسەكان، هەوڵێكی زۆر جیاوازتر لە هەوڵ و ماندووبونی گەورەكانیان بەجێ دەهێنن لە كاتێكی دیاریكراودا، ئەو كارەش خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەكی تەواوكارە بۆیەك یاخود زیاتر لە پرۆسە كۆمەڵایەتیە باوەكانی ناو كۆمەڵگە.

گۆڕان نیشانەیە بۆ چەند شێوازێك لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان لە ڕێكخستنێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراودا، كە لە ماوەیەكی دیاریكراو دەسەپێنرێت بێ دەستێوەردان لە دۆخە گشتیەكەی كۆمەڵ..

دیاردەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی ڕەنگە لە ماوەیەكی كورت و بە شێوەیەكی خێرا ڕوویدات، یان ڕەنگە هەموو مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ بخاێنێت، لێرەدا فاكتەری كات جێگای بایەخ پێدان دەبێت، هەروەها گۆڕانی كۆمەڵایەتی بەمانای بوونی توانا دێت لەسەر جیاكردنەوەی پەیوەندییە گۆڕاوەكان لەوانی ڕەنگە زۆر سست بن یاخود جێگیر بن.

جیاوازی نێوان كۆمەڵگاكان، جیاوازی تری دیاریكراو ئاشكرا دەكات، بەڵام جەخت كردن لەسەر شتە هاوشێوە و جێگیرەكان لە شارستانیەتێكی دیاریكراودا وەك خسڵەتێكی سەرەكی دەردەكەوێت.

هەر لەبەر ئەوەی كۆمەڵناسی بایەخ بە پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان زیاتر، دەدات كەچی گۆڕانی كۆمەڵایەتی تەنیا گۆڕانە لە پەیوەندییەكان و بونیادی كۆمەڵایەتی، هەروەها بریتییە لە ڕایەڵەیەك لەو پەیوەندییانەی كە هەیە، بۆیە هەر گۆڕانێك لەو پەیوەندییانە ڕەنگدانەوەی لەسەر تێكڕای بونیادی كۆمەڵایەتی دەبێ.

لە ڕاستیدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی سروشتیە هەموو دیاردەکانی گەردوون ملکەچی دەبن، کۆمەڵگا مرۆییەکانیش بە هەموو دیاردەکانی ملکەچی گۆڕانی بەردەوام دەبن، بەڵام لێرەدا دیاردەی خێراتر هەیە لە گۆڕان و پەرەسەندنیدا لە وانیتر، بەڵام خودی بێ جوولەیی لە هەر لایەنێك بێت لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، کارێکە ناگرێت خۆمانی بەدەستەوە بدەین یان پەسندی بکەین، ئەوەندە بەسە کە تەماشای کۆمەڵگا مرۆڤایەتیە جیاوازەکان بکەین تا ببینین ڕادەی ئەو گۆڕانەی کە تووشیان بووە لە ماوەی مێژوودا.

هەردوو شارەزا (جیرس ـ میللز) باس لە ماهیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن و وای بۆ دەچن کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی: ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر ئەو ڕۆڵە کۆمەلایەتیانەی تاك پێی هەڵدەسن ڕوو دەدات، لەگەڵ هەموو ڕوودانێك لەسەر سیستمە کۆمەڵایەتیەکان و بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە بونیادی کۆمەڵایەتی لە ماویەکی دیارکراودا دەیگرێتە خۆی.

(جینز برج) وا بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەچێت کە هەر گۆڕانێك بێت لەسەر بونیادی کۆمەلایەتی (گشتی) بێت یان (بەشێك) هەروەها لە شێوەی سیستمی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە ئەوڕۆڵە کۆمەڵایەتیانەی کە تاکەکان پێی هەڵدەسن جیاواز دەبێ لەو ڕۆڵانەی کە لە سەردەمەکانی پێشو پێی هەڵساون. واتا ئەگەر ئێمە هەوڵی شیکردنەوەی کۆمەڵگەیەکماندا لەبەر ڕووناکی ئەو پێکهاتەی کە هەیەتی، ئەوا پێویست دەکات لە ماوەی ساتێکی دیاریکراوی ڕۆژگاردا تەماشای بکەین، واتا سەرنجی جیاوازی ئەو کارلەیەککردنە کۆمەڵایەتیە بدەین کە ڕوویداوە، ئەوەش پێی دەوترێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

هەروەها (جینز) دەڵێت: من لە گۆڕانێك تێناگەم ئەگەر بەدی بێت، تەنها لە بونیادی کۆمەڵگە نەبێت واتا لە قەبارە و پێکهاتە و بەشەکانی و شێوەی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکەی، لە کاتێکدا ئەو گۆڕانە لە کۆمەڵگە ڕوو دەدات تاکەکانی پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاواز بەکار دەهێنین، لەوەی کە بەکاریان هێناوە لە ڕۆژگاری پێشودا. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە دیدی ئەو شارەزایە ئەوەیە کە ڕێگای بارودۆخی

کۆمەڵایـەتی بـۆ تاکـەکانی خـۆش دەکـات جیـاواز لـە بارودۆخـەکانی پێشـوتر لـە پێکهاتەی کۆمەڵایـەتیان. خـودی ئـەو دۆخانـەش بـەرەو ڕووی گـۆڕان دەبنـەوە، هـەر ڕۆژگاریش هۆکاری سەرەکی دەبێت لە ڕوودانی گۆڕاندا. بۆیە ئـەو پێناسـەی گـۆڕانی کۆمەلایـەتی دەکـات بـەوەی: ئـەو گۆڕانـەی کـە ڕوو دەدات لـە جـۆری پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیی، وەك زۆر بوون یان کەم بوونەوە لە قەبارەی کۆمەڵگە یان لە سستەم و دام و دەزگـا کۆمەڵایەتیـەکان، هـەروەها گـۆڕان لـە بـیرو بـاوەڕ و هەڵوێسـتەکان دەگرێتەوە.

بۆیـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو پێناسـانەی پێشـوتر بـۆ گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی کـراوە، دەکرێت پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەم جۆرە بکەین: هەموو گۆڕانێك ڕوو بـدات لـە بونیـادی کۆمەڵایـەتی و پێگـەی ڕۆڵـە کۆمەلایەتیـەکان، هـەروەها لـە سیستم و پێکهاتە و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

هەر لەبەر ئەوەی دیاردەکانی کۆمەڵگە وابەستە و پاڵپشتیکەری یەکترن ئەوا هـەر گۆڕانێك لە بەشێك لەو بەشانەی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕوو‌بدات گۆڕانی تـر لـە هـەموو بەشەکانی و بە پلەی جیاواز بەرەو ڕووی دەبنەوە، بـەم پێیـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی لەسەر یەك بەش ناوەستێت بێ بەشەکانی تر، هەروەها کاتێ گـۆڕان دەس پێـدەکات دژوارە ڕاگرتنـی بـەهۆی بـوونی پەیوەسـتی و پالپشـتی و فەرمانیـەتی لـە نێـوان سیستمە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخستن کۆمەڵایەتی.

بـە بۆچـوونی (ئەرنولـد) پێناسـەکە گریمانەیـەکی ئاسـاییە بـۆ خسـتنە ڕووی بیرکردنەوەیەکی ئاشکراو ڕوون، بۆیـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی ئامـاژە بـۆ شـێوازێك لـە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و شێوە ڕۆشنبیرییەکان دەکات لە دۆخێکـی دیـاریکراودا کـە گـۆڕان یـاخود جیـاوازی بەسـەریدا ڕوو دەدات. ئـەو گۆڕانـەش ملکەچـی هۆکـارە بابەتیەکان دەبێتەوە، بەو مانایەی کە بە ڕێگایەکی گوێرانـە و ناویستانە ڕوو نـادات بەڵکو بەپێی زێنمایی و بنەما دیاریکراوەکاندا دەبێ.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاردەیـەکی هـەبووە لـە هـەموو کۆمـەڵگاکان، بۆیـە پێویسـت دەکات مانایەکی زانستیانەبۆ ئەم دیاردەیە دیـاری بکرێـت، هـەر لـەم بـوارەدا دەکـرێ

پێناسەکەی (جی روش) باسی بکەین کە لە بەشێکی کتێبەکەی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی)دا هاتووە و بەم شێوەیە (گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە واتای هەموو گۆڕانێك (Trans formation) لە بونیادی کۆمەڵایەتی کە لە ڕۆژگاردا تێبینی دەکرێت. ئەو گۆڕانە کاتی و بەپەلە نابێت لەناو توێژێکی فراوانی کۆمەڵ بەڵکو ڕێڕەوی ژیانیانیش دەگۆڕێت.

**گۆڕانی کۆمەڵایەتی لای (جی روش) چەند خسلەتێکی هەیە:**

١- گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی گشتیە، لای چەندین تاك هەیە، کارتێکردنی لە شێوازی ژیانیان و بیرو باوەڕیان دەبێت.

٢- گۆڕانی کۆمەڵایەتی بونیادی کۆمەڵایەتی دەپێکێت، واتا کارتێکردنی لە پەیکەری سیستمی کۆمەڵایەتی دەبێت لە (گشتی یان بەشێکی). لێرەدا مەبەست لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو گۆڕانکارییەیە کە کارتێکردنێکی قوڵ لە کۆمەڵگە دەکات، لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، وەك ئەو گۆڕینەی لە پێکهاتەی خێزاندا دەبێت، یان سیستمی ئابوری یاخود سیاسی.. هتد. ئەو گۆڕانکاریانەش دەکرێت ناوی لێبنرێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

٣- گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەکاتەوە سنوردار دەبێت، واتا دەسپێکردن و کۆتایی هاتنی لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەبێت، هەر لە پێناو بەراوردکردنی باری ڕابردوو بە باری ئێستادا، هەروەها لە پێناو تێگەیشتن لەسەر ئاستی گۆڕاندا، ئەو حالەتە تەنها بە درك پێکردن بە باری ڕابردوو بەدی دێت، واتا پێویستە بۆ هەر گۆڕانێك دەبێ لە خاڵێکی پێشووتر دەس پێبکات.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە بەردەوامی و درێژە پێدان دەناسرێت ئەوەش لە پێناو درك پێکردن بە گۆڕانەکەو تێگەیشتن لە بوارەکانیدا، بەڵام ئەو گۆڕانەی کە بە خێرایی کۆتایی دێت ناکرێت تێی بگەین، بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای بەردەوام بوونیەوە ئاشکرا دەبێت.

بەم پێیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لای (جی روش) هەموو گۆڕانێکە لە بونیادی کۆمەڵایەتی کە لە ماوەی ڕۆژگاردا تێبینی دەکرێت و کاتی و خێرا لەناوچوو نابێت لەلای توێژێکی فراوانی کۆمەڵگە کە ڕێڕەوی ژیانیان دەگۆڕێ.

نووسەر (عاطف غيث) ئاماژە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات و دەڵێت (بریتییە لەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوو دەدات لە سیستمی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵگە و فرمانە فرمیی و جیاوازەکانی).

به بۆچوونی ئەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە چەند شێوەیەکدا دەبێ:

١- گۆڕان لە بەها کۆمەڵایەتیەکان، ئەو بەهایانەی کارتێکردنیان دەبێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناوەڕۆکی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان و کار لەیەککردنی کۆمەلایەتی، وەك گواستنەوە لە شێوازی دەرەبەگایەتی کۆمەڵگە بەرەو شێوازی بازرگانی و پیشە سازی، گۆڕان لەو بەهایانە ڕوو دەدات کە پەیوەستن بەرەو شتەکانی ئەو دوو چینە لە تێڕوانینیان بۆ کار و بەهای هەڵسوڕاوانیان.

٢- گۆڕان لە سیستمی کۆمەڵایەتی، بە واتای گۆڕان لە بونیادە دیاریکراوەکان، وەك شێوەکانی ڕێکخستن و ناوەڕۆکی ڕۆڵەکان، واتا لە پێگە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان وەك گواستنەوە لە سیستمێکی فرە ژنی بۆ سیستمی تاك هاوسەرێتی (پیاو - ژن)، هەروەها لە سیستمی موڵکدارێتی ڕەها بۆ دیموکراسیەت، لە سیستمی پرۆژە تایبەتیەکان بۆ سوسیالستی.

٣- گۆڕان لە پلەوپایەی کەسەکان، ئەوەش ڕوو دەدات بەپێی پێشکەوتن لە تەمەن یان لە ئەنجامی مردن. لێرەدا زۆر گرنگە بەردەوام درك بە گرینگی ئەو کەسانە بکەین کە پێگەی کۆمەلایەتی دیاریکراویان هەیە، لەبەر ئەوەی بەپێی پێگەکانیان دەتوانن کاریگەریان بەسەر ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان هەبێت. بە بۆچوونی (جونسون) گۆڕانی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکە لە بونیادنانی سیستمی کۆمەڵایەتی لە بارێکدا کە تا ڕادەیەك جێگیر بووە، هەروەها ئەو گۆڕانە لە بونیادەکان لە بنچینەدا دەرئەنجامی گۆڕانکارییە فەرمانگەراییەکانە لە

بونیادی کۆمەلایەتی تا دەگاتە بونیادێکی زیاتر لێهاتوو زیاتر بە توانا لەسەر بە جێهێنانی ئەرکەکان.

بەڵام شارەزایان (ماکیفر ـ بیج) ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە گۆڕان بریتیە لە گۆڕان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، یان بریتیە لە گۆڕین لە شێوە و سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بە جۆرێك ئەو گۆڕانە بونیاد و فەرمانی ئەو پەیوەندییا نە بگرێتەوە.

(عبدالله الرشدان) لە کتێبەکەی (کۆمەڵناسی پەروەردە) ئاماژە بۆ مەبەست لە گۆڕانی کۆمەلایەتی دەکات و دەڵێ:

١- ئەو گۆڕانەی لە سیستم و ڕێکخستن و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان ڕوودەدات، ئەگەر ئەوە لە بونیاد یان فەرمانذا بێت لە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا.

٢- جیاوازی لە شێوازەکانی ژیانی پەسندکراو، ئەگەر ئەو جیاوازیانە بۆ گۆڕانەکە بگەڕێتەوە لە دۆخە جوگرافیەکان یان بۆ توانا ڕۆشنبیرییەکان، یان پێکهاتەی دانیشتوان یاخود لە ئایدیولوجیا یان لە ئەنجامی بڵاوبوونەوە یاخود داهێنان لەناو کۆمەڵدا.

٣- گۆڕان ئەو حاڵەتەیە کە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، ئەگەر لە پێکهاتە و بونیادی بێت، یان لە فەرمانەکانی (بە بۆچوونی دیفز).

بێ گومان پێناسەیەکی پراکتیکی بۆ گۆڕانی کۆمەلایەتی شەش بەشی گەیەنراو بەیەك دەگرێتە خۆی و پەیوەستن لەگەڵ یەك بە چەند پەیوەندییەکی ئاڵ و گۆڕ.

ئەو هۆکارانەش ئەمانەن: چۆنیەتی پێناسەکردنی ڕاستیەکە لەگەڵ ئاستەکەی و کارتێکردنی ڕەگەزی کات لەڕووی مانەوە یان بەردەوام بوون، لەگەڵ ئاراستەکەی و گرینگی، هەروەها لە کۆتاییدا تێکرای گۆڕانەکە.

لەو شیکردنەوانەی پێشو دەردەکەوێت کە بیرمەندان لە تێڕوانینی گشتیان بۆ ناوەڕۆکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر یەك بۆچوونن کە بریتیە لە: هەموو گۆڕانێك ڕوودات لە بونیادی کۆمەڵایەتی لە ئەرك و بەها و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان لە ماوەی

کاتێکی دیاریکراودا، ڕەنگە ئەو گۆڕانە پۆزەتیڤانە بێت بۆیە ئەوە پێشکەوتنە، هەروەها ڕەنگە نەگەتیڤانە بێت ئەوەش دوواکەوتنە، بۆیە گۆڕان ئاراستەیەکی دیاریکراوی نییە.

کۆمەڵگە چەند کردارێکی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی، هەوڵی پشتگیری و پارێزگاریکردنی بونیادنان دەدات لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، لە هەندێ لەو کردارانە هەوڵی گۆڕان لە شێوە و فەرمانی بونیادەکە دەدات، لە پێناو ئایندەیەکی باشتر، گۆڕانکاری لە بونیادنانی خێزان، بە دووایدا گۆڕان لە فەرمانی ئەندامەکانی دێت، گواستنەوە لە سیستمی دایك سالاری بۆ سیستمی باوك سالاری، بووە هۆی گۆڕان لە فەرمانی دایك لەناو خێزاندا، لەگەڵ چەندین فەرمانی نوێی دۆزراوە و هەندێکی تریش لەناوچوون.

## شێوازەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

سەرچاوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرن، هەروەها تێڕوانینی بیرمەندان لەم بارەوە، بەو شێوەی کە دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەین، بەڵام دەکرێت بڵێین کە دوو سەرچاوە بۆ گۆڕان هەیە بریتین لە:

١- **سەرچاوەیەکی ناوخۆیی:** واتا لەناو سیستمی کۆمەڵایەتیدا دامەزراوە، خودی کۆمەڵگە چوارچێوەکەیەتی، واتا دەرئەنجامە بۆ کار لەیەککردەکانی ناوخۆی کۆمەڵگە.

٢- **سەرچاوەیەکی دەرەکی:** ئەوەی لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە دێت بەهۆی پەیوەندیکردنی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەکانی تر.

بەهەر حاڵ ئەگەر سەرچاوەکە ناوخۆیی بێت یان دەرەکی ئەوا پشت لەسەر چەند شێوازێکی دیاریکراو دەبەستێت بریتین لە:

**١- داهێنان و دۆزینەوە:**

ئەو کارە لە داهێنانە نوێیەکان دەردەکەوێت کە پێشتر بوونیان نەبووە. نموونەی ئەوانە داهێنانی کارەباو ئوتومبیل، دووبارە چاککردنەوەی داهێنانە کۆنەکان، وەك

چاككردنی ئامێری هەڵم و چاككردنی پیشەسازییەكانی شەمەندەفەرو فڕۆكە.
هەموو ئەو كارانە دەبنە هۆی گۆڕانكارییە ڕۆشنبیرییەكان كە ڕەنگە كەلەكە بكات و ببێتە هۆی گۆڕانكاریە كۆمەڵایەتیەكان. هەورەها دەربارەی ئەو دۆزینەوانەی كە لە بنچینەدا هەبوون و زانینمان پێ دەگەێنن، وەك دۆزینەوەی قارەی ئەمریكا، یان دۆزینەوەی ڕەگەزە نوێیەكانی سروشت لەگەڵ دۆزینەوەی یاسا جۆراوجۆرەكان... هی تر.

هەموو ئەوانە ڕۆڵیان لە ڕوودانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی دەبێ واتا پێكهێنانی میكانیزمێك بۆ گۆڕانی كۆمەڵایەتی، بەم جۆرە ئەو پێداویستیانە هانی دۆزینەوە و داهێنان دەدەن، ئەوەش هەروەك دەزانین كێشەیەكی كۆمەڵایەتیە.

٢-ژیری و ژینگەی ڕۆشنبیری:

هیچ تاكێك توانای داهێنان و دۆزینەوەی نابێ، چونكە ئەو كارە پێویستی بە ئاستێكی بەرزی ژیری هەیە، واتا ژیری دەبێتە هۆی داهێنان.

بە بۆچوونی دەروونناسان ژیری بەدەس دەهێنرێ هەروەها پشتاوپشت وەردەگیرێ، بۆیە سەركەوتن بۆ تاكی زیرەك بەدی نایێت ئەگەر ژینگەی ڕۆشنبیری لەبار نەبێ كە یارمەتی دۆزینەوە و داهێنان دەدات.

٣-بڵاوبوونەوە:

داهێنانەكان سەركەوتن بەدەس ناهێنن ئەگەر لەنێوان ژمارەیەكی زۆری خەڵكدا بڵاونەبنەوە و گشتگیر نەبن، هەروەها ببنە هۆی پرۆسەی بڵاوبوونەوی گۆڕان، واتا ڕازی بوون بە نوێبوونەوە لەلایەن ئەندامانی كۆمەڵگە.

بۆیە داهێنان و دۆزینەوەكان پەسند ناكرێن ئەگەر لەلایەن ئەندامانی كۆمەڵگە ویست و ئارەزوویان لەسەر نەبێت، یان لەلایەن گروپێكی گەورە.

كارێكی سروشتیە كە پرۆسەی پەسندكردن كتوپڕ نابێت بەڵكو لە ماوەی چەند قۆناغێكی دیاریكراودا بەدی دێت كە بەپێی كەلتوری كۆمەڵگاكان جۆراوجۆر دەبن.

ڕەنگە بە ویستی تاك بێت یان سەپێنراو، بۆیە پەسندكردنی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەكی فراوان.

## زاراوەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی:

زاراوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی بە زاراوەیكی تازە دادەنرێت تا ڕادەیەك لە بواری لێكۆڵینەوەی زانستی. بەڵام لەڕووی بایەخ پێدانەوە زاراوەیەكی كۆنە. ئەم زاراوەیە چەندین مانای هەڵگرتووە كە لە چەند زاراوەیەكی تر نزیك دەبێتەوە، وەك زاراوەی: پێشكەوتن، پەرەسەندن، گەشە كردن... جیاوازیش لە نێوان ئەو زاراوانە و نێوان زاراوەی گۆڕان لە سەرەتای ئەم سەدەیە لە توێژینەوە نوێیەكاندا دەستی پێكردوە.

ئەگەر تێكەڵكردن لە سەردەمەكانی پێشو ڕێپێدراو بووبێ بەهۆی نەبوونی توێژینەوەی زانستیانە دەربارەی جەوهەر و هۆكار و ئاراستەكانی گۆڕان، ئەوا ناكرێ درێژە بەو بەرنامەیە بدرێت بەهۆی پێشكەوتن لە لێكۆڵینەوە كۆمەڵایەتیەكان بە شێوەیەكی گشتی. ئەو لێكۆڵینەوە كۆنانە لەسەر بیركردنەوەی فەلسەفی ڕووت هەستابوون، بەڵام چوارچێوەیەك بوو بۆ سەرچاوەی لێكۆڵینەوە زانستیەكانی ئێستا.

ئەگەر بە وردی تەماشای مێژووی توێژینەوەكانی گۆڕانمان كرد لای هەندێ لە بیرمەندان، دەتوانین بڵێین كە تێڕوانینمان جیاواز دەبێ بە پێی سەردەمەكان، لە كۆندا تێڕوانین بۆ گۆڕان بریتی بوو لە سەرنجدانی دەرەكی لەگەڵ بەراورد كردنی بەشەكانی ئەو ڕۆشنبیرییەی كە بە سستی یان بە خێرایی دەگۆڕا.

توێژینەوە كۆمەڵایەتیەكان ڕێڕەوێكی زانستیانەی وەرگرت پاش ئەوەی (ولیم نوجبیرن) كتێبە ناسراوەكەی بەناوی (گۆڕانی كۆمەڵایەتی) دانا لە ساڵی (١٩٢٢)، پاش ئەوە توێژینەوەكان لە بواری گۆڕاندا درێژەی پێدرا لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشكەوتنەی ڕوویدا لە بەرنامەكانی توێژینەوە كۆمەڵایەتیەكان.

دیدی زاناكان بۆ گۆڕان تا سەدەی هەژدەم دیدێكی ڕەش بینانە بووە لەسەر بنەمای ترس لە ئاینده، بەڵام زاناكان پاش ئەو مێژووە گەشبینانە تەماشای

گۆڕانیان كردوه و باری كۆمەڵگاكانیان بە چاكتر دەزانی و باسی ئەومیان كردوه كە سەردەمی (زێڕین) لەبەردەممانە. بەپێی وتەی (سان سیمون).

فەیلەسوفەكانی مێژوو چەندین تیۆری گشتیان دارشتووە، تێكەڵكردن لە بۆچوونەكانیان ئاشكرا بوو لە نێوان زاراوەی گۆڕان و زاراوەكانی دی.

لێرەدا ئەو زاراوانە ڕووندەكەینەوە كە لە زاراوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی دەچێت، بە مانای ئەوەی هەر گۆڕانێك ڕوودەدات لە بونیادی كۆمەڵایەتی: لە سیستەم، بەهاكان ڕۆڵەكان، هەورەها ئەوی دەگرێ بەرچاو بكەوێت لە ماوەیەكی دیاریكراودا.

## یەكەم: پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی: social progress

ئەم چەمكە ئاماژە بۆ بارێك لە گۆڕانی پێشكەوتنخوازانە دەكات كە پەیوەست دەبێت بە باشبوونێكی هەمیشەیی لە بارو دۆخە مادی و نامادییەكانی كۆمەڵگەدا، پێشكەوتن بەرەو ئامانجێكی دیاریكراودا یان خاڵێكی كۆتایی بەرێوە دەچێت، ئەو ئامانجەش بەردەوام پەیوەست دەبێ بە جۆرێك لە ئاوات و داخوازیدا.

بەو مانایەی كەپێشكەوتن دەبەسترێتەوە بەو دیدەی كە پرۆسەی گۆڕینی كۆمەڵایەتی، پرۆسەیەكی پێشكەوتنخوازانەیە مەبەستی جێبەجێكردنی (نموونەی باڵا)یە یان (كۆمەڵگەی نمونە)یە. بە زۆری ئەو نموونە باڵایە یان ئەو كۆمەڵگە نموونەییە چاكترە لە هەموو شێوەكانی پێشووتری كۆمەڵگاكان، بۆیە پێشكەوتن بە مانای شێوەیەك لە شێوەكانی كۆمەڵگە دێت كە چاكتر بێت لە وانی پێشوتر.

هەر بەو پێیە چەمكی پێشكەوتن پەیوەست دەبێت بە دەسەڵاتی بەها دارێتی، كە گۆڕان دەبێ ڕووبدات بەو شێوەی كە ویستی لەسەرە هەروەها دەبێتە هۆی جێبەجێكردن و تێركردن و ڕازیكردنی زیاتر.

لەوانەیە چەمكی پێشكەوتن لە ڕەوتێكی تایبەتیدا دەركەوتبێ، ئەو چەمكە لە سەدەی نۆزدەدا بەسترابۆوە بە چەند تیۆرێك، لە بواری فەلسەفەی مێژوودا (هەروەك لە تیۆرەكەی كوندرسیددا هاتووە) یان لە بواری كۆمەڵناسیدا (هەروەك لە تیۆرەكەی ئۆجست كونتدا هەیە)، ئەو تیۆرانەش ئەومیان سەلماند كە مێژوو لە سەر

هێڵێکی پێشکەوتنخوازانە دەڕوات، هەروەها ئەو ئەگەرانەیان خستە ڕوو کە مێژوو لەوەدایە بگاتە لوتکەی، پاش ئەوەی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕش دیموکراسیەت بەرپابوون.

ئەوەی شایانی باسە کە ئەم چەمکە بەکار ناهێنرێت تەنها وەك ئاماژە پێکردنێك نەبێ بۆ ڕووە کۆمەلایەتیەکەی گۆڕان، کاتێ ئەو گۆڕانە لەسەر هێڵێکی پێشکەوتنخوازانە دەڕوات.

هەر لە ئاکامی پەرەسەندنی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەم چەمکە بەلاوەنرا، بەڵکو چەمکەکە هەروەك (بوتومور) باسی دەکات بەرەو ڕووی ڕەخنە بۆتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا. ڕەنگە ئەوەش لە ئەنجامی درك پێکردن بێت بەو کەم و کورتیانەی لەم چەمکەدا هەیە، کە لەم خاڵانە کورت دەکرێنەوە:

١- ئەو چەمکە تووشی گرفتی لایەنگیری بەهادارێتی بۆتەوە، چەمکەکە ئامانج خوازیە و بەلایەنگیری بەهاداری دەناسرێت.

٢- چەمکەکە هەموو لایەنەکانی گۆڕانی لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو تەنها لایەنێك نەبێ کە ئەویش گۆڕانی پێشکەوتنخوازییە.

٣- ئەو چەمکە پشتی بە گریمانەیەك بەستووە لە تواناداا نییە لێکۆڵینەوە لە ڕاستیەکەی بکرێت، ئەو گریمانەیەش بریتیە لەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەلای گۆڕاندا دەڕوات بە شێوەیەکی چاکتر. بەڵام جێبەجێکردنی ئەو گریمانەیەش کارێکی دژوارە لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین (چاکتر) دیاری بکەین چونکو ئەمە کارێکی ڕێژەییە لە تواناداا نابێ بڕیارێکی ڕاستی لەسەر بدرێت.

زاراوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەرەتادا بەکار هێنرا وەك هاوتایەك بۆ زاراوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. ئەوەش بە ئاشکرا لە نووسینەکانی (ئوجست کونت) و (کوندرسە) و (تیرجو)دا هاتووە.

پێشکەوتن هەروەك (محمد الدقس) لە کتێبەکەی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا) باسی دەکات، بەمانای (جولەیەك بەرەو ئامانجە داواکرا و پەسند کراوەکان دێت، یان ئەو ئامانجە بابەتیانەی لە هەوڵی باشیدا دەبن یاخود کۆتاییان

بە سوود دێت. هەورەها بریتیە لە پرۆسەیەك كە شێوەیەكی دیاریكراوی هەیە و یەك ئاراستە وەردەگرێت، ئاراستەیەكی هوشیارانە بۆ پرۆسەی گۆڕان دەگرێتە خۆی).

پێشكەوتن چەند قۆناغێكی باڵابوون لەخۆ دەگرێت، واتا هەر قۆناغێك لەوی پێشتر چاكتر دەبێت، ئەوەش ئاماژەیە بۆ گواستنەوەی كۆمەڵگە بۆ قۆناغێكی چاكتر لە رووی رۆشنبیری و توانای بەرهەم هێنان و زاڵبوون بەسەر سروشتدا. بۆیە پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی بەمانای ئەو پرۆسەیە دێت كە یەك ئاراستە وەردەگرێت و بەرەو پێش و بەرەو جێبەجێكردنی ئامانجە داڕێژراوەكان، واتا كارێكی هوشیارانەی نەخشە كێشراو دەبێت.

هەورەها چەمكی پێشكەوتن جیاواز دەبێت لە كۆمەڵگەییكەوە بۆ یەكی تر بە پێی باری رۆشنبیری كۆمەڵگە و بار و دۆخی دەوروبەری. پێشكەوتن لە سەدەی هەژدەهەمدا بۆ كۆمەڵگاكانی ئەوروپا بە واتای رزگار بوون لە داب و نەریتی سەدەكانی ناوەڕاست و سیستمە زۆرداریەكان دێت.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە واتای بەرپابوون بەرەو ئاوەدانكردنەوەی بەشەكانی ناوەڕاست و رۆژئاوای كیشوەرەكە دێت لەگەڵ سوود وەرگرتنی نموونەیی بۆ دەرامەتە سروشتیەكان.

لە ئەمڕۆدا دەربارەی جیهانی عەرەبی بە واتای ئازادی و كۆتایی هێنان بە پاشكۆیەتی و بەربەرەكانی كردنی دوواكەوتن دێت بە هەموو شێوەكان لە پێناو ژیانێكی سەربەرز بۆ هاوڵاتیان.

بیرۆكەی پێشكەوتن رەنگە بگۆڕێت بە گۆڕانی بارودۆخ و رۆژگاردا، هەروەها هەڵگری مانا بەهادارییەكانە، زۆربەی بیرمەندان لە هەر سەردەمێك باوەڕیان وابووە كە ئەو پێشكەوتنەی كۆمەڵگاكانیان پێی گەیشتوون چاكترە لەوەی كە هەبووە، هەر لەگەڵ سەرەتای سەدە تازەكان بزووتنەوەیەكی هزری دەركەوت بانگەوازی بۆ ئایندەیەكی گەشبین دەكرد.

(ویـل دیورانــت) ڕوونــی کردۆتــەوە کــە مرۆڤایــەتی لــە مــاوەی پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە:

١- گوتن
٢-ئاگر
٣-ئاژەڵ بەخێوکردن
٤-کشتوکاڵی
٥-ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی
٦- ڕەوشت
٧- ئامێرە پیشەسازییەکان.
٨- زانستەکان.
٩- پەروەردە
١٠- نووسین.

تێڕوانین بۆ پێشکەوتن تێڕوانینێکی ڕێژەییە، پێشکەوتن لە کۆمەڵگەییکدا ڕەنگە بە دووا کەوتووانە دابنرێت بە تێگەیشتنی کۆمەڵگەیەکی تـر، لەبـەر ئـەوەی لایـەنی ڕەوشتی ڕۆڵی دەبێت، هەر لەبـەر ئـەوەی کە پێشکەوتن چەندین ڕوو هەڵدەگرێت ئـەوا کــارێکی ئاســان نییــە هەڵســەنگاندنی لــە یــەك ڕووەوە، ئــەو ئامانجانــەی جێبەجێکراون بەهۆی پێشکەوتنەوە تێڕوانین بۆیان جیاواز دەبێت بەهۆی سەختی پێوانە کردنیان، سەرەڕای سەختی کۆکردنەوەی ئامرازەکانی بەجێهێنان، بـۆ نموونـە ئایا پێشکەوتنەکە ئابورییە؟ یان پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیە؟ یاخود هەر دووکیانە؟ ئەگەر لە ڕووی قۆناغـەوە تەماشـامان کـرد، دەکرێ بڵێین کـە هـەر قۆناغێـك لـەوی پێشتر چاکترە، لە کۆتاییدا باش بوونێکی بەردەوامی هەمیشەیی دەگەێنێ.

(جون دیوی) دەڵێت کاتێـك مرۆڤایـەتی هـەوڵی جێبـەجێکردنی ئـەو ئامانجانـەی وەك: ئازادی، لێ بوردەیی، یەکسانی، سوسیالستی دەدات... ئێمە دەبینین کە بەشێکی جێبەجێ بووە، هەورەها هیچ هۆیەك نییە بۆ جێبەجێ نەکردنی بەشـەکانی تـری، ئەگەر لەم کۆمەڵگەیە بێت یان لە کۆمەڵگاکانی تـر نـەك بـەهۆی بـوونی ڕاسـتی یـان هەڵە تێیاندا، بەڵکو ئـەوە دەگەڕێتـەوە بۆ تێڕوانینـی جیـاوازی کۆمەڵگە لە ڕادەی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە، ئەمە لە ڕووی ئەو چەمکەی چەندین لایەن دەگرێتە خۆی لەوانە، ڕێژەیی، بەهاداریێتی و باڵا بوون و بەردەوامی.

بەڵام لەڕووی مێژووییەوە، بیرۆکەی پێشکەوتن بـۆ سـەدە کۆنـەکان دەگەڕێتـەوە، یەکـەم کـەس ئـەو زاراوەیـەی بـەکار هێنـا (لوکریسـتی) بـوو سـاڵی (٦٠) پ. ز. بـەڵام

تیۆریەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەبوونە بابەتێك لە بابەتەکانی تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی تەنها لە سەرەتای سەدەی هەڤدەدا نەبێت.

هەر یەك لە بیکون، دیکارت، بۆ چوونیان وابوە کە مرۆڤ دەتوانێت پێشکەوتنێکی بێ سنور بەدی بێنێت لە ڕێگای ویست و تواناکانی.

(فونتینـل) ١٦٥٧ _ ١٧٥٧، بۆچوونی وایە کە کۆبونەوەی زانینی مرۆڤایەتی یارمەتیەکە بۆ پێشکەوتنی بەردەوام بۆ مرۆڤ لەم بۆچوونەدا هەریەك لە (بودان، کوندرسە، کانت) لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەون،

بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی، تیۆریەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی باسیان هات و بوونە هۆی دەرکەوتنی فەلسەفەی پێشکەوتن بە شێوەیەکی گشتی. خاتو (جون مارتن) لە کتێبەکەی لە ژێر ناوی (ئایا مرۆڤایەتی پێش دەکەوێت) ڕادەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ڕوونکردەوە.، هەوڵ و ڕەنجی بیرمەندان لە باسکردنی کێشەی پێشکەوتندا جەخت کردن بوە لەسەر هۆیەکانی پێشکەوتن، لەم بوارەدا (مونتسیکو) ئاماژەی بۆ گرنگیی ژینگە کردووە، هەروەها چەند کەسانێکی تر باسیان لەو هۆکارانە کردوە بەڵام بیرو باوەڕەکانیان بە زۆری ناتەواو بوونە.

(هوبهاوس) بەم جۆرە پێناسەی پێشکەوتن دەکات: (پێشکەوتن گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتیە بۆ لایەنەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی لە ژیانی مرۆڤدا).

(هوبهاوس) بۆچوونێکی هەیە کە لە سەرنجدانەوە سەرچاوە دەگرێت دەربارەی لایەنە بەهاییەکان یان خودییەکان، ئەو بۆچوونەش دەکرێت لە هەندێ دۆخدا پێشکەوتن بێت و لە هەندێ باری تردا دوواکەوتن بێت، کە خۆی دەنوێنێ لە گواستنەوەی پلەبەپلە لە دۆخێکی کۆمەلایەتی دیاریکراودا بۆ دۆخێکی چاکتر بەهۆی پەیدابوونی توانا مادی و مرۆییەکان و بەردەوام بوون لە کار و ڕەنجداندا.

ڕەنگە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی پێوانە بکرێت بە چەند بوارێکی تایبەت وەك بواری تەندروستی و نیشتەجێ بوون و فێربوون و خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان، بەلام پێوانە کردنی پێشکەوتن لە بواری ڕەفتار و ڕەوشتدا کارێکی ئاسان نییە بەهۆی ملکەچیان بۆ کەلتور و بەهاکان.

بۆچوونی (کاریف) دەربارەی پێشکەوتن بریتیە لە (پەرەسەندنێکی پلە بەپلە کە نیشانەیە لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵگە لەگەڵ چەند نیشانەیەکی تر ڕادە و ڕووەکانی پێشکەوتن دیاری دەکات. بیروباوەڕ و تیۆرەکان نیشانەن لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە، هەروەها زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، زۆربوون بەواتای پێشکەوتن، ئەگەر چی زۆر بوونی دانیشتوان کێشەییکە ناکۆکی لەسەر هەیە، ئایا پێشکەوتنە یان دوواکەوتن؟

چەمکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزدەدا پەرەی سەند بە تایبەتی لای ڕێبەرانی کۆمەڵناسی، زۆربەیان تێڕوانینێکی (گەشبینانەیان) هەبووە دەربارەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی نموونەی کەسانی وەك: سان سیمون، کوندرسیە ئوجست کونت،.. کەسانی تریش.

## بەکورتی:

بیرۆکەی پێشکەوتن کە لای فەیلەسوف و کۆمەڵناسان خراوەتە بەرباس لەگەڵ ڕاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان یەك ناگرێتەوە، هەروەك پێشتر ڕونکراوەتەوە بیرۆکەی پێشکەوتن لای بیرمەندان بەو شێوەیە باو بووە تا ئەو کاتەی (ئوجبیرن) کتێبەکەی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی) دانا لە ساڵی ١٩٢٢، بۆیە بیرۆکەی گۆڕانی کۆمەلایەتی جێگای بیرۆکەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گرتەوە. لێرەدا جیاوازی نێوان هەردوو چەمکەکە دەسەلێنرێ: پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی: یەکەمیان مانای باشبوون بەرەو پێشی بەردەوام هەڵدەگرێ، بە واتای ئەوەی کە لەسەر هێڵێکی سەرکەوتوانە دەڕوات. لە کاتێکدا گۆڕان ڕەنگە سەرکەوتن بێت یان دوواکەوتن. دەرئەنجام زاراوەی گۆڕان زیاتر زانستیانەیە لەبەر ئەوەی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگاکان ڕێکدەکەوێت (واقیعی پێشکەوتن و واقیعی دواکەوتن). کۆمەڵگاکان لە پێشکەوتنی بەردەوام نین، بەڵکو تووشی دوواکەوتنیش دەبن.

هەواڵنامەی کتێب

## دووەم: پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی: social Evolution

چەمکی پەرەسەندن ئاماژە بۆ گۆڕینێکی ڕێك و پێك دەکات لە شێوە ساکارەکانەوە بۆ شێوە زیاتر ئاڵۆزەکان. هەروەها بەکاریش دەهێنرێت بۆ باسکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لە قەبارە و بونیاددا ڕوودەدات. ئەم چەمکە ئاماژە بۆ ئەو پرۆسەیە دەکات کە بەهۆیەوە بوونەوەرە زیندوەکان پەرە دەسێنن لە شێوە ساکار و بونیادنانەوە بۆ شێوە زیاتر ئاڵۆزەکان. زانستە کۆمەلایەتیەکان لە بەکار هێنانیان بۆ ئەو چەمکە کاریگەری زانستە سروشتیەکانیان بەسەردا هەبووە، بەتایبەتی زیندەوەرزانی، هەروەها کاریگەری تیورەکەی داروینیان بەسەردا هەبووە، دەربارەی پەرەسەندنی بوونەوەرە زیندووەکان. بۆیە بەکارهێنانەکانی ئەم چەمکە بۆ باسکردنی ئەو گۆڕانانەی کە لە کۆمەڵگاکان ڕوودەدەن ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەو کارتێکردنە بێت، هەر بۆیە لە پاشاندا کۆمەڵگەی بەهاو شێوەی بوونەوەرێکی زیندوو دانا لە بواری گەشەکردن و پەرەسەندندا، بەڵکو ئەو هاوشێوە ئۆرگانیەش درێژەی کێشا بۆ ئەوەی پەرەسەندن لە ژیانی کۆمەلایەتی بە پەرەسەندن لە ئاستی بیولوژی بوونەوەرە زیندوەکان نزیك بکاتەوە. ژیانی کۆمەڵایەتی لە سادەوە بۆ ئاوێتە بوون پەرەدەسێنێت هەر وەك چۆن بوونەوەرە زیندوەکان پەرە دەسێنن، هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتی لە پەرەسەندنیدا ملکەچی بنەمای ململانێ و بنەمای مانەوەی بەهێزتر دەبێ هەر چۆن باوە لە ژیانی سروشتی ئاژەڵاندا.

چەمکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بە مانای گەشەکردنی لەسەرخۆی پەلەبەپلە دێت کە دەبێتە هۆی گۆڕانە ڕێك و پێکە بەدووایەکەکاندا و بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت و هەموو قۆناغێکی داهاتوو بە قۆناغێکی پێشووتر دەبەستێتەوە.

لە فەرهەنگی کۆمەڵناسیدا پێناسەی پەرەسەندن بەم جۆرە کراوە: ئەو پرۆسەیەیە کە لە ماوەیدا کۆمەڵگە مرۆییەکان گەشە کردنێکی بەردەوام بەجێ دەهێنن لە ماوەی چەند قۆناغێکی بە دووایەکداو پەیوەست بەیەك. واتا

کەوانەی کتێب

پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەم تێگەیشتنە مانای پێشکەوتنی پلەبەپلە هەڵدەگرێ بە بێ بازدان.

چەمکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی فراوان لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەکار هێنراوە و لە کۆمەڵناسیشدا بە شێوەیەکی تایبەت، پاش دانانی داروین بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی (ڕەچەڵەکی جۆرەکان) ساڵی ١٨٥٩ ز، کە تیادا تیۆرەکەی لە بارەی پەرەسەندنی بیولوژی بوونەوەرە زیندوەکان ڕوون کردۆتەوە.

(هربرت سبنسر) ١٨٢٠ _ ١٩٠٣ _ زاراوەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەکارهێنا وەك ئاماژە پێکردنێك بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگە لەسەر شێوەی پەرەسەندنی بوونەوەری زیندوو، لە کتێبەکەی (بنچینەکانی کۆمەڵناسی) لە یەکچوونی نێوان پەرەسەندنی کۆمەڵگە و پەرەسەندنی بوونەوەری زیندووی ڕوون کردۆتەوە. ناوبراو پەرەسەندنی بەم جۆرە پێناسە کردووە:

هاتنەخوارەوەی بنەچەییەکی ڕاستکراوەیە لەسەر شێوەیەکی دیاریکراودا.

بیرمەندی زانستە مرۆڤایەتیەکان (تایلور) زاراوەی پەرەسەندنی لە کتێبەکەی (کەلتوری سەرەتایی) بەکار هێناوە بە شێوەیەکی دوور لە وردبینی و دەڵێت: لە ڕوویێکەوە دەبینین ئەو لەیەکچوونەی لایەنێکی گەورەی شارستانیەتی گرتۆتەوە دەکرێت بگەڕێندرێتەوە (تا ڕادەیەکی دوور) بۆ کارتێکردنی وێکچوون (تماثل) بۆ هۆیە لێکچووەکان. بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە تێبینی دەکەین کە پلە جیاوازەکانی لێکچوون دەکرێت بە قۆناغەکانی گەشەکردن یان پەرەسەندن دابنرێت، هەریەکەیانیش دەرئەنجامی کەلەپورێکی پێشوتر دەنوێنێ، ئەو دەرئەنجامەش لە هەوڵی بەجێهێنانی ڕۆڵێکی گونجاودا دەبێت لە پێکهێنانی ڕووداوەکانی ئایندە.

زۆرێك لە بیرمەندە نوێیەکان ئاماژەیان بۆ ئەو جیاوازیانە کردوە کە لە نێوان تیۆری بیولوجی و تیۆرە جیاوازەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەیە. لەم بارەوە (ولیام ئوجبیرن) ئەوەی ڕوونکردۆتەوە: ئەو هەوڵانەی دراون بۆ دۆزینەوەی یاساکانی (وراثة) بۆ ماوەیی هەروەها جۆراوجۆری و هەڵبژاردن لە پەرەسەندنی سیستمە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامیکێی کەمی گرینگ و کارای هەبووە.

بیرمەند (گوردن تشایلد) جیاوازییەکانی نێوان پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی بیولوجی ئاشکراکرد و ڕوونیکردۆتەوە کە بە جێ ماوی (أرث) کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ لە ڕێگای شانە بەجێ ماوەکان کە لێی پەیدابووە ناگوازرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای ئەو کەلەپورەوە کە تەنها لە پاش دەرچوونی لە سکی دایکیەوە بەدەستی دێنی.

گۆڕانکارییەکان لە بواری ڕۆشنبیری و کەلەپور دەکرێت بە ئەنقەست دەستی پێبکرێت هەروەها دەکرێت لە ژێر دەسەلاتدا بێت، یاخود کەمکردنەوەی خێراییەکەی لە ڕێگای ویستێکی هوشیارانە و نەخشە کێشراو لەلایەن دانەر و جێبەجێکەرەکەی.

داهێنان بازدانێکی لەناکاو نییە لە (پلازما)ی بەجێماو، بەڵکو بریتیە لە پێکهاتەیەکی نوێ و لە ئەنجامی شارەزاییەکی کەڵەکە بوو کە بۆ داهێنەر بەجێماوە لە ڕێگای کەلەپورەوە. (جولیان ستیوارد) ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە لەم بوارە جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لە نێوان پەرەسەندنی (ئەندامی) و پەرەسەندنی مرۆیی، لەبەر ئەوەی یەکەمیان لەسەر هێڵێکی ڕاست (بەناچاری) بە ئەنجام دەگات، بەڵام دووەمیان لەسەر چەند هێڵێکدا دەڕوات بەرەو ئەنجام بە پێی جیاوازی هۆکارەکان.

لێرەدا تیۆری (هێڵە فرەییەکان) کە ئێستا تێڕوانینێکی نوێ دەگرێتە خۆی، زاناکانی پەرەسەندن بەپێی ئەو تێڕوانینەی کە تیۆرەکە دەیگرێتە خۆی هەوڵی تێگەیشتن دەدەن دەربارەی پەرەسەندنی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی، بەپێی کارتێکردنی هۆکارە ئابوری و سیاسیەکان لە گۆڕانی کۆمەڵگەدا. هۆکارە جیاوازەکان دەبنە هۆی جیاوازی پەرەسەندن.

بەپێی ئەم بۆچوونە زاناکانی پەرەسەندن بە (کۆن و نوێ) باوەڕیان بە هەربوونی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان هەیە، کە لەگەڵ هەر بوونایەتی پەرەسەندنی بوونەوەرە زیندوەکان لەیەك دەچن. بەڵام جیاوازی لای نوێکارەکان لەوەدایە کە هۆکارە جیاوازەکان دەبنە هۆی گۆڕان لە ئاراستەی پەرەسەندن بە شێوەیەکی گشتی.

لێرەدا ئەوی تێبینی دەکرێت کە چەمکی نوێکارەکان بۆ پەرەسەندن نزیک دەبێتەوە لە چەمکی گۆڕانی کۆمەلایەتی ئارادەیەکی گەورە، بەلام ئەوان جیاوازی نێوان هەردوو چەمکیان ڕوون نەکردۆتەوە بەشێوەیەکی ورد.

دەکرێ بوترێت گە پەرەسەندنی ئۆرگانی بەومانایە دێت کە جۆرە زیندوەکان لەگەلْ ڕۆژگاردا بە شێوەیەکی زۆر ئالۆز گەشەیان کردوە، بۆیە ئەوە زیادکردنێکە (بەسەر قەبارەوە) بێ سڕینەوە یان گۆڕینی بنەما کۆنەکان.

بەلام پەرەسەندنی کۆمەلْ، واتاکەی ئەوەیە کە ڕۆشنبیری کۆمەلگاکان لەگەلْ ڕۆژگاردا گەشەی کردوە بە شێوەیەکی زیاد و ئالۆز، بە زیاد کردنێکی (چۆنایەتی و چەندایەتی) لەگەلْ سڕینەوە و گۆڕینی بنەما کۆنەکان.

واتا پەرەسەندنی کۆمەلایەتی لایەنێکی گرینگی پشتگوێ خستوە لە گۆڕانی کۆمەلگە، چونکە بیرۆکەی دوواکەوتنی کۆمەلایەتی دوور خستۆتەوە کە بەسەر واقیعی کۆمەلگاکان جووت دەبێت. بۆیە زاراوەی گۆڕانی کۆمەلایەتی زیاتر زانستیانە و واقیعی دەبێ بۆ دۆخی کۆمەلگە مرۆڤایەتیەکان.

### سێیەم: گەشەکردنی کۆمەلایەتی: social Growth

زاراوەی گەشەکردن بە واتای پرۆسەیەکی بەردەوامی پێگەیشتنی پلەبەپلەی بوونەوەر دێت، لەگەلْ زۆربوونی قەبارە گشتیەکەی یان بەشەکانی لەزنجیرە قۆناغێکی سروشتیدا، هەروەها ئاماژەیە بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە گۆڕان کە گۆڕانی چەندایەتیە، لە نموونەی ئەو گۆڕانکارییە چەندایەتیانە کە گوزارشت لە چەمکی گەشەکردن دەکات، ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر قەبارە و چڕی دانشتوان دێت هەروەها گۆڕانکار یەکان لە ژمارەی لەدایك بوون و مردووەکان لەگەلْ تێکڕاکانی بەرهەم هێنان. هەر لەو بوارەدا گۆڕان لە قەبارەی داهاتی نەتەوەیی و بەشی تاك لەو داهاتە، سەرەڕای گۆڕان لە چەشنەکانی بەرهەمە جیاوازەکان وەك گۆڕان لە بەرهەمی کشتوکالْی یان پیشەسازیدا. هەموو ئەو گۆڕانکاریانە بەشداری دەکەن لەوەی کە

پێوانەیەکی چەندایەتی بن، بۆیە چەمکی گەشەکردن زیاتر لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندار بە دانیشتوان و ئابورییەوە بڵاو بۆتەوە.

چەمکی گەشەکردن پەیوەستیەکی توندی هەیە بە چەمکی گۆڕان، لەبەر ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی فرە لایەنە، هەر لەو لایەنانەش، لایەنی چەندایەتی کە دەکرێت پێوانەی بکرێت لە ماوەی تێکڕاییەکانی گەشەکردن کە بەیەك لە ئاماژە گرینگەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. بۆیە گۆڕان لە قەبارەی دانشتوان یان لە پێکهاتەیان لەگەڵ گۆڕان لە قەبارەی بەرهەمی نەتەوەیی دەگرێت ئاماژەیەك بێت بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی. بەلام بوونی ئەو ئاماژە پێکراوانە و هی تر گوزارشت لە هەموو لایەنەکانی گۆڕانی کۆمەلایەتی ناکەن. هەر بۆیە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ڕوونکردنەوەی دوور و درێژی زیاتر هەیە دەربارەی گۆڕانکاریەکانی چەندایەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و لە ڕۆشنبیری و بەهاکاندا.

زاراوەی گەشەکردن هەموو شێوەکانی گەشەکردن دەگرێتەوە، ئەگەر لە بواری قایلی و بەس بوندا بێت یان لە بواری ئالۆزی یاخود لە بەهادا. ئەو بارە بەسەر تاکەکانیشدا پیادە دەبێت هەروەك بەسەر کۆمەڵانی خەلکدا.

زاراوەی گەشەکردن جیاوازی هەیە لە زاراوەی گەشەپێدان، لەبەر ئەوەی گەشکردن کارێکی خۆکردە لەکاتێکدا گەشەپێدان پرۆسەیەکی بەویست و بەرنامەڕێژە.

لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکی گەشەکردن نزیك دەبێتەوە لە چەمکی پەرەسەندن بەلام جووت نین، هەروەها کاتێ وشەی کۆمەڵایەتی دەخرێتە سەر وشەی گەشەکردن، بۆ ئەوەی ببێتە (گەشەکردنی کۆمەڵایەتی) بەمانای ئەوەی پەیوەستە بە کۆمەڵگە، ئەوا لەم بارەدا بەمانای گەشەکردنی خسڵەتە تاکیەکان دێت بەو جۆرەی ڕێك دەکەوێت لەگەڵ شێوازە کۆمەلایەتیە بڕیار لەسەر دراوەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتی لە ڕوویەکی گشتیەوە.

هەر لە بواری لێکۆڵینەوە کۆمەلایەتیەکان، تێڕوانینەکان بۆ گەشەکردنی کۆمەلایەتی زۆرن لەبەر ئەوەی گەشەکردنی کۆمەلایەتی ئاڵۆزترە لە گەشەکردنی ئەندامیەتی (ئۆرگانی). بۆیە ناتوانین هیچ دیاردەیەك بگەڕێنینەوە بۆ ناوکە بنچینەییەکەی وەك لە حاڵەتی گەشەکردنی بوونەوەری زیندودا هەیە، تەنها لە دوو پرۆسەی کۆمەڵایەتی نەبێت هەروەك (بوتومور) دەڵێت، ئەوانەش: گەشەکردنی زانین لەگەڵ گەشەکردنی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ژینگەی سروشتیدا، هەروەك لە لێهاتوویی تەکنولوجی و ئابوریدا دەردەکەوێت.

ئەو دوو پرۆسەیە هەر دووکیان بە گەورەترین ئاست بۆ ڕوونکردنەوەی زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە گەشەکردن و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی دەرکەوتن. بۆیە زاراوەکە بەمانای جیاواز بەکار هێنراون لە هزری تازەدا، هەندێ جار دەوترێت: کۆمەڵگە گەشەکردووەکان و کۆمەڵگە کەمتر گەشەکردووەکان و کۆمەڵگە زۆرتر گەشەکردوەکان. بەم جۆرە تا ئێستا مشتومڕ بەردەوامە لە بواری نووسینەکانی گەشەپێدان دەربارەی ئەو ناولێنانانە، بۆیە گەشەکردنی زانین لەگەل گەشەکردنی زاڵبوون بەسەر سروشت و گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان. تێکڕای ئەو باسانە گواستنەوە لە بارێکەوە بۆ بارێکی چاکتر دەگرێتە خۆی، بەڵام کشێەکە لەو (چاکتر)ە دایە، ئایا ئەوە لە چیدا چاکترە؟ بۆ؟ ئایا لێرەدا پاسایەك هەیە لەسەری ڕێککەوتبن؟ لێرەدا ڕۆڵی تێڕوانینی بەهادارێتی دەس پێ دەکات، ئەم کارەش دەبێتە هۆی تێڕوانینێکی جۆراوجۆر بۆ بابەتەکە، بەوە چەمکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەبێتە بابەتێکی زۆر ڕێژەیی لەبواری چۆنایەتیدا ئەمەو ئەگەر ئاڵۆزی بواری چەندایەتیمان تێپەڕ کرد.

هەر لەم بوارەدا زاراوەی گەشەکردن گوزارشت تەنها لە بەشێکی گۆڕان دەکات کە ئاماژە بۆ چاکتر (پێشکەوتن) دەکات لەگەڵ پارێزگاری کردنی ناوەڕۆکی بونیادەکە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام بەشەکەی تر لە گۆڕاندا ئەو بەشە ناگرێتەوە کە ئاماژە بۆ دوواکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکات.

هـەروەها بیرۆکـەی گەشـەکردن بەهایـەکی (ڕەوشـتگەری) دەگرێتـە خـۆی، لـە هەمانکاتـدا کۆمەڵناسان هەوڵدەدەن دوورکەونـەوە لـەو بـەها ڕەوشـتگەریە، زاراوەی گەشەکردن بەسەر گۆڕانکارییە چەندایەتیەکاندا جووت دەبێت بە شێوەیەکی چاکتر، لە بواری گۆڕانکارییە ئابوورییـەکان کە دەکرێت بناسرێت، لەگەڵ پێوانـەکردنی بـە وردی، وەك: گەشـەکردنێکی مـام ناوەندیانـەی داهـاتی تـاك، گەشـەکردنی ئـابوری دەوڵەتێك لە ساڵێکی دیاریکراودا... هتد.

(سبنسـر) ڕوونـی کردۆتـەوە کـە گەشـەکردن دیاردەیـەکی هاوبەشـی نێـوان کۆمەڵگاکان و جەستە ئۆرگانیەکانە، بۆیە کردبوونەوە نیشتەجێیەکان گەشەکردنیان بـە زۆر بـوونی ژمـارەی ئەنـدامانی ـ قەبارەکـەی ـ دەبێـت، هـەروەها گەشـەکردنی جەستە ئۆرگانیەکان کە لە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا گـەورە دەبـن و لـە ماوەیـەکی تردا دەوەستن. کەچی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بە بـەردەوامی دەبـێ تـا کۆمـەڵگاکان دابەش دەبن یان لەناو دەچن.

**بە کورتی زاراوەی گەشکردنی کۆمەڵایـەتی جیاواز دەبێـت لـە زاراوەی گـۆڕانی کۆمەڵایەتی و لە چەند خاڵێکدا کورتی دەکەینەوە:**

١- گەشکردن ئاماژە بۆ زۆربوونێکی ڕێـژەیی جـێگیر دەکـات، کـە بـەردەوامی هەیـە لەیەك لە ڕووەکانی ژیان. بەڵام گۆڕان ئاماژە بۆ گۆڕین لە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیستم و ڕۆڵ و بە هاوپڕەنسیپە ڕێکوپێکـەکانی کۆمەڵایـەتی دەکـات. ڕەنگـە ئەو گۆڕینە پۆزەتیڤانە بێت یان نەگەتیڤانە، بەهیچ شێوەیەك سیمای جێگـری پێوە نییە.

٢- گەشـەکردن لەسـەرخۆ و پلەبەپلـە دەبێـت، بـەڵام گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی بـە پێچەوانەی ئەو ڕەنگـە خێـرا بێـت و چەنـد هـەنگاوێك بەرەوپێش یـان بـەرەو پاش دەگرێتە خۆی.

٣- گەشەکردن لە هێڵێکی ڕاستدا دەڕوات، بـەجۆرێك دەکرێـت پـێش بینـی بکرێـت کەچی بەسەردێت. بەڵام گۆڕان ڕێڕەوەکەی ڕاسـت نابێـت بـەردەوام، هـەر بۆیـە

هەواڵنامەی ئیتێر

تێڕوانینە کۆمەلایەتیەکان جۆراوجۆرن لە ئاست ڕێڕەوەکەی. گۆڕان (هەروەك ئاماژەی بۆ کرا پێشتر) ڕەنگە بەرەو پێش بێت کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن، هەروەها ڕەنگە بەرەو دووا بێت کە دەبێتە هۆی دوواکەوتن.

بۆیە جیاوازی لە نێوانیان بە ئاشکرا دەردەکەوێت، هەروەها لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسیەکاندا بایەخ بە گۆڕانی کۆمەلایەتی دەدرێت لەبەر ئەوەی گۆزارشت لە ڕاستی دینامیکیەتی کۆمەڵگە دەکات. بەڵام گەشەکردن دەکەوێتە ناو تۆژینەوە ئابورییەکان بەهۆی سروشتی پروسەی گەشەکردن و ئاکارەکانی.

## چوارەم: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی: Social development

گەشەپێدان پێناسە دەکرێت بە ئەو ڕەنجانەی دەدرێت بۆ ڕوودانی زنجیرەیەك گۆڕانی فەرمانی و پەیکەرسازی پێویست بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە بە ڕێگای زۆرکردنی توانای تاکەکانی کۆمەڵگە و بەسوود وەرگرتن لەو وزەیەی لە بەردەستدایە تا ئەوپەڕی توانا لە پێناو جێبەجێکردنی گەورەترین ڕادەی ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکان، خێراتر لە تێکڕای گشەکردنێکی سروشتی. هەروەها ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بالابوونێکی پلەبەپلە وەك بالابوونی گەشەی منداڵ یان کەسایەتی.

(حسن سعفان) پێناسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکات بە: ئەو ڕەنجە ڕێکوپێکانەیە کە دەدرێت بەپێی پلانێکی دیاریکراو بۆ گونجاندن لە نێوان توانا مرۆییەکان و توانا مادییە بەردەستەکان لەناوەندێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، بە مەبەستی بەجێهێنانی ئاستە بەرزەکان لە داهاتی نەتەوەیی و داهاتەکانی تاك لەگەڵ ئاستە بەرزەکانی گوزەران و ژیانی کۆمەڵایەتی لە چەند بوارێکی وەك فێربوون و تەندروستی و خێزان و لاوان، هەروەها جێبەجێکردنی بەرزترین ئاست لە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

هەولێرنامەی کێر

ئەمەش بە مانای جێبەجێکردنێکی زانستیانە بۆ بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ پرۆسە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لە ماوەی ئایدیولۆژیایەکی دیاریکراودا. بە مەبەستی گەیاندنی کۆمەڵگە بۆ بەرزترین پلەکانی پێشکەوتن.

دیارە کارێکی ئاساییە کە ناکرێت جیاوازی لە نێوان گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی ئابوری بکرێت بەهۆی ئەو پەیوەستیە توندەی هەیە لە نێوانیاندا. چەمکی گەشەپێدان پەیوەست دەبێت بە چەمکی تازەگەرێتی، کە بە مانای گۆڕین دێت لە شێوازی ئەو کۆمەڵگەیەی پشت بە تەکنولوجیا و پەیوەندییە نەریتگەرییەکان دەبەستێت لەگەڵ سیستمی سیاسی باوی نەریتگەری، بۆ شێوازێکی پەرەسەندوو لە تەکنولوجیا و ئابوری وسیاسیدا.

بە زۆری تێگەیشتن بۆ پرۆسەی تازەگەری بەدی دێت لەبەر ڕۆشنایی بەراوردکرنی کۆمەڵگە نەریتگەرییە باوەکان بە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان کە بوارێکی لە ڕێگای گەشەکردنی ئابوری و سەقامگیری سیاسی بڕیوە.

تازەکاری بەو پرۆسەیە دادەنرێت کە لە ماوەیدا گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەجێ دەهێنرێت، تازەکاری پرۆسەیێکە بارودۆخەکان دەخولقێنێت و کۆمەڵگە وا لێدەکات ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەدی بێت.

بەڵام ئەو بارو دۆخانەی بریتین لە خولقاندنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی جێگیر کە پەرەپێدان و بزوێنەرکارییەکی ناوخۆیی بەجی دێنێت بێ ئەوەی بڕوخێت، لەگەڵ جێبەجێکردنی پلەیەك لە جیاوازی و خۆ گونجاندن لە بونیادی کۆمەڵایەتی هەروەها دروستکردنی چوار چێوەیەکی گشتی کە شارەزایی و زانیاری پێویست بەدەست دێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەوکارە.

دیارە ئاشکرایە کە چەمکی گەشەپێدان و چەمکی تازەکاری دەکرێت پەیوەندییەکی پتەویان هەبێت بە کرداری گۆڕان. تازەکاری و گەشەپێدان دەبنە هۆی ڕوودانی گۆڕینی کۆمەڵایەتی، بەڵام هەردوو چەمکەکە ئەلتەرناتیف نین بۆ چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی هەردووکیان گوزارشت لە بارێکی تایبەت دەکەن پەیوەندی هەیە بە گۆڕانی کۆمەڵگە نەریت گەرییەکان بۆ کۆمەڵگەی

گەشەسەندوو یان تازە. بەڵام گۆڕان چەمکێکی گشتی ترە لە چەمکی گەشەپێدان و بوارەکانی زۆر فراوانترە.

لێرەدا دژوارە کۆ کردنەوەی هەموو ئەو پێناسانەی کە لە نووسینەکانی گەشەپێداندا هاتووە، بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری، ئەو زۆریەش وەڵامدانەوەیەك بووە بۆ جیاوازی ئایدیولۆژی نێوان بیرمەندان لەلایەك و لەگەڵ جیاوازی لە کات و شوێنی ناو کۆمەڵگاکان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییەی لە نێوان گەشەکردن و گەشەپێدان هەیە، یەکەمیان خۆکردە، دووەمیانیش کارگێڕییە.

دەکرێت لە پێناسە کردنی گەشەپێدان ئاراستەکانی پۆلێن بکەینە سەرسێ ئاراستە کە بریتین لە:

١- ئاراستەی سەرمایەداری:

ئەم ئاراستەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە گەشەپێدان بریتیە لە چەند قۆناغێکی گەشەکردنی پلەبەپلەی بەردەوام، کەتێرکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان بۆ مرۆڤ دەگرێتە خۆی، لە ڕێگای یاساکان، دانانی بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان کە دامەزراوە حکومی و ئەهلیەکان پێی هەڵدەسن، بۆیە ئەوە بە مانای چاودێری کۆمەلایەتی دێت کە یەك لایەنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتە خۆی.

٢-ئاراستەی سوسیالستی:

ئەم ئاراستەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەمانای پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دێت کە بۆ گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی ئاراستە کراوە لە ڕێگای شۆڕشەوە، لەگەڵ دامەزراندنی پێکهاتەیەکی نوێ لە ماوەیدا پەیوەندی نوێ و بەها نوێکارەکانی لێ پەیدا دەبێت سەرەڕای گۆڕان لە پەیوەندییە کۆنەکانی بەرهەمهێنان، لە پێناو بەرژەوەندی چینی کرێکار. بۆیە گۆڕان یەکەم جار ڕوو لە ژێرخانی ئابوری دەکات لە پێناو ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویست.

**٣-ئاراستەی کۆمەڵایەتی:**

ئاراستەی بیرمەندانی کۆمەلایەتیە، بە بۆچوونی ئەوان پرۆسەی گەشەپێدان بریتیە لە بەدیهێنانی تەبایی کۆمەلایەتی، لای تاکەکانی کۆمەلگە، بەوەی کە ئەم تەباییە تێرکردنی بیولوجی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بەجێ بهێنێت.

بێ گومان گەشەپێدانی کۆمەلایەتی بەرزترین رادەی فێربوون و تەندروستی و نیشتە جێ بوون و کاری لەبار و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و چەسپاندنی دیموکراسیەت دەگەێنێ.

**بەلام پەیوەندی نێوان گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەلایەتی لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

١- چەمکی گەشەپێدانی کۆمەلایەتی نزیکترین چەمکە بۆ گۆڕانی گۆمەڵایەتی بە بەراورد کردن لەگەڵ چەمکەکانی پێشەکەوتن و گەشەکردن و پەرەسەندن.

٢- چەمکی نوی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی رێک دەکەوێت لەگەڵ چەمکی گەشەپێدانی کۆمەلایەتی بە گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆکی هەردوو چەمکەکە.

٣- چەمکی (رەها) بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەمانای گۆڕین یان گۆڕا دێت کە بەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی دێت، گۆڕینی سیستمی کۆمەلایەتی و رۆڵ و بەهاو بنەماکانی دیسپلینی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی (بە پۆزەتیف بێت یان نەگەتیڤانە).

گۆڕان تەنها لەم بارەدا جیاواز دەبێت لەگەڵ گەشەپێدان کە دەرئەنجامێکی کۆتاییە کە بوارێکی پۆزەتیڤانەی بەردەوامی هەبێ، واتە بواری نەگەتیڤانە ناگرێتە خۆی، بە واتایەکی تر گەشەپێدانی کۆمەلایەتی بەردەوام (پۆزەتیڤانەیە) لە کاتێکدا گۆڕانی کۆمەلایەتی رەنگە لایەنی شکستی تێدا بێت.

## هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

گۆڕان بۆ روودەدات؟ ئەمە پرسیارێکە لە بواری تۆژینەوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەکرێت، بەبێ هۆ گۆڕان روونادات و پاڵی پێوە بنێت و بەرەو

پێشی بەرێت. لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوە لە هۆ و فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کردارێکی ئاڵۆزە و هەندێ کێشەی تیۆری و میتۆدی دەوروژێنێت، یەکەمیان کێشەی بەیەکداچوون و ئاڵۆزی ئەو فاکتەرانەیە، بۆ نموونە پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری بە یەك لە هۆکارە گرینگەکان دادەنرێت لە ڕوودانی گۆڕان، بەڵام ئەو پەیوەندیکردنە ـ زۆر جار ـ بەدی دێت لە ڕێگای ئەو تاکانەی ڕۆڵێك دەگێڕن لەناو کۆمەڵگاکانیان. هەروەها گۆڕان لە هەندێ بواری تردا پەیوەست دەبێت بە شێوەکانی نوێکاری ناوخۆیی، لێرەدا هۆکارە دەرەکییەکان هاوکار دەبن لەگەڵ هۆکارە ناوخۆییەکان بۆ ڕوودانی گۆڕان.

دووەمیان بریتیە لە کێشەکانی هۆ دەرخستن، کاتێ باس لە هۆکارەکانی گۆڕانی ناوخۆ دەکەین بابەتی هۆ دەرخستن (تعلیل) دەکەوێتە بواری گفتوگۆ کردن، ئایا ئەو فاکتەرانە بە هۆ دادەنرێن یان بە هۆ دەرخستن، یاخود تەنها هۆکارن لەگەڵیدا؟ لە ڕاستیدا پرۆسەی توێژینەوە لە هۆیەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی سەختەو پڕ مەترسیە ناکرێت لە ماوەیدا بگەینە ڕاستیەکی تەواو، ئەگەر باسمان لە چەند هۆکارێکی گۆڕان کرد ناکرێت کۆتایی پێ بێنین بەوەی کە یەکێکیان یان هەموویان هۆن بۆ گۆڕان بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تەواویان لە سەربکەین و وامان لێ بکات بڕیاری لەسەر بدەین ـ بە ڕادەیەکی کەمی ڕاستیش بێت ـ کە کامیان زیاتر کاریگەرە و کامیان کەمتر.

سێیەم: لێرەدا کێشەی پۆلین کردنی هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە، کە کەمترین ڕێککەوتنی دانەران و توێژەران دەربارەی پۆلین کردنی ئەو هۆکارانە نییە، هەندێك لە سێ هۆکار پۆلینیان دەکات، هەندێکی تر دەیکەنە هەشت. جیاوازییەکە تەنها دەربارەی بەرنامەی پۆلین کردنەکە نییە بەڵکو ئەو جیاوازییە لە پێشخستنی هەندێ هۆکار بەسەر هۆکارەکانی تر دەردەکەوێت، هەندێك لایەنگری پێشخستنی هۆکارە گەورەکانن کە لە ئاستی سیستمدان، بەڵام هەندێکی تر لایەنگری ئەوەن کە بایەخ بدرێت بە ڕۆڵی تاکەکان ئەوانی خاوەن لێهاتوویی و کاری بەرزیان هەیە لە بواری هزری و مادی و تەکنولوژیدا.

نامانەوێت بچینە ناو ئەو مشتومڕەی پەیوەندی بە ناکۆکیەکان هەیە تەنها ئەوەی بە لامانەوە پێویستە سەرنجی بۆ ڕابکێشین ئەوەیە کە هوشیاربین لەکاتی لێکۆڵینەوە لە فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

لەمەودووا هەوڵێکی تایبەت بەرچاو دەخەین لە پۆلین کردنی هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەلایەتی، بەدابەشکردنی بۆ هۆکارە دەرەکیەکان و هۆکارە ناوخۆییەکان لەگەڵ بوونی ئەگەری تێکەڵاوییەك لە نێوان هەردوو جۆر.

مەبەست لە هۆکارە دەرەکیەکان، ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بەو کاریگەرانەی کە دەسەڵاتی مرۆڤی تیادا نابێت، وەك هۆکارە فیزیکیەکان، یان گۆڕانە سروشتیەکان لە دانشتوان، یاخود ئەوی پەیوەستە بەکار تێکردنە ڕۆشنبیرییەکان ئەوی لە دەرەوە هاتون وەك ئەوانی پەیوەستن بە کردارەکانی گەیاندن و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری بەڵام هۆکارە ناوخۆییەکان، ئەو هۆکارانەن کە دەرئەنجامی کاریگەری یان خسڵەتە ناوخۆییەکانن، وەك ئەو ڕۆڵەی کە ڕێکخستنی سیاسی پێی هەڵدەستێت، هەروەها ڕۆڵی دۆزینەوە تەکنولۆژیەکان و ڕۆڵی تاکەکان.

**یەکەم: هۆکارە دەرەکیەکان:**

مەبەست لە هۆکارە دەرەکیەکان ئەو هۆکارانەن کە دەسەڵاتی مرۆڤی تیادا نابێت، بەڵکو بە جۆرێکی خۆکردانە ڕوودەدات. لێرەدا باس لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکەین، کە ئەمانەن: کارتێکردنی ژینگەی فیزیکی، گۆڕانکارییە دیموگرافیەکان، پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری.

**أ- هۆکارە فیزیکیەکان (ژینگەیی):**

جۆرێك لە پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و ژینگەدا هەیە، بەڵکو ئەگەر مرۆڤ کارتێکردنی لە ژینگەدا هەبێ ئەوا ژینگەش کاریگەری بەسەر مرۆڤدا دەبێت و مۆرکی خۆی بەسەریا دەسەپێنێ. ژینگە کاریگەییەکی گەورەی لە پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیتمەکەیدا دەبێت.

خەڵکی لە هەموو ناوچەیەك پێویستە شێوازی ژیانیان ڕێك بخەن بەپێی بارودۆخی کەش و گۆڕانەکانی، هەروەها ژینگەی فیزیکی شێوە چالاکیەکانی ئابوری دیاری دەکات کە خەڵکی لە ماوەیدا کاردەکەن: کشتوکاڵ بێت یان ئاژەڵداری یاخود بازرگانی، ئەو دیاردەیە زۆر بە ڕوونی ئاشکرایە لە شارستانیەتە کۆنەکان، دەبینین کەلتوری کۆکردنەوە و چنینەوە لە هەندێ ناوچەی بە پیت، هەروەها ئاژەڵداری لە ناوچە بیابانەکاندا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو دیاردانە ئەو ئەگەرە لە ئارادایە کە ژینگەی فیزیکی کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ئاستی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا و سروشتەکەی لە هەر کۆمەڵگەیەك هەبێت.

ئەمە بە مانای ئەوە نابێت کە هۆکارە فیزیکیەکان تەنها هۆکاری بنچینەیین لە ڕودانی گۆڕان، مێژوو ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە هەندێ لە گۆڕانکارییەکان لە ژینگەی فیزیکی دەکرێت ببنە هۆی ڕودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ڕەنگە درێژخایەن بن لە هەندێ دۆخی نائاساییدا، هەروەك لەو دەوڵەتانەی کە نەوتیان هەیە، ئەگەرچی نەوت لە ڕێگای هەوڵەکانی مرۆڤەوە دۆزراوەتەوە، بەڵام پەیوەستی بە سروشتەو کارتێکردنێکی گەورەی بەسەر ڕێڕەوی پەرەسەندندا هەبووە لەو ناوچانەی کە تیایاندا دۆزراوەتەوە. دۆخە ژینگەیی ـ فیزیکیەکان لە حاڵەتی دۆزینەوەی نەوت بوونە هۆی گۆڕانی پێشکەوتووی هەستیار، بەڵام دۆخە ژینگەییەکانی تر ڕەنگە دیاردەی پێچەوانەی لێ پەیدا ببێت، هەروەك لە حاڵەتی ڕوودانی کارەساتە سروشتیەکانی وەك بوومە لەرزە و گرکانەکان یان لافاو و شتی تر، ئەو گۆڕانکارییە سروشتیانە ڕەنگە ببنە هۆی نەمانی کۆمەڵگایەك بەگشتی.

لەو دوو نموونەی سەرەوە هەروەك دەردەکەوێت، ئێمە لایەنگیری ئەوە ناکەین کە داکۆکی لەسەر هەر بوونایەتی هۆکارە ژینگەیی ـ فیزیکیەکان بکەین، بەڵام لایەنگیری گرینگی ڕۆڵیان دەکەین لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، بەڵکو ئەو ڕۆڵە ڕەنگە پەیوەست بێت پەیوەستیەکی توند بە ڕەنجی مرۆڤەوە هەروەك لە حاڵەتی دۆزینەوەی نەوتدا.

دەگرێت هۆکارە فیزیکیەکان کە ڕۆڵێك دەگێڕێت لە ڕوودانی گۆڕانکاری، لەو بوارانەی خوارەوە کۆیان بکەینەوە:

+ کەش و هەوا: گەرما ـ شێ ـ با ـ باران.

+ گۆڕانە جیولوجی و جوگرافیەکان: بوون بە بیابان ـ بۆ نموونە.

+ بوونی دەرامەتە سروشتیەکان: نەوت ـ دارستان ـ کانزاکان ـ یان نەبونیان.

+ وزەی شاراوە لە مادە: وزەی ئەتۆمی ـ وزەی خۆر.

+ کارەساتە بیولوجیەکان: دەردو نەخۆشیەکان.

+ کارەساتە سروشتیەکان: لافاو ـ بوومەلەرزە ـ گرکان ـ زریان.

+ شوێنی جوگرافی: دوور و نزیکی لە سەرچاوەکانی وزە ـ ڕێگا گشتیەکان ـ دەریاکان.

+ پیسبوونی ژینگە بەهۆی هۆکارە سروشتیەکان یان پیشەسازییەکان.

ب- هۆکارە دیموگرافیەکان:

مەبەست لە هۆکارە دیموگرافیەکان قەبارەی دانیشتوان و تێکڕای گەشەکردن و کۆچکردن و خۆش گوزەرانی و چەند لایەنێکی تر لە هۆکارە دیموگرافیەکان. ئەوی جێگای سەرنجدانە کە قەبارەی دانیشتوان لەسەر زەوی لە زۆربوونێکی بەردەوامە، ژمارەی دانشتوان لە ماوەی سالانی (١٨٥٠ ـ ١٩٥٠) زیادی کردووە لە (١٢٠٠) ملیۆن کەسەوە بۆ (٢٥٠٠) ملیۆن، واتا قەبارەی دانیشتوان لە ماوەی (١٠٠) ساڵدا دوو ئەوەندەی لێهاتوە، هەروەها لە ماوەی (١٩٥٠ ـ ١٩٨٠) لە (٢٥٠٠) ملیۆن کەسەوە گەیشتۆتە (٥٠٠٠) ملیۆن کەس، واتا دوو ئەوەندە زیادی کردووە لە ماوەی (٣٠) ساڵدا. تێکڕای زۆربوونی دانشتوان جیاوازە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر، قەبارەی زیادبوون لە ولاتانی گەشەسەندوو گەورەترە بە بەراورد لەگەڵ ولاتە پیشەسازییەکان، هەروەها ئەو تێکڕایە زۆرترە لە ناو دانیشتوانی شار تا دانیشتوانی گوند.

پرۆسەی گەشەکردنی دانیشتوان پەیوەستە بە هەردوو پرۆسەی شارستانیەت و گەشکردنی پیشەسازی. دانشتوانی سەر ڕووی زەوی ژمارەیان بە شێوەیەکی خێرا

زیادیکردوه پاش شۆڕشی پیشەسازی، ئەو زۆربوونە پەیوەست نییە بە خودی شۆڕشی پیشەسازییەوە یان شارستانیەتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتن لەسەر ئاستەکانی تەندروستی، ئەم دیاردەیە بوومتە هۆی کەم بوونەوە لە تێکڕاکانی مردن بەهۆی زاڵبوون بەسەر زۆر لە نەخۆشی و دەردەکان، لە هەمان کاتدا تێکڕاکانی لە دایك بوون وەك خۆی مایەوە لە هەندێ وڵاتدا بەرەو بەرز بوونەوە چووە، بەمە ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی جیهاندا لە زۆربووندا بووە. لەمەشدا بەشی ولاتە گەشە سەندووەکان تیایدا گەورەبووە.

هەندێك تەماشای گەشەکردنی دانیشتوان دەکەن بەوەی کە ئامرازێکە لە ئامرازە گرینگەکان بۆ ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەی کە گەشەکردنی دانیشتوان دەبەستێتەوە بە هێزەکانی کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی سامانەکان. هەر بۆیە وا تەماشای ڕەگەزی مرۆیی دەکرێت بەوەی کە ڕەگەزێکی بنچینەییە لە ڕەگەزکانی بەرهەم هێنان، بەڵام ئەم بۆ چوونە بەرەو ڕووی بۆ چوونێکی تر دەبێتەوە کە پەیوەستە بە تیۆرەکەی (مالتوس) ، ئەو زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی بە هەڕەشەیەك دەبینی، ئەگەر چی تێڕوانینی (مالتوس) بۆ ئەو گەشەکردنە گەورەیەی دانیشتوان ڕەشبینانە نەبووە، ئەگەر شانبەشان ئەو گەشەکردنەی لە قەبارەی دانیشتوان گەشەکردن لە قەبارەی بەرهەم هێنان ڕوویدات، یان لە پێداویستیەکانی خواردن بۆ دانیشتوان، بەم جۆرە گەشەکردنێکی گەورەی دانیشتوان دەبێتە هۆکارێکی ڕوخێنەر لەبەردەم پێشکەوتن و هاندانێکە بۆ شێوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە جێگای خواست نین.

بەدوور لەوەی کە کام لەم دوو بۆچوونە ڕاستن، ئەوا ڕاستیەکان وا دەسەلمێنن کە زۆربوونی دانیشتوان ـ بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ـ دەبێتە هۆی خولقاندنی کێشەی گەورە، ئابوری ماندوو دەکات و بەشداری دەکات لە کەم بوونەوەی داهاتی نەتەوەیی و دەبێتە هۆی زۆربوونی دایشتوانی شار بە ژمارەیەکی زۆر کە بێ ئیش و کار بن.

ئەو دیاردەیە ڕاستەخۆ دەمانگوازێتەوە بۆ ئەوەی ئاماژە بۆ ڕۆڵی کۆچکردن بکەین، وەك گۆڕانێکی دیموگرافی لە گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان، جولە کردنەکانی دانیشتوان ئەگەر بە زۆر بێت یان خۆکردانە یاخود بەمەست دەبنە هۆی ڕوودانی گەورە لەو جێگایانەی کە دانیشتوان کۆچیان لێکردوە؛ لەوەشدا ئاسەواری باش و خراپی لێ پەیدە دەبێت کە ئێرە جێگای باسیان نییە.

بەڵام توێژینەوەکان لە بارەی کۆچکردنەوە ئەوەیان سەلماندوە کە کۆچکردنی دانیشتوان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەبێتە هۆی پەیدا بوونی کەم و کورتی لەناو دانیشتوان و کاریگەری بەسەر شێوەکانی چالاکی ئابوریدا دەبێت:

هاتنی گروپە گەورەکانی کۆچ بۆ جێگایەك یان شارێك دەبێتە هۆی پەیدابوونی کێشەی زۆر لەناو شارەکە کە پەیوەست دەبێت بە پەیوەندی نێوان کۆجکەران و دنیشتوانی شارەکە لە لایەکەوە، لەگەڵ جۆری ژیانیان و شێوەی ئەو ژیانە لە لایەکی ترەوە.

جـ- هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان:

هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان بە هۆکارە کاریگەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دادەنرێن، بەتایبەتی کە ئێمە لە پێشوازی سەدەی بیست و یەکەمداین، لەبەر ئەوەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کار بۆ بڵاوکردنەوە ڕۆشنبیرییەکان دەکەن، ئەو کۆمەڵگایانەی دەکەونە دووریانەوە بەردەوام پێشتر و ئێستاش بنکەیەك بوونە بۆ گۆڕان چونکە زۆربەی سیما ڕۆشنبیرییە نوێیەکان لە ماوەی بڵاوبونەوە دەگوازرێتەوە. بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی پەیوەندی بەتینیان هەیە لەگەڵ کۆمەلگاکانی تر زیاتر بەرەو ڕووی گۆڕانی خێرا دەبنەوە.

پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری پرۆسەیەکە بەشداری لە ڕودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات بە تایبەتی لە ڕۆشنبیرییەکانی ئایندەدا. کارتێکردنی ئەو پەیوەندیکردنە هەندێ جار لە هزرو بیروباوەڕە سیاسی و ئاینیەکان دەردەکەوێت، لەگەڵ شێوازەکانی ژیان و تەکنولوجیاو هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری وەك قوڵی پەیوەندیکردنەکە و ڕادەی بەر هەڵستی کردنی لە لایەن کەلتوری باوەوە، لەگەڵ

ڕۆڵی سیستمە سیاسیەکان لە بڵاوکردنـەوەی کـەلتوری دەسـەڵاتداری و ڕادەی فرمیـی کەناڵەکانی گەیاندن.

پەیوەندیکردنی نێوان کۆمەڵگاکان ڕۆڵێکـی زۆر گـەورە دەگێڕێـت لـە کـارا کردنـی پرۆسە کۆمەلایەتیەکان و لـە دوایشـدا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بزوێنەرکارییـەك بخاتـە سەر ئەو بونیـادە کۆمەلایەتیـەی کـە هەیـە، چونکە بێگومـان ئـەو بونیـادە کاریگـەر دەبێـت بـە هـزرە نوێیـەکان کـە لـە دەرەوە پێـی دەگـات و پـاڵی دەنێـت بـۆ بیرکردنەوەیـەك... تـا پاشـان بڕیارەکـە وەربگرێـت بـە پەسـەندکردن یـان دژایەتیکردنی.

بەهای ئەو هۆکارە لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا زیاتر دەبێ کاتێ تێدەگەین کـە پەرەسـەندنی کۆمەڵـە مرۆییـە گۆشـەگیرەکان و نیمچـە گۆشـەگیر لەگـەڵ پەرەسـەندنی سیسـتمەکانی گونجانـدن لەگـەڵ ژینگـە و واقیعـی کۆمەڵایـەتی لـە کۆمەلگە گەشەکردوەکان هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستەکانی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و بوژاندنـەوەیان... هـەموو ئەوانـە بـەدی نـایێن تـەنها بـە دوربـارە کردنـەوەی پەیوەنـدیکردنی نێـوان ئـەو کۆمەڵگایانە و ئـەوانی کـە بـوارێکی باشـیان بـوە لـەم بـوارەدا. هـەروەها دووبارە پەیوەنـدیکردنی دەبێتـە هـۆی زۆربـوونی تێکڕاییـەکانی گۆڕان و بەخشینی تەکانی بە دووایەکدا بۆ بەرەوپێش بردن.

پەیوەنـدیکردن ئـەو پرۆسـەیەیە بەهۆیـەوە پـەیامێك یـان بیرۆکەیـەك یـان داهێنانێك دەگوازرێتەوە لە نێرەر ـ سەرچاوە ـ تا دەگاتە پێشوازیکەر.

کـە دەکرێـت ڕوون بکرێتـەوە لـە ڕێگای نموونـەی (S ـ M ـ C ـ R) لـەم نموونەیـەدا (S) سەرچـاوەکە (Source) هەڵدەسـێت بـە نـاردنی (M) نامەیـەك (Message) لە ڕێگای (C) کەناڵەکانی پەیوەنـدیکردنی-دیاریکراو (channals) بۆ (R) تاکی پێشوازیکەر (Recelver).

**دەکرێت ئەو پرۆسەیە بەم شێوە ڕوون بکرێتەوە:**

Message
Secelver... Effects... Source... Channals

سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیکردن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاوتای یەکتر نین، بەڵام ئەو پەیوەندیکردنە ڕەگەزێکی گرینگ و کارایە لە ماوەی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بۆیە لە دوواییدا چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی (سەرەڕای پرۆسەی پەیوەندیکردن) ئەنجامە تاك و بەکۆمەڵەکانی دەگرێتە خۆی کە ئەنجامەکەی قبوڵکردنی داهێنانێکی نوێ دەبێت یاخود بەرهەڵستی کردنی و ڕازی نەبوون پێی. بەڵام باسکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستی بەڕێکخستنێکی لۆژیکی دەکات کە خۆی دەنوێنێ لە بایەخپێدانی زیاد بە بونیاد و فەرمانی سیستمی کۆمەلایەتی و هەر گۆڕینێکی بەسەر دابێت.

(کارل مانهایم) چەمکێکی نوێمان بۆ پێشکەش دەکات لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەلایەتیدا بەتایبەتی لای توێژی لاوان. وەك کەرتێك لە کەرتەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. ناوبراو چەمکەکەی شیکردۆتەوە بەوەی پەیوەندییەکی گۆڕاوە لە تێڕوانین بۆ بابەتەکە و دیدی نوێ دەگرێتە خۆی لە نواندن و پەرەسەندن و بەکارهێنانی ئەلتەرناتیڤە ڕۆشنبیری و ماددییەکان.

ئەم جۆرە پەیوەندیکردن و لەیەك خشاندنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەنجان لە شێوازەکانی ژیانیان بگۆڕن و پەنا بۆ شۆڕش بەرن بەسەر بەها کۆمەڵایەتیە زاڵبووەکان، لەگەڵ داهێنانی ئەلتەرناتیڤە ڕۆشنبیریە نوێیەکان و ڕزگاربوون لە ملکەچیان بۆ ئەو ڕۆشنبیریانەی بە سەریاندا زاڵە، بەمە هەمووی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕوودەدات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینە نوێیە بۆ کەرتی لاوان، سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەوان ئەلتەرناتیڤی ڕۆشنبیریان داهێناوە، بەڵکو وێنە و شێوەکانی ڕۆشنبیری نوێیان دۆزیوەتەوە.

هەر یەك لە (ڕوزاك) و (مید) و (ڕیش) ئەم کێشەیەیان پەرەپێداوە و زیاتریان خستۆتە سەری بەوەی کە ڕێبازی گەنجان بریتیە لە پێداچوونەوە و تێڕوانینی نوێ بۆ دامەزراوە و سیستمە کۆمەڵایەتیەکانی لای نەوەی باوکان، لەگەڵ باسکردنی بە ڕووبازی و دابڕان کە ئاکامەکەی گۆڕانە لە سیستمی کۆمەلایەتی، کە خۆی لە

کودەتایەك دەنوێنێ لە بواری کۆمەڵایەتی بە جۆرێك باوکان ناچار بن فێری جۆرە ڕۆشنبیرییەك بن لە داهێنانی گەنجەکانیان.

بە بۆچوونی (بنجتسون) و (بلاك) ئەرکی تێڕوانینی نوێ ـ لای گەنجان ـ و کارتێکردنی لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە خولقاندنی ئەلتەرناتیڤە ڕۆشنبیرییەکان، کە دایان هێناوە و بۆتە بەشێك جیابوونەوەی نییە لە کەلتوری گەورەی جەماوەر، وەك گروپەکانی چالاکی سیاسی، ژن هێنان بە کۆمەڵ، گروپەکانی ناهەنگ گێڕان.

پوختەی باس، پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی زیندوو پێویستە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە وا باشە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە سروشتی ئەو گۆڕانە کە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە نوێیەکانە، لەسەر خودی سیستمی کۆمەڵایەتی دەوەستێ.

ڕەنگە باشترین نموونەش (ناو کولاندنەکەی) گوندی (لوس مولینوس) بێت لە وڵاتی پیرۆ. ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و ڕوناکی دەخاتە سەر قۆناغەکانی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە خۆی لەم قۆناغانە دەنوێنێ:

١- داهێنان: قۆناغی داهێنانی هزرە نوێیەکان و پەرەسەندنی.

٢-بڵاوبوونەوە: قۆناغی گەیشتنی هزرەکان بە ئەندامانی کۆمەڵ.

٣-ئەنجامەکان: گۆڕانکاریەکانی ئەنجامی بەکارهێنانی بیرۆکەی نوێ لە پەسەندکردن یان دژ وەستان.

### ء- هۆکارەکانی تازەگەرێتی:

ئەم چەمکە ئاماژە بۆ نموونەیەکی دیاریکراوی گۆڕان دەکات کە لە کۆمەڵگادا دەردەکەوێت.

تازەگەرێتی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە ئامانجی ڕوودانی گۆڕانکارییە لە بوارەکانی ئابوری، سیاسی، ڕۆشنبیری، ئایدیولوژی. هەر بۆیە وەك داواکارییەکی پێشوی

تازەگـەرێتی، پێویـسـت بـە بـوونی پەیوەنـدیکردن دەکـات لـە مـاوەی هۆیـەکانی پەیوەندیکردن و بەیەك گەیشتنی نێوان ڕۆشنبیری و کۆمەڵگە جیاوازەکان.

لەم سەردەمەدا ئـەوی جێگای سـەرنجدانە سـەرکردەی دەوڵەتـە گەشەسەندووەکان پـلان و سیاسـەتەکانیان دەخەنـە ڕوو لـە پێنـاو گـۆڕان لـە کۆمـەڵگاکانیان بـەرەو کۆمەڵگە تازەکاندا. بوونی پیشەسازی هەمیشە بە فاکتەری یەکلاکەرەوە دادەنرێت لە پرۆسەی تازەگەرێتی لەبەر ئەوەی زۆرێك لە دەوڵەتانی ئەفریقیا و ئاسیا پرۆسـەی تازەگـەرێتیان دەسـت پێکـردوە بـە بونیـاد نانی دەوڵـەت و گەشـەپێدانی ڕێکخستنە سیاسیە نوێیەکانیان، بەڵام هەر باسکردنی تازەگەرێتی بەس نییـە بـەو هەنـدەی کـە پرۆسەیەکە لە ماوەیدا کۆمەڵگە لە سەقامگیری سیاسی دەگەڕێت، بەڵکو بە پێویستی دەزانین ئەو پرسیارانەی پەیوەسـتن بـە سروشـتی تازەگـەرێتی و زیـاتر لـە بـارن بـۆ کۆمەڵگە بخرێنە بەر باس، سەرەڕای ئەوەش ئێمە ئەو شێوازە شێواوە لە تازەگەرێتی پەسەند ناکەین کە کۆمەڵگە لە ڕەگ و کەلەپورەکەی جیا دەکاتەوە بەبیانوی ئەوەی ئەو پێکهاتانە بۆ بونیادێکی نەریتگـەری دەگەڕێنـەوە. بۆیـە تازەگـەرێتی ڕاسـتەقینە پێویستە جەخت لەسەر چۆنیەتی تازەکردنـەوەی ئـەو ڕەگ و کەلەپورانـە بکـات، تـا کۆمەڵگـە لـە سەرچـاوەیەکی بـێ ناسنامەوە سـەرهەڵنەدات و پاشـان بکەوێتـە نـاو بازنەی پاشکۆیەتی.

تازەگـەرێتی ڕۆڵێکـی گـرینـگ لـە پرۆسـەی گەشـپێدان دەگێڕێـت کـە پێویـست بـە تێربـوون و ئاڵۆزییـەکی بـەردەوام دەکـات لـەو سیسـتمە کۆمەڵایەتیانـەی کـە کۆمەڵگـەیان لێ پێـك دێـت، کـە بـە ڕۆڵـی خـۆی پێویسـت بـە گۆڕانکاری دەکـات لـە پابەندبوونی تاکەکان لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکولۆژیەوە، گەشەپێدان و تازەگەرێتی هەردووك زیاتر لە سەدەیەکە و لـە زۆر بەشـەکانی جیهـان بـەرەو پـێش دەڕۆن.

بەمە بۆمان دەردەکەوێت کە تازەگەرێتی هۆکارێکی گرینگی گۆڕانی کۆمەڵایەتیە، چونکە لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگە لـە بـارێکی نەریتگەرییـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ بـارێکی نوێ.

تازەگەرێتی چەندین جۆری پێوە دەبەسترێت وەك تازەگەرێتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و کۆمەڵایەتی. لە پاشاندا پێویست بە وەرگرتنی بەهای نوێ دەکات کە پێشتر بوونی نەبوە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە هەر کۆمەڵگەیەك بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، جیاوازە لە شێوە ڕۆژئاواییەکە بۆ تازەگەرێتی.

هـ- هۆکارە ئابورییەکان:

مەبەست لە هۆکارە ئابورییەکان، شێوەی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و بەکاربردن و سیستمی موڵکداری باو لە کۆمەڵگەو پیشەسازیدا. ئەو فاکتەرانە ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە ڕوودانی دیاردەی گۆڕانی کۆمەلایەتی. بۆ نموونە کاتێ سیستمی موڵکدارێتی دەگۆڕێت لە کۆمەڵگەیەك، ئەو دیاردەیە کارتێکردنی قوڵ و ئاشکرای دەبێت لەسەر سیستمە کۆمەلایەتیەکانی تردا لەناو بونیادی کۆمەلایەتی. لە ڕاستیدا پیشەسازی گۆڕانێکی گەورە دروست دەکات نەك تەنها لە دەرامەت و داهاتی نەتەوەیی، بەڵکو هەروەها لە ئەقڵیەتی مرۆڤ لە ڕووی بایەخدان بە کات و باوەڕهێنان بەخۆ.

سەرەڕای ئەو بۆچوونانە، هۆکارە ئابوورییەکان پەیوەست دەبن بە هۆکاری تری وەك دانیشتوان و ژینگە و تەکنولۆژیا، ڕەنگە هۆکارە ئابورییەکان دەس پێشکەربن لە پەلەکردن لە ڕوودانی گۆڕان بەڵام تەنها هۆکار نین بۆ گۆڕان و هۆکارەکانی تر ببنە پاشکۆی ئەو. ئەم بۆچوونە بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونەکانی مارکس بووە، بە باوەڕی مارکس شێوازی بەرهەم هێنان لە ژیانی مادیدا دەسەڵاتدار دەبێ بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزریدا.

لێرەدا دەتوانین ئەوە کورت بکەینەوە کە هۆکاری ئابوری گرینگیەکی گەورەی هەیە لە پەلەکردن لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەڵام تەنها هۆکار نییە، لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی تریش کارلێکردنیان دەبێت لەگەڵ هۆکاری ئابوری بە تایبەتی ئەگەر بەها ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵگە گرینگیەکی گەورەیان هەبێت لە ڕووی ئاستی دەسەڵاتداری بەسەر کارلێکردنی کۆمەڵایەتی، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە

ڕوودەدات لە هەر کۆمەڵگەیەك پێویست دەکات ڕەچاوی بەهاو ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکە بکرێت کە گرینگی گۆڕانکارییەکانی تر نوێ دەکاتەوە.

(عبدالله الرشدان) لە کتێبەکەی (کۆمەڵناسی پەروەردە) دەڵێ: کە هۆکارە ئابوریەکان بەپێی بۆچوونی (کارل مارکس) هۆکاری یەکلاکەرەوەن لە گۆڕانـدا. مارکس کە تیۆری پەرەسەندنی کۆمەڵگەی دانا، بەدیدی خۆی شێوازی بەرهەم هێنان لە ژیانی مادیدا خسڵەتێکی گشتی بۆ شێوازەکانی تری ژیان دیاری دەکات لە بوارەکانی ئابوری و سیاسی و ڕۆحی.

لێکۆڵینەوە مێژوویی و ڕۆشنبیرییە بەراوردکارەکان کە لە سەر پەیوەندی نێوان ئابوری و کۆمەڵگە ئەنجامدراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چالاکی و پەیوەندییە ئابوریەکان گرینگیەکی بنچینەیی هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە هۆکاری ئابوری تەنها هۆکارە لە گۆڕانـدا، بەڵکو یەك لەو هۆکارە زۆرانەیە کە دەسەڵاتی بەسەر گۆڕاندا دەبێ و ئاراستەی دەکات.

**دووەم: هۆکارە ناوخۆییەکان:**

مەبەست لە هۆکارە ناوخۆییەکان ئەو هۆکارانەن کە لەناو خودی کۆمەڵگە هەڵقوڵاون کە ڕادەیەك لە سەربەخۆیی ڕێژەیی هەیە لەو شێوازەی کە کاریگەری دەبێت بەسەر ڕێڕەوی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکە. ئەو هۆکارانەش دەکەونە نێوان هۆکارە سیستمیەکان وەك ئەو ڕۆڵەی کە سیستمی سیاسی دەیگێڕێت لە ڕوودانی گۆڕان، یان ئەو ڕۆڵەی کە گۆڕانکارییە تەکنولوجییەکان دەیگێڕن کە ئەنجامی نوێکاری و داهێنانەکانە، هەروەها لە نێوان ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بەو تاکانەی کاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕان. وەك سەرکردە سیاسیەکان و ئەوانی کاری ڕێکخراوەیی لە ئەستۆ دەگرن.

**سیستمی سیاسی:**

سیستمی سیاسی ڕۆڵێکی بەرچاوی نەگێڕاوە لەو کۆمەڵگە ساکارانەی کشتوکاڵی بن یان ئاژەڵداری. هەروەك لەو کۆمەڵگایانەی پلەیەك لە سەربەخۆیی بەدەس

نەهێناوە کە توانای هەبێ لەسەر جولەو کارتێکردن. ئەم کۆمەڵگایانە بە گشتی کۆمەڵگەی وەستاو (ستاتیکی) بوونە گۆڕانیان سست بووە.

بەڵام ڕۆڵی سستمی سیاسی ناشکراو ڕوون بوو لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پاش دەرکەوتنی جیابوونەوەی سیستمە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆیە ئەو سیستمانە وایان لێهات کە یاسا بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دابڕێژن و نەخشەی سیاسەتەکان دابنێن بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەوڵدان بە هەموو تواناکان بۆ تەیارکردنی هێزەکانی کۆمەڵگە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە.

زۆربەی توێژەران جەختیان لەسەر ئەو ڕۆڵە کردۆتەوە کە دەکرێت سیستمی سیاسی لە پرۆسەی گۆڕاندا پێی هەستێت، بگرە ئەوانەی جەختیان لەسەر ڕۆڵی هۆکارەکانی تەکنولۆژی و ئابوری کردۆتەوە ڕۆڵی سیستمی سیاسی پشتگوێ ناخەن.

سیستمی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەك لەناو کۆمەڵگاکان هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پەیوەندییە دەرەکیەکان، هەروەها بە دانانی ستراتیژییەتێکی گشتی کە ئامانجی جێبەجێکردنی خۆشگوزەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەجێهێنانی سەقامگیری و ئاسوودەییە.

چەندی سیستمی سیاسی ڕادەیەك هێزی بەدەس هێنا (کە بەزۆری پێوانە دەکرێ بە ڕادەی ڕەوایی سیستمەکە لە چوارچێوەی بەشداریکردنی سیاسیانە و پلەی کاریگەری ئەو سیاسەتانەی کە دایدەڕێژێت و دەرئەنجامەکانی ئەو سیاسەتانە بۆ دانیشتوان)

دەڵێین چەندی سیستمی سیاسی پلەیەك هێزی بەدەس هێنا ئەوا دەتوانیت کارابێت لە ڕوودانی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان و کۆنترۆڵکردنی.

لە دەوڵەتانی گەشەسەندوو سیستمی سیاسی ڕۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕێت لە پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆڵە تەنها لەسەر نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی یان دەس تێوەردان لە بوارە ئابورییەکان بۆ ڕێکخستنی و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوەکەی

یاخود سەرپەرشتی کردنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان لە تەندروستی و فێربوون کورت نابێتەوە.بەڵکو درێژە دەکێشێت بۆ پەرەسەندنی بونیادنانی سیاسی.

کەوابێ پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی تەنها پرۆسەیەك نییە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونی بگرێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی گەشەسەندنی سیاسیە، بۆیە هەندێك وادەبینن کە پرۆسەی گەشەسەندنی سیاسی ئەو ئامرازەیە کە هەموو گۆڕانکاریەکانی تر کۆدەکاتەوە چونکە یەك لە ئامانجەکانی جێ بەجێکردنی بەشداریکردنێکی فراوانی سیاسەتە و پاشان سەقامگیری سیاسی دامەزراو لەسەر شەرعیەت.

سەرەڕای ئەوانە ڕەنگە سیستمی سیاسی ڕۆڵێکی نەگەتیڤانە بگێڕێت لە ڕوودانی گۆڕان، ئەوەش بەستراوەتەوە بە دوو دۆخ.

* ئەو سیستمە سیاسیە پاشکۆی سیستمێکی تر بێت، سیاسەتەکانی ئەو جێبەجێ دەکات بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانی هاوڵاتیان، واتا ئەو سیستمە بە کرێ گیراو بێت و دژ بەگەلەکەی.
* سیستمی سیاسی سیستمێکی دوژمنکارانە بێت، هەڕەشەی سەربازی دژی دەوڵەتانی تر بەکار دەهێنێ یان سامانەکانی گەلەکەی لەناو دەبات لە جەنگێکدا.

**سێیەم: هۆکارە تەکنولوجیەکان:**

پێشکەوتنی تەکنولوجی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگاکاندا هەیە، داهێنانە نوێیەکان لە ماوەی ڕوودانی گۆڕانکارییە گەورەکاندا کارتێکردنی بەسەر کۆمەڵگە مرۆییەکان هەبووە، ئوتومبیل و ڕادیو بوونە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەرچاو کە لەکەس ناشارێتەوە، کۆمەڵناسان ترسیان هەیە لە کاردانەوەی هۆکارە تەکنولوژییەکان لە ڕوودانی چەند گۆڕانکارییەك کە هەڕەشە لە کۆمەڵگاکان بکات و ببێتە هۆی پەیدا بوونی کێشە کۆمەڵایەتیە مەترسیدارەکان وەك تاوان، ئاوارە بوون، لەرزینی بەهاو ڕەوشت. گومان لە ڕاستی ئەو بۆچوونانە نیە ئەگەر کۆمەڵگاکان

ڕوودانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانیان پشت گوێ خست بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو گۆڕانە تەکنولۆژیانە.

لێرەدا گرینگی پلانی کۆمەلایەتی و شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەردەکەوێت بۆ ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی گونجاو و یارمەتی دەر لە ڕێگرتن لە پەیدابوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەك ئەوەی ئەوروپا تووشی هات بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە.

داهێنانە نوێیەکان بوونە هۆی زیادبوونی پەیوەندییەکانی نێوان گەلان، ئەوەش بوو بە هۆی ئەگەری ڕوودانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان کۆمەڵگاکان بەهۆی ئەو پەیوەندییانە و لە ئەنجامی ئەو بەیەك گرێدانە. بەمە لە توانادا نەما کۆمەڵگەیەك لە یەکێکی تر جیا بکرێتەوە، لە دووایدا هەر گۆڕانکارییەك ڕووبدات لە هەر کۆمەڵگەیەك کارتێکردن و ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر کۆمەڵگاکانی تر.

ڕەنگە باوەڕبوونی (ئوجبرن) بە ڕۆڵی تەکنولوجیا لە کۆمەڵگەی تازە هانیدا کە بەهۆکاری یەکەمی دابنێت لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها لە دوواکەوتنی ڕۆشنبیریشدا. ئەگەرچی لە نووسینەکانی دووایدا باسی لەوە کردوە کە داهێنانەکان بنچینەی تەکنولوجیا پێکدێنن لە کۆمەڵگەدا، نابێ هەمووی بۆ خودی گۆڕانی تەکنولوجی بگەڕێتەوە، بەڵکو ڕەنگە بۆ هۆیە کۆمەڵایەتیە پەتیەکان گەڕاوە بێت، هەر بەم جۆرە دانی بەوەنا کە داهێنانە کۆمەلایەتیەکان دەکرێت ببنە هۆی کارتێکردنی درێژخایەن لە خودی تەکنولوجیا، ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە ناوبراو ئەو داهێنانە کۆمەڵایەتیانەی لەژێر هۆکاری تەکنولوجی ئەژمار کردوە، هەروەها دەڵێت تەکنولوجیا دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دەبێتە هۆی داهێنانە کۆمەڵایەتیەکانی تر.

لە دیدی (شنیدەر)ەوە زۆربەی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەنجامی گۆڕان لە کاردا یان لە دەوڵەتدا نییە، بەڵکو لە ئەنجامی گۆڕانکارییە تەکنولوجیەکانە، هەروەها دەڵێت: بە بەردەوام بوونی گۆڕانی تەکنولوجی گۆڕانی کۆمەڵایەتی درێژە دەکێشێت و لەگەڵ هەر داهێنانێکی نوێ ڕەنگە بنچینەی ئابوری شار بڕوخێت و

هەزاران کرێکار دابەش بن، هەروەها ڕەنگە ئەوە ببێتە بوارێك بۆ دروست کردنی شارە نوێیەکان لە جێگای تر و زۆر کردنی بوار بۆ کار ئەوەش لە ڕێگای گواستنەوەی خەڵکی و سوود وەرگرتن لەو دەرفەتە نوێیانە بۆ کارکردن.

گۆڕانی تەکنولوجی بەم شێوەیە ئەنجامەکەی شڵەژانێکی بەردەوام دەبێت لە کۆمەڵگەدا ئەوەش بە گۆڕینی بنکەکانی کارکردن کە ڕەنگە ببنە هۆی دابەشبوونێکی جوگرافی نوێ، نموونەی ئەوەش گواستنەوەی بەردەوام بۆ بنکەکانی وزەی ئەتۆمی.

گۆڕانی تەکنولوجی تەنها دانشتوان سەرەوژێر ناکات بەڵکو ژیانی کۆمەڵایەتیان دەگۆڕێت. داهێنان ڕەنگە دەرفەتێکی گەورەتر بێت بۆ کارکردنی ژن و منداڵ و پەککەوتەکان، گۆڕانی تەکنولوجی ڕەنگە باوەڕی تاکەکان لە بنچینەدا بگۆڕێت و ڕەنگە ببێتە هۆی وازهێنان لە هەندێ کارامەی هونەری دیاریکراودا. هەروەها ئەم جۆرە گۆڕانە ڕەنگە ڕێکخستنی چینی کرێکاران زیاتر یان کەمتر بکات و جیاوازی چینایەتی کەم بکاتەوە.

پێشکەوتنی تەکنولوجی جیاوازیەکان لەناو دەبات و دەبێتە هۆی لەیەکچوونی کۆمەڵگاکان بەمە داهاتێکی یەکخەر بەدەس دێت.

بەڵام لە دیدی (لوبیر) تەکنولوجیا کە بە هۆیەوە مرۆڤ بەسەر دیاردەکانی سروشت زاڵبووە و تا ئەوپەڕی تواناکانی بەکاری هێناوە، هەرگیز ناتوانێت کاربکات و بگۆڕێت بەبێ فاکتەری ڕێکخستن و هزر و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گۆڕان کە زۆربەیان هۆکارن لە دەرەوەی پێکهاتەی تەکنولوجیا. هەر بە ڕادەی ئەو هاوکارییەی تواناکانی تەکنولوجیا پێشکەشی دەکات بۆ ڕزگارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگای کەمکردنەوەی پێویستی بۆ کارکردنی بەردەوام لە پێناو ژیاندا، بەو ڕادەیە ڕێکخستن و تێڕوانین کاریگەر دەبێت بۆ کۆمەڵگە و هەر بەو ڕادەیەش تاکەکانی کۆمەڵگە کاریگەریان دەبێت بەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و تەکنیکی.

ئەو لێهاتووییەی تەکنولوجیا دەبێتە هۆی پەیدابوونی ڕێکخستنی ورد و هزری ڕوون، هەر لەسەر ئەم بنچینەیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پشت بە گۆڕانی بیر و باوەڕە

سەرەکیەکانی کۆمەڵگە دەبەستێت کە ئەو سیستمانەی لێ پەیدا دەبی و پەیوەندییەکانی نێوان تاك و گروپەکان ڕێکدەخات.

پێشکەوتنی تەکنولوجیا تەنها فاکتەری بنچینەیی نییە لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەروەها ناکرێت بە زاراوەی دیاریکراو گوزارشت لە کارتێکردنی ڕاستەوخۆی ئەو فاکتەرە بکرێت بەڵکو لێرەدا چەندین فاکتەری تر هەیە کار لەسەر ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات.

**چوارەم: هۆکارەکانی هزری فەلسەفی:**

گۆڕانە کۆمەلایەتیەکان بەهۆی فرمیی بیروباوەڕەکان ڕوودەدەن، ئەنجامەکەشی درێژەپێدانی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و گروپەکان دەبێت، نموونەی ئەوەش هزری مارکسی و ڕادەی کارتێکردنی لە دروست بوونی ڕوسیا، ئەو بزووتنەوە هزریانەی لە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە کاریگەری گەورەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، چونکە بڕیار لەسەر بنەماکانی ئازادی و یەکسانی نێوان خەڵك دەدەن.

سەرەڕای ئاسەوارەکانی تری کە بوونەتە هۆی گواستنەوەی کۆمەڵگاکان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر.

یەك لە زانایانی کۆمەڵناسی بۆچوونی وایە کە ئایدیولوجیا لە چوار ڕەگەز پێکدێت و بەم شێوەیە:

١- ئەو هزرانەی کە خەڵکی باوەڕیان پێی هەیە دەربارەی بونیادی کۆمەڵایەتی و کردارە ناوخۆییەکان، لەوانە کردارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا و پێگەی نێو دەوڵەتی کۆمەڵگەکە.

٢- ئەو بیرو باوەڕانەی کە خلکی باوڕەیان پێی هێناوە دەربارەی مێژووی ئەو کۆمەڵگەیە.

٣- هەڵسەنگاندنی بیرو باوەڕەکانیان لە ڕووی ڕاستیەوە.

٤- بەهاو ئامانجەکان کە هێزە میللیەکانی ناو کۆمەڵگە پێی ڕازی بوونە.

(ماکس فیبر) وای بۆ دەچێت کە هۆکارە هزرییەکان کارتێکردنی گەورەیان هەیە لەسەر گۆڕانی کۆمەلایەتی.

بۆیە گۆڕانکارییە ئابورییەکان بە دیدی ئەو لەگەڵ هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەی کە دەرئەنجامی ئەون، بەهۆی گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکانەوە دروست دەبن. پەیدابوونی سیستمی سەرمایەداری گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو شێوازە ڕەوشتیەی کە لای پێڕەوکارانی باوەڕی پڕوتستانتی هەبووە کە ناسراون بە کۆشش و تێکۆشان بۆ پەیداکردنی بژێوی و فراوانکردن لە بازرگانی و پاشەکەوت کردن لە خەرجی.

بە پێی بیروڕای (عبداللە الرشدان) لە کتێبەکەی (کۆمەڵناسی پەروەردە) هەموو ئایدیولوجیایەکی نوێ یان بۆچوونێکی فەلسەفی نوێ ئامانج و ئاواتی خۆی هەیە ئەوەش تا ڕادەیەکی گەورە شێوازەکانی هزرو چوارچێوەکانی کارو ڕەفتار پێك دێنن و دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە سیستم و لەو دۆخانەی کە هەیە.

مێژوو پڕە بەو بزووتنەوە هزرییانەی بوونەتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری قوڵ لە سیستمی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ئاینیە ئاسمانیەکان.

بزووتنەوەی چاکسازی ئاینی، شۆڕشە سیاسیەکانی وەك: شۆڕشی ئینگلیزی، ئەمریکی، ڕوسی، تورکی، میسر... هتد. لەو شۆڕشانەن کە هەموویان گۆڕانی گەورەیان بەدی هێناوە، پانتایی گەورەیان گرتۆتەوە لە جۆرەها دیاردە و سیستم و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان.

هەریەك لە (ئوجست کونت _ ماکس فیبر) بۆ ئەوە دەچن کە هۆکارە هزرییەکان هۆکاری یەکلاکەرەوەن لە گۆڕانکاریدا، ئەوەی پێویستە سەرنجی بدرێتێ جیاوازی گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕییەکانە لە دیاردەی پەرەسەندندا کە ڕوودەدات لە ماوەی پرۆسەیەکی مێژوویی ئاسایی بۆ کۆمەڵگە، هەروەها جیاواز دەبێت لە پرۆسەکانی چاکسازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە ڕووی گشتگیری و گەیشتن بە قوڵایی کێشە بنەڕەتیەکان و ئامانجە پوزەتیڤەکان. گۆڕانگارییەکانی تر تەنها بوارە لاوەکیەکان دەگرێتەوە.

**گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بەم خسڵەتانە دەناسرێت:**

خێرایی، سەرهەڵدان لەناو کۆمەڵدا، بنەڕەتی، گشتگیری، ئامانجە پۆزەتیڤەکانی، پێشکەوتن، جەماوەری و پشت بەستن بە شێوازی زانستیانە. بەپێی ئەم بارە هەرگۆڕانێك بەسەر ئایدولوجیای کۆمەڵدا ڕوویدات، ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر دیاردە و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت. بۆیە ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیانی خودی خەڵکیدا دەبێت لەگەڵ بیرو ڕاکانیان بۆ کۆمەڵگە و ژیان. ئەگەر لەم سەردەمەدا بەلای کەم نەتوانین تا ڕادەیەکی گەورە بە وردبینی و ڕوونیدا پەیوەندی نێوان گۆڕانی ئایدۆلۆجی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاری بکەین، یان گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان بگەڕێنینەوە بۆ گۆڕانێك کەتووشی ئایدیولوجیای کۆمەڵگە بووبێت، ئەوە نابێتە ڕێگر کە ئایدیولوجیا لە ئاستی هۆکارە گرینگەکان دابنێین کە هۆیەکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو هۆکاری ئاڕاستە کردنی ڕێڕەوی ئەو گۆڕانەش.

**قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:**

بەپێی بۆچوونی (هربرت لیونبرجر) زنجیرە قۆناغێك هەیە تاك پێیدا تێپەڕ دەبێت پێش ئەوەی شێوازی نوێ وەربگرێت بریتین لە:

١- **قۆناغی هەستپێکردن:** خۆی دەنوێنێ لە یەکەم بیستن یان زانینی بابەتە نوێیەکە.

٢- **قۆناغی بایەخدان:** ئەوەش قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاریەکانە دەربارەی بابەتە نوێیەکە بە مەبەستی دیاریکردنی ئاستی سوودەکەی.

٣- **قۆناغی هەڵسەنگاندن:** قۆناغی تاقیکردنەوەی زانیارییەکانە دەربارەی بابەتەکە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی بەپێی دۆخە باوەکان و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕادەی گونجانیان بۆ پیادەکردنی.

٤- **قۆناغی هەوڵدان:** قۆناغی تاقیکردنەوەی بیرۆکەکەیە هەروەها لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی.

٥- **قۆناغی سەلماندن:** قۆناغی ڕازی بوونە بە بابەتە نوێیەکەو پشت بەستن پێی بۆ ئەوەی جێگای خۆی وەربگرێت لەو سیستمەی کە هەیە.

ئەو پێنج قۆناغەی پێشو بەردەوام ڕێك و پێك نابێت، ڕەنگە گۆڕینی بەسەر دابێت بە زیادکردنی ڕەگەزە نوێیەکان، یان لادانی هەندێکیان، هەروەها ڕەنگە هەندێکیان لەگەڵ ئەوانی تر بەیەکدا بچن.

**بە بۆچوونی (عاطف غیث) دەگرێت سەرنجی چوار قۆناغ بدەین لە پرۆسەی پەرەسەندنی گۆڕان بە شێوەیەکی گشتی:**

١- سیمایەك یان ڕەگەزێکی نوێ بڵاو دەبێتەوە لە ڕێگای ئەو ڕەوتەی لە ناوەندێکی بنچینەییەوە دێت ئەگەر ئەو سیمایە یان ڕەگەزە، نوێیەکە داهێنان بێت لەناو ڕۆشنبیرییە نوێیەکە، یان خواستن بێت لە کەلتورێکی ترەوە بەهۆی پرۆسەی بڵاوبوونەوە، چەند فاکتەرێکی تر دەچنە ناویەك بۆ کارتێکردن بەسەر تێکڕای بڵاوبوونەوەکە، وەك گواستنەوەی خێزان لە گوندەوە بۆ شار کە ڕۆشنبیرییەکەی جیاواز دەبێت، ئەو کارە دەبێتە هۆی شارەزابوونی خێزانەکەی کە لە گوندەوە هاتووە بە هەندێ سیماکانی ڕۆشنبیرییە نوێیەکە، کە جێگای هەندێ سیماکانی ڕۆشنبیری گوندەکە دەگرێتەوە لای خێزانەکە، ئەوەش پشت دەبەستێتە سەر ڕادەی هێزی کارتێکردنی سیماو ئاکارە نوێیەکان و ڕادەی پەسەند کردنیان.

٢- سیماو ئاکارە کۆنەکان تووشی پەشێوییەك دەبن بەهۆی سیماو ئاکارە نوییەکانەوە واتا ململانێ ڕوودەدات لە پێناو مانەوە، ڕەنگە سیماکانی تر لای ڕەوتە ڕۆشنبیرییەکە تەواو یان گەشە بکەن، چونکە کار دەکەن لەسەر پێداچوونە بە لێهاتوویی فەرمانەکانی ڕەوتەکە. هەروەك لە باری ئەو خێزانەی لەگوندەوە هاتبونە شار، ڕەنگە ڕەگەزە نوێیەکان پشتگیری ڕەگەزە کۆنەکان بکەن ئەگەر پەیوەست بوون بە فەرمانێك لە فەرمانە گرینگەکانی ئەو خێزانە. ئەوی جێگای سەرنجدانە کە ڕەگەزە نوێیەکە جێگای خۆی لە شان

ڕەگەزە کۆنەکەدا دەگرێتەوە، ئەگەر ڕەگەزە نوێیەکە ئەرکێکی سەرنج ڕاکێشی بەجێ گەیاند، تا ئەو کاتەی گۆڕانی بەسەردا دێت.

٣- بڵاووبوونەوەی ڕەگەزە نوێیەکان گۆڕانکاری دەوروژێنن لەو خسڵەت و ئاکارانەی پەیوەستن بەوەوە. ڕەنگە دووبارە ڕووالەتەکانی ڕۆشنبیرییە هەبوەکە ڕێك بخرێتەوە بۆ ئەوەی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە پەیدا بکات یان خسڵەتە نوێیەکان لەخۆ بکرێت و ئاوێتەی بێت.

٤- ڕەگەزە نوێیەکە جێگای خۆی وەردەگرێت لەناو سیستمە ڕۆشنبیرییەکە، ئەگەر تووشی پەشێوی نەبێت لە بارێکدا کەشتی نوێ بێتە ناوە و زیاتر بن لە ماوەیەکی درێژ یان کورتدا، وەك بەکار هێنانی هەندێ کەرەستەی دیاریکراو کە لە شارەوە وەرگیراوە لە باری خێزانەکەی گوند، هەروەها کاتێ ئەو کەرەستە نوێیانە زۆر دەبن، ئەوا پەشێوی بۆ کەرەستە کۆنەکان پەیدا دەکەن بەهۆی بەکار نەهێنانیان وەك پێویست هەروەها تا ڕەگەزە (کەرەستە) نوێیەکە بە تەواوی جێگای خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی تری پێشوو تەبا دەبن، ئەوا بەکارهێنانی پێویست دەکات درێژە بکێشێت بۆ ماوەیەك تا بە تەواوی قبوڵ دەکرێت، بەو مەرجەی شتێکی تر پەیدا نەبێت دژایەتی بکات.

لە دیدی (جورج مردوك) داهێنانەکان بنچینەی گۆڕانی ڕۆشنبیرین بە شێوەیەکی گشتی، کاتێ بیرۆکەیەك یان ئامێرێك دادەهێنرێت ئەوا دەگوازرێتەوە و بڵاو دەبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، ئەو دیاردەیە پاش ماوەیك دەس دەکات بە گۆڕانکاری لەبار. ئەو داهێنانە نوێیانەش بەکار ناهێنرێن تا لێهاتوویی خۆیان دەسەلێنن، پاش ئەوەی بە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا تێپەڕ دەبن.

لێرەدا هەندێ بیروڕا هەیە وا دەبینن کە ئەو شێوازە گۆڕانە چوار خسڵەتی هەیە:

١- شێوە: کە دەکرێت سەرنجی بدرێتێ و لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت لە ماوەی پرۆسەی گۆڕاندا.

٢- واتا: بە مانای ئەوەی چەند پەیوەستیەکی خودی و ویژدانی هەیە لە ڕۆشنبیریدا.

٣- بەكار هێنان: واتا بەكار هێنانی شێوازە ڕۆشنبیرییەكە دەكرێت لە دەرەوە سەرنجی بدرێتێ.

٤- فەرمان: كارێك بەجێ بهێنێ و پەیوەست بێت لەگەڵ بەشەكانی تر، لە ماوەی چوارچێوە گشتیەكەی بەڵگەی لەسەر بهێنرێتەوە.

بۆیە پرۆسەی گۆڕان ئەو خسڵەتانە دەگرێتە خۆی، هەروەها پرۆسەی پەسەندكردن متمانە دەكاتە سەر ڕادەی تێچووەكەی، لە بارێكدا پێداویستیەكانی جێ بەجێكردن بەدی نەهات بۆ كارپێكردنی، ئەوا پرۆسەی پەسندكردنەكەش جێبەجێ نابێت، بۆ نموونە: كۆمەڵگە گەشە كردووەكان ئاواتیانە ئامرازەكانی تەكنولوجیای پێشكەوتوو بەدەس بێنن بەڵام ئەوی ڕێگرە لەبەر دەمیان نەبوونی پارەی پێویستە بۆ كڕینیان. هەروەها پرۆسەی پەسەند كردنەكەش پەیوەست دەبێت بە ڕادەی ئاڵۆزی و بێ لایەنی بابەتە نوێیەكە، چەند ئەو بابەتە ئاڵۆز و ڕەهاو بێ لایەن بوون ئەوا پەسندكردنی دژوار دەبێت و بەرهەڵستی گەورەی دێتە پێش.

(تالكوت بارسوتر) بۆچوونی وایە كە پەسندكردنی ڕەگەزی نوێ خێراتر دەبێت لە بارێكدا تێچووەكەی كەم بێت و ئەو ڕەنجەی پێوەی دەدرێت و ڕازی بوون و تێر كردنی پێداویستیەكانی تیادا بەدی بێت.

بە شێوەیەكی گشتی دەكرێت بڵێین كە پەسندكردن بەدی دێت، ئەگەر كۆمەڵی پێشوازیگەر كەوتبووە ژێر باری تێرنەبوون بە شێوەیەكی لەبار، هەروەها ئەگەر ڕەگەزە نوێیەكان بە ڕێگایەكی گونجاو هاتنە پێش بە شێوەیەك تێگەیشتن و بەكار هێنانیان ئاسان بێت و سوودی گەورەی هەبێت، هەروەها لەگەڵ بەها باوەكانی كۆمەڵگە دژ نەبێت.

دەكرێت پرۆسەی گۆڕان بەپێی ئەم هێڵكارییە ڕوون بكەینەوە:

شێوەی ژمارە (١)

قۆناغەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری




گۆڕانی ڕۆشنبیری

مادی ـ نامادی

## خسڵەتەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

بەپێی بیروڕای (ولبرت مور) لە لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەندێ خسڵەت هەیە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ پێی دەناسرێ، لە گرینگترین ئەو خسڵەتانە:

١- خێرایی کە خسڵەتێکی زاڵە بەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ.

٢- پەیوەست بوونێکی گۆڕاو لە کات و شوێندا، بە جۆرێک کە ڕوودانی بەدووایەکدا دەبێ و پچڕاندنی نابێ.

٣- جۆرە گۆڕانێکی بە پلان داڕێژراو بەهۆی دەس تێوەردانی زیاتری دەسەڵاتداری دەوڵەتە هاوچەرخەکان.

٤- ئامرازە تەکنولوجیەکان کەشارەزایی نوێی بۆ تاك و کۆمەڵگە بەدەس دێنێت.

هەردوو نووسەر (احمد زاید ـ أعتماد علام) لە کتێبەکەیان (گۆڕانی کۆمەلایەتی) ئاماژەیان بۆ چەند خسلەتێك کردووە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە لە هەندێ گۆڕانکاری تری ناو کۆمەڵگە، وەك:

أ- گۆڕانکارییەکان کارتێکردنی گشتی و هەست پێکراویان هەبێ، ئەگەر ئەوانە لەسەر ئاستی ژیانی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە دابن یان لە ئەنجامی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدات.

ب- گۆڕانکارییەکان بە بەردەوامی بناسرێن، ڕەنگە لەناو ڕەوتە کۆمەلایەتیەکە تەواوکار بن.

ج- ڕەنگە گۆڕانکارییەکە پێش تەواوبوونی ڕانەگەینرێت، یان تاکەکانی پێ ئاگادار نەکرێتەوە، بۆیە پەسند نەکردنی تاکەکان بۆ گۆڕانەکە و بەرهەڵستی کردنیان بەهێز تر دەبێ.

ء- ڕەنگە دەسپێکردنی گۆڕانکارییەکان سست بن و لەگەڵ ڕۆژگاردا کەڵەکە بکەن بەڵام دەرئەنجامی کۆتایی بۆ ئەو کەڵەکە بوونە بە کارێکی ڕادیکاڵانە یان گۆڕانێکی کتوپڕ دەناسرێت هەروەك بەهۆی شۆڕشە کۆمەڵایەتی و تەکنیکیەکان ڕوو دەدات. هەر لە نموونەی ئەو گۆڕانکاریە کۆمەلایەتیانەی لە سەرەتادا بە سستی دەست پێ دەکەن، گۆڕانەکان لە بواری زانین و بەدەسهێنانی شارەزاییە جۆراوجۆرەکان.

هـ- ڕەنگە گۆڕان بەپێی پلان یان بەرنامەیەك بێت، ئەم تایبەتمەندییە ئاماژە بۆ دەستێوەردانی سیستمە سیاسیەکان دەکات لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە.

و- پەیدابوونی تواناکانی جولەی کۆمەڵایەتی و زۆربوونی تێکڕاییەکانی.

ز- بڵاو بوونەوەی پێوەرە نەقڵانی و زانستیەکان و شێوازەکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی لەناو کەلتوردا.

ح- زاڵبوونی نموونەیەك بۆ کەسایەتی، ڕێگا بۆ تاکەکان خۆش بکات بۆ بەجێگەیاندنی کاروبارەکان کە پێی هەڵدەسن لە چوارچێوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی بناسرێت بە خسڵەتە دیاریکراوەکانی وەك: گەشەکردنی خودی، بەشداریکردن، زاڵبوونی پێوەرە نەقڵانیەکان.

## گرینگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

تێڕوانین بۆ جوگرافیاو مێژووی ولاتانی جیهان جەخت لەسەر گرینگی گۆڕانی کۆمەلایەتی دەکات. وەك دیاردەیەك کە دەبێ جێگای بایەخ پێدانی تیۆریەکانی سوسیولوجیای هاوچەرخ بێت. تێڕوانین بۆ نەخشەی جیهان زاڵبوونی کاریگەری هەردوو پرۆسەی یەکسانی و جیاوازی ڕووندەکاتەوە کە بە بنچینەی کار لەیەککردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە تیۆری فەرمانگەری.

هەر بەهۆی بارودۆخە جۆراو جۆرەکان، زاڵبوونی جۆرێك لە یەکسانی ناوخۆی بەدی دەکەین لەناو چەند کۆمەلگایەك بە بەراوردکردن لەگەڵ کۆمەڵگای تر، کە جۆرێك لە جیاوازی لە نێوان ئەوان و ئەو کۆمەڵگایانە بەدی دەکرێت. لە ئەنجامدا چەند کۆمەڵگەیەك دەبینین داکۆکی لەسەر جۆرێك لە یەکسانی ناوخۆیی دەکەن کە هاوتەریب دەبێت لەگەڵ ڕادەی ئەو جیاوازیانەی باون لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ هەر کۆمەڵگەیەکی تر.

هەموو ئەو دیاردانە جەخت لەسەر بەردەوامی گۆڕان و پێکهاتن دەکەن دەربارەی ئەو بونیادانەی ملکەچی ئەو کردارانە دەبن، ئەوەش لە دوواییدا بەردەوام بوونی کار لەیەککردنەکانی گۆڕان و ڕادەی پێویستی بۆ بوونی مرۆڤایەتی دەسەلێنن.

بەڵام لێرەدا چەند فاکتەرێك هەیە جەخت لەسەر گرینگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات لە دیدی تیۆری سوسیولوجیای هاوچەرخەوە لوانە:

دەرکەوتنی زانست و ڕۆڵی وەك ڕەوتێکی کۆمەلایەتی و خستنە ڕووی چەندین تازەگەری زانستی و تەکنولوجی لە دروستکردنی کۆمەڵگە پیشەسازییە هاوچەرخەکان، بوو بەهۆی بەردەوام بوونی کار لە یەککردنەکانی گۆڕان لە دروست بوونی ئەو کۆمەڵگایانە و پاشان بڵاوبوونەوەی بۆ زۆربەی ناوچەکانی جیهان وەك ڕەوتێکی ڕۆشنبیری لێهاتوو. هەر لێرەدا ئەگەر بڵێین کە دیاردەی تەکنولوجیا گرینگتر دیاردەکانی جیهانی پیشەسازی پێشکەوتووە، ئەوا دیاردەی گۆڕان پێویست دەکات هەمان ئاست لە بایەخ پێدان وەربگرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

ئەگەر جیهان سێ کۆمەڵگەی سیستمی بنچینەیی بگرێتە خۆی، کە ئەوانیش جیهانی یەکەم و دووەم و سێیەمن، ئەوا ئەو کۆمەڵگایانە لەسەر بنچینەی پێشکەوتن لەیەك جودا دەکرێنەوە، لە ئەنجامی ئاستی زانستی ئەقڵانی و لێهاتووی تەکنولوجی ئەو پێشکەوتنەی بەرێوەدەبات و بەرهەمی هێناوە، هەروەها شان بە شان گرینگی گۆڕانەکانی گەشەپێدان کە ڕەنگە وڵاتانی جیهانی یەکەم و دووەم ملکەچی بن، ئەوا وڵاتانی جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی ئاسایی ملکەچی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان دەبنەوە و کار بۆ نەهێشتنی ئەو بۆشاییە دەکرێ کە لەگەڵ وڵاتانی جیهانی یەکەم و دووەم جودایان دەکاتەوە، هەروەها ڕزگاربوونیان لە پاشکۆیەتی و چەوساندنەوەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان.

ئەوەش گرینگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەردەخات وەك دیاردەیەکی هاوچەرخ، بەڵام سەرەڕای گرینگی ئەو دیاردەیە، ئەوا ناکۆکیەك وروژێنرا لە نێوان نموونە تیۆریەکان دەربارەی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ڕادەی گۆڕان، سەرچاوەکانی، ئاسەوارەکانی، پاشان سروشتی ئەو کار لەیەککردنانەی کە گۆڕان و کاردانەوەی گۆڕان دەیوروژێنێت.

ئەم هەڵویستە ناکۆکانە بەهۆی بزربوونی زانینی ئەزموونی (ئەمبیریقی) پەیوەندار بە گۆڕانی کۆمەلایەتی سەری هەڵداوە، یان لە ئەنجامی تووش بوونی لایەنی تیۆری بۆ جۆرە دۆخێکی دیاریکراودا کە پاشان ئەو تێڕوانینە بەسەر دۆخە جیاوازەکان گشتگیر کرا، یاخود سەرچاوەکەی هەندێ هەڵوێستی ئایدیولوجی دیاریکراوە کە بانگەواز بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەڵویستی زانستیە بابەتیەکان دەکات.

# بەشی دووەم

# ئالۆزی و ناریکی گۆڕانی ڕۆشنبیری

هەوڵنامەی کتێب

**پێشەکی:**

لەو کارانەی کە بەڵگە نەویستن، بەهیچ شێوەیەك کەلتورێکی (استاتیکی) بێ جوڵە نییە، بۆیە چەندی ڕێنمایی و ڕێساکان بە گوروتین و زەبر و زەنگ ناسرابن، هەروەها چەندی مۆرکی دامرکاندن و دڵرەقی بەسەر لێپرسینەوەکاندا زاڵ بن، گۆرانی ڕۆشنبیری بەشێوەیەك لە شێوەکان هەر دەبێ ڕوودات.

لە سەدەی نۆزدەدا وا باو بووە لای زاناکانی مرۆڤناسی (ئەنثروپولوجیا) کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان کۆمەڵگەی بێ جولەن و گۆران نایانگرێتەوە. بەڵام ئەم بۆچوونە هیچ بەڵگەیەکی زانستی ئەزمونگەری بەدەستەوە نەبووە پشتگیری بکات، پاش ئەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی گەلناسی (ئەثنولوجیا) لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە ئەنجامدرا، درۆ و ناتەواوی ئەو بانگەشەیە دەرکەوت.

تێڕوانینێك لە لایەن هەر توێژەرێك و بۆ هەر کۆمەڵگەیەك کە ئاستێکی بەرزی لە کۆنە پارێزی ڕۆشنبیری هەڵگرتبێ، بێ هیچ گومانێك ئەوەدەسەلمێنێت کە گۆڕانکارییەك لەسەر ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە لە ماوەیەکی دووردا ڕوویداوە. ڕەنگە تێکڕاییەکانی گۆڕانکاریەکە ئەگەر بەراورد بکرێت بە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی ـ وەك کۆمەڵگەی ئەمریکی ـ گەورە نەبێت. بۆیە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە ئەم بابەتە نوێیە دەکەنە ژێیەکی هەستیار بۆ موسیك لێدان، شتی نوێ، شتی چاك، شتی پەرەسەندوو، لە دووایدا ئەندامانی کێش دەکەن بەرەو گۆڕان، گۆڕانکاریان لا خۆشەویست دەکەن.

دۆزینەوەی شوێنەوارەکان، زیاتر لە جارێك، ڕوودانی گۆڕانی بەردەوام و گونجاوی سەلماندووە لەسەر پاشماوە و ئاسەواری خەڵکەکە لەو ناوچانەی کە تیایدا ژیاون.

بەڵگە مادییەکان دەربارەی ئەو شوێنەوارانە کە بۆ سەردەمە مێژووییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە نیشانەن لەسەر جیاوازی ژیان جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەوانی لە سەردەمە کۆنەکان دۆزراونەتەوە و هاوشێوەکانیان لە سەردەمە نزیکەکان. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی هیندی کارەکانی دۆزینەوەی شوێنەوارەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە نموونەی قاپە قوڕەکان (Potters) جیاوازە بە تەواوی لەوانی ئێستا.

ئەگەر روومان لە رەگەزە روحیەکان کرد وەك نموونە، دەبینین (هیرسکوفیتش) بەلگەمان بۆ دێنێتەوە لەسەر ئەو لایەنە دەربارەی شێوازەکانی رەفتاری پەسەندکراو لە لایەن کۆمەڵگەدا، پیرەکان رازی نابن لەسەر دوورکەوتنەوەی گەنجەکان لە بازنەی کەلەپوری نەوەکانی پێشو، پێیان چاکە نەوەی نوێ وابەستەی بن، بەڵام ئەو پیرانە ئەوەیان لە بیرچووە کەویست و هەوەسی رۆشنبیری لە دەسەڵاتیان دەرچووە، هەورەها گۆران راستیەکی نەمرە دەبێ پێی رازی بین، بۆیە رۆشنبیری ئەو ئامێرەیە کە کۆشکی بێ جوڵەیی دەروخێنێت.

هەر لەم بوارەدا لە کۆمەڵگە عەرەبیەکان بێ بەلگە نین لەسەر گۆرانکاری رۆشنبیری لە هەردوو بواری مادی و نامادی، نموونەکان زۆرن لەسەر کەرەستە و کەل و پەلی ناو ئاگردانەکان، شێوەی جل و بەرگ و خانوو، کەرەستەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی... هتد. هەروەها لە بیرو باوەر و ئاراستەکان، دابونەریت، هەموو رەگەزەکانی کەلەپور.

## چەمکی گۆرانی رۆشنبیری:

گۆرانی رۆشنبیری بریتیە لە هەر گۆرانکاریەك کە روودەدات لە هەر لقێ لە لقەکانی رۆشنبیری، لەوانە: هونەر، زانست، فەلسەفە، تەکنیك، هەروەها هەموو جۆرە شێوە و یاساکانی گۆرانی کۆمەڵایەتی، سەرەرای هەموو ئەو گۆرانکاریانەی کە روودەدەن لە فۆرم و بنەماکانی سیستمی کۆمەڵایەتی.

گۆرانی رۆشنبیری دەناسرێت بەوەی کە پرۆسەی گۆرینێکی گشتیە رەنگە خودی سروشتی کەلتور بگرێتەوە، ئەو پرۆسەیە گۆرانێکی چۆنایەتیە لە بنچینەدا، ئەگەر گەشە کردنی رۆشنبیری پرۆسەیەکی پاشەکەوتکردنی بەردەوام و سنوردار بێت ئەوا گۆرانی رۆشنبیری سامانێکی کتوپرە، سامانێکە بەدوای سامانەوە.

* گۆرانی رۆشنبیری پرۆسەیەکی شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەیە زۆر لە هۆو شکستەکانی لێ پەیدا دەبێت کە نرخی کۆمەڵایەتین.
* گۆرانی رۆشنبیری لەسەر جولەی کتوپری خێرا دروست دەبێت.

* گۆڕانی ڕۆشنبیری متمانە دەکاتە سەر سەرمایەی بیانی، واتا ئەو گۆڕانە دەرئەنجامی پەیوەندیکردنی دەرەکیە لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکانی تر.
* گۆڕانی ڕۆشنبیری بە شێوەیەکی بنچینەیی داهێنانە یاخود نوێکاریە، ئەگەر مادی بێت یان کۆمەڵایەتی وەك دەرکەوتنی ئاینەکان و فەلسەفەکان و یاسا کۆمەڵایەتیەکان.
* گۆڕانی ڕۆشنبیری بریتیە لەو گۆڕانکاریانەی کە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگە ڕودەدات.

گۆڕانی ڕۆشنبیری بەپێی پێناسە کردنی (هولتکرانس) گوزارشت لەو گۆڕانکاریە دەکات کە لە بەشەکانی ڕۆشنبیری یان بونیادی یاخود ڕەگەز و ناوەڕۆکەکانی ڕوودەدات. بە واتایەکی تر مەبەست لە گۆڕانی ڕۆشنبیری هەموو ئەو گۆڕانکاریانەیە کە ڕوودەدات لە هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری مادی بێت یان نامادی وەك: هونەر، تەکنولوجیا، فەلسەفە، ئەدەب و زمان، زانست... تا دەگاتە چێژە تایبەتیەکان وەك خواردن و خواردنەوە، ئامرازەکانی گەیاندن و گواستنەوە و پیشەسازی، هەروەها سەرەڕای ئەوانە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدەن لە شێوە و بنەماکانی سیستمی کۆمەلایەتی.

چەمکی گۆڕانی ڕۆشنبیری پەیوەستە بە چەمکێکی تر کە ئەویش (خێراکردنی ڕۆشنبیرییە) واتا زیادکردنی تێکڕای گۆڕانی ڕۆشنبیری.

(ئوجبرن) وا دادەنێت کە کەڵەکەبوون لە کرداری ڕۆشنبیری بۆ دوو خسڵەت دەگەڕێتەوە: یەکێکیان جێگیری شێوەکانی ڕۆشنبیرییە، ئەوی تریان زیادکردنی شێوە نوێیەکانە. ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی چەند کێشەیەك لە ئەنجامی جیاوازی لە ڕێژەی گۆڕانی ڕۆشنبیری مادی و نامادی هەروەها دەگاتە ئەوەی پێی بووترێت بۆشایی ڕۆشنبیری.

گۆڕانی ڕۆشنبیری ئەو گۆڕانکرایانە دەگرێتە خۆی کە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگە ڕوودەدات، ئەو گۆڕانە دیاردەیەکی گۆشەگیر نییە بەڵگو دیاردەیەکی گشتی و هەمەلایەنە لە هەموو کۆمەڵگەیەك و لە هەموو ڕۆشنبیرییەك چەندی بە

جێگیری و بێ جوڵەیی ناسرابێت، بۆیە پێویست دەکات گۆڕانەکە بە جێگیری ببەسترێتەوە بەوەی گۆڕان لە بەرەیەکدا بێت و پارێزگاریکردنی ڕۆشنبیریش لە بەرەی دژەکەی بێت، پاشان دەس بکەین بە لێکۆڵینەوە.

(درسلیر) پێناسەی گۆڕانی ڕۆشنبیری دەکات بەوەی گۆڕینێکە یان پسانەوەیەکە لەو کرداره تاقیکراوە و گوازراوانە لە ڕۆشنبیریەکی ڕابردوو لەگەڵ کارکردن بە کرداره نوێیەکان. هەروەها بەر بیرو باوەڕو چێژە تایبەتیەکان و خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و داب و نەریت و هونەر و ڕەوشت و تەکنولوجیا دەکەوێت. ئەمەو سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی لە بونیادی کۆمەڵگە و ئەرکەکانی ڕوودەدات.

خێرایی و قەبارەی بواری گۆڕانی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاواز دەبێت، کەوابێ ڕەنگە گۆڕان لە ماوەی کردارێکی ڕۆشنبیری ڕووبدات بۆ گواستنەوەی ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیریەك لە ڕۆشنبیرییە پەرەسەندووەکان بۆ یەکێکی تر، هەورەها ڕەنگە کردارەکە جێبەجێ بێت بە سەپاندنی شێوازێکی ڕۆشنبیری بەهێز وەك ئیستعمار.

ئەوەی جێگای سەرنجدانی توێژەرانە کە گۆڕانی ڕۆشنبیری خێراتر دەبێ چەندی کۆمەڵگە تووشی قەیرانێك بێت.

گۆڕانی ڕۆشنبیری بە پرۆسەیەکی هەڵبژێردراو دادەنرێت لەبەر ئەوەی کاتێ ئەندامانی کۆمەڵگە بەرەو ڕووی نەریت یان ڕەگەزە کەلتوریەکان یاخود کارڕاییەکان دەبنەوە ئەوا ئەو لایەنانە پەسند دەکەن لەبەر ئەوەی کە بە سوودی دەبینن و لەگەڵ بەهاکانیان دەگونجێ و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە جێگای ویستە. بۆیە پێشوازی لە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنیکیەکان دەکەن وەك: ئامێرە تەکنولوجیەکان چونکە بەسوودە و هەڕەشە لە بەها کۆمەڵایەتیەکانیان ناکات، لە کاتێکدا بەرهەڵستی لە ڕەفتار و نەریتی بیانی دەکەن لەبەر ئەوەی پێچەوانەی بەها باوەکانیانە (جل و بەرگ، داب و نەریت، ڕەوشت... هتد).

هەر کۆمەڵگەیەك ملکەچی گۆڕانی ڕۆشنبیری بێت، ئەوا پێشوازی لە هەندێ بەهاو داب و نەریت و شێوازە کۆمەلایەتیەکان دەکات لە کۆمەڵگەیەکی دەرەکیەوە، لە کاتێکدا دژی هەندێکی تریان دەوەستێت و ئەنجامەکەشی بریتی دەبێت لە (بەرهەمێکی ڕۆشنبیری)، واتا شێوازێکی ڕۆشنبیری نوێ کە نێوان ڕەگەزە ڕۆشنبیریە نەریتگەریە ناوخۆییەکان و ڕەگەزە نوێیە دەرەکییەکان تێکەڵ دەکات.

هەروەها ئەو گۆڕانە ڕۆشنبیرییە ئاماژە بۆ هەر گۆڕانێك دەکات کە دەکرێت کارتێکردنی لە ناوەڕۆك یان لە بونیادی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو هەبێ. گۆڕانی ڕۆشنبیری متمانە دەکاتە سەر بلاوبوونەوە یان داهێنان، واتا گواستنەوە لە ڕێگای ڕۆشنبیریە جیاوازەکان یان توانا لەسەر داهێنانی ڕۆشنبیری، بەلام لێرەدا پەیوەندییەك یان کار لەیەککردنێك هەیە لە نێوان ئەو دوو هۆکارە، ئەو ڕێگایەی کە گۆڕانی ڕۆشنبیری تیادا ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت (پرۆسەی ڕۆشنبیری).

تیۆرناسانی فەرمانگەڕایی بۆ چوونیکیان هەیە لە ئاست ئەم پرۆسە ڕۆشنبیریە و خودی ڕۆشنبیرییەکە هەر بەو پێیە (وەك نموونە) مالینوفسکی پێناسەی ڕۆشنبیری دەکات بەوەی: ئەو پرۆسەیەی کە لە چوار چێوەیدا (بە پلەی جیاواز لە خێرایی) سیستمی ناو کۆمەڵگە و ڕێکخستن و بیر و باوەڕ و زانیاریەکانی و ئامرازەکانی کارکردن و ئامانجەکانی هەمووی دەگۆڕێن.

بەلام هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان هەردوو چەمکی پرۆسەی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیری بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرناکەوێت.

لەبەر ئەوە دەبینین کە دەستەواژەی - گۆڕانی ڕۆشنبیری - کۆمەڵە چەمکێکی پەیوەندار دەگرێتە خۆی، لەوانە: خۆ ڕۆشنبیر کردن، هەڵوەشانەوە، لادان، پەرەسەندن، گۆڕانی لەسەرخۆ، داهێنان، تەواوکاری، گواستنەوە، دووبارە زیندوکردنەوە، دووبارە ڕوونکردنەوە... هتد. ئەگەر ئەوەش ئاماژە بێت بۆ شتێك ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گۆڕان لە ڕاستیدا دیاردەیەکی ڕۆشنبیری گشتیە - لە ماوەی ڕۆژگاردا - پرۆسەکانی بزوێنەرکاری ڕۆشنبیری پێك دێنێت.

بۆیـه ئەگـەر تەماشـای زاراوەی (فێربـوون و ڕاهـاتنی ڕۆشـنبیری)مـان کـرد وەك نموونە ئەوە بە مانـای پرۆسـەی گۆڕان دێت لـە مـاوەی پەیوەنـدیکردنی ڕۆشـنبیری تـەواو، واتـا پەیوەنـدیکردنێك لـە نێـوان دوو کەلتورکـە دەبێتـە هـۆی زۆربـوونی ڕووەکانی لەیەك چوونی نێوانیـان لە زۆربەی بـوارە ڕۆشـنبیریەکان، هـەروەها ئـەم زاراوەیــە پرۆســەی وەرگرتنــی ڕۆشــنبیریش دەگرێتــە خــۆی، هــەوەرها زاراوەی نوێکردنەوە ئاماژە بۆ ئەو پرۆسەیە دەکات کە دەبێتە هۆی پەسندکردنی ڕەگەزێکی کەلتوری نوێ کە ئـەوەش شێوەییێکە لە شێوەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری بۆیـە ئـەوەی ئاشکرایە هەمـە جـۆری و فرەیـی ئـەو زاراوانـەی نیشـانەن لەسـەر ئـەو دیاردەیـە هەروەها لەسەر هۆکار و ئاڕاستەکانی... هتد.

بـەڵام ئـەوەی زیـاتر زاڵـە لـەو زاراوانـە پەیوەنـدیکردن، داهێنـان، دۆزینـەوە، بڵاوبوونەوەیە.

لێرەدا ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە کە گۆڕانی ڕۆشنبیری فراوانتر و هەمەلایەن تـرە لـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی کـە ئامـاژە بـۆ ئـەو گۆڕانانـە دەکـات لـە سیسـتمە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو فەرمانانەی کە پێی هەڵدەستن. وێنەکە زیاتر ڕوون بۆتـەوە لە پرۆسەی گۆڕانی ڕۆشنبیری کاتێ پێکهاتەکانی ڕۆشنبیریمان زانی.

بەپێی بۆچوونی (تایلور) لە پێناسە کردنە نەریتگەریەکەی بۆ ڕۆشنبیری بریتیە لە: (گشتێکی پێکهاتوو کـە زانـین، بیروبـاوەڕ، هونـەر، ڕەوشـت، یاسـا، نـەریت، لەگەڵ هەموو تواناو هەڵسوکەوتەکانی تر دەگرێتـەخۆی کـە مـرۆڤ بـە دەسـتیان دێنـێ وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە.

بەم پێیە گـۆڕانی کۆمەلایـەتی بـە بەشـێك لـە گـۆڕانی ڕۆشـنبیری دادەنرێت یـان تەنها لایەنێکی دەبێ.

لێـرەدا گـۆڕانی ڕۆشـنبیری گرینگیـەك دەگرێتـەخۆی، کـە ئـەویش بـە دووایەکـدا هاتنیـەتی بـە ڕادەی بەشـداریکردنی لـە ڕودانـی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی، واتـا کاتـێ ڕۆشنبیری هەڵقوڵاوی سیستمە کۆمەڵایەتیەکان دەبێ ئەوا گۆڕانی ڕۆشـنبیری لێـرەدا

ئەنجامێك دەبێ بۆ پرۆسە ناوخۆییەکان لە سیستمەکەدا، یان بۆ کارتێکردنی هەندێ سیستمی تر دەگەڕێتەوە کە ڕاستیەکە دەبێ ڕەچاو بکرێت.

ئامانجی بۆچوونەکە ئەوەیە کە گۆڕانی ڕۆشنبیری دیاردەیەکی گشتیە لە هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان بە جیاوازی دەسکەوتیان لە دوواکەوتن یان پێشکەوتن، لە گۆشەگیری یا کرانەوەدا، لە نزیکی یان دوریدا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەك یەك.

## بنەماکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری:

کێشەی گۆڕان جێگەی بایەخ پێدانی بیرمەندوو فەیلەسوفە کۆمەلایەتیەکان بووە، پاشان ئەم بابەتەیان لە ماوەی ڕەوتە هزرییە گشتیەکەیان لە کۆمەڵگەدا باس کردووە، ئەم کێشەیە زیاتر جێگای بایەخ پێدانی بیرمەندان بووە لە ماوەی دیاریکردنیان بۆ دوو ڕێگای بنچینەیی لەشیکردنەوەی کۆمەڵگە و شارستانیەت بە شێوەیەکی گشتی.

ڕێگای یەکەم بریتیە لەو توێژینەوە بەراوردکارییە بۆ کۆمەڵگە و شارستانیەتە جیاوازەکان. هەروەها ڕێگای دووەمیش خۆی لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کۆمەڵگاکان دەنوێنێ بە شێوەیەکی گشتی.

بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەو دوو ڕێگایە بکەین، ئاماژە بۆ هەندێ تیۆر دەکەین دەربارەی گۆڕان.

لە تێڕوانینێکی کۆندا گۆڕان دەبەستێتەوە بە هەڵگەڕانەوە. ئەو تێڕوانینە لە لایەن (ولسن والیز)ەوە بەرچاو خراوە، لە کتێبەکەی بەناوی (پێشکەوتن و ڕۆشنبیری) ئەم بیروڕایە باو بووە لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی کۆن هەروەك لە کتێبی فەیلەسوفی چینی (لاوتس)دا هاتووە کە لە ساڵانی (٦٠٠) پ. ز ژیاوە. ئەمەو سەرەڕای دەرکەوتنی هەندێ کاروباری داهێنانەی تر لە هەندێ ولات کە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن بەوەی مرۆڤ لە بنچینەدا لە بارێکی خۆش و کامەرانی تەواودا ژیاوە. ئەم چەمکە لە سەدە سەرەتاییەکاندا باو بووە. بیرۆکەی هەڵگەڕانەوە ئاشکراو ڕوونە لە نوسین و کارەکانی بیرمەندان تا ئەو کاتەی بیروڕایەکی تر بۆ تێگەیشتن لە

گۆڕان دەرکەوت، ئەگەرچی کەمتر باو بووە لەوانی پێشوی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەری هەڵدا. ئەم بۆچوونە خۆی لەوە دەنوێنێ کە مێژووی مرۆڤایەتی بە چەند خولێکی جێگیردا تێپەڕ دەبێت، هەر بە پێی ئەو تیۆرە مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە پاش ئەوەی بە زنجیرە قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ هەمان قۆناغی پێشوی، پاشان خولی دووەم دەس پێدەکات.

هەندێ لە نووسەرانی هیندستان خۆیان بەم بیروڕایە بەستەوە و لە باوەڕی بوزییەکاندا بە ڕوونی دەرکەوتوە.

(ج. بیری) لە کتێبەکەی (بیرۆکەی پێشکەوتن) ئاماژەی بۆ ئەو چەمکە کردوە کە لە ڕێنمایی فەیلەسوفەکانی یونان و گریك دەرکەوتوە، بە تایبەتی لای فەیلەسوفی یونانی (مارکیز ئیرالیز).

پاشان هزری مرۆڤایەتی دەربارەی گۆڕان لەسەر ڕێبازەکەی بەردەوام بووە و لە دووایدا بیروڕایەکی کۆنی تر دەرکەوت داوای ڕوونکردنەوەی دەکرد لە ڕێڕەوی مێژودا، ئەو بیر و بۆچوونەش (نیویل سمز) لە کتێبەکەی بە ناوی (کێشەکانی گۆڕان) هاتەسەر باس کردنی و ناوی لێنا (بیرۆکەی باڵا بوون).

هەر بەپێی ئەو تیۆرەکە کەم باس کراوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، گۆڕان بە ئاڕاستەیەکی ڕوو لەسەر دەڕوات، مرۆڤ لە بارێکی سەرەتاییەوە بەردەوام دەبێت لە پێشکەوتندا تا دەگاتە بارێك لە پێشکەوتن کە چاوەڕوانی پێشکەوتنی تر ناکات دوای ئەوە.

ئەم بارە لە شیعرەکانی گریك و لە فەلسەفەی (ئەبیقوریەکان) و کارە شیعرییەکانی ڕۆمان و فەلسەفەی (لاکریتس) باسی کراوە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بوترێت کە بۆچوونی کۆن لە گۆڕاندا بۆچوونێکی نەگەتیڤانە بووە، لەبەر ئەوەی خۆیان بەستۆتەوە بە بیروڕایەکی ڕەش بینانە و بەوەی کە گۆڕان ئەنجامی مەترسیداری دەبێت.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گۆڕان چارەسەر کردنەکەی کاریگەر بووە بە بایەخ پێدانەکانی خەڵك لەو ماوەیەدا، چونکە بایەخ پێدانەکانیان پێدا گرتن بووە لەسەر

هێزە لە ڕادە بەدەرەكان بۆ ئاڕاستە كردنی گۆڕان، پاشان بایەخ پێدانی مرۆڤ لە تێگەیشتنی گۆڕان لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و بۆچوونە ئەفسانەییەكان كۆبۆتەوە.

جێگای ئاماژە پێكردنە كە ئەو باوەڕ پێكردنەی لەو ماوەیەدا باو بووە ئاماژەی بۆ ئەوە كردوە كە ئامانجە تایبەتیەكان خودا جێبەجێی دەكات. ئەو ئامانجانەش لە ساتێكدا تەواوكار دەبن، جیهانیش بەرەو كۆتایی هاتن دەڕوات.

ئەم بیروباوەڕە ئەوپەڕی گەڕانەوە و ڕەش بینی دەنوێنێ و هیچ ڕووناكاییەكی تێدا نەبووە تەنها ئومێدی مرۆڤ نەبێت بە بوونی ژیانێكی پڕ لە كامەرانی لە ئایندەدا، لێرەدا پێویست بە بیرهێنانەوە دەكات كە ئەم ئاڕاستەیە بیرۆكەیەكی تایبەتی نەگرتۆتە خۆی دەربارەی هێزە ژینگەییەكان و ڕۆڵی گەورەیان بۆ گەیشتن بە ئامانج.

سەركردە هزرییەكان ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە بۆ پەرەسەندنی ئاڕاستەی نوێ بەرەو گۆڕانی كۆمەڵایەتی. بەرچاوترین مێژوونووسی عەرەب كە باسی گۆڕانی كردوە زانای بەناوبانگ (ابن خلدون) بووە، ناوبراو گرینگی بە پرۆسەی باڵا بوونی بە دوایەكداو بە مێژوی مرۆڤایەتی داوە، ئەوەش ڕێگای خۆش كرد بۆ تێگەیشتنێكی نوێ دەربارەی دیاردەی گۆڕان.

لە سەرەتای سەدەكانی نوێدا، چارەسەری كێشەی گۆڕان بەوە كرا كە ئاڕاستەیەكی پێشكەوتووانەیە هەروەها وەك پێشكەوتنێكی بەردەوام تەماشاكراوە، ئەوە یەك لەو بیر و ڕایانە بووە كەلە سەرەتای سەدە نوێیەكاندا بڵاوبۆتەوە لەبەر ئەوەی تێڕوانین بۆ هزری مرۆڤایەتی وابووەكە توانای لەسەر گۆڕانی سیستمی كۆمەڵایەتی هەیە، ئەو خاڵە نوێیە لە هزری مرۆڤایەتی پێچەوانەی متمانەی زیادە لە تاكدا لەگەڵ باوەڕی بە گەورەیی چارەنوسی خۆی.

بە بیروڕای مرۆڤ هەر گۆڕانێك لە بنچینەدا پشت ببەستێتە سەر شوێنكارێك لە سەرچاوەیەكی ڕاستی ژینگەدا بە تایبەتی لە جیهانی سروشتدا، ئەوە بیر و ڕایەكی گەشبینە لە گۆڕاندا.

بۆیە ئەو بیروڕایە ژمارەیەکی گەورەی بیرمەندە تازەکان لە سەدەی حەڤدەدا باوەڕیان پێی هێناوە.

(فرانسیس بیکون) پێناسەی گۆڕانی کردوە بەوەی پێشکەوتنێکی بەردەوامە، ئەم چەمکەش جێگیر بوو زیاتر ڕوون بۆتەوە لە کارەکانی بیرمەندە فەرنسیەکان بە تایبەتی (تیرجو، کوندرسی) لە سەدەی هەژدەدا.

پاشان (تیرجو) گەیشتە ئەوەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، پلەبەپلە لە گۆڕاندا دەبێ بەڵام ئاراستەی گۆڕانەکەی هەر بەرەو پێشکەوتن دەبێت، تا دەگاتە بەرزترین ئاستەکان لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەردەوام لە هەوڵی گەیشتنە بە بەرزترین باری تەواوکاری.

پێش (تیرجو)، (کوندرسیە) باوەڕی وابوە کە تەواوکاری مرۆڤایەتی بێ سنورە هەوەرها پرۆسەکانی پەرەسەندنی بەدووایەکدا بەردەوام دەمێنێت لە ڕێگای پێشکەوتنی بێ کۆتایی هاتن.

هەروەها زانایانی (ئەنثروپولوجیا) زۆرجار جەختیان لەسەر ڕوودانی گۆڕان کردۆتەوە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو پشتگوێ خستنەیان دەربارەی ڕوودانی گۆڕان. چونکە وا باوبووە کە مرۆڤی سەرەتایی زیندەوەرێکی نەریتیە (Creature of Habit) ژیانێکی نەگۆڕ دەژێت، نەگۆڕیەکەش لە نەگۆڕی کەلتورەوە وەردەگرێت، خۆی وەك مرۆڤێکی لاسایی کەر دەبینێت.. هتد. ئەوانەن بیروباوەڕە لە خشتەبەرەکان دەربارەی ئەو مرۆڤە.

لەم بارەوە (سبنسر) دەڵێت: مرۆڤی سەرەتایی کۆنە پارێزە تا ڕادەیەکی گەورە، ئەگەر بەراوردێکمان لە نێوان چینەکانی هەر کۆمەڵگەیەك کرد، دەبینین ئەوەی لە کەمترین ڕادەی پەرەسەندندایە ئەوە زیاتر بەرهەڵستی گۆڕان دەکات و دوورە لێی.

تا ئێستاش بەردەوام کۆنەندامی دەماری ئەو مرۆڤە کەمترین توانای هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی شێوازی کارکردن و پاشان بەرەو ڕووی شتە زانراوو ڕەگەزە جێگیرەکان بێتەوە.

(هنری مین ١٩٥٣) بیروڕای وایە کە کۆمەڵە کەسانێك هەن پێیان دەوترێت کێوی و درندە، هەستیان ناجوڵێت بۆ ڕوودانی گۆڕان، ئەوانە گۆڕانکاری نازانن و هیچیان لێ نەبیستووە.

بەڵام زۆر بەداخەوە، ئەو زانایانە بڕیارەکانیان پشت بە لێکۆڵینەوە مەیدانیەکان نابەستن بۆ ئەوەی واقیع بکەنە سەرچاوەیەك بۆ دانانی تیۆر و بیرورا جۆراو جۆرەکانیان، بۆیە پێویست دەکات پشت بە ڕاستیەکان ببەستن.

ڕەنگە (فرانز بواس) ئەو کەسەبێت کە ئاڵای ئەو بانگەوازەی هەڵگرد لەگەڵ هەموو ئەوانەی هەڵگری ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەن بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی ڕۆشنبیری.

بۆیە (ئەو) و کەسانی تر ڕەخنەکانیان زۆر توند بوون لە ڕووی ئاڕاستەی پەرەسەندن هەروەك پێشتر باسکرا.

پاش ئەوان فەرمانگەراییەکان دەستیان پێکرد، کە شێوازە زانستیەکەیان تەواوکرد بە جەخت کردن لەسەر بنەما میتودییە زۆر گرینگەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی ڕۆشنبیری و باسکردنی بابەتەکانی. نوێنەری ئەم ئاڕاستە نوێیە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا (مالینوفسکی) بوو، کورتەی ئەو بیروڕاو ڕێنماییە میتودیانە، ئامانجەکەی دورکەوتنەوە بووە لەو کەم و کورتیانەی پێشو کە لای هەڵگرانی ڕێبازی (پەرەسەندن و بڵاوبوونەوە) پیادە کراوە.

دەگرێت ئەو سەرنج و ڕێنماییانەی پەیوەستن بە لێکۆڵینەوەی گۆڕانی ڕۆشنبیری بەم خاڵانەی خوارەوە دیاری بکرێن:

أ- گۆڕانی ڕۆشنبیری دیاردەیەکی گۆشەگیر نییە، بەڵکو دیاردەیەکی گشتیی و هەمە لایەنە لە هەموو کۆمەڵگەیەك و هەموو ڕۆشنبیرییەك چەندی بە جێگیری و بە چەق بەستوویی ناسرابێ، لەبەر ئەوە پێویست دەکات گۆڕان لەگەڵ جێگیری پێکەوە بەندبن بەوەی گۆڕان لە لایەك دابنرێت و ڕۆشنبیری لەسەر لایە دژەکەی، پاشان دەس بکرێت بە لێکۆڵینەوە.

ب- بابەتگەری لە تۆژینەوەدا، بەوەی توێژەری ئەنثروبولوجی خۆی دوورخاتەوە و رووتکاتەوە لەو رۆشنبیریەی تۆژینەوەکەی لەسەر دەکات لە هەردوو دۆخی جێگیری یان گۆڕاندا بێت، هەروەها چەندی خۆیەتی توێژەر زاڵبێت ئەوەندە بەرچاو روونی کەم دەبێتەوە، ڕاست و هەڵە لەیەك جودا ناکرێتەوە.

ج- پێویست دەکات توێژەری گۆڕان کار لەیەککردنی لەگەڵ رۆشنبیرییەکە بە هەمان شێوەی کارلەیەککردن بێت لای ئەو کەسانەی سەر بەو رۆشنبیرییەن بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بەرهەمدار بێت. هەروەها ئەگەر بۆی دەرکەوت کە چەسپاندنی رۆشنبیرییەکە زاڵە، ئەوا پێویست دەکات بە سەر گۆڕانکارییە رۆشنبیرییەکاندا تێپەڕ بێت.

ئەگەر رۆشنبیرییەکە بە گۆڕانی بەدووایەکدا ناسرابێت هەروەك لە کۆمەڵگە ئەوروپی و ئەمریکیەکاندا هەیە، لەبەر ئەوەی خەڵکی بە هەڵپەوە بەدوای هەموو شتێکی نوێ دەگەرێن ئەوا توێژەری گۆڕان جەخت لەسەر ڕەگەزە بێ جوڵەکان دەکات کە ڕێگر دەبن لەبەردەم ئاسەواری ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەڕاستی روودەدەن و مۆرکی بەردەوامی بە ژیان دەبەخشن.

ء- ئەگەر توێژەر پابەندبوو بە دیدێکی هەمە گەری (نظرة كلية) بۆ رۆشنبیرییەکە ئەوا تێگەیشتنی تەواوی بۆ دۆخە گۆڕاو جێگیرییەکە دەبێت لە رووی بەرهەڵستی و هاندەرەکان. بەم جۆرە بەرهەڵستیەکان کەم دەبنەوە لەبەردەم توێژەر، هەورەها دەکرێ لایەنەکانی لادان و شێواندن دەربارەی رۆشنبیرییەکە بزانرێت لەگەڵ دەرچوون لە ڕای گشتی و لە جۆرەکانی ڕەفتارە چەسپاوەکان.

هـ- بۆ توێژینەوە لە گۆڕانی رۆشنبیری پێویست دەکات کە توێژەر لە جۆراو جۆری و جیاوازییەکانی رۆشنبیرییەکە تێ بگات بە شێوەیەك کەمتر نەبێت لە تێگەیشتنی بۆ جیاوازیەکان لە شێوازی ڕەفتار. بەم شێوەیە ئەو جیاوازیانە لە ساتی ئێستادا گوزارشت لە گۆڕان دەکات (لەکاتی روودانی).

پوختـەی بـاس توێـژەرانی ڕۆشـنبیری زۆربـەی بایـەخ پێـدانیان بـە تۆژینـەوە لـە گۆڕانکارییـەکان بـووە، زیـاتر لـە بایـەخ پێـدانیان بـە شـیکردنەوە و لێکۆڵینـەوە لـە جێگیری، ئەوەش بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: گرینگـی دان بـە پەرەسـەندنی مێـژوویی، بۆیـە تۆژینـەوە و لێکۆڵینـەوەکان جـەختیان لەسـەر باسـی جێگیری لـە کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان دەکـرد، وەك داکۆکیەك بۆ تیۆریەکانی پەرەسەندن و پشتگیرییەك بۆ کێشەکانی.

دووەم: ئاسانی توێژینەوە لە گۆڕاندا بە بەراوردی لێکۆڵینـەوە لـە جێگیری، ئـەوەش هۆیەکی میتودی ڕوونە لە سەروشتی کێشەکە وەرگیراوە.

لەبـەر ئـەوە ئەگـەر بمانـەوێت تێگەیشـتنمان دەربـارەی کێشـەکانی بزوێنـەرکاری کـەلتوری هـەبێت ئـەوا پێویسـت دەکات هـەردوو هۆیەکـە لەبەرچـاو بگـرین، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی بوونیان لە بارودۆخێکی کار لەیەککردن و جوڵەدا.

## هۆکارەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری:

لە ماوەی گرینگی پێدانی زانایانی سوسیولوجیا و ئەنثروپولوجیا بـە لێکۆڵینـەوە لە گۆڕانی ڕۆشنبیری و زانینـی سەرچاوەکان، پرۆسـەی کەڵەکـە بـوونی ڕۆشـنبیری و چۆنیەتی ڕوودانـی جێگـای بایـەخ پێـدانێکی تایبـەت بـووە. بۆیـە وای بۆچـوون کـە پرۆسـەی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی لـە ڕێگـای هۆکـارە ناوخۆییـەکانی وەك: دۆزینـەوە، داهێنان، تازەگەرێتی، لەگـەڵ پرۆسـە دەرەکیـەکانی وەك: بڵاوبوونـەوەی کـەلتوری و خواستن بەدی دێت.

هۆکـارە دەرەکیـەکان ڕوونـادەن تـەنها لـە مـاوەی بەیـەك گەیشـتنی نێـوان ڕۆشنبیرییەکان نەبێت. ئەو هۆکارانەش ئەمانەن:

١- دۆزینەوە:

دۆزینـەوە بریتیـە لـە: بەرئـەنجامێکی کارامـەی هـەول و مانـدووبوونی هاوبەشـی مرۆڤایەتیە، دەربارەی لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو ڕاستیەی کە هەیە.

لەو بەرئەنجامانەی کە لە هەوڵ و ماندووبوونی داهێنانەی مرۆڤایەتیە (نمونەی): دۆزینەوەی ئامێری بەرزکردنەوە، خولی سوڕانەوەی خوێن.

دۆزینەوە کارێکی نوێیە دەخرێتە سەر گەنجینەی زانینە زیندوەکانی مرۆڤ، کە لە ماوەی مێژووی دورو درێژدا کۆکراوەتەوە.

دۆزینەوە نابێتە هۆکارێك بۆ ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی تەنها پاشبەکارهێنانی لە لایەن کۆمەڵگە. ڕەنگە دۆزینەوەکە ببێتە بەشێك لە بنکەی ڕۆشنبیری کە ئەندامانی بەکاری دەهێنن لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکانیان یان هەڵسەنگاندنیان بۆ کاروباری بەردەوامیان.

٢-داهێنان:

لە کۆمەڵناسیدا، چەندین پێناسە بۆ زاراوەی داهێنان کراوە، لە دیدی زانایانی کۆمەڵناسیدا داهێنان تەنها لایەنی مادی ناگرێتەوە لە ڕۆشنبیریدا بەڵکو بە ناچاری لایەنە نامادییەکەش دەگرێتەوە. بە بۆچوونی (ولیم ئوجبرن) داهێنان کلیلی گۆڕانی ڕۆشنبیرییە، هەروەها ڕۆشنبیری بە گشتی کورتەی داهێنانە.

(میرل) پێناسەی داهێنان دەکات بەوەی کە تێکەڵکردنێکی نوێیە بۆ دوو خسڵەتی ڕۆشنبیری یان زیاتر لەگەڵ بەکارهێنانیان بۆ زۆر کردنی بەرئەنجامی ئەو زانینەی کە هەیە بەڕاستی. لە نموونەکان بەستنەوەی نێوان دوو خسڵەت، داهێنانەکەی (جورج سلدن) کە لە ساڵی (١٨٩٥) بۆ ئەو ئامێرە بزوێنەرەی کە بە شلە و گاز کاری دەکرد بەیەکەوە. هەروەها داهێنانی چەند ئامێر و پارچەو بەشەکانی کە پاش تێکەڵکردنی نێوان ئەو داهێنانە دۆزینەوەیەکی نوێی لێ پەیدا بوو ئەویش ئوتومبێلە.

ئەم داهێنانە سەرەتا بە نارەزاییەکی توند پێشوازی لێکرا و داهێنەر درایە دادگا لەبەر ئەوەی دۆزینەوەکەی کارێکی باو نەبووە لەو سەردەمەدا، هەر لە ماوەی ڕۆژگاردا و پەرەسەندنی ئەو داهێنانە و زۆربوونی جەماوەری و بەکارهێنانی لە جیهاندا بووە بەشێکی جیا نەبۆوە لە کەلتوری سەردەمدا.

کاتێ باسی داهێنان دەکەین کە کۆڕپەی کۆمەڵە هزرێکەو دوو ڕەگەز یان زیاتر لە ڕەگەزەکانی کەلتور بەیەکەوە دەبەستێت، ئەوی ئەنجامی پرۆسەی بەیەك بەستنەوەکە دەبێ، دیاردەیکی تازەیە پێشتر نەزانراوە.

دەکرێت داهێنان دابەش بکەینە سەر داهێنانی مادی وەك (کەوان، ڕم، تلفون، فرۆکە) و داهێنانە کۆمەڵایەتیەکان وەك (دامەزراوەکان، پیتەکانی ئەلف و بێ، حکومەتی دەستوری)، لە هەموو دۆخێکدا ئەو داهێنانە سوود لە ڕەگەزە کۆنەکان وەردەگرێت لەگەڵ بەستنەوەی نێوانیان و نوێکردنەوەیان بە جۆرێك کە بە کەڵکی بەکارهێنانی نوێ بێت.

داهێنان بە بەردەوام بوون دەناسرێت وەك پرۆسەیەك متمانە دەکاتە سەر شارەزایی و زانینە کەڵەکەبووەکان، هەروەها لەسەر داهێنانەکانی پێشوو.

لەم بارەوە (برلنگام) هەستا بە شیکردنەوەی ژمارەیەك لەو داهێنانە باوانە بە پێی ماوەی بەدووایەکدا کە بەر لە سەدان یان هەزاران ساڵدا دەس پێدەکات، لەگەڵ ئەوەی کە چۆن لەو ماوەیەدا داهێنانەکان بە پەرەسەندن و نوێکاریدا تێپەڕ بوونە لەڕووی ئاست و چوونایەتیەوە.

ئەم هەوڵە لەگەڵ بۆچوونەکانی (بارنت) ڕێکدەکەون کاتێ باسی ئەوەی کرد کە داهێنان یاخود نوێکردنەوە لە بۆشاییەوە پەیدا نابێت، بەڵکو بۆ ڕوودانیان پێویست بە پاشینەی زانستی و داهێنانە پێشوو پێشەکیەکان دەکات. بەو مانایەی کە چەندی ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری زۆر بوون (لە ماوەی پرۆسەی کەڵەکەبوونی ڕۆشنبیری) داهێنانەکان زۆر دەبن. هەورەها لە هەمان کاتدا ئەو زۆربوونە گوزارشت لە پرۆسەی کەڵەکەبوونی ڕۆشنبیری دەکات، چەندی داهێنانەکان زۆربن، ئەو بابەتانەی دەرفەتی داهێنانیان هەبێ زۆر دەبن.

٢-بڵاوبوونەوە:

مەبەست لە زاراوەی بڵاوبوونەوە: ئەو کردارانەی کە لە نێوان چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز ڕوودەدات و ڕۆشنبیرییەکی هاوشێوە بەرهەم دێنێت.

هەروەها زۆربەی گۆڕنکاریە ڕۆشنبیریەکان کە لە نێوان کۆمەڵگە مرۆییە ناسراوەکان ڕوودەدات، پەرە دەسێنێت لە ماوەی بڵاوبوونەوەدا.

پرۆسەی بڵاوبوونەوەکە تەنها لە نێوان کۆمەڵگە یەك و یەکێکی تر بەدی دێت، هەروەها ڕەنگە لەناو یەك کۆمەڵگەش ڕووبدات بە بڵاوبوونەوەی خسڵەتە کەلتوریەکان لە کۆمەڵێکە وە بۆ ئەوی تر.

بۆ نموونە دەبینین کە ڕەش پێستەکان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، یەکەم کۆمەڵ بوون کە بە موسیقای جاز (Jazz) ناسراون، هەر ئەوەندەی نەخایاند ئەو موسیقایە گەیشتە کۆمەڵانی تری ئەمریکی و پاشان لەناو کۆمەڵانی تری دەرەوەی ئەمریکا بڵاوبۆتەوە.

بڵاوبوونەوە بە پرۆسەیەکی چنینەوە (هەڵبژاردن) دا دەنرێت، چونکە گروپێکی مرۆیی هەندێ لە ئاکارو ڕەفتارە ڕۆشنبیرییەکانی گروپێکی تری دراوسێ وەردەگرێت بەڵام هەندێکی تری پەسند ناکات. بۆ نموونە وەرگرتنی هەندێ خواردنی هیندی لە کاتێکدا ڕەزامەندی لەسەر بیرو باوەڕەکانیان نابێت.

هەروەها بڵاوبوونەوە هەندێ لە پرۆسەکانی پەرەسەندن یان ڕاستکردنەوەی هەندێ لەو ڕەگەزە ڕۆشنبیریانەی کە خوازراون دەگرێتە خۆی، هەر بۆ زانین ئەو ڕاستکردنەوانەی کە ڕوودەدەن لە ماوەی پرۆسەی بڵاوبوونەوەدا لە ڕەگەزێك یان لەو سێ ڕەگەزەدا دەبێت کە بریتین لە: شێوە، فەرمان، مانا، بۆ هەر سیمایەك لە سیماکانی ڕۆشنبیری.

**زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی و ئەنثروپولوجیا جیاکاری لە نێوان سێ پرۆسەی جودا لەیەك بۆ بڵاوبوونەوە دەکەن، کە ئەوانەن:**

**١- بڵاوبوونەوەی سەرەتایی:**

ئەم پرۆسەیە لە ماوەی کۆچکردندا ڕوودەدات، ڕوونترین نموونە بۆ ئەمە، ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕویانداوە لە کەلتوری ئەمریکی بەهۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی گەورەی خەڵك بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

٢-بڵاوبوونەوەی لاوەکی:

ئەم پرۆسەیە بریتیە لە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی ڕەگەزێك یان زیاتر لە ڕەگەزەکانی کەلتوری مادی. وەك گواستنەوەی تەکنولوجیا لە جیهانی پێشکەوتو بۆ جیهانی گەشە سەندوو.

٢-بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکان:

ئەم پرۆسەیە ڕەنگە ڕوویدات بێ کۆچکردنی ڕاستەوخۆ، یان گواستنەوەی ڕەگەزەکانی تەکنیك، بەڵام دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی ڕۆشنبیری گەورە، وەك: بڵاوبوونەوەی بیرو باوەڕەکان، بانگەشە بۆ ئازادی، یەکسانی و مافی مرۆڤ، هەروەها ئامانجەکانی شۆڕشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لە بیروڕاو فەلسەفەکان.

لێرەدا ئەوەی جێگای بیرهێنانەوەیە، پرۆسەی بڵاوبوونەوەکە بووەتە هۆی گفتوگۆ و مشتومڕی زانستیانە لە لایەن زانایانی کۆمەڵناسی و ئەنثروپولوجیا، هەندێ لەو زانایانە لێکچوونی نێوان خسڵەتە ڕۆشنبیرییەکان دەگەڕێننەوە بۆ بڵاوبوونەوەیان، لایەنگرانی ئەو ناڕاستەیە ناسراون بە زانایانی قوتابخانەی بڵاو بوونەوە.

هەروەها هەندێ لە زانایان، هاوشێوەیان بۆ لەیەکچوونی نێوان ژینگە کۆمەڵایەتیەکان گەڕاندۆتەوە کە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە هاوشێوەن، لایەنگرانی ئەو بۆچوونەش بە زانایانی قوتابخانەی پەرەسەندنگەرایی ناسراون.

لە ڕێگای بە دووادا چوون بۆ شوێنەواری خسڵەتە ڕۆشنبیرییەکان لە ماوەی مێژوودا، توێژەران سەرنجی ئەوەیاندا کە بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری تەنها ئەو کۆمەڵانەی کە کەمتر شارستانین ناگرێتەوە، بەڵکو ئاڵ و گۆڕکردنی ڕۆشنبیری لە نێوان کۆمەڵگاکان ڕوودەدات بە دور لەپلەی شارستانیەتیان.

هەروەها ڕەنگە بڵاوبوونەوەکە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. بڵاوبوونەوەی ڕاستەوخۆ ڕوودەدات کاتێ بەیەك گەیشتنی مادی ڕاستەقینە لە نێوان کەسەکان و کۆمەڵەکان بە کردار دێتە دی، ئەم جۆرە بڵاوبوونەوەیە پرۆسەکانی کۆچکردن یان داگیرکردن و بەیەك گەیشتن لە ڕێگای بازرگانی و نێردراوە مزدە بەخشەکان ڕوون دەکاتەوە.

بەڵام بڵاوبوونەوەی ناڕاستەوخۆ ڕوو دەدات بەبێ بوونی بەیەك گەیشتنێکی ڕاستی مادی نێوان کەسەکان یان گروپەکان، بەڵکو لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەك (ڕادیۆ، تلفزیون، سینەما، ڕۆژنامە، گۆڤارەکان، کاڵا گوازراوەکان) دەبێت.

خواستنی ڕۆشنبیری بەجۆرێك لە جۆرەکانی نوێکاری ڕۆشنبیری دادەنرێت کە متمانە دەکاتە سەر پەیوەندیکردنی نێوان کۆمەڵگاکان لە ماوەی چەندین شێوازی وەك: جەنگ، ژن خواستن، زانیاری وەرگرتن، لەگەڵ دامەزراوەکانی فێربوون وەك زانکۆکان، هۆیەکانی گەیاندن (بینین، خوێندراو، بیستراو) هەروەها بەهۆی پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەك چەندین داب و نەریت دەخوازێت کە لە کۆمەڵگەیێکی تردا هەیە.

ڕەنگە کۆمەڵگەیەك شێوازێکی کەلتوری تەواو یان بەشێك لە کەلتورێکی تەواو بخوازێت هەروەها کاتێ خواستنە کەلتورییەکە ڕوودەدات ئەوا مەرج نییە هەردوو شێوە و ناوەڕۆکی ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە خوازراوەکە بگرێتەوە. هەروەها خسڵەتە خوازراوەکە ملکەچی چەمکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێت کە وەری گرتووە، کە ڕەنگە گۆڕانی بەسەردا بێت لە شێوە و ناوەڕۆك یان لە هەردووکیان بەیەکەوە.

لەسەر ئاستێکی تر، ڕەنگە خواستنی ڕۆشنبیرییەکە ببێتە هۆی ڕوودان و کاردانەوە کە ئەوەش بە ڕۆڵی خۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی نوێی لێ پەیدا دەبێت. بۆیە ئەگەر وترا کە ئەو گۆڕانەی بەر ئەنجامی پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیرییە جێگای هەڵگەڕانەوە نییە، ئەوە وا ناگەینێت کە ئەو ڕۆشنبیرییەی لە لایەن کۆمەڵگەییکەوە خوازراوە کار بۆ ئەوە دەکات کە زیاتر لەیەکچوونی ڕۆشنبیری بەدی بێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەی سەرچاوەی ڕۆشنبیرییە خوازراوەکەیە.

٤- هۆیەکانی پەیوەندیکردنی ڕاگەیاندن:

کاتێ تەکنیکی تازە بۆ هۆیەکانی پەیوەندیکردن لە بواری ڕاگەیاندندا - بەهۆی شۆڕشی زانیاریەکان - دەرفەت بە جۆرەها شێوەکانی ئەدەب و مۆسیقا و دراما و زانستە جیاوازەکانی تر دەدات بە ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگەی

مرۆڤایەتی، ئەوا پێومرە هزری و ئەقلانیە باوەکان بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ڕێگای گۆڕان دەگرنەبەر.

ئاراستە کردنی تازەی ڕۆشنبیری جەماوەری بەرەو (ڕابواردن و خۆشیەکان)ی ژمارەیەکی زیاتری تاکەکان، بۆتە پیشەیەکی گەورە و گرینگ بەکار دەهێنرێت بە تایبەتی لە لایەن ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن پێشکەوتنی تەکنیکین لەم بوارەدا، هەروەها کە بەرهەمە پیشەسازیەکانیان بۆ کۆمەڵگاکانی تر دەنێرن و دەبنە هۆیەك بۆ بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری بە شێوەیەکی خێرا.

ئەگەر هۆیەکانی پەیوەندیکردن لە بواری ڕاگەیاندن کارتێکردنی هەبێت لە گەشەکردن و ڕۆشنبیری و جۆراوجۆر کردنی زانین لە لایەن جەماوەر ئەوا ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕاگەیاندن بەو خسڵەتەڕۆشنبیریانەی هەڵیان گرتوون ڕەنگە هەڕەشەبێت لە ڕەوتە ڕۆشنبیرییە نەریتگەرییەکە و گۆڕینێکی هەست پێکراو لە ڕەفتارەکانی جەماوەردا پەیدا بکات.

ئەوی جێگای ئاماژە پێکردنە کە پەرەسەندنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری و هۆیەکانی گواستنەوە وەك فرۆکە و ئوتومبیلەکان، کارتێکردنی ئاشکرای لە پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی هەبووە، هەروەها لەسەر ئاراستەکانی کۆمەڵناسی و ئەنثروپولوجیا بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی ڕۆشنبیری.

بۆیە چەند هەوڵێکی زانستیانە درا لەسەرەتاوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لەسەر بیرۆکەی بنکە ڕۆشنبیرییەکان و بڵاوبوونەوەی لەوانەوە بۆ جێگاکانی تر. ئەو بڵاوبوونەوەیەش شێوەکەی بازنەیی دەبێت وەك شێوەی بازنەکانی ناو کاتێ بەردێکی دەکەوێتە ناو. ئەمە ئەوە دەگەێنێت کە ڕۆشنبیری لە بازنە ڕێك و پێکەکان بڵاودەبێتەوە بە تێکڕاییەکی جێگیر لە خێرایی و لە ناوەندێکی گونجاودا.

زانایان ڕاستی قسەکانی خۆیان سەلماند لە ڕێگای بە دوواداچوون بۆ شوێنەوارەکانی بڵاوبوونەوەی خسڵەتە ڕۆشنبیریەکان لە ماوەی مێژوودا، لە شارستانیەتی فیرعەونی (یەکەم مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانراو لە لایەن مرۆڤایەتیەوە) بۆ فینیقیەکان لە ڕۆژهەلات و قیرتاجە لە ڕۆژئاوا، پاشان لە ڕێگای

دەریادا گەیشتۆتە دورگەی ماڵتە و کریت و تا دەگاتە وڵاتی یونان کە زۆرێکی لە خسڵەتە ڕۆشنبیرییە فیرعەونیەکانی وەرگرتبوو، هەروەها پاش دروست بوونی دەوڵەتی ڕۆمانی زۆر لە خسڵەتە ڕۆشنبیرییەکانی یونانی وەرگرتبوو لەبەر ئەوەی هزری ڕومانی (درێژە پێدانی) هزری یونانیەکانە.

هەروەها زانایان بە دوواداچونیان هەبووە بۆ گواستنەوەی زۆر لە خسڵەتە ڕۆشنبیرییە عەرەبیەکان بۆ ئەوروپا کە زۆر لە بیر و باوەڕەکانی (فارابی - ابن رشد - ابن سینا - الکندی) یان زانیوە.

بەڵام پەرەسەندنی سەر سورهێنەری تەکنیکی لە بوارەکانی گواستنەوە و گەیاندنەکان بە بەکارهێنانی (مانگە دەسکردەکان) بووە کە جیهانی وەك نیمچە گوندێکی ئەلیکترۆنی لێکردوە.

ئەوەش لە ڕاستگۆیی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت پشت بەستن بە ناوەندە ڕۆشنبیریەکان بلاوبوونەوەی ڕۆشنبیری کەم دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی هۆیە تازەکانی پەیوەندیکردن وەك فاکتەرێکی بە هێزی کاریگەر کار دەکەن لە بلاوبوونەوەی ڕۆشنبیری.

## شێوازەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری:

دەکرێت گۆڕانی ڕۆشنبیری دابەش بکرێتە سەر چەند شێوازێك لەسەر شێوەی گۆڕانی کۆمەلایەتی، هەر لە دواییدا باس لە بابەتی گۆڕانی ناوخۆیی بکەین لە ئەنجامی هۆکارە ناوخۆییەکان لەگەڵ گۆڕانی ڕۆشنبیری دەرەکی لە ئەنجامی کارتێکردنە دەرەکیەکانی ئەو کۆمەلگایەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر کراوە.

هەر لە شێوەی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ڕودانی گۆڕانی ناوخۆیی، پرۆسەکانی تازەگەری بەشێوەیەکی گشتی وەك داهێنان، دۆزینەوە،... هتد.

بەڵام کردارەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری کە بۆ هۆکارە دەرەکیەکان دەگەڕێتەوە ئەوانەن:

پەیوەندیکردن، داخوازی، خۆ ڕۆشنبیرکردن.

گفتوگۆ کردن دەربارەی گۆڕان - ئەگەر کۆمەڵایەتی بێت یان ڕۆشنبیری - پێویست بە دیاریکردنی خاڵی دەس پێکردن دەکات، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی خاڵی سفر لە ڕەوتە ڕۆشنبیرییەکە یان کۆمەڵایەتیەکە، پاشان دیاریکردنی ئاڕاستەی ئەو ڕەوتە دوای بەرپاکردنی، هەر دوکیان لە بوارە گرینگەکانن لە ڕەوتی فەرمانگەری گۆڕاودا. هەر لەماوەی ئەو شێوازەدا، فەرمانگەراییە ئەنثروبولوجیەکان بڕیار دەدەن کە گۆڕان لە بنچینەدا هەڵقولاوێکی دەرەکیە، بەڵام ئەوە ڕێگر نابێت لە بەردەم دروست بوونی گۆڕانێکی ناوخۆیی بەهۆی هۆکارە ناوخۆییەکان لە خودی ڕۆشنبیریدا.

ئەم کارە، لە دارشتنی ئەو تەکنیکە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی ڕۆشنبیری چاکەی بۆ (مالینوفسکی) دەگەڕێتەوە، بەڵام کارێکی ئەقلانیە کە هیچ خاڵێك نەبێت ڕۆشنبیری بە دیاردەیەکی بێ جولەی (استاتیکی) هەمەگەری دابنێت. بەڵام ئەو خاڵە گریمانەییەکە لە لایەن مالینوفسکیەوە دارێژراوە لە لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری وەك هۆکارێکی دەرەکی ببێتە هۆی ڕوودانی گۆڕان، بە تایبەتی ئەو یەکەمایەتی لە گۆڕانەکە بۆ هۆکارە دەرەکیەکان گەڕاندۆتەوە نەك ناوخۆییەکان، بەو پێیە ماوەیەکی دیاریکراو لە مێژووی ڕۆشنبیری دەبێتە جێگای لێکۆڵینەوە وەك هێڵێکی سەرەکی، گۆڕانی لێ دەس پێدەکات هەروەك باویشە ئەو ماوەیە دەکەوێتە پێش پەیوەندیکردنە ڕۆشنبیرییەکە، لە پاشاندا دەکرێ کردارە دینامیکیەکان کە بەرئەنجامیەتی شی بکرێنەوە.

لێرەدا ڕەخنەیەکی تر هەیە لەسەر (مالینوفسکی) لە جێ بەجێکردنی ئەو لێکۆڵینەوانە دەربارەی گۆڕانی ڕۆشنبیری، ئەو دیاردەی ئاڵوگۆڕپێکردنی پشتگوێ خستوە لە کاتی پەیوەندیکردنی نێوان ڕۆشنبیری ئەوروپی و ڕۆشنبیری ئەفریقی هەر بۆ زانینیش ئەو پەیوەندیکردنە لەو ماوەیەدا بۆتە هۆی گۆڕان لە خودی ژیانی ئەو ئەوروپیانەی کە لە ئەفریقیا ژیاون تا ئەو ڕادەیەی وایان لێهات کە جیاواز بن لە ئەوروپیەکانی پێشو. ڕەنگە سەرقاڵی مالینوفسکی بە کێشەکانی کارگێری و ئیستعماری هۆیەك بن لە بایاخ پێدانی لەسەر بچووك کردنەوەی کەلتوری ئەفریقیا لەبەردەم شاڵاوی ڕۆشنبیری ئەوروپی.

لەم بارەدا شایانی ئاماژە پێکردنە کە ئایا گۆڕانی ڕۆشنبیری لە هەردوو ڕەگەزەکەی ڕۆشنبیری (مادی، نامادی) گۆڕانکارییەکی یەکسانە لە نێوانیاندا یان لە کەرتێکیان خێراترە تا کەرتەکەی تر.

ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە وا بێتە ئەقڵ کە تێکرای گۆڕان لە ڕەگەزە مادییەکان زیاترە لای هاوتاکەی لە ڕەگەزە ڕۆحیەکان. بەڵام پشکنین هەندێ دیاردە ئاشکرا دەکات کە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەبێت بە تەواوی. بۆ نموونە لای دانیشتوانە ڕەسەنەکانی (ئوستڕالیا) ئاستی کۆنە پارێزی لە ڕەگەزە مادییەکانی ڕۆشنبیری زیاتر دەبێت، ئەو دیاردەیە لە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و ئاینی کەمتر دەبێت، بۆیە گۆڕانیان تیادا ڕوودەدات بە تێکڕاییەکی خێراتر لە گۆڕان لە ڕەگەزە مادییەکان. لە کاتێکدا دەبینین لە هەردوو کۆمەڵگەی ئەوروپی و ئەمریکی گۆڕان لە بواری مادیدا خێراتر و زۆرترە تا دەگاتە بواری نامادی.

## یەکەم: گۆڕانی ڕۆشنبیری ناوخۆیی:

گۆڕانی ڕۆشنبیری ناوخۆیی ڕوودەدات بەهۆی کۆمەڵە هۆکارێك لەگەڵ چەند کردارێکی ناوخۆیی، کە بریتین لەو میکانیزمە ڕۆشنبیریانەی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی بنەڕەتین. هەر لەو کردار و میکانیزمە ڕۆشنبیریانە: نوێکاری، داهێنان، دۆزینەوە.

أ- نوێکاری:

بە بۆچوونی (هولتکرانس) نوێکاری بە مانای: هەر ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری نوێ لە لایەن ڕۆشنبیرییەوە وەربگیرێت، هەروەها بریتیە لەو پرۆسەیەی کە دەبێتە هۆی ئەو وەرگرتنە و دەکرێت باس بکرێت بەوەی وێنەیێکە لە وێنەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری.

بەڵام (یارنت) پێناسەی نوێکاری دەکات بەوەی: هەر بیرۆکەیەك یان ڕەفتارێك یاخود شتێك کە نوێ بێت، لە بەر ئەوەی لە ڕووی چۆنایەتیەوە جیاوازە لەو شێوازانەی کە هەیە.

بەڵام (هیر سکوفیتش) دەڵێت: دەکرێت باسی پرۆسەکانی نوێکاری بکرێت بەوەی کە داهێنانە، دۆزینەوەیە،بڵاوبوونەوەیە. نموونەیەك لە سەر ئەوە سوود وەرگرتنە لەدار بۆ دروستکردنی بەلەم یان سەوڵێکی نوێ کە بە نوێکاری دادەنرێت.

بە لام دیدی ( ئالاند) وایە کە : گۆڕینی ڕەوتە ڕۆشنبیریەکان لە بنچینەدا متمانە دەکاتەسەر نوێکاری و خواستن، واتا بڵاوبوونەوە. ئەو دوو شێوازە لە شێوازەکانی گۆڕان هەندێ جار ڕەگەزی گوێزانە دەگرنە خۆیان، بەڵام ئەوەی جێگای بایەخ پێدانمانە لێرەدا ئەو نوێکاریەیە کە ڕەنگە ڕووبدات بەهۆی دەسکەوتێکی کتوپڕ کە ڕێکەوت رووبدابێت.

هەردوو نووسەر (شومیکەر ـ روجرز) باسیان لە پرۆسەی نوێکاری کردووە لەگەڵ چـونیەتی بڵاوبوونـەوەی لـە کۆمەڵگـە جیاوازەکـان لەگـەڵ کۆسـپەکانی و هاندەرەکانی... هتد.

مەبەستی هەردوو نوسەر لێرەدا لەم زاراوەیە، بیروباوەڕە نوێیەکانە کە لەناو خودی ڕەوتەکە و لە دەرەوەی هەڵدەقوڵێت. هەروەها زانایانی ئەنثروپولوجیا ئەوروپیەکان باسی چەمکی نوێکاریان کردووە، بۆیە دەبینین (فارنیاك) دەڵێت: لە ماوەی مێژوودا هەرەس هێنان لە هەندێ بەشەکانی کەلەپور ڕوودەدات، - تا سەدەی نۆزدەدا ـ بەڵام ئەوەش تەنها جۆرێك لە نوێکاری بووە، چونکە یەکسەر چەند کۆمەڵەیەکی تری لاسایکەرەوە پێکدێت.

دیارە دیاردەی گەورەی نوێکاری لەم بارەوە لەناوچوونی ئەو جۆرە نەریتگەرییە بووە لە نوێکاری کە ئەنجامەکەی لەناوچوونی دیاردەی نەریتگەرییە.

(جۆرج فوستر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤی نوێکار مرۆڤێکی پەراوێزکارە (بە پێی قسەی بارنێت) لە کارەکانی کۆمەڵ لا دەدات و ڕازی نابێت بەو ڕێگا نەریتگەرییە باوانە لەهەمان کاتدا ملکەچیان نابێ. ئەم جۆرە کەسانە هەڵگری مەشخەڵی گۆڕانی ڕۆشنبیری ناوخۆیین.

ب- داهێنان:

داهێنان زیادە خستنێکی ڕۆشنبیرییە، لە ئەنجامی چەند پرۆسەیەکی بەردەوام لەناو خۆی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا ڕوودەدات.

لە دیدی (ئوجبرن) داهێنانەکان بریتین لەو هۆکارانەی کە لەنێوان ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەکاندا کە بەڕاستی و لە شێوەیەکی نوێدا هەیە. بەڵام (لینتون) وای بۆ دەچێت کە داهێنان براکتیك کردنێکی نوێیە بۆ زانین.

بە بۆچوونی (هیرسکوفیتش) داهێنان و دۆزینەوە دوو میکانیزمی نوێکاری ناو خۆن لە هەر ڕۆشنبیرییەك، هەردووکیان بە ئەرکی گۆڕانی ڕۆشنبیری هەڵدەسن، بەڵام ئێمە لەکاتی جیاکاریدا لە نێوان داهێنان و دۆزینەوە چەند کێشەیەکی گەورە دەبینین. تیۆری فەرمانگەرایی ئەم کێشانەی تێپەڕاندوە بە کەم بایەخ دان بەو جیا کارییە، لەبەر ئەوەی هەردوو کارەکە بەیەکەوە هۆکارن بۆ گۆڕانی ڕۆشنبیری لە ناوخۆدا لەبەرامبەر ئەو داهێنانەی کە ئەرکی خۆی بەڕاستی بەجێ دەهێنا لە شوێنێکدا پێش ئەوەی لێی وەربگرێت بۆ ئەو شوێنێکی نوێ.

(دیکسون) بەرەوڕووی ئەو کارە سەختە بۆتەوە دەربارەی داتاشینی زاراوەیەك بۆ جیاکاری کردن لە نێوان هەر دوو زاراوەی داهێنان و دۆزینەوە، لە کۆتایدا بۆچوونی وابوە کە جیاکاری کردن لە نێوانیاندا لەسەر بنچینەی بوونی یان نەبوونی ئامانج بووە، هەر بە پێی ئەو بنەمایە داهێنان دەبێتە دۆزینەوەیەکی ئامانجدار، پاشان (دیکسون) دەگاتە ئەو بڕیارەی کە هەر دوو میکانیزم لە کۆتاییدا لە بارێکی نۆرە کردن دەبن لە نێوان: پشت بەستن و تۆژینەوە لەسەر کارێکی لەتر بردوو بۆ شتێك کە پێشتر نەزانراوە لە ماوەی تۆژینەوەیەکدا ڕەنگە درێژە بکێشێت یان کورت بێت ماوەکەی، هەروەها لە نێوان ئەزموونێکی مەبەستدار بۆ ئەو کەرەستانەی کە هەبووە بەڕاستی و دەبێتە هۆی خوڵقاندنی شتێکی نوێ کە پێشتر نەبووە، ئەگەر ئەو ڕەنجە مرۆڤایەتیە نەبووایە.

لـەم بـارەوە (هیرسـکوفیتش) نموونەیـەك دەربـارەی بۆچـوونەكانی (دیكسـون) دێنێتەوە بۆ ڕوونكردنەوەی جیاكاری لە نێوان سێ لە پرۆسەكانی گۆڕانی نـاو خـۆی ڕۆشنبیرییەوە.

(هیرسكوفیتش) دەڵێت: دۆززینەوەی كتوپڕو بە ڕێككەوت بۆ ڕووەكێكـی نـوێ كـە بە كەڵكی خـواردن بێـت بـە دۆزینـەوە دادەنرێـت، بـەڵام گـەڕان لـە جـۆرێكی نـوێ و بەهێزتر وەك (توێكڵی سەوزە) یان (دارێك) ئەوانە داهێنانمان بۆ ڕوون دەكاتەوە لـە كاتێكدا بەكارهێنانی ئـەو توێكڵـە یـان دارە كـە لـە دروسـتكردنی بەلـەمێك ئـەوە بـە نوێكاری دادەنرێت.

هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرو ڕایانە (دیكسون) گەیشتە ئەوەی كە داهێنان بریتیە لـە: خوڵقانـدنێكی بـە ڕێكـەوت بـۆ شـتێكی نـوێی لـە ڕەگ و ڕیشـەوە بـە تـەواوی. هەروەها (دیكسون) دیدی وایـە ئەگـەر وامـان سـەلماند كـە شـتێكی نـوێ لـە ژینگـەدا، دەكـرێ بـەكار بهێنرێـت بـۆ جێبـەجێكردنی نامـانجێكی گـرینگ، هـەروەها ئەگـەر كەسێك بایەخی ئەو شتەی زانـی و دەركـی پێكـرد بـەهۆی بۆچوونەكانی، ئـەوا ئـەو هاندەرەی كە مرۆڤی والێكـرد ئـەو زانینـە نوێیـە بـە دەسـی بێنـی ئـەوە هانـدەرێكی ناچارییە.

هـەروەك پێشـینان ووتوویانـە، پێویسـتی دایكـی داهێنانـە، بۆیـە ئـەو پێویسـتیەیە هانی مرۆڤ دەدات بۆ گەڕان بە دووای تێركردنی داواكانی، واتا دەبێ مرۆڤ لە هەوڵی داهێناندا بێت، نموونەی ئەوە: پێشكەشكردنی جۆرە خـواردنێكی نـوێی وەك پـەنێر، خواردنی قوتو بەند، دوو ڕەنگ كردنی تۆ و بۆ پەیداكردنی جۆری باش.

كـەوابێ ئـەو پێویسـتیانە دەخرێنـە سـەر ئارەزووەكـانی مـرۆڤ كـە لـە گەڕاندایـە بەدوایاندا، بەم شێوەیە و لـە ئاسـت داكـۆكی كـردن لەسـەر فاكتـەری پێداویسـتیەكان ئێمـە وردە وردە لـە كاكڵـەی داهێنـان نزیـك دەبینـەوە و چـونكە بـەرەوڕووی پێویستیەكان دەبـین لێـرەدا، ئـەوەش نـەك لەبـەر ئـەوەی كـە خـەڵكی خـۆ پـەرستن دەربـارەی بـەكار هێنـانی ئـەو شـتەی بـەكار نـەهێنراوە (دۆزینـەوە) بـەڵكو بـۆ دروستكردنی شتێكی نوێی چاكتر لەوانی تر بەشێوەیەكی بنەڕەتی.

بەڵام سووربون لەسەر ئەو پێویستیانە بە هێزە بنچینەییە شاراوەکان دادەنرێت لە پشتەوەی دیاردە ڕۆشنبیرییەکان. (مالینوفسکی ئەم بوارە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: پێویست بوون بە ڕۆشنبیری بریتیە لە کۆمەڵە دۆخێکی گەورە کە دەبێ تێر بکرێن، ئەگەر مەبەست مانەوەی کۆمەڵگە و درێژە پێدانی ڕۆشنبیرییەکەی بێت. مالینوفسکی ئەم پێویستیانە دابەش دەکات بۆ پێویستیە بنچینەییەکان کە بریتیە لە پێویستی بیولوجی وەك زاوزێ، خزمایەتی، بەدەنگەوە هاتنی ڕۆشنبیری، هەروەها پێویستی لاوەکی کە لە خودی ڕۆشنبیرییەکە وەرگیراوە وەك: پێویستی رفتاری مرۆڤایەتی بۆ ڕێکخستن و لێپرسینەوە و وەڵامدانەوەکەی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی) بەم شێوەیە پێویستیەکان تەنها لایەنە مادییەکانی ڕۆشنبیری ناگرێتەوە بەڵکو درێژە دەکێشێت بۆ لایەنە نامادییەکانیش کە هەردووکیان بەیەکەوە لە میکانیزمی داهێنان خۆیان دەنوێنن و هەروەها چییان بۆ جێبەجێ دەکات لە تێربوون. بەڵام ناوی داهێنەر بەو کەسە دەوترێت کە ئامێرێکی نوێ دادەهێنێ یان پرۆسەیەکی میکانێکی نوێ.

بەڵام ئەو کەسەی کە پەرە دەدات بە بیروڕاو پێشنیارە تایبەتیەکان، وەك بەرنامەیەکی ئابوری (بۆ نموونە)، یان چاوپۆشی پێ بکات لە پرۆژەیەکی سیاسی نوێ یان بە هەموو توانای کار بکات بۆ خۆ ڕزگارکردن لە زۆرەملێی چەمکێکی باو کە بۆتە هۆی کۆت و بەندکردنی، ئەو کەسە لای ئێمە بەهیچ شێوەیەك بە داهێنەر دانانرێت بەڵکو دەکرێت وەك تیورزان یان فەیلەسوف باس بکرێت، یان لەگەڵ هەندێ وشیارییەوە بە کەسێکی شۆڕشگێڕ ناوی لێبنرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو بیر و باوەڕ و لایەنە نامادییەکان لە ڕۆشنبیریدا بە کەمتر بەها دانانرێن بە بەراورد لەگەڵ شتە مادییەکان لە پێکهێنانی ژیانی مرۆڤ، بۆیە ناکرێت لە پێگەی داهێنەران کەم بکەینەوە _ بە مانا ئەنثروپولوجیەکەی لەم بوارەدا _ ئەوانی پۆلین کردنی نوێیان داهێناوە بۆ زاراوەکانی خزمایەتی یان دیاردەکانی داهێنانی هونەری یان ئاینی و کۆمەڵایەتی. بەپێی بۆچوونی (کۆبر) داهێنان لە دامەزراوەکانی وەك سیستمی خزمایەتی دایکانە و مولکداریدا هەیە.

هەروەها (هوبل) دەڵێت: هەندێ لە داهێنانەکان تەنها لە شێوازەکانی رەفتار دەمێنێتەوە. نموونەش لەسەر ئەو بوارە زۆرە.

ئەمەو سەرەڕای ئەوەش کە پێویستی (Need) گرینگی تەنها لایەنە مادییەکەی رۆشنبیری ناگرێتەوە، بەڵکو گرینگی لە لایەنە نامادییەکانیش دەردەکەوێت. بۆیە چەمکی (پێویستی) بە چەمکێکی رێژەیی دەمێنێتەوە، تا ئەگەر لایەنی یەکەم بەسەر لایەنی دووەمیشدا بشکێتەوە، هەر بۆیە کاڵای مادی ملکەچی روونکردنەوەی رۆشنبیری دەبێت، رەنگە رۆشنبیری پەسندی بکات یان پەسندی نەکات بە تایبەتی لە هەلومەرجی بڵاو بونەوەدا. لای توێژەری مەیدانی سەرنجدانە راستیەکانی ئەزمونگەری شاراوە نییە کە سەنگی لایەنە مادییەکان بەسەر لایەنە نامادییەکان بە درۆ دەخاتەوە.

لە لایەکی ترەوە دەبینین کە سوور بوون لەسەر پێویستی بوارەکەی دیاری ناگرێت تەنها لەبەر رۆشنایی بونیادی رۆشنبیری باو نەبێت بە شێوەیەکی گشتی.

بەم پێیە داهێنانە مادییەکان لای هەندێ گەلان بەرزتر دەبن تا داهێنانە نامادییەکان، لە کاتێکدا داهێنان خۆی لە هەندێ کۆمەلگەی تر ئاشکرا دەکات لە بوارەکانی: هونەر، ئاین، سیستمی کۆمەڵایەتی رۆشنبیری کە دەرفەتی سەرکەوتن و ئاشکرا بوون خۆش دەکات لە لایەك یاخود کار بۆ لەناوبردنی دەکات لە لایەکی ترەوە.

کەوابێ پوختەی قسەکان داهێنان لایەنێکی بنچینەیی و میکانیزمێکی کاکلەییە لە بزوێنەرکاری رۆشنبیری، لە هەمان کاتدا ئەنجام و رەنگدانەوەی پرۆسەکانی گۆڕانی رۆشنبیرییە. دیاردەکانی ئەو بوارانە دەردەکەوێت وەك لە حاڵەتی داهێنانی ئامێرێکی ساکار بۆ چیکەنەکردنی لۆکە لە گوندەکاندا، ئەو داهێنانە بووە بەهۆی کەم کردنەوەی رەنج و ماندووبوونی ژنان و منداڵانی گوند کە بەدەست بەو کارە هەڵدەستان.

نموونەی تریش وەك پێشکەشکردنی شیرینی لە بۆنە خۆشەکاندا کە گۆڕانێکی رۆشنبیری خوڵقاند لای گوندنشینەکان، پاشان بە خێرایی لە گوندەکانی تر

بڵاوبۆتەوە لە ڕێگای پەیوەندیکردن و بەیەك گەیشتن. هەروەها ئەو گۆڕانانەی لە هەندێ بۆنەی ئاینی و کۆمەڵایەتی وەك مردن یان بۆنەکانی تر.

ج- دۆزینەوە:

دۆزینەوە زیادکردنێکە بۆ ڕۆشنبیری لە ماوەی سەرنجدان لە دیاردە هەبووەکان بەدی نەهاتوە، بەڵام پێشتر جێگای بایەخدان نەبووە، لەگەڵ ئەو بارەی کە گرتویەتیە خۆی لەو ڕۆشنبیرییەی کە دووبارە پێك هێنراوەتەوە لە پێناو بەکارهێنانی ڕۆشنبیری.

(هوبل) پێناسەی دۆزینەوە دەکات بەوەی کە پڕۆسەی هوشیار بوونەوەیە دەربارەی شتێکی هەبوو لە ڕاستیدا.

بەڵام (لینتون) دیدی وایە کە (دۆزینەوە هەر زیادییەك بێت بۆ زانین) ئەوی جێگای ئاماژەپێکردنە، لێرەدا دژوارییەك هەیە بۆ جیاوازی کردن لە نێوان دۆزینەوە و داهێناندا، بەڵام (هیرسکوفیتش و دیکسون) کارەکەیان یەکلا کردەوە.

بە بۆچوونی (هیرسکوفیتش) دۆزینەوە میکانیزمێکی تازە کردنەوەی ناوخۆییە لە هەر کەلتورێك بێت، ئەوەش (وەك کاری هەر داهێنانێك) دیاردەیەکە لە دیاردەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری کە شێوەیەکی ڕەسەنە لە شێوەکانی تازەگەریدا.

لە کاتێکدا (دیکسون) وا دەڕوانێت کە دۆزینەوە دەبێ سنورداربێت بە کۆتاییەك و بەندکراوی ڕۆژگار نەبێت بۆ شتێکی نوێ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو دیاریکرنە دۆزینەوە بە واتای (دۆزینەوەیەکی کتوپڕ بۆ شتێك کە پێشتر نەزانراوە) هەروەها بەپێی ئەو بیرو بۆچوونە دەکرێت جیاوازی لە نێوان دۆزینەوە و داهێناندا بکەین لەبەر ڕۆشنایی سێ مەرجی پێشوتر بۆ دۆزینەوە. ئەو مەرجانەش (هەر وەك باسکراون) دەرفەت، سەرنجدان، نرخاندن بە ئەندیشەیان ئەقڵ (بلیمەتی)، سەرەڕای ئەوانەش لێرەدا دوو پێوەری تر هەیە دەسەڵاتیان بەسەر ئەو مەرجانە دەشکێت ئەوانیش (ئارەزووی زانین و پێویستی)یە.

لە کۆتاییدا دۆزینەوە ئاماژە بۆ ئەو ڕێگایە دەکات کە بە هۆیەوە بابەتێکی ڕۆشنبیری هەبوو بخولقێنرێت کە پێشتر ئاوری لێ نەدراوەتەوە، وەك ئەوت و

کانەکان بە شێوەیەکی گشتی. ئەو کانانە لە ناخی زەویدا بوون بەڵام بەهۆی دۆزینەوە کەوتنە بواری بوونی ڕۆشنبیرییەوە و خرانە سەر ڕەگەزەکانی تر کە هەبوونە.

هەروەها دەربارەی دۆزینەوەی سیستمە خزمایەتیەکان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لە لایەن زانایانی (ئەنثروپولوجیا)، ئەو سیستمانە پێشتر هەبوونە، بەڵام ئەو توێژینەوانە پەردەی لەسەر لادان و ئاشکرایانی کرد، بۆ نموونە بیروباوەڕە میللیەکان... هتد. ئەوانە هەبوون، بەڵام دۆزینەوە دەریان دەهێنێت بۆ بواری ڕووناکی و بەکار هێنانیان لە کەلتورە ڕەسەنەکانیان.

لە هەر بارێکدا بێت ئەگەر: پێویستی دایکی داهێنان بێت، هەروەك وتراوە، هەروەها پێویستی (باوکی دۆزینەوەیە).

ئەو لایەنەی (هیرسکوفیتش) داکۆکی لەسەر دەکات لە لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی ڕۆشنبیری لە نێوان گۆڕان و کۆنە پارێزیدا.

(تورشتین ڤیلن) داکۆکی لەسەر ئەو نموونەیە دەکات و وای دادەنێت کە ڕاستگۆیی ڕێبازی ئەزموونگەری تەواوی بەدەس هێناوە. هەروەك زانراوە کەش و هەوای فیکری کارتێکردنی گەورەی هەیە لەسەر پرۆسەکانی دۆزینەوە، ڕەنگە چوارچێوەی ڕۆشنبیری هەبوو ڕێگا نەدات بە دۆزینەوە و تازەگەریەکان و دووریان بخاتەوە و بێ سوود بن تەنها لە چوارچێوەی تێروانینی خودی دۆزەرەوەکان نەبێت. لەلایەکی ترەوە ڕەنگە دۆزەرەوە خاکی بێت بگرە تا داهێنەریش لەو پسپۆڕانە لە باسکردنی گرینگی دۆزینەوەکەی و سوودەکەی، تازیاتر سووربوونی دەرنەکەوێت لای ئەندامانی تری گروپەکەی.

هەر لە بواری باسکردنی دۆزینەوە، جێگای ئاماژە پێکردنە کە لایەنی مادی لە ڕۆشنبیریدا ڕەنگە جێگای بایەخ پێدانی گەورەی دۆزەرەوەکان بێت لە کاتێکدا لایەنی نامادی جێگای هەمان بایەخ پێدان نەبووە، سەرەڕای ئەوەش وا باو بووە کە لایەنە مادییەکان زیاتر کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا بینی، بە

جۆرێك لایەنە نامادیەكان تێپەڕ دەكات هەروەك كەسانێكی زۆر داكۆكیان لەسەر ئەو بۆچوونە كردووە.

بـەڵام بـەپێی ڕێبـازی ئەزمونگـەری كـە كـورتكراوەی تۆژینـەوەكانی (فوسـتر، هێرسكوفیتش، ئەلكسندر ئالاند، فلوید شومیكر و.. كەسانی تـرە) پێچەوانەی ئـەو بیرو بۆچوونانە یان سەلماند. لێرەدا خـاڵێكی گرینگمـان لا دەمێنێـت لـە پرۆسـەكانی داهێنـان و دۆزینـەوە و تازەگـەری بـە هـەموویان، ئـەو خاڵـەش خسڵەتەكانی تاكـە داهێنەرەكانـە، ئـەوانی بـەو دۆزینەوانـە هەڵدەسـتن و كەلـەپوری باویـان پشـتگوێ خستووە، گوێ نادەن بەوەی پێیان دەوترێت، كاردانەوەی كۆمەڵگەیان بـەهیچ دانـاوە دەربارەی لادانیان لەسەر ئەو كەلەپورە، سوورن لەسەر ڕوودانی گۆڕانی ڕۆشنبیری و هەرچی بێت ئەنجامەكان. بەهەرحاڵ ئەو بەهرە دارانە یان ئەو تاكانە دابەش دەبنە سەر دوو توێژ، بڕیارە بـە پەلەكانیان تایبـەت بـە گـۆڕانی ڕۆشـنبیری لـە كۆمەڵگـەدا وەردەگرن ئەگەر پێگەی فەرمی سەركردایەتیان هەبێ یاخود نەبێ.

توێژی یەكەم: ئەو توێژەیە كە مرۆڤی پەراوێز كار دەگرێتـە خـۆی، ئـەو كەسـەی لە كاروبارە باوەكانی كۆمەڵگە لادەدات بە شێوەیەكی گشتی، ئـەوە كەسـی داهێنـەرە، نموونەش لەسەر ئەوە، هۆزەكانی (كۆتا) لە هیندستان.

بەڵام توێـژی دووەم: ئـەو كەسـانەن كـە پایـە بـەرزن، ئەوانـە بـۆ ئامـادە كردنـی زەمینەی گۆڕان زیاتر چالاكن. لە هەندێ باردا ئەوانی پێگـەی كۆمەڵایـەتیان بـەرزە، یان ژێرەكانن، دەبنە پێشەنگ بـۆ كەسـانی تـر، لـەو پەیوەندییـەدا جوڵەی كەلـەپور دەردەكەوێت و ڕۆڵی خۆی دەگێـڕێ لـە سەرەوە بـۆ خـوارەوە و بـە پێچـەوانە، بـەڵام كاریگەری ئەو كارتێكردنانە لە بەهێزكردنی گۆڕان ئاشكرا نابێت تەنها لە ماوەیـەكی دووردا نـەبێت.

بە بۆچوونی (بارنێت) كەسانی پەراوێزكار خۆیان لـەم جۆرانـە دەنـوێنن: نـاكۆك، بێ لایەن، كەمتەرخەم، قین لە دڵ.

بۆیە باوەڕ وایە كە ئەو جۆرە كەسانە زیاتر بە دەنگی تازەگـەرییەوە دێـن و هـەوڵی دۆزینـەوەی دەدەن و دركـی پێدەكـەن لەبـەر چـەندین هـۆ، ڕەنگـە یەكـەمیان، ئـەو

ناکۆکە جیابووانە بن کە خۆیان نەگونجاندوە لەسەر پێداویستیە ڕۆشنبیریە ڕۆتینیەکان، بۆیە ئەوانە سەربەخۆ ترن لە کەسانی تر هەروەها ئازاترن لە دوورکەوتنەوەی ڕاشکاوانە لە ڕێگا نەریتگەرییە باوەکان و زیاتر ڕوویان لە هەموو نوێیەك و گەڕان بە دوایدا دەبێت.

هەروەها پەیوەست نین بە نەریتێك و بەهاو نەریتی کۆمەڵگە پیادە ناکەن، بەڵام کەمتەرخەمەکان ئەوانەن کە بە زۆری بەرەو ڕووی، ڕێگا نوێیەکان بونەتەوە، ئەوەش بەدرۆ دەخەنەوە کە تێر بوونیان دەسکەوتبێ لێی.

لە کاتێکدا بێزار بوو ڤین لە دڵەکان بە جیاوازی و چەوساندنەوە ڕازی نابن کە لە کۆمەڵگەدا باوە، نارازی بوونیان بە ئاشکرایە، تا ئەگەر بەخت و دەسکەوتیان لە هێز و پلەوپایە لە کەسانی تر زۆر کەمتر بێت.

لەم بارەوە (هیرسکوفیتش) شێوازێکی تر هەیە باسی دەکات، ئەویش لادانی ڕۆشنبیرییە، مەبەستیش لەم زاراوەیە دوورکەوتنە لە ئەنجامە بە دەس هاتوودکان بە شێوەیەکی ئەقڵانی، لەو ڕێگایەی کە ڕۆشنبیری پێی ڕێك دەخرێت، هەروەها خۆ دوورخستنەوە لەو کارانەی کە جێگای بایەخ پێدانی کۆمەڵگەیە لەگەڵ بەهاو ئامانجەکانیان کە ڕۆشنبیری کۆت و بەندی دەکات و ئەوانی لێی لادەدەن تووشی سزایان دەکات.

ئەو لادانە ڕۆشنبیرییە وەك ئاگادار کردنەوە یان وروژێنەرێکە لەناو کۆمەڵگە هەڵدەقوڵێت ڕەنگە لە دەرەوە شەوە بێت.

بەکورتی ئەو شێوازانە لە لادان، ئەوەیە کە کەسی لادەرو و دەرچوو لە ڕێسا لەگەڵ کەسی جێگای ڕێزو پێگە، ڕادەیەکی گەورەی گرنگیان دەبێت لە ڕووداوەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری و پەلەکردن لێی. دیارە کە کەسی ڕێزدار کاریگەری بەهێزترە لە کەسی یاخی لە کۆمەڵ، لەبەر ئەوەی جێگای ڕێزلێنان و نرخ پێدانی کۆمەڵە، بۆیە کۆمەڵ پێڕەوی ڕەفتارەکانی دەکات، ئەگەر بەرهەڵستی نەکات.

بەڵام کەسی یاخی و لادەر ئەوا جێگای ڕێز و نرخ پێدان نابێت، بۆیە بەهیچ شێوەیەك وەك پێشەنگ پەسند ناکرێت و ئەندامانی کۆمەڵ بە دووای ناکەون.

لەم بارەوە هەردوو نوسەر (ئادمز و ویلین) باس لە توانای کەسی پەراوێزکار دەکەن لە ڕوودانی گۆڕان، هەردووکیان یەك بۆچوونیان هەیە کە کەسانی خاوەن هێز و ڕێز، چاکتر و بەتواناترن لە داهێنانەکان و پیادە کردنی بیروباوەڕە نوێیەکان، بەڵام ئەگەر کەسێکی پەراوێزکار بیرو باوەڕە نوێیەکانی پیادە کرد ئایا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی تری کۆمەڵ بە شوێنیدا بکەون، کەسی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لادەرەکانی تر بەدوای دەکەون و ئەندامانی تر بەجێ دەهێڵن.

(فوستر) لەم بارەوە بۆچوونی وایە کە: ئەو کەسەی لە پەراوێزدا دەبێت تەنها کەسە کارتێکردنی دەبێت لە ڕوودانی گۆڕانی رشۆشنبیری و پەلەکردن لێی وەك نوێکارێکی ناوچەیی کاریگەر. بەڵام بارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری عەرەبی جەخت لەسەر کاریگەری کەسی ڕێزدار دەکاتەوە کە بەهێزتر و بە توانا ترە لە کارتێکردنی کەسی پەراوێز. بیرو باوەڕە نوێیەکان بڵاو دەبنەوە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەگەر لە لایەن کەسانی خاوەن ڕێزەوە بڵاوبووبێتەوە، بەڵام ئەگەر لە لایەن کەسانی پەراوێزکارەوە دەرچووبێت کە جێگای هەمان ڕادەی ڕێز نەبن ئەوا کەس گویان لێ ناگرێت و هیچ ئەقڵێك پیادەی ناکات لەبەر ئەوەی تێڕوانین بۆ ئەو بەشەی دووایی وایە کە ئەوانە لادەر و فرێ دراوی کۆمەڵن و لە کەلەپوری لایانداوە.

لە دووایدا هەموو ئەوانەی دەیکەن کەم و کورتیە و ئەقلانیەتی تیادا نیە، گوزارشت لە کەم و کورتی کەسانی پەراوێزکار یان یاخی بوو دەکات.

لێرەدا گرینگی میکانیزمەکانی دەروونناسی دەردەکەوێت کە لە پشتی ڕەفتاری مرۆڤەوە دەوەستێت و هێڵە پانەکانی ئەو ڕەفتارە دیاری دەکات... لە ئەنجامدا ڕەنگە هانی مرۆڤ بدات بۆ وەرگرتنی بیرۆکە نوێیەکە یان پەسەند نەکردنی. لەلایەکی ترەوە گرینگی ئەو میکانیزمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوانە دیاردەیەکن لە دیاردەکانی پرۆسەی فێربوون یان پرۆسە ڕۆشنبیرییەکە هەروەك (هیرسکوفیتس) ناوی لێناوە.

ئەم پرۆسەیە لەسەر دوو ئاست دەبێت:

یەکەمیان: ئاستی زووی (سەرەتا) ژیانی کەسەکە. تیادا سیستەمەکانی ڕۆشنبیرییەکەی وەردەگرێت و تەبا دەبێ لەگەڵیدا. واتا دەبێتە ئامرازێك بۆی.

دووەمیان: ئاستی پێگەیشتن، لەبەر ئەوەی ڕۆڵێك ئەنجامدەدا و تووشی پرۆسەکانی دووبارە خۆ تەباکردن دەبێتەوە، زیاتر لە خودی خۆ تەباکردنەکە. بۆیە ڕۆشنبیری (پرۆسەی خۆ ڕۆشنبیرکردن) لە ئاستی یەکەمدا بە ئامرازێکی پاراستنی ڕۆشنبیری دادەنرێت، لە کاتێکدا ئاستی دووەمی هۆشیاری بە ڕێگایەکی کراوە دادەنرێت بۆ گۆڕانی ڕۆشنبیری.

**دووەم: گۆڕانی ڕۆشنبیری دەرەکی:**

ئەم جۆرە گۆڕانە لە ڕۆشنبیریدا لە ئەنجامی کۆمەڵە پرۆسەیەکی ڕۆشنبیری بەدی دێت، کە بنەماکانی لە کۆمەڵگە ڕەسەنەکە وەرناگرێت بەڵکو لە دەرەوە پێی دەگات. هەر لە نموونەی ئەو پرۆسانە: پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری، خۆ ڕۆشنبیر کردن، خواستن، بڵاوبوونەوە... هتد.

دەکرێت ئەو کردارانە لە دوو توێژدا کورت بکەینەوە، ئەوانیش بریتین لە: بڵاوبوونەوە، خۆ ڕۆشنبیر کردن. بەتایبەتی کە زۆربەی ئەو کردارانە جێبەجێ نابن تەنها لەبەر ڕۆشنایی یەك لەو دوو کردارە سەرەکیە یان هەردوکیان بەیەکەوە نەبێت، چونکە هەموویان ڕوونادەن تەنها ئەگەر لە ماوەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵگەیەك بە کۆمەڵگەیەکی ترەوە نەبێت.

لەم بارەوە (ڕالف لینتون) وای بۆ دەچێت کە (هەر کۆمەڵە مرۆڤێك وازی لێ هێنرا کە بە تەنیا بخشێت لە ڕێگای پێشکەوتن و بەبێ هاوکاریکردنی کەسانی تر، بێ گومان ئەو پێشکەوتنە هەنگاوەکانی سست دەبن تا ڕادەیەك کە ناکرێت بەم شێوازە ئەو کۆمەڵە بگاتە ئاستی پەرەسەندن و هەموو ئەوەی بەجێ دەهێنێ نزیك بوونەوەیە لە سەردەمی بەردی کۆن).

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە پەیوەندیکردن و هۆیەکانی پەیوەندیکردن و بەردەوامی لەو پەیوەندیکردنە هۆیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانە بۆ ئاستێکی چاکتر و زیاتر پێشکەوتوتر لە جیاتی جولەی سست یاخود گەڕانەوە بۆ دوواوە.

بۆیە (جورج فوستر) وابریار دەدات کە کۆمەڵگە لادییەکان لە پەیوەندیکردنیان بە بیانیەکان دەرفەتی وەرگرتن و تێگەیشتنی بیروباوەڕە نوێیەکانیان لا زیاتر دەبێت. لە نموونەی ئەو کۆمەڵگایانە: کۆمەڵگەی (یوروك، باکیما) لە وڵاتی هیندستان کە پەیوەندییان بە رەگەزی سپی ئەوروپی کردووە، بەپێی ئەو پەیوەندیکردنەش ئامادەییان بۆ گۆڕان هەبووە و بەتواناتریش بوونە لەسەر ڕوودانی.

دەکرێت پرۆسەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری ناوخۆیی بەم شێوە هێلکاریەوە روونبکرێتەوە، توێژەر هێڵەکانی دادەنێت لە ماوەی هەڵێنجانی کەلەپوری زانستی باو لە هەردوو زانستی ئەنثروپولوجیا و کۆمەڵناسیدا. هەروەك ڕونکراوەتەوە بەم شێوەیە:

شێوەی ژمارە (٢)

پرۆسە ڕۆشنبیرییە ناوخۆییەکانی گۆڕان



**بەڵام هۆکارە دەرەکیەکانی گۆڕان، گرینگترینیان ئەمانەن:**

**بڵاوبوونەوە:**

بڵاوبوونـەوە بـەمانای گواسـتنەوەی بابەتـەکانی ڕۆشـنبیری دێـت لەسـەر ئاسـتی ئاسۆیی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر.

(تـایلور) ئـەم زاراوەیـەی لـە کتێبەکـەی (کـەلتوری سـەرەتایی) بـەکارهێناوە، ئـەو ئاماژە بۆ دابەشکردنی چیرۆکە خورافیەکان (داستانەکان) دەکات. لـە جێگایـەکی تـر (تـایلور) ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە بڵاوبوونـەوە ئـەرکی وەڵامدانـەوەی نهێنـی لەیەکچوونی زۆر لە سیماو ڕەگەزە کەلتوریـەکان گرتۆتـە ئەسـتۆ لـەو کۆمەڵگایانـەی دورن لـە یـەکتری. وەڵامدانەوەکەشـی کـورت دەکرێتـەوە لـەوەی کـە لەیەکچـوون سەرچاوەکەی بـۆ بڵاوبوونـەوەی ڕۆشـنبیری و کۆچـکردن و گواستنەوە دەگەڕێتـەوە لەیەك سەرچاوە یان لە چەند سەرچاوەیەك یاخود چەند بنکەیەکی هاوبەش. بۆیـە لەیەکچون دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردنی ڕۆشنبیری یـان چـەند ڕەگـەزێکی لـە ئـەنجامی پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری نێوان ئەو گەلانە و ئەو کۆمەڵگایانە.

ڕەنگە کۆچکردنی ڕەگـەزی ڕۆشـنبیری بەتـەواوی بێـت و ڕەنگـە بەشـێکی تایبـەت بێت بە هەندێ لە ڕواڵەتەکانی. لێرەدا چەندین پێناسەی تر هەیـە بـۆ بڵاوبوونـەوە کـە جـەخت لەسـەر گرینگـی دان بـە ئەنجامـەکانی دەکات، لـە کاتێکدا پێناسـەی تـر دەبیـنین جـەخت لەسـەر ڕۆڵـی بڵاوبوونـەوە دەکـات وەك پرۆسـەیەکی بـەردەوام. نموونـەی جـۆری یەکـەم وەك پێناسـەکەی (لینتـۆن)، لای ئـەو بڵاوبوونـەوە (واتـا گواستنەوەی ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەکان لە کۆمەڵگەیکەوە بۆ یـەکێکی تـر) پرۆسـەیەکی مرۆڤایەتیـە بەهۆیـەوە توانـای جەمسـەرگرتنی داهێنانـەکان بـەدی دێـت. بـەڵام (هیرسکوفیتش) پێناسەی بۆ بڵاوبوونەوە بریتیـە لـە: (لێکۆڵینـەوە لـە گواسـتنەوەی ئەو ڕۆشنبیریەی کە بەڕاستی جێبەجێ کراوە).

هـەر بـۆ ئـەوە قوتابخانـەی بڵاوبوونـەوە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە گـۆڕانی ڕۆشـنبیریدا دامـەزرا، بـە بۆچـوونی ئـەو قوتابخانەیـە: گـۆڕانی ڕۆشـنبیری کاردانەوەیکـە بـۆ

بڵاوبوونەوەی خەسڵەتە ڕۆشنبیرییەکان لە کۆمەڵگەیەکی ڕەسەن بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بەهۆی گواستنەوە یان خواستن یاخود داگیرکاری.

ڕەنگە بەهۆی گەشتێکی یەك لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك ئەو ئامرازە هونەریانە یان بیرو باوەڕە نوێیەکان ئاشکرا بێت کە ئەو ئەندامە هەڵیگرتووە، ئەوەش بە دور لەوەی کە ئایا ئەو شتانە چەندی ڕاستە یاخود هەڵەیە.

لێرەدا بڵاوبوونەوە جوگرافیا وەك بوارێك بۆ خۆی بەکار دەهێنێ، جیهان دابەش دەکاتە سەر چەند گروپێك کە ئەو بنەمایانەی خسڵەتە ڕۆشنبیرییەکانی لێدەر کەوتووە ڕوندەکاتەوە، هەر لەویشدا بڵاوبۆتەوە بۆ ناوچە ڕۆشنبیرییەکانی تر.

ئەو بڵاوبوونەوەیە ڕەنگە لە ڕێگای کۆچکردن یان لە ڕێگای خواستن بێت. بەڵام کۆچکردن دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی یەکە ڕۆشنبیرییە گەورەکان. لە کاتێکدا خواستن بە پرۆسەی گواستنەوەی یەکە ڕۆشنبیریە ساکارەکان دادەنرێت بێ ڕوودانی بزووتنەوە میللیەکان و گواستنەوەی گەلانێك بە تەواوەتی.

لەم بارەوە ئالاند دەگاتە ئەو بڕیارەی کە گۆڕانی ڕۆشنبیری پشت بە نوێکاری دەبەستێت لەگەڵ خواستن واتا بڵاوبوونەوە، لە کاتێکدا (شومیکەر) وای بۆ دەچێت کە بڵاوبوونەوە شێوازێکی تایبەتە لە شێوازەکانی پەیوەندیکردن. بۆیە بە تێڕوانین ئەو بڵاوبوونەوە ئەو پرۆسەیە کە بە هۆیەوە بیروباوەڕە نوێیەکان و شێوە نوێکاریەکان دەگوازێتەوە بۆ ئەندامانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. لێکۆڵینەوەکان لەسەر بڵاوبوونەوە بایەخ بە بیرو باوەڕە نوێیەکان دەدەن، بەڵام ئەوەی سەیرە کە (شومیکەر) نەخشەیەکی ساکاری خستەڕوو لەو نەخشەیەدا سروشتی پەیوەندی نێوان توێژینەوەکانی بڵاوبوونەوە و توێژینەوەکانی پەیوەندیکردنی ڕوونکردۆتەوە کە یەکەمیان بەشێکی ئەوەی تر.

لە لایەکی ترەوە (ئیفریت روجرز) جیاوازییەکی تری بەرچاو خست لە نێوان ئەو دوو توێژینەوەیەدا (روجرز) لە باسەکەی جەخت دەکاتە سەر تۆژینەوەکانی جۆری پەیوەندیکردن دەربارەی ڕوودانی گۆڕانکارییەکان لە زانین یان ئاراستەکان لە ڕێگای ئاڵ و گۆڕکردن یان گۆڕین لە سەرچاوەکە، هەروەها لە بابەتی نێردراو لەگەڵ

کەناڵەکانی پەیوەندیکردن یان پێشوازیکەران لە پرۆسەی پەیوەندیکردن. بەو پێیە دوو وێنەی بڵاوبوونەوە پێشکەش دەکات لە ماوەی ئاوێتە بووندا. یەکەمیان خۆی دەنوێنێ لە ئاوێتەبوون لەگەڵ هاوشێوەکان لەگەڵ بڵاو بوونەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندیکرن و ئاوێتە بوون لە نێوان دوو گروپی لێکچوو تا رادەیکی گەورە جێبەجێ دەبێت. بەڵام وێنەی دووەم بریتیە لە ئاوێتە بوون لەگەڵ ئەوانی تر لەگەڵ بڵاوبوونەوە چونکە ئەو دوو گروپە هاوتای یەکتر نین لە رۆشنبیریان، بەڵکو بە جیاوازی دەناسرێن.

بەڵام رێبازی بڵاوبوونەوە باوەڕی بە گواستنەوەی هەمەگەری کۆمەڵگاکان نییە، بەڵگو ئەو گواستنەوەیە بۆ هەندێ خسڵەت یان رەگەزە رۆشنبیریەکان روودەدات. بۆیە (بری) بۆچوونی وایە کە هەر شارستانیەکی هاوچەرخ بریتیە لە کەڵەکەبوونی نەریتێکی دوواکەوتوو یان پاشماوە. هەروەها پۆلین کردنی هوشیارانەی بۆی رەنگە ببێتە هۆی ئاشکرابوونی چەند توێژێك بۆ ئەو گروپە رۆشنبیریانە.

بەڵام ئەو رەخنەیەی کە لە بڵاوبوونەوە دەگیرێت بەگشتی ئەوەیە کە بونیادی رۆشنبیری کۆمەڵگە وەك قەوارەیەکی ئۆرگانی باس نەکردووە، هەروەها توانای بەدوواداچوونی ئەو گۆڕانانەی نەبووە کە روویداوە بەهۆی کۆچی خسڵەتێکی رۆشنبیری بۆ رۆشنبیرییەکی تر، هەر لە دوایدا ئەو کاردانەوەیەی کە لە بونیادە نوێیەکەی کۆچی بۆی کردوە دەیوروژێنێت. سەرەڕای ئەوەی لە کۆتایدا لایەنگیری لە هەڵبژاردنی ئەو دەرئەنجامانە کرد کە راستگۆیی ئەگەرەکان دەسەلمێنێت. لەبەر ئەوە تەنها لە کۆمەڵە خشتەیەکی روونکردنەوە نەبێت هیچمان نەبینی بۆ بنچینەی سیفاتەکان، هەروەها بڵاوبوونەوە بە رێگای رامان و بێ هیچ پشتگیرییەکی راست کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوە.

## پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی رۆشنبیری:

رۆشنبیری بە شێوەیەکی بنچینەیی - هەروەك زانیمان - گۆڕانی بە سەردادێت لە ئاکامی کەڵەکە بوونی هۆکارەکانی داهێنان یان داخوازیکراو. ئەو هۆکارە نوێیانە

تێکەڵ بە سیستمە ڕۆشنبیریەکە دەبن. لەگەڵ خسڵەتە هەبووەکان رکابەر دەبن یان یەك دەگرن.

ئـەو هۆکـارە نوێیانــەی تێکـەڵ ڕۆشــنبیریەکە دەبــن، هەراســان و شــپرزەیی دەخولقێنن بۆ تەبایی بوونی فەرمانی لە نێوان هۆکارە بەیەك بەستراوەکان.

لە پرۆسەی گۆڕانی ڕۆشنبیری چوار هەنگاو هەیە دەکرێت جیاکاریان لە نێوانـدا بکرێت:

أ- خسڵەتێکی نوێ یان هۆکارێکی نوێ پەیدا دەبێت لـە مەڵبەنـدێکی بنچینەیی و لە ماوەی ڕێکخستنەکەدا بڵاو دەبێتەوە، مەڵبەندەکە ئەو جێگایەیە کە هۆکارە نوێیەکـەی تیـادا داهێنـاوە یـان لێـی خـوازراوە، لێـرەدا چـەند دۆخێـك هەیـە کارتێکردنی لە بڵاوبونەوە و ئاڕاستەی ئەو بڵاوبونەوەیە دەبێت، هەر لە ماوەی جولـەی خسـڵەتە نوێیەکــە لــە سیسـتمەکەدا دەکـرێ بگـۆڕێ یــان لەگــەڵ خسڵەتەکانی تر کە پیوەندییان بەیەکەوە نییە یەکبگرن.

ب- لەکاتی بڵاوبونـەوە هۆکـارە نوێیەکە پێکهاتـە ڕۆشـنبیریەکان هەراسـان دەکـات، هەروەها دەکرێت، رکابەری یـان ململانێـی لەگەڵدا بکـات لـە پێنـاو مانـەوە. لـە لایەکی ترەوە دەکرێ پشتگیری خسڵەتە دروست بووەکانی تر بکات یان یارمەتی بڵاوبوونەوە یان بدات، ئەوەی گومانی تیادا نییـە کـە ئـەو هۆکـارە نوێیـە و بـۆ ماوەیەکی نادیار شپرزەیی لەسەر ڕێرەوە ڕێك و پێکەکەی سیستمی ڕۆشـنبیری دروست دەکات.

ج- بڵاوبونەوەی هۆکاری نوێ دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە خسـڵەتە پەیوەنـدارەکان، بۆ ئـەوەی لـە گەڵیـدا بگونجێـت، بۆیـە دەبێتـە هـۆی گـۆڕان لـە ڕوخساری ئـەو ڕۆشنبیرییەی هەیە پاشان دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەست بوون بە جۆرێك ڕێگای پێ دەدات بۆ پێشوازی و لەخۆ گرتنی خسڵەتە نوێیەکە.

د- سیستمە ڕۆشنبیرییەکە ئەو هۆکارە نوێیە دەگرێتە خۆی، ئەگەر داهێنانی نوێ ڕوونەدات و ببێتە هۆی شـپرزەیی بـەردەوام. هـەروەها لەگـەڵ بـەکار هێنـانی و

بەردەوامی ئەو خسڵەتە نوێیە ئەوا جێگای خۆی وەردەگرێت و دەشاردرێتەوە، پاش ئەوەی دەبێتە بەشێکی جیانەبوو لە سیستمە کۆمەڵایەتیە باوەکە.

سەرەڕای ئەو پەیوەندییە بە هێزەی نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی ڕۆشنبیری بەڵام دەکرێت جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت بەلای کەم لە ڕووی تیۆرییەوە، لەسەر ئەو بنچینەیە مەبەست لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە ڕوودەدات لە ڕێکخستن کۆمەڵایەتی، واتا لە بونیادی کۆمەڵگە و فەرمانەکانی، کە ئەوەش بەشێکە لە بابەتێکی فراوانتر پێی دەوترێت (گۆڕانی ڕۆشنبیری) کە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدەن دەگرێتە خۆی لە هەموو لقێك لە لقەکانی ڕۆشنبیری وەك: هونەر، زانست، تەکنولوجیا، فەلسەفە... هتد. هەروەها سەرەڕای ئەوانە ئەو گۆڕانکاریانە دەگرێتەوە کە لە شێوە و بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ڕودەدات. بۆیە گۆڕانی ڕۆشنبیری زۆر فراوانترە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لێرەدا بایەخ پێدانمان لە بوارێکی تەسك و کورت دەمێنێتەوە، بۆیە ئێمە بایەخ بە چەند بابەتێکی دیاریکراو نادەین وەك بەرەسەندنی دەنگەکان لە زماندا... یان گەشەپێدانی تیۆری هەڵێنجان، بەڵکو پێویستە لەسەرمان و بەردەوام تێ بگەین کە هەر بەشێك لە بەشەکانی ڕۆشنبیری بە ڕێگایەك لە ڕێگاکان پەیوەست دەبێت بە سستمی کۆمەڵایەتیەوە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەندێ لەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدەن لە چەند لقێکی ڕۆشنبیری ناتوانین سەرنجی کاریگەریان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بدەین، هەر لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئێمە تەنها بایەخ بە گۆڕانی ڕۆشنبیری دەدەین تا ئەو ڕادەیەی کە کارتێکردنی لە ڕێکخستن کۆمەڵایەتی تێدەگەین، بۆیە ئێمە بەجیا لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بایەخ بە گۆڕانی ڕۆشنبیری نادەین.

(لومس) دەربارەی زاراوەی گۆڕانی ڕۆشنبیری بیروڕای خۆی بەم جۆرە دەربڕیوە:

زاراوەی گۆڕانی ڕۆشنبیری لە ڕوویماناوە فراوانترە لە زاراوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەم بوارە گۆڕان لە تەکنولوجیا و فەلسەفە و بیروباوەڕەکان و هونەر و

سیستمی بەهاكان دەگرێتەوە، هەروەك دەركەوتنی تیۆری میكروب لە نەخۆشیدا لەناو میللەتێكدا كە پێشوتر زانیاریان نەبوە بەو چەمكە ڕۆشنبیرییە، كارێكی ئاساییە كە ئەو دۆخە گۆڕان لە سیستمە كۆمەڵایەتیەكانی تایبەت بە نەخۆشی و بەرهەڵستی كردنی پەیدا بكات، هەروەها دەكرێت وەك نموونە: باسی نەخۆشخانە و جێگاكانی چارەسەری بهێنینەوە لەسەر گۆڕانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. چەندی تێگەیشتن بۆ هەر ڕەوشتێكی ڕۆشنبیری زیاتر بوو ئەوەندە ئاسان دەبێت لێ وەرگرتن و جێگردنەوەی گۆڕانی شارستانی.

به پێی وتەكانی (بارسونز) ئەگەر دووبابەتی ڕۆشنبیریت بەرچاو كەوت ئەوا ئەوەی كەمترین ڕەنج و زیاترین سوودی دەبێت ئەویان پەسند دەكرێن.

هەر بەپێی هەندێ بیروڕای تر: ڕەوشتی گونجاو لەگەڵ ڕۆشنبیری هەر كۆمەڵێك ڕەنگە گونجاو بێت لەگەڵ ڕۆشنبیرییەكی نزیك زیاتر گونجاو لە ڕۆشنبیرییەكی دوور... هەروەها پەلەكردن لە پەسەندكردنی هەر ڕەوشتێك و لەهەر سیستمێكدا پشت دەبەستێتە سەر ڕادەی پێویست بۆ ئەو ڕەوشتە لە ڕووی كرداریەوە.

هەروەك باوە ئێمە خسڵەتە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكان لە یەك جیاناكەینەوە، لە كاتی تۆژینەوە دەربارەی هۆكارەكانی گۆڕان و كاریگەری، لە كاتێكدا تیۆری تەنینەوەی نەخۆشی كارێكی ڕۆشنبیریە، جیای ناكەینەوە لە كاروبارەكانی نەخۆشخانە و پزیشكی و قوتابخانەیی، ئەوەش لای هەندێك بە خسڵەتێكی كۆمەڵایەتی دادەنرێت.

**هەندێ لە بنەما بنچینەییەكانی گۆڕانی ڕۆشنبیری:**

١- زۆر لە ئاكارە بنچینەییەكانی كۆمەڵگە وەك دیموكراسیەت، زانست، ئاستی بەرزی ژیان، ئەوانە كاروباری نوێین بۆ مرۆڤ پێشتر تاقی نەكراوەتەوە، بۆیە بەزۆری دژوارییەك دێتە ڕێگا لەوەی بزانێ چی بكات.

٢- گۆڕانی ڕۆشنبیری هەر ڕوودەدات، هیچ ڕۆشنبیرییەك نیە نیشانەكانی گۆڕانی تیادا دەرنەكەوێت.

٣- ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی جێگیری و ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی گۆڕان، دیاردەی (وراثة) جێ ماوەن بۆ ڕۆشنبیری.

٤- ڕۆشنبیریەکان بە گروپی جیاواز دەگۆڕین، هەندێکیان بە خێراییەکی زۆرگەروە دەگۆڕێن و هەنێکیان زۆر بەسستی، هەندێکیان دەگۆڕێن بە خێرایی بۆ ماوەیەك پاشان بە سستی، بەڵام هەندێکی تر بە پێچەوانە.

٥- ڕۆشنبیری دەگۆڕێت بە زیاد بوونی یان لە دەسدانی هەندێ خسڵەت، یان پەیدا بوونی گۆڕان لە دیاردەی خسڵەتە هەبووەکان.

٦- هەندێ ڕەگەزی ڕۆشنبیری نوێ دروست دەبن لە ڕۆشنبیریەکی دیاریکراو و ناوی لێ دەنرێت داهێنان، یان لە ڕۆشنبیریەکانی ترەوە دێت و ناوی لێدەنرێت لێوەرگرتن.

٧- داهێنان بە شێوەیەکی هەر بوونایەتی بەکار هێنانی ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە هەبووەکان دەگرێتە خۆی، بەڵام بەپێکهاتەیەکی نوێ، بۆیە پێویست دەکات بە زۆرکردنی سامانی ئەو ڕەگەزانەی کە دەکرێت داهێنانە نوێیەکانی لێ دەربچن. (ئەم بۆچوونە لە هەردوو بواردا پیادە دەکرێت، بواری شتەکان و بیروباوەڕەکان).

٨- هەموو کۆمەڵگاکان تەنها هەندێ لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان نەبێت، خۆشی خۆی (تێرکردنی نارەزووەکان) بە لێوەرگرتنەوە بە دەس هێناوە زیاتر لە ڕێگای ئەو داهێنانە تایبەتیانەی خۆی.

٩- زۆربەی داهێنانەکان ڕاست کردنەوە یان گۆڕانە بچووکەکان دەنوێنێ لە شیکردنەوە ڕۆشنبیریەکان، لە کاتێکدا مۆرکی بنچینەبی بۆ کۆمەڵگە بەبێ گۆڕانی جەوهەری دەمێنێتەوە.

١٠- کارتێکردنی داهێنانەکان دوورخایەنە، تا ڕادەی ئەوەی ناکرێت پێش بینی ئەو گۆڕانە بکرێت لە کوێ ڕۆشنبیرییەك بەهۆی شتێکی نوێ.

١١- هۆکاری سەرەکی لە گونجاندنی کارامەییەکی نوێ یان هزرێکی نوێ لەگەڵ ڕۆشنبیریەکی دروست بوو بریتیە لە چۆنیەتی گونجاندنی ئەو شتە نوێیە لەناو سیستمە دامەزراوەکە.

ناکرێ بوترێت کە چ خسڵەتێك بەهایەکی بەرزی یان نرمی هەیە، بەڵام بەردەوام هەڵدەسەنگرێت بە پلە باوەکانی ناو ڕۆشنبیری، ئەو پلانە لە بنچیغەدا. شتی نوێن. بۆیە زۆربەی کردارەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری، ئەگەر بەداخوازی بێت یان شارستانی بوون یاخود بلاوبوونەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن یان سەپاندنی ڕۆشنبیری، هەموویان هەڵقولاوی کاری مرۆڤن، بەڵام ژینگە لەنێوان کاتێك و کاتێکی تردا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت لە گۆڕانی ڕۆشنبیریدا.

لە دۆخی کۆمەڵگەی (تانالا) لە ولاتی (مەدەغەشقەر) ڕاستیەکی ساکار دەرکەوت ئەویش ئەوەیە کە زەوی بە کەڵکی کشتوکاڵ نایێت بۆ چاندنی برنج لەسەر شێوەی کۆن، ئەو دۆخە وای سەپاند بەسەر خەڵکیدا کە (تەکنیکی) کشتوکاڵی نوێ بۆ چاندنی برنج هەڵبژێرن، بەهۆی ناو ئەگەر نا ئەوا دەبێ چاوەڕێی مردن بکەن بە هۆی برسێتی.

خەڵکی بۆ کاری ئاودێرییەکە ڕێگای گواستنەوەی ئاویان هەڵبژارد، بەمە ڕووبەرێکی فراوانی نوێ لەو زەوییە بۆ کشتوکاڵ چاکراو بەکەڵك هات.

بەڵام، چۆن دەکرێ هەر مرۆڤێك پێشبینی ئەوە بکات کە ئەو کارە بچووکە دەبێتە هۆی گۆڕینی سیستمی کۆمەلایەتی و کەسایەتی دانشتوان گۆڕینێکی بنەڕەتی بە سەردا بێت؟

(تانالا)ییەکان کەسانی دیموکراتی خوازبوون، گوندەکانیان لە ناوچەیکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گواستەوە، لە زەویە کۆنە بێ کەڵکەکان بۆ زەوییە نوێیەکان، بۆیە گۆڕانیان بەسەر داهات و بۆ ئەوەی ببنە کۆمەڵگەیێکی پێکهاتووی چینایەتی کە خاوەن شکۆ سەرۆکاتیان بکات. ئەو کۆمەڵگەیە بوونە خاون گوندی جێگیر و سیستمی جەنگ، ژیانی خێزانیان گۆڕا لە شێوەی لێ بوردەییەوە بۆ شێوەکانی ڕێکخستنی بە دەسەلات.



کەوڵتامەی کتێب

هەر بەو جۆرە وردەوردە کۆمەڵەی مۆڵکداران دەرکەوتن و بە ئاشکرا بونیان پرۆسەی ڕێکخستنی خێزان لەو کەۆمەڵە تووشی درز هات. کۆمەڵگە کە پێکهات لە چەندین پارچە زەوی جێگیری چێندراو بە برنج، بووە نموونەی گوندێکی جێگیر بەهۆی شێوازە نوێیەکەی کشتوکاڵ کە ڕێگا بە کشتیار دەدات هەمان خاك دووبارە بەکار بهێنێت، لە کاتێکدا کە تەنها زەوییەکانی دەوربەری گوند بەکار دەهات، وای پێویست کرد ئەوانی زەویان بەرناکەوێت دووربکەونەوە بۆ جێگاو شوێنی تر لەناو دارستانەکە، هەروەها ئەوانە ناچار بوون گوندی نوێ دروست بکەن بەهۆی دوری هاتوچۆ کردن، بەم جۆرە کێڵگەکانی برنجی دوور بوونە جێگای نیشتەجێ بوون لە جیاتی ئەوەی مولکی هاوبەش بن لە نێوان ئەندامانی هۆز.

خێزان یەکێتیەکەی لە دەسدا، بەڵام خێزانی یەکگرتوو، توانی ئاینی خۆی بپارێزێ، کە پشت بە پەرستنی یەك باپیرە دەبەستێ، لە بۆنەو ئاهەنگەکان داوا لە ئەندامانی ئەو خێزانە دەکرا بۆ بەشداریکردن، ئەوە بووە هۆی شکاندنی گۆشەگیری گوندە کۆنەکان، ژن خواستن بووە دیاردەیەکی گشتی لە نێوان گوندەکان، بەو ڕێگایە گۆڕانکاری ڕوویدا لە شێوەی گوندی سەربەخۆ بۆ شێوە ڕێکخستنێکی هۆزایەتی.

پرۆسەکە بوو بەهۆی گۆڕانکاری زۆر لە ڕێساکانی جەنگ لە ناوچەیەکدا، گوندی کۆن پێویستی بە تێچووی زۆر و بەرگرییەکی بەردەوام نەبووە، بەڵام کاتێ جێگیر بوو پێویستی کرد گوندەکە بەرگری لە خۆی بکات بە شێوەیەکی بەهێز، کە دیارە ئەم شێوازەش پێویستی بە دارایی گەورە دەکات بۆ بەرگرییەکی بەردەوام.

# بەشی سێیەم

# تیۆرییە هاوچەرخەکان

# بۆ ڕوونکردنەوەی

# گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

کۆمەڵناسان لە چاودێری کردنیان بۆ دیاردەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بیر لە شێوازەکانی گۆڕان دەکەنەوە، هەروەها لە بەدووایەکدا هاتن یان بەسیستم بوون کە ڕەنگە لەو شێوازانە دەرکەون.

لێرەدا چەندین تیۆری دەربارەی ڕاڤەکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدەرکەوتن، هەرچەندە ئەو تیۆریانە کە لە ماوەی مێژوودا بەدیارکەوتوون زۆر پەرەیان سەندووە و وردتر و ڕێك و پێکتر بوونە، هەروەها ئەو تیۆریانە لە قۆناغی ڕامان و گومانی مێژوویی گوازراوەتەوە بۆ قۆناغی پشت بەستن بە باری ڕاهاتوو کۆکردنەوەی بەڵگە مێژووییەکان لەسەر دروستیان. هەرچەندە هیچ یەکێك لەو تیۆریانە نەگەیشتونەتە بڕیاری کۆتایی لە چاودێریکردنی دیاردەکانی گۆڕان و ڕاڤەکردنیان، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باری کۆمەڵایەتی (مێژوو بە مانا فراوانەکەی) بەردەوام بەڵگە و نیشانەی نوێ ئاشکرا دەکات. ئەگەر پشتگیری هەندێ تیۆر بکات ئەوا دەبێتە هۆی بە ناڕاست خستنەوەی تیۆری تر و بەڵکو ڕەنگە ببێتە هۆی بە درۆ خستنەوەی هەموو ئەو تیۆریانەی کە هەیە. بۆیە باسکردنی تیۆرێك بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویست دەکات بە وریایی بێت و لەبەر ڕۆشنیایی ئەو ڕاستیە بێت کە ناوەڕۆکەکەشی بریتی بێت لەوەی ڕەنگە مێژوو هەر تیۆرێك بەدرۆ بخاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا درك پێکردنمان بۆ ئەو ڕاستیە بەمانای کەم کردنەوەی پلەی تیۆریەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی نابێت کە تا ئێستا دەرکەوتوون، بەڵام ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆ ئەو تیۆریانە هەمەجۆرن لە ڕووی مێژوویی و کاتیەوە. هەروەها بۆ بیروڕاکان دەربارەی ڕێڕەوی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هۆیەکانی جیاواز بوونە؟

سەرەڕای ئەو جیاوازییە ئەوی دەروانێتە مێژووی ئەم تیۆریانە ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەم تیۆریانە سەرکەوتوون لە جێبەجێکردنی ڕادەیەکی گەورە لە پێگەیاندنی زانستی، ئەوان هەنگاوی گەورەیان بڕیوە لە تێگەیشتنی دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەر لە ماوەی ئەو باسەی کە دێت ڕادەی ڕاستگۆیی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت.

لێرەدا ناچینە سەر شێوازی باسەکانی ئەو تیۆریانە، بەڵام هەوڵدەدەین شێوازێکی نوێ پێڕەو بکەین لە باسکردنیان. ئەوەی جێگای سەرنجدانە دەربارەی تیۆریەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی (ئەو تیۆریانە سەرچاوەکانیان تیۆریە گشتیەکانە لە کۆمەڵناسیدا).

ناوکەکانیان لە سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوە و هەر لە ماوەی پەرەسەندندا بەردەوام بوونە، هیچیان ئەوی تریانی لەناو نەبردووە تەنها تیۆریە هەر بوونیەکان نەبێ کە ڕەنگە لەناو چووبن. پاشان ئەم تیۆرانە بە شێوەیەکی تەریبی پەرەیان سەند.

لێرەدا ئەو شێوازەی لەسەری دەڕۆین لە باسکردنی تیۆریەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پشتی بەم بیرۆکەیە دەبەستێ، کاتێ باسی تیۆرێك دەکەین و بە دووای پەرەسەندنی هاوچەرخانەی دەبین، بەم ڕێگایە دەگرێت خوێنەر شارەزابێت لە پەرەسەندنی تیۆر و پەیوەندییەکانیان بەیەکترەوە.

دەست پێدەکەین بە تیۆریەکانی هەربوونی و پاشان دەچینە سەر باسی تیۆریەکانی پەرەسەندنگەرایی و دوواتر تیۆریەکانی فەرمانگەرایی و تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی، لە کۆتایدا تیۆری سایکولۆژیایی کۆمەڵایەتی.

لێرەدا خوێنەر سەرنجی دوو کاری گرینگ دەدات:

یەکەمیان: ئێمە شێوازی کۆ بەکار دەهێنین لە کاتی باسکردنی هەر ئاراستەیەك لەو ئاراستانە، بۆیە دەڵێین (وەك نموونە): تیۆریەکانی پەرەسەندنگەرایی، یان تیۆریەکانی فەرمانگەرایی، لەناو هەر یەکێکیان باس لە دیمەنە جیاوازەکان دەکەین بۆ هەر ئاراستەیەکی تیۆری.

دووەمیان: ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان تیۆریە گشتیەکان و تیۆری تایبەت بە جیهانی سێیەم، لەبەر ئەوەی ئەو جیاوازییە بەخۆی ئاشکرا دەبێت، لەبەر ئەوەی خوێنەر سەرنجی ئەوە دەدات کە هەر تیۆرێك بەکار هێنراوە بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە جیهانی سێیەمدا.

## تیۆریەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

**یەکەم: تیۆریەکانی هەربوونایەتی:**

مەبەست لە تیۆریەکانی هەربوونایەتی ئەو تیۆریانەن کە لە لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی تەنها جەخت لەسەر یەك هۆکار دەکەن، هەر تیۆرێك لەو تیۆریانە یەك هۆکار بە ئەگەر دادەنێت (وەك ئابوری، کەش و هەوا، یاخود هۆکارێکی تر) بەوەی کە تەنها هۆکارە هەموو هۆکارەکانی تر دەجوڵێنێت، بۆیە هەموو ئەو تیۆریانە کەوا باسیان دەکەین تیۆری کەمکردنەوە و لێکردنەوەن، واتا هەموو هۆکارەکان لەیەك هۆکار کورتدەکاتەوە ئەو هۆکارە بەهۆکاری تەواو دادەنێت بۆ ڕوودانی گۆڕان. ئەو مانایە لە چەمکی هەربوونایەتی خۆی شاردۆتەوە، چەمکەکەش لە وشەیەکی لاتینی (Determinant) وەرگیراوە و ماناکەشی سنوردار دەکات. بۆیە بە بۆچوونی هەر بوونایەتی کاروبارەکان پێشتر دیاریکراون و ئەو ئەرکەش کە کەوتۆتە سەرشانی توێژەر بریتیە لە دۆزینەوەی چەندین مەرجی پێش وەخت کە یارمەتی ڕوودانی دیاردەیەك لە دیاردەکان دەدات، کاتێ زاراوەکە لە هزری کۆمەڵایەتی بەکار هێنرا ئەوا ماناکەی بۆ گەڕان بوە بە دوای تەنها هۆکار، سەرچاوەی شاراوە لە پشت هەموو دیاردەکان، یان ئەو هۆکارەی هەموو گۆڕەڕەکان پێی دەبەسترێتەوە وەك گۆڕەڕە پاشکۆیەکان بە ناچاری.

ئەم تیۆریانە لە هەموو لقەکانی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بڵاو بۆتەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی نەشونما کردنی ئەم زانستە. لە زوربەیاندا کارتێکراو بوونە بە زانستەکانی تر، لایەنگرانی تیۆری هەربوونایەتی جوگرافی کاریگەربوونە بە جوگرافیا، بەڵکو هەندێ لەو جوگرافیا ناسانە کە پشتگیری تیۆری هەربوونایەتی بیولوجیان کردوە کاریگەر بوونە بە زانستی بیولوجیا و بە تیۆری پەرەسەندنی بیولوجی و هەندێکیشیان لە بیولوجی ناسان بوونە.

ئەم تیۆریانە لە بیرکردنەوەی زانستی کۆتاییان پێهات، لێرەدا ئێمە کە لە سەرەتای باسەکەمان ئاماژە بۆ تیۆریەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەین، ئەوا

مێژووی زانست بە بیردەهێنینەوە هەروەها ئەو بنەما زانستیانە ڕوون دەکەینەوە کە تیۆریە تازەکانی لەسەر دروست بووە.

**لە چوارچێوەی باسەکەدا ئاماژە بۆ دوو جۆر تیۆری لە تیۆریەکانی هەربوونایەتی دەکەین:**

**١- تیۆری هەربوونایەتی جوگرافی:**

باوەڕێکی کۆن هەیە بە بوونی پەیوەندییەك لە نێوان سروشتی ئەو کەش و هەوایەی کە مرۆڤ تێیدا دەژێت (ساردبێت یان گەرم یاخود مام ناوەندی) لەگەڵ مۆرکە کۆمەڵایەتیەکەی (لە ڕووی خووڕەوشت، هێمنی و کرانەوە و شتی تر لە ئاکارە کۆمەڵایەتیەکان).

تیۆریزانە کۆمەڵایەتیە کۆنەکان کاریگەر بوونە بەم باوەڕە. هەر لە ماوەی ئەم بیر و بۆچوونانەشدا هەوڵیانداوە جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی لەیەکچوون و جیاوازیەکانی مرۆڤدا دەربخەن. ئەنجامەکەشی تیۆرێکی هەمەلایەن لە هەربوونایەتی جوگرافی بووە. هەرچەندە بیرۆکەی هەربوونایەتی جوگرافی بیرۆکەیەکی کۆنە بەڵام بەکارهێنرا لە لایەن چەند بیرمەندێك بۆ ڕاڤەکردن و دروست بوونی کۆمەڵگاکان و گۆڕانکاریەکان، بە ناوبانگترین ئەو بیرمەندانە جوگرافی ناسی ئەمریکی (هنتگتون) کەچەمکی هەربوونایەتی جوگرافی بەکار هێناوە نەك بۆ ڕاڤەکردنی جیاوازی گۆڕان لەناو مرۆڤدا بەڵکو بۆ ڕاڤەکردنی گۆڕان لە کۆمەڵگاکان. بە بۆچوونی ئەو ئەگەر بارودۆخە جوگرافیەکان خسڵەت و ڕەفتارەکانی خەڵك دیاری بکات، ئەوا ئەو خسڵەت و ڕەفتارانە ناگۆڕێن تەنها بە گۆڕانی بارودۆخی جوگرافی. هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو گریمانەیە (هنتگتون) دەرکەوتن و ڕوخاندنی شارستانیەکانی ڕوونکردۆتەوە.

شارستانیەتی دۆڵی نیل گەشەی کرد بەهۆی بە دیهاتنی بارودۆخی جوگرافی تایبەت بە گونجاندن لەگەڵ کەش و هەواو خاك و جۆری بەرهەمە کشتوکاڵیەکان. هەروەها ئەم شارستانیەتە لەناوچوو بەکارتێکردنی گۆڕانە جوگرافیەکان پاش

بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە دۆڵی نیل و ئەو ئەنجامانەی بەدووایدا هاتن وەك و شکبوونی خاك کە بووە بەهۆی دروستبوونی بارودۆخێك پارێزگاریکردنی بەرهەمە شارستانیەتەکانی پێ نەدەکرا.

لە هەمان کاتدا کە شارستانیەت لەو جێگایە بەرەو ڕوخاندن دەڕۆیشت، هەر بەهۆی بارودۆخی جوگرافی تر لە جێگایەکی تر شارستانیەت بەرەو دامەزراندن دەچوو. هەر بەم جۆرە ناوەندی شارستانیەت لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار گوزرایەوە بۆ وڵاتی کریت و یونان و ڕومان و لە پاشاندا بەرەو ئەستەنبوڵ و تا گەیشتە ئەوروپای نوێ.

بۆ ئەوەی (هنتگتون) بەڵگەی سەلماندن بۆ تیۆرەکەی بهێنێتەوە باسی چەند گۆڕانێکی جوگرافی کردوە کە لە دەریای ناوەڕاست ڕوویانداوە لە ماوەی سێ هەزار ساڵی ڕابردوو.

ب- تیۆری هەربوونایەتی بیولوجی:

ئەم تیۆریە لەسەر گریمانەیەك دامەزراوە ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی خەڵکی لە جیهاندا دابەش دەبنە سەر ڕەگەز و گروپی جیاکار لە ڕووی بایولوجیەوە. ڕەگەزەکان جیاواز دەبن لە ڕووی تواناکانیان لە پەرەسەندنی ژیانی کۆمەلایەتی و گەشەپێدانی. هەروەها جۆری ژیان لای هەرگەلێك ئاماژەیەکە بۆ توانا بیولوجی - ئەتنیکیەکانی ئەو گەلە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیروڕایانە جیاوازیەکانی نێوان گەلان دروست دەبن، هەروەها گۆڕانە کۆمەلایەتیەکان ڕاڤە دەکرێن کە لای گەلان دەردەکەون. ئەگەر گۆڕانەکان نەگەتیف بن (پەیوەست بن بە دوواکەوتن و پاشەکشەی شارستانی) یان گۆڕانەکان پۆزەتیف بن کە دەرکەوتنی چەند شێوەیەك لە سەرکەوتنی شاراوە ڕوون دەکاتەوە لای گەلێك لە گەلانی جیهان.

تیۆری هەربوونایەتی بایولوجی پشت بە گریمانەیەك دەبەستێ کە لای کۆمەلگە کۆنەکان باوبووە، ئەوەش تایبەتە بە زاڵبوونی چەند چینێکی ناو کۆمەلگە بەسەر چینەکانی تر، لەگەڵ پەیوەست بوونی ئەم زاڵبوونە بە خسڵەتە بیولوجیەکان. ئەم

بیرۆکەیە لەناو زۆر لە شارستانیەتە کۆنەکان دەرکەوت و پێگەیشت بەڵام بە جۆرێکی توند لە شارستانیەتی یونانی کە باوەڕێکی لەناودا سەری هەڵدا بەوەی کە خەڵکانێك هاتونەتە ژیان بۆ ئەوەی دەسەڵاتداربن و خەڵکانێکیش بۆ ئەوەی ملکەچی ئەوان بن. بیرۆکەی پەیوەست بوونی چینە جیاوازەکان بە خسڵەتە بایولوجیە جۆراو جۆرەکان پەرەی سەند و بەسەر هەموو جیاوازیەکانی نێوان کۆمەڵگاکان گشتگیر کرا.

لەم بوارە زانایەك بە ناوی (دی جوبیون) ڕۆڵی لە بڵاوبوونەوەی ئەم بیرۆکەیە گێڕا لە ماوەی توێژینەوەکەی دەربارەی جیاوازی نێوان ڕەچەڵەکە مرۆڤایەتیەکان کە زاڵبوونی گەلێك لەناو گەلان یان دارمانی لەگەڵ خسڵەتە ڕەگەزیەکانی بەیەك بەستۆتەوە. هەروەها ئەو هێرشێکی توندی کردە سەر ڕێبازی سوسیالستی بەهۆی هەوڵدانی بۆ خولقاندنی جۆرێك لە یەکسانی لە نێوان مرۆڤدا، هەر لەو کاتەوە لایەنگرانی تیۆری هەربوونایەتی بایولوجی پشتگیری ڕاڤە کردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازی و گۆڕان دەکەن لە کۆمەڵگاکان لە ڕێگای گۆڕانکاریە بایولوجیەکان.

لە و گۆڕاوە بیولوجیانەی جەختی لەسەر دەکرێت لەم بارەوە:

١- کاریگەری جیاوازی پشتاوپشت (وراثی) لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

٢-کاریگەری جیاوازی نێوان تاکەکان لە ڕووی زیری و توانا بەرجەستەیی و دەروونیە جۆراو جۆرەکان (ڕۆڵی ڕابەرایەتی کاریزمی).

٣-کاریگەری ژینگەی تەندروستی گشتی بۆ گەلێك لە گەلان لەسەر پەرەسەندن و گەشە کردن لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی.

٤-کاریگەری بژاردنی سروشتی و پیشەسازی لەسەر شێوە جیاوازەکان بۆ بونیادی دانیشتوان (ڕێژەی ژمارەی نێر بۆ ژمارەی مێیەکان، ڕێژەی لەدایك بووان بۆ مردووەکان، ڕێژەی گەورەکان بۆ مندالان).

سەرەڕای ئەوەی کە تیۆریەکانی هەربوونایەتی لەیەك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بیرکردنەوەی زانستی باو بووە، هەروەها سەرەڕای دەرکەوتنی پشتگیری

بۆ ئەم تیۆریە لێرەو لەوێ لە سەردەمی نوێدا، بەڵام بیرکردنەوەی زانستی هاوچەرخ ئەم تیۆریانە پەسەند ناکات لەبەر چەندین هۆ لەوانە:

١- ئەوانە جۆرە تیۆرێکی لێکردنەوەن و خاوەن دیدێکی تاکرەوانەن.

٢- ئەم تیۆریانە لایەنگیری لایەك دەکەن، چەند بیروباوەڕێکیان لا پەسندە وەك زاڵبوونی گەلێك لەناو گەلان یان دەسەڵاتداری گەلێك بەسەر گەلانی تر.

٣- ئەم تیۆریانە زانستیانە نین لەبەر ئەوەی داکۆکی لەسەر یەك هۆ دەکەن بێ تۆژینەوەی زانستیانەی دور لە هۆیەکانی تر.

٤- ئەم تیۆریانە بوونەتە هۆی دروست بوونی ناکۆکی وململانێی زۆر لەناو گەلان، زیانەکانی جەنگی جیهانی دووەم دەرئەنجامی هەست کردن بوو بە زاڵبوونی ڕەگەزی ئەڵمانی.

٥- ئەم تیۆریانە بوونەتە هۆی پەیدابوونی چەندین شێوەی ڕەگەز پەرستی سیاسی کە لەم سەردەمەدا جیهان بە دەستیانەوە دەناڵێنێ. وەك ڕەگەزپەرستی زایونیزمی و ڕەگەزپەرستی دژ بە ڕەش پێستەکان لە باشوری ئەفریقیا و زوتریش لە ئەمریکا. لەبەر رۆشنایی ئەم ڕەخنانە و هی تریش ڕێگا کراوەیە بۆ دارشتنی چاکترین تیۆر لە بواری گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

**دووەم: تیۆریەکانی پەرەسەندنگەری:**

ئەم تیۆریانە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بڵاوبۆتەوە، تا ڕادەیەك تەریب بوونە لەگەڵ تیۆریەکانی هەربوونایەتی ئەگەرچی ڕەگ و ریشەی لە فەلسەفە کۆنەکان وەردەگرێت.

تیۆریەکانی پەرەسەندنگەری دەرکەوتن لە ماوەی باوەڕهێنان بەوەی کە کۆمەڵگاکان لەسەر ڕێڕەوێکی دیاریکراوی پێشتر دەڕۆن و لە ماوەی چەند قۆناغێك دەکرێ بناسرێن.

**هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە کۆکن لەسەر ئەم کێشەیە، بەڵام لەسەر سێ کێشەی تر جیاوازن:**

**یەکەمیان:** پەیوەستە بە قۆناغەکانی پەرەسەندن واتا ژمارەی ئەو قۆناغانەی کە ڕێبازی پەرە سەندنی کۆمەڵایەتی پێیدا دەڕوات.

**دووەمیان:** دەربارەی هۆکارە سەرەکیە بزوێنەرەکە بۆ پەرەسەندن، ئایا پەرەسەندن لە ئەنجامی گۆڕان لە بیروباوەڕەکان دەردەکەوێت، یان لە ئەنجامی گۆڕان لە تەکنولوجیا و ڕەگەزە مادییەکان؟

**سێیەم:** پەیوەستە بە ئاڕاستەی پەرە سەندنکە، ئایا پەرەسەندنەکە لەسەر هێڵێکی پێشکەوتنخوازەوە دەڕوات یان لەسەر ڕێگایەکی بازنەیی دەگەڕێتەوە ئەو جێگایەی کە دەستی پێکردوە.

**دەکرێ باس لەو تیۆریانە بکەین، بەپێی بواری هەریەك لەم بوارە جیاوازانە:**

- لە ڕاستیدا پشت بەستن بە هەردوو بواری یەکەم و دووەم بۆ پولین کردنی ئەو تیۆریانە (واتا ژمارەی قۆناغەکانی پەرەسەندن و هۆکارەکان) ئەو تیۆریانە لاواز دەکات.

بەڵکو پچڕپچڕی و تێکەڵوییەك پەیدا دەکات لەگەڵ تۆژینەوە لە هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەك نموونەیەك.بۆیە ئێمە پشت بە بواری سێیەم دەبەستین کە پەیوەستە بە ئاڕاستەی پەرەسەندن و لەبەر ڕۆشناییەکەی تیۆریەکانی پەرەسەندن دابەش دەبنە سەر دوو جۆر:

تیۆریەکانی پەرەسەندنی هێڵی و تیۆریەکانی پەرەسەندنی بازنەیی. لە کۆتایدا ئاماژە بۆ چەند وێنەیەکی نوێ دەکەین لە تیۆریەکانی پەرەسەندنگەری.

**أ- تیۆریەکانی هێڵگەری:**

ئەم تیۆریانە بایەخ بە گۆڕانە پێشکەوتنخوازە بەردەوامەکان دەدەن یان ئەو تیۆرە بە دووایەکدا هاتوانە کە لە کۆتایدا دەگاتە ئامانجێکی دیاریکراو. کۆمەڵگە لە باری گۆڕینیدا بەرەو جێ بە جێکردنی ئەو ئامانجە بە چەند قۆناغێك یان

هەنگاوێکی جێگیردا دەڕوات. ئەم بیرۆکەیە بە بیرۆکەیەکی کۆن دادەنرێت و لە فەلسەفەی یونانی کۆن دەرکەوتووە و دووبارە زیند و کراوەتەوە لەسەردەمی ڕۆشنگەری دا لە سەردەستی (فیکو) کە ڕێڕەوی کۆمەڵگاکانی لە سێ قۆناغی بنچینەیی دیاریکردوە لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندی مرۆڤ بە هێزەکانی سەرووی سروشت. ئەو بیرۆکەیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە هێز بوو کاتێ بیرمەندە کۆمەلایەتیەکان خەریکی تۆژینەوە بوون دەربارەی بنەما سەرەتاییەکان بۆ کۆمەڵگاکان و هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ئەو قۆناغە مێژوویەی کە کۆمەڵگاکان پێی گەیشتوون.

هزری پەرەسەندن لە سەرەتا دوو هێڵی سەرەکی پیادەکرد بۆ دیاریکردنی قۆناغەکانی پەرەسەندن:

١- جەخت کردن لەسەر یەك ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری لەگەڵ دیاریکردنی ئەو قۆناغە کاتیانەی کۆمەڵگاکان پێیدا تێپەڕ بوونە بەپێی ئەو ڕەگەزە. بەم جۆرە چەند تیۆرزانێکی پەرەسەندنگەری بایەخیان بە لایەنە ئابوریەکاندا وەك ئەوەی کە کۆمەڵگاکان بە قۆناغی جۆراوجۆر تێپەڕ بوونە لە قۆناغی ڕاو بۆ قۆناغی ئاژەڵداری و پاشان قۆناغی کشتوکاڵی. هەندێکی تریان جەختیان لەسەر خێزان کردەوە وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتی، باسیان لە شێوەکانی گواستنەوەی خێزان کرد لە خێزانی سەرەتایی بۆ خێزانی دایکایەتی و تا خێزانی باوکایەتی. قۆناغەکانی پەرەسەندن لێرەدا لەسەر یەك ڕەگەزی ڕۆشنبیری کۆ دەبێتەوە وەك ئابوری یان خێزان، لەوەوە جۆری ئەو قۆناغانەی پەرەسەندن پێیدا تێپەڕ بوونە دیاری دەکرێت.

٢- هەندێ لە تیۆریسازانی پەرە سەندنگەری لە جیاتی جەخت کردن لەسەر یەك ڕەگەز، بایەخیان بە پەرەسەندنی گشتیدا لە بونیادی کۆمەڵایەتی یان

ڕۆشنبیری. لەگەڵ دیاریکردنی قۆناغەکان بە شێوەیەکی گشتی بێ ئەوەی جەخت لە سەرخودی یەك ڕەگەز بکرێت.

زۆربەی بەشدارییە بە ناوبانگەکان لە بواری پەرەسەندن لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەم بوارە کۆبۆتەوە. لە نموونەکانی ئەوانەش تیۆری (ئوجست کونت) دەربارەی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان لە قۆناغی ڕەوشگەری، هەروەها تیۆری مارکس بە گواستنەوە لە قۆناغی سەرەتایی بۆ کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و کۆمەڵگەی سەرمایەداری تا کۆمەڵگەی سوسیالستی. هەروەها تیۆری (لویس مورجان) دەربارەی گواستنەوە لە کۆمەڵگەی سەرەتایی بۆ کۆمەڵگەی بەربەرییەت، تا دەگاتە شارستانیەت و تیۆری (سبنسر) لە گواستنەوەی کۆمەڵگەی سەربازی بەرەو کۆمەڵگەی پیشەسازی. ئەو گۆڕینەی کە بارێکی یەکسانی ڕەها لەگەڵیدا ڕوودەدات بۆ بارێکی نایەکسانی و ناجێگیر.

ئەگەر ئەم تیۆرە جەختی لەسەر یەك گۆڕاو کردەوە یان لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی، ئەوا تیۆری پەرەسەندنی هێڵگەری بە دیاریکردنی چەند قۆناغێکی پێشکەوتنخوازانە دەناسرێ کە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراودا دەڕوات، جیاوازییەکەش لە نێوان بیرمەندەکانی تیۆری پەرەسەندنگەری لە دوو ڕەگەزی بنچینەیدا خۆی شاردۆتەوە.

یەکەمیان پەیوەستە بە ژمارەی قۆناغەکانی پەرەسەندن، دووەمیان پەیوەست دەبێت بە جۆری هۆکارە بزوێنەرەکەی گۆڕان.

(ئوجست کونت) بۆچوونی وایە کە مرۆڤایەتی بە ڕۆیشتنێکی خۆ کردی پێشکەوتنخوازانە دەڕوات، پێشکەوتن لە دیدی ئەودا جوڵاندنێکی کۆمەڵایەتیە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراودا.

ئەم جوڵاندنە ملکەچی چەند یاسایەکی ناچاری دەبێتەوە کە بەڕێکی ڕادە و خێراییەکەی دیاری دەکات.

بەڵگەی (کۆنت) لەسەر ملکەچی مرۆڤایەتی بۆ دیاردەی پێشکەوتن و بالابوون بەردەوام ئەوەیە کە مرۆڤایەتی بە سێ قۆناغدا تێپەڕ بووە: ژیانی کۆمەڵایەتی لە

سەدە كۆنەكان و ژیانی كۆمەلایەتی لە سەدەكانی ناوەڕاستی كریستیانی، پاشان ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی كە لە ماوەی شۆڕشی فەرەنسا دامەزرا.

نووسینەگەی (كونت) بۆ ئەو سێ قۆناغە جەختكردنە لەسەر بیرۆكەكەی لە پەرەسەندن و باڵا بوون، لە وەش زیاتر بەوەی باڵابوون لە دوو دیاردەدا ئاشكرا دەبێ ئەوانیش باری كۆمەڵایەتیمان و سروشتی مرۆڤایەتیمان، هەروەها پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی لە دیدی (كونت) دیاردەییكە لە دیاردەكانی پەرەسەندنی ژیری، یاساكانی لە یاساكانی پەرەسەندنی هزر وەرگیراوە كە گواستنەوەی هزری مرۆڤایەتی لە قۆناغی لاهوتی بۆ قۆناغی فەلسەفەی میتافیزیكی وێنا دەكات، پاشان بۆ قۆناغی زانستی ڕەوشگەری، كە ئەم یاسایە، هەڵەیەكی ئاشكرایە بۆیە هەرچی بیرو بۆچوون و تێڕوانینێك لەسەر ئەم یاسایە بینا بكرێت بە تەواوی ڕاست نییە.

لای (هنری مورجان) هەروەك لە كتێبەكەی (كۆمەڵگەی كۆن) هاتووە كە لە ساڵی (١٨٧٧ز) چاپكراوە بە ئەگەری ئەو قۆناغەكانی پەرەسەندنی تەكنولوجی ورێساى خزمایەتی بە جۆرەها دامەزراوەی كۆمەڵایەتی وسیاسیەوە دەبەسترێتەوە، هنری لەسەر بنەمای چەند دەرئەنجامێكی مێژوویی گەیشتە ئەو ئاكامەی كە ڕۆشنبیری پەرە دەسێنێت لە چەند قۆناغێكی بەدوایەكدا و ڕێكخستنی ئەو قۆناغانەش ڕێكخستنێكی هەربوونیە و ناوەڕۆكەكەش سنوردار دەبێ. لەبەر ئەوەی كرداره ئەقلیەكان لەناو خەڵكدا. لەیەك دەچن لە بەنای چەند بارودۆخێكی لەیەك چوو لە كۆمەڵگە جیاوازەكان.

(هنری مورجان) باسی پێشكەوتنی مرۆڤایەتی كرد لەسێ قۆناغی سەرەكی بۆ پەرەسەندن:

قۆناغی كێویتی، قۆناغی بەربەرییەت، قۆناغی شارستانیەت. هەروەها هەر یەك لە قۆناغەكانی كێویتی و بەربەرییەتی بۆ سێ بەشی دابەشكردوە كە بریتین لە (باڵا، ناوەند، خوارووتر). هەموو ئەو قۆناغانەی خستەبەر ڕۆشنایی ددەسكەوتە تەكنولوجیەكان، ئەو حەوت قۆناغەش هەروەك باسیانی كردوە بەم شێوەیە:

١- **قۆناغی خوارووتر لە کێویتی**، دەس پێدەکات لە سەرەتای پەیدابوونی ڕەگ و ریشەی مرۆڤایەتی تا سەرەتای ماوەی داهاتوو.

٢- **قۆناغی ناوەڕاست لە کێویتی**: دەس پێدەکات لە قۆناغی ڕاوەماسی بۆ پەیداکردنی خۆراك و زانینی بەکارهێنانی ئاگر تا ماوەی داهاتوو.

٣- **قۆناغی باڵا لە کێویتی**: دەس پێدەکات لە دۆزینەوەی تیروکەوان تا قۆناغی دوواتر.

٤- **قۆناغی خوارووتر لە بەربەرییەت**: دەس پێدەکات لە کاتی داهێنانی پیشەسازی گلکاری تا ماوەی دوواتر.

٥- **قۆناغی ناوەڕاست لە بەربەرییەت**: دەس پێدەکات لە کاتی ماڵیکردنی ئاژەڵ لە نیوەی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی، هەروەها لە ڕۆژئاوا لەکاتی کشتوکاڵکردنی دانەوێڵە و ڕووەکەکان بەهۆی ئاودێری تا قۆناغی دواتر.

٦- **قۆناغی باڵا لەبەربەریەت**: دەس پێدەکات لە داهێنانی کرداری ئاسن تواننەوە لەگەڵ بەکارهێنانی کەرەستە نوێیەکان تا قۆناغی دواتر.

٧- **قۆناغی شارستانیەت**: دەس پێدەکات لە دۆزینەوەی پیتەکانی خوێندنی وتراو و بەکارهێنانی نووسین تا ئێستا.

جارێکی تر (مورجان) داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە هەر قۆناغێك دەس پێدەکات بە داهێنانێکی تەکنولوجی بنچینەیی، بۆ نموونە گلکاری بە دیاردەیەکی جیاکار دادەنرێت بۆ بارە خوارووترەکەی قۆناغی بەربەرییەت، هەروەها چاندنی ڕووەك و بەخێوکردنی ئاژەڵ لە قۆناغی ناوەڕاستی بەربەرییەت جیاکارە، لەگەڵ داهێنانی پیتەکانی خوێندنی وتراو مژدەیەك بوو بۆ قۆناغی شارستانیەت، هەروەها ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگە لەسەر بناغەی هەرێمایەتی کە بنەمای دانانی سنورەکان بوو بۆ دەسپێکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

(مورجان) داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی تەکنولوجی دەبەسترێتەوە بە پیوەندییەکی ئاڵ و گۆڕ لەگەڵ چەند پەرەسەندنێکی جیاکار لە خێزان و ئاین و سیستمی سیاسی و ڕێکخستنی مولکیەت.

ب- تیۆری بازنەییەکان:

هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە بۆچوونیان وایە کە گۆڕان بە ئاڕاستەیەکی بەرزی و نزمیدا دەجوڵێ، شەپۆلەکانی نیمچە بازنەین بە دووایەکدا و لە سستمێکی بەردەوام دەبن.

بەجۆرێك کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جێگایەی کە دەستی پێکرد لە خولێکی دیاریکراودا.

تیۆری بازنەییەکان دابەش دەبنە سەر دوو بەش:

هەندێکیان لایەنێکی سنوردار لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی شیدەکەنەوە یان دیاردەیەك یاخود سیستمێکی کۆمەلایەتی ڕاڤە دەکەن. هەندێکی تریان ئامانجەکەی ڕوونکردنەوەی ڕێڕەوی گشتی مێژووە، هەموو دیاردە و سیستم و شێوازە کۆمەلایەتیەکان دەگرێتەخۆی بێ ئەوەی تەنها جەخت لەسەر دیاریەك یان خودی سیستمێك بکات. لە هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕانە (ابن خلدون ـ فیکو ـ شبنجلر ـ نوینبی).

بە بۆچوونی (ابن خلدون) کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەك تاك وایە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێ هەر لەدایك بوونیەوە تا مردنی، دەوڵەتانیش تەمەنیان وەك کەسەکانە، تەمەنی دەوڵەت لە ڕاستیدا سێ نەوەیە، هەر نەوەیەك چڵ ساڵە، کەوابێ تەمەنی دەوڵەت (١٢٠) ساڵە.

لە ماوەی ئەو سێ نەوەیەدا کۆمەڵگە بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:

١- قۆناغی دامەزراندن و پێکهاتن: ئەمەش قۆناغی بیابانیشینە (کۆچەری) لەم قۆناغەدا تاکەکان خەمیان پێداویستیە گرینگەکانی ژیانە. ئەم قۆناغە بە ژیانێکی ناخۆش دەناسرێ، لەگەڵ کێوێتی تاکەکان و ئازایەتیان، هەروەها ئەم قۆناغە بە بوونی دەمارگیری دەناسرێ.

٢- قۆناغی پێگەیشتن و تەواوکاری: ئەمەش قۆناغی موڵکدارییە، تیادا کۆمەڵگە لە کۆچەرییەوە دەگوازرێتەوە بۆ شارستانیەت، لە نەبوونیەوە بۆ سامان و خۆشی، لە بەشداریکردن لە شکۆدارییەوە بۆ کاری تاک لایەنە، لەم ماوەیەدا دەسەڵات لە دەستی کەسێك یان خێزانێك یاخود نەتەوەیەك دەبێت پاش ئەوەی باو بووە بە گشتی.

٣- قۆناغی پیری: ئەم قۆناغە قۆناغی خۆشگوزەرانیەیان شارستانیەت، تیادا تاکەکان سەردەمی کۆچەری و ژیانی ناخۆشیان لەبیر دەچێتەوە، دەمارگیری دەروخێ، خوشگوزەرانی دەگاتە لوتکە، بەرگری وتێ هەڵچوون لەبیردەکەن، خۆشگوزەرانی دەوڵەت دەبێتە هۆی نەمان و لە ناوچوونی، بارێك لە لاوازی و خۆ ڕسواکردن و گەندەڵی پێشتر ڕوودەدات، کۆمەڵگە کۆتایی پێدێت بە پەککەوتن.

بیرمەندی ئیتالی (فیکو) بە گەورەترین بیرمەندانی هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە دادەنرێ، دەربارەی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان تیۆرێکی بازنەیی داڕشت ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە سێ قۆناغ تێپەڕ دەبێ کە بریتین لە:

١- قۆناغی ئاینی یان خوداوەندی: لەو قۆناغەدا خەڵکی هەموو شتەکان بۆ خودا دەگەڕێننەوە.

٢- قۆناغی قارەمانیەتی: لەو قۆناغە هەموو شتەکان بۆ گەورە و قارەمانەکان دەگەڕێننەوە.

٣- قۆناغی مرۆڤایەتی: لەم قۆناغەدا جەماوەر یان گەل دەبنە بزوێنەری ڕاستەقینە بۆ هەموو شتێك.

بە بۆچوونی ئەم تیۆریە مرۆڤایەتی سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ بەڵکو بە شێوەیەکی بازنەیی دەڕوات، کاتێ سەقامگیری دێتەدی لە ماوەیەکی دیاریکراوی دووا قۆناغیدا، بە خێرا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی یەکەمی، بەڵام بە جۆرێکی گۆڕاو و بە شێوەیەکی زیاتر باڵا، واتا دووا سەردەم لەو سەردەمانە ڕێگا خۆش دەکات بۆ سەردەمی یەکەم بەڵام بە جۆرێکی باڵا تر، بۆیە بەم تیۆرە وتراوە یاسای پاشگەز بوونەوە.

هەروەها (اوزفالد شبنجلر) کە بە ناوبانگترین کەسی تیۆری بازنەییە لە کتێبەکەی (ڕوخانی ڕۆژئاوا) بایەخی بە شارستانیەتەکان داوە و بە ژیانی بوونەوەرانی زیندووی شێواندوە کەبە قۆناغی گەنجیدا تێپەڕ دەبێ پاشان پێگەیشتن، تا پیری کە چارەنووسە.

(شبنجلر) تۆژینەوەی لەسەر حەوت شارستانیەت ئەنجامداوە، لەو تۆژینەوانەی ناوبراو هەوڵیداوە هۆکارەکانی سەرکەوتن و ڕوخاندنیان بدۆزێتەوە، بۆی دەرکەوتووە کە هەموویان بە قۆناغەکانی دامەزراندن و گەشە کردن و پێگە پشتن و پاشان دارمان تێپەڕیوونە.

(توێنبی) داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کەبیرۆکەی بەگژداچوون و بە دەنگەوەهاتن هۆی گواستنەوەی هێزەکانە. ناوبراو بۆچوونی وایە کە بە دەنگەوەهاتنە سەرکەوتووەکان بۆ بە گژداچوونەکان دەبنە هۆی بەرهەم هێنانی ڕەگەزەکانی گەشەکردن. هەروەها شارستانیەتەکان بەردەوام دەبن لە گەشەکردن تا کەمایەتیە بژاردەکەی درێژە بە بەردەوام بوونی بدات لە بە دەنگەوەهاتنە داهێنەرە یەکسانەکەی لەگەڵ بەگژداچوونە نوێیەکان. بەڵام کرداری لەناوچوون دەس پێدەکات کاتێ ئەو کەمایەتیانە بزوێنەرکاریان لە دەس دەدەن و ناتوانن بەشێوەیەکی داهێنەرانە بە دەنگ ئەو بەگژداچوونە نوێیانە بێن. پێشینە شارستانیەتەکان هەڵدەسن بەدیاریکردنی ئاستەکانی، ئەو پێشینانەی لە شارستانیەتە کۆنەکان هەڵقوڵاون پاش دارمانیان ئاستیان بەرزتر دەبێ لەو شارستانیانەی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە هاتوون، ئەوەش بەهۆی جیاوازی تواناکانیان لە زۆر ڕووی گرینگەوە.

بۆیە (توینبی) وای بۆ دەچێت کە بزووتنەوەی بازنەیی بەسەر هەموو شارستانیەکاندا پیادە دەبێ ئەگەرچی هەندێکیان بێ بەرهەم و هەندێکی تریان بەوەستان تا ماوەیەکی تر دەناسرێن.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە توینبی سنوری گۆڕانی لە سێ باری بنچینەیی سنوردار کردوە: یەکەمیان باری هاوسەنگی یان یەکسانی. دووەمیان: گواستنەوە بۆ باری ناهاوسەنگی، سێیەمیان: چارەسەرکردنی کێشەکە واتا گواستنەوەی بۆ بارێکی نوێ.

لێکۆڵینەوەکەی توینبی بیست و یەك شارستانیەتی گرتەخۆی لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا.

ئەم زانایە هەوڵیداوە بگاتە زانینی ئەو یاسا گشتیانەی بڕیار لە دامەزراندن و پەرەسەندن و ڕوخاندنی ئەو شارستانیەتانە دەدەن. (توینبی) سروشتی داروخانی شارستانیەتی لە سێ خاڵدا کۆکردەوە:

یەکەم: نوشوستی وزەی داهێنەرانە لای کەمایەتیە داهێنەرەکە، لەو بارەوە ئەو کەمایەتیە دەگۆڕێ بۆ کەمایەتیەکی زاڵبوو.

دووەم: زۆرینەی کۆمەڵگە وەڵامی زۆرداری کەمایەتی دەدەنەوە بە کێشانەوەی ملکەچی بۆ ئەو کەمایەتیە هەروەها لاسایی نەکردنەوەی.

سێیەم: نەمانی متمانەی نێوان کەمایەتی دەسەڵاتدار و زۆرینەی بێ دەسەڵات دەبێتە هۆی لە دەسدانی یەکگرتوویی کۆمەڵگە و ڕوخاندنی.

لە دیدی (سوروکین) کۆمەڵگاکان لە جوڵەی هات و چوودا دەبن بە شێوازێکی شارستانی دیاریکراودا بۆ شێوازێکی تر. مرۆڤایەتی لە سەرەتادا پێویستی بە زانینە بۆ زاڵبوون بەسەر ئاراستەکەی گۆڕاندا. هەر بۆ ئەوەی لە جولانەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بگەین پێویستە لەسەر کۆمەڵناسان، شارەزاییەکی باشیان بۆ نموونە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەبێ، سوروکین بە سێ جۆر شارستانیەت ئاگادارمان دەکاتەوە: هەستیاریی ـ ئەندیشەکاری ـ ئایدیالیزمی.

## شێوازەکانی ڕۆشنبیری:

### یەکەم: ڕۆشنبیری هەستیاریی:

بوونی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە کاتێ دەبێ کە ئەقڵیەتی جەماوەر ڕاستی شتەکان وەردەگرێت و دەتوانێ بەهۆی ئەندامەکانی هەستیاریەوە سەرنجیان بداتێ.

بۆیە شارستانیەتی هەستیاریی بایەخ نادات بە لێکۆڵینەوە یان دۆزینەوەی (زانینی ڕەها) بەڵکو ڕوو لە بەکارهێنانی ئەزمونگەری دەکات وەك سەرچاوەیەك بۆ ڕاستی.

هەواڵنامەی کتێب

دووەم: ڕۆشنبیری وێنەیی:

بریتیە لە هەستپێکردنێکی ڕۆحی، چونکە ئەو ڕۆشنبیرییە تا ڕادەیەکی دوور پشت بە ڕەوتی ئاینی دەبەستێت، پاشان کە پشت لەسەر ئایین و سروش دەبەستێت وەك سەرچاوەیەك بۆ ڕاستی و هیچ بایەخ بە لایەنەکانی ئەزمونگەری نادات. بۆیە ئەگەر کەسی هەستیار زانینی لەو دیاردانە پەیدا کرد ئەوانەی دەگرێت سەرنجیان بدرێتی وا بە لێهاتوویی چارەسەریان دەکات، بۆیە کەسی وێنەیی بە ساکاری ئەو کەسەیە کە نێوان شێواز و بارو دۆخەکانی کۆمەڵە وشەیەك جووت دەکات لەگەڵ دانانی چەند پێشبینیەکی خەیاڵی و پاشان خاوەن ئەو ڕۆشنبیرییە بە هەمیشەیی و ڕەهایی دەبێ.

سێیەم: ڕۆشنبیری ئایدیالیزمی:

تێکەڵەیەکە لە شێوازی هەستیاریی و وێنەیی. ئەم جۆرە باڵاترە لە هەردوو جۆرەکەی تر... بەهۆی زیادبوونی (هۆ) وەك سەرچاوەیەك بۆ ڕاستی هەروەها بۆ ئەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە ئایدیالیزمیە هەبێ پێویست دەکات بژێ یان هاوڕێیەتی ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری هەستیاری و وێنەیی بکات لە شێوازێکی ڕێك و پێکدا، ئەم جۆرە بوونە سێ گۆشەیەکی ئەبستمولوجی (تیوری زانین) دەنوێنێ.

چوارەم: ڕۆشنبیری تێکەڵاو:

بەڵام جۆری چوارەم بۆ ڕۆشنبیری پێویست دەکات ئەندیشە کردنێك بێت لە تەواوکاری سیستمە هزرییەکەی (سوروکین) کە پێی دەوترێت (ڕۆشنبیری تێکەڵ) ئەوەش پێکهاتەیەکە لە ڕۆشنبیری هەستیاریی و وێنەیی بە بێ (هۆ) وەك سەرچاوەیەك بۆ ڕاستی. پێویستە ئەو ڕۆشنبیرییە تا ڕادەیەك پشت بە ئەزمونگەری و خواناسی یان پەرپووتی (ملکەچی) ببەستێت، هەروەها پێویست دەکات هێڵێك لە ناوەڕاست دیاری بکرێت بۆ جیاکردنەوەی ڕۆشنبیری هەستیاریی و وێنەیی لە بنچینەی سێگۆشەکەدا.

(سوروكين) باوەڕی وایە کە ئەم کۆمەڵگەیانە بەردەوام لە هاتن و ڕۆیشتنندان لە نێوان شارستانیەتی هەستیاریی و وێنەیی کە هەندێ جار بە پلەی گەورە بەرز دەبێتەوە و تا ڕادەیەك ڕۆشنبیری ئەندیشەیی بەدەس دێنێت، هەندێ جاریش بە ڕۆشنبیریەکی ئاوێتەدا تێپەڕ دەبێ.

(سوروكين) پێش کۆچی دووایی لە ساڵی ١٩٦٩ سەرنجی بۆ ئەوە چووە کە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا دەگاتە دورترین پلەکانی ڕۆشنبیری هەستیاریی تا ڕادەیەك، بۆیە پێویستە لە سەری کە دەس بکات بە وەرگرتنی ئاراستەی شێوازی وێنەیی.

ئاشکرایە کە خاوەن تیۆریەکانی بازنەیی ڕێککەوتوون لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە هەروەها ئەزموونە مێژووییەکان بۆ کۆمەڵگاکان دەگرێ خۆی دووبارە بکاتەوە.

بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا لە تێڕوانینیان بۆ ئەو جولە بازنەییەی ناو کۆمەڵگاکان ناکۆکن هەندێکیان چەند قۆناغێکی جێگیر دیاری دەکەن کە کۆمەڵگاکان پێیدا تێپەڕ دەبن، هەروەکو لە تیۆرەکەی (شبنلجر) یان تیۆرەکەی (سوروکین)دا هاتووە. بەڵام هەندێکی تریان باس لە ڕوودانی چەند خولێك دەکەن کە دەگرێ دووبارە بێتەوە لێرەو لە وێدا بێ دیاریکردنی قۆناغە جێگیرەکان. هەر وەك لە تیۆریەکانی (باريتو) یان (توینبی)دا هاتووە:

١- ئەم ڕۆشنبیرییە جۆرە بەرنامەیەکی پەرەسەندنی جێگیر دەسەپێنێ بەسەر هەموو کۆمەڵگاکان بێ ئەوەی تەماشای ڕاستی ئەو کۆمەڵگایانە و ڕەوتی پێکهاتەی ناوخۆیان بکەن.

٢- پرۆسەی پەرەسەندن بە پرۆسەیەکی هەر بوونی یان ناچاری دەژمێرێت لە هەموو کۆمەڵگاکان.

٣- پەرەسەندنی فرە هێڵ پشتگوی دەخات، پەرەسەندن لەسەر یەك هێڵ یان بازنەیی دەبێ.

٤- وای دادەنێ کە پەرەسەندن پێشکەوتنخوازی یان کۆنەپەرستانە دەبێ، بەمە شێوەکانی تری پەرەسەندنی مام ناوەندیانە پشتگوێ دەخات.

## شێوه تازەکانی پەرەسەندنگەرایی:

ئەگەرچی ڕۆژگار بەسەر تیۆریەکانی پەرەسەندنگەرایی بەسەرچوە، بەڵام لە سەرەڕای ئەوەشدا ماوەماوە ئەو تیۆرە دەردەکەوێت تا ڕادەیەك دەگرێت بوترێت کە مێژوو بە هیچ جۆرێك کۆتایی بە هزری پەرەسەندن نەهێناوە، هەرچەندە هەندێك جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی کە پەرەسەندنگەرایی نوێی خۆی لە زۆر کێشەی پەرەسەندنگەرایی کلاسیکی ڕزگار کردوە.

هەروەك هزری پەرەسەندن وا نەماوە کە جەخت لەسەر هەربوونایەتی مێژوویی بکاتەوە هەروەها لە پەرەسەندنی یەکلایەنە. سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەم تیۆرە وا نەماوە کە گفتوگۆ لە نێوان پەرەسەندن لەسەر ئاستی بیولوجی و هاوتاکەی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە ئێمە جیاوازییەکی گەورە نابینین لە نێوان هزری پەرەسەندنی کۆن و هزری پەرەسەندنی نوێ، بەڵکو هزری پەرەسەندن بە (کۆن و نوێ)ی دامەزرا بۆ بەدیهێنانی هەمان ئامانج کە ئەویش داکۆکی کردنە لەسەر باڵایی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی و پێشکەوتنی.

ئەگەرچی ئەو بیرۆکەیەی کە بە شێوەیەکی شەرمنانە دەرکەوت لە هزری پەرەسەندنی کلاسیکی و بەرەو ڕووی دژایەتی بوەوە لە لایەن تیۆرە بازنەییەکان لە پەرەسەندندا، ئەوا لە هزری پەرەسەندنی نوێدا بە شێوەیەکی زیاتر پشت ئەستور بە خود دەرکەوت تا لە پێشتر. لێرەدا چەند نموونەیەکی خێرا بۆ ئەو هزرە پەرەسەندنگەراییە دەخەینە ڕوو:

### أ- تیۆری قۆناغەکانی گەشەکردن:

ئەم تیۆریە لەلایەن (والت روستو) خراوەتە ڕوو ساڵی (١٩٦١) لە کتێبێك بەناوی (قۆناغەکانی گەشەکردنی ئابوری). تیۆریەکە پشت بە گریمانەیەك دەبەستێ ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی کە گەشەکردنی ئابوری لە هەموو کۆمەڵگاکان بە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا تێپەڕ دەبن، جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگەیەك و ئەویتر بەپێی ئەو پلەیەیە کە کۆمەڵگە بڕیویەتی لە سەر ڕێگای گەشەکردنی ئابوری. ئەمەش لە

ناوەڕۆکدا ئەوە دەگەیێنێ کە کۆمەڵگە گەشە نەکردووەکان بە هەمان هێڵی پەرەسەندن تێپەڕ دەبن کە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان پێیدا تێپەڕ بوونە.

**(روستو) پێنج قۆناغی داناوە بۆ گەشکردن بریتین لە:**

١- قۆناغی کۆمەڵگەی نەریتگەری باو.

٢-قۆناغی ئامادەبوونی مەرجەکان بۆ بەرپاکردن.

٣-قۆناغی بەرپاکردن.

٤-قۆناغی ڕوو لە گەشەکردن.

٥-قۆناغی بەکاربردنی زۆر.

بە بۆچوونی (روستو) کۆمەڵگاکان دەبێ بەم قۆناغانەدا تێپەڕ بن و بەدوای یەکدا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی ئەو ماوەیەی پێویست دەکات بۆ هەر قۆناغێک. (روستو) ـ بونیادی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەیەک دەبەستێتەوە، هەروەها گواستنەوەی کۆمەڵگە بەرەو تازەگەری بەدی نایەت تەنها بە گۆڕینی هەردوو ژێرخان نەبێت بەیەکەوە.

**ب- تیۆری بەیەک گەیشتنەوە یان نزیکبوونەوە:**

ئەم تیۆریە ساڵی (١٩٦٠) لە لایەن (کلارک کیر) و هاوڕێکانی خرایە ڕوو، بە تیۆری بەیەک گەیشتنەوە (لەیەک نزیکبوونەوە) ناسراوە. گریمانەی بنچینەیی ئەم تیۆریە بریتیە لە: جیهان لە قۆناغێکی نوێدایە کە قۆناغی پیشەسازی تەواوە، بێ گومان هەندێ بیروباوەڕی نزیک هەیە لەم قۆناغە، هەروەها هەندێکی تر هێشتا دوور ماوەتەوە. پیشەسازی تایبەتمەندییەکی جەوهەری هەیە بەوەی کە کۆمەڵگاکان وەك یەك لێدەکات و سیستمی لەیەکچوو دروست دەکات. کۆمەڵگە پیشەسازییەکان کە گەیشتنە ئەم لەیەك چوونە، ئایندەی کۆمەڵگە نا پیشەسازیەکانیش پێکدێنێت، ئەم لەیەك چوونە ئەم دیاردانە دەگرێتە خۆی:

١- بەرهەمێکی سنور فراوان کە پشت دەبەستێتە، سەر کارامەیی و ڕکابەری و دابەشکردنی کار.

٢-جوڵەکردنی کۆمەڵایەتی ئاسۆیی و ستوونی.

٣-پەرەسەندنی فێربوون و دابەش بوونی بۆ فێربوونی پسپۆڕی و فێربوونی کارگێڕی.

٤-بە شارستانی بوون و زۆربوونی دانشتوانی شار.

٥-بەدیهێنانی ڕادەیەك لە خەرجکردن لەسەر بەهاکان.

٦-گەشەکردنی متمانە بەك کردنی ئاڵ و گۆڕ و کەمبوونەوەی دەرفەتەکانی جەنگ.

ئەم کاریگەریانە وێنەیەکی نموونەیین لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەك کە لە هەوڵی جێبەجێکردنیاندا دەبێ. ئەگەر ئاماژەکانی ئەم نموونەیە لە خسڵەتە هاوبەشە گشتیەکانی کۆمەڵگا پیشەسازیەکان بن، ئەوا گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆتایدا دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی جۆرێك لە بەیەکگەیشتنەوە یاخود نزیکبوونەوە لە نێوان دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان. هەرچەندە (کیر) هیچ قۆناغێکی بۆ ئەم پەرەسەندنە دیاری نەکردوە، بەڵام تا ڕادەیەکی گەورە لەیەك دەچن لەگەڵ شیکردنەوەکەی (والت روستو) بۆ قۆناغەکانی گەشەکردن.

جـ- تیۆری کۆتایی مێژوو:

ئەم تیۆریە، نوێترین تیۆریەکانی پەرەسەندنە لە لایەن بیرمەندی ئەمریکی (فرنسیس فوکویاما) خراوەتە ڕوو ساڵی (١٩٨٩) پاش ڕوخاندنی ڕژێمی سوسیالیزمی لە یەکێتی سوڤیەت و دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات.

بنەمای ئەم تیۆریە بیروڕاکانی پەرەسەندنگەراییە لای (هیجل) کە دیدی بۆ پەرەسەندن بەرپابوونێکە بەرەو کاری تەواوکاری، ئەقڵی تەواو، دەوڵەتی سەرتاپاگیری، بەها ڕەهاکان، ئەم تیۆرە پەرەسەندنێکە بەرەو ڕەها، یاسای دیالێکتیك کۆتایی پێ دێنێت و هەوڵ دەدا بەرەو چاکترین و تەواوترین شێوەی بەرێ.

(فوکویاما) پشتی بە بیرۆکەی هیجل بەست دەربارەی: ویست لە دانپیانان و ڕێزلێگرتن کە (هیجل) بە بیرۆکەی بزوێنەری مێژووی دانا.

دیدی (فوکویاما) بۆ دیموکراتیەتی لیبرالی هاوچەرخ (کە ئەمریکا نوێنەرایەتی دەکات) کۆتایی بە بیرۆکەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و کۆیلەکان هێناوە، کە پێشتر بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ڕژێمە سیاسیەکاندا هەبووە. هەموو ئەو ڕژێمانە دەگەڕان بە دوای دانپیاناندا کە وێنە هەست پێکراوەکەی ململانێیە لە نێوان دوو کەسی دژ بەیەك، ئەو ویستە لە دانپیانان وا دەکات کە یەك لەوانە بمرێ و خۆی بە دەستی ئەویتر بدات. هەر ئەو بارە ـ پاشان ـ وا لە ڕژێمە سیاسیەکان دەکات کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە زاڵبوەکان دابمەزرێن، هەر خۆشی وا دەکات هەندێ دەوڵەت بەسەر چەند دەوڵەتێکی تر زاڵبێت و زلهێزەکان دابمەزرێن. ئەم بارە درێژەی کێشاوە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی ویست لە وەرگرتنی دانپیانان لەسەر بنەما نا ئەقلانیەکان دروست دەبێ.

بەڵام لیبرالیزمی دیموکراتی کە پاش شۆڕشی فەرەنسا و شۆڕشی ئەمریکا دەرکەوت، ئەوا ویستی نا ئەقلانیەت لە دانپیانان بە دەوڵەت یان بەتاکی، گۆڕی و لە جێگای ئەودا ویستێکی ئەقلانی دانا لە دانپیانان بە دەوڵەت یاخود تاك لەسەر بنەمای یەکسانی. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە لیبرالیزمی دیموکراتی کێشەی ململانێی مێژوویی چارەسەر کرد لە ماوەی بەهای یەکسانی بەمەش مێژووی لە جوڵە ڕاگرت، کەوابێ ئەمە کۆتایی مێژووە و ئیتر کۆمەڵگاکان پەرە دەسێنن بۆ ئەوەی بگەنە هەمان کۆتایی، هیچ بوارێکی تریش بۆ پەرە سەندن نەماوە پاش دیموکراتیەتی لیبرالیزمی کە کەسێتی و باڵایی بۆ تاك بەدی دێنێ و چوارچێوەیەك لە یەکسانی دەخولقێنێ، هەر لە کایەیدا دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی لەناو دەچێ.

ئەگەر تیۆریەکەی (فوکویاما) لە نوێترین تیۆریەکانی پەرەسەندن بێت و ئەگەر کۆتایی بۆ مێژوو دابنێ، ئەوا دەکرێ بوترێت کە ئەم تیۆریە پیرۆزی پەرەسەندنی ڕاگرت یان لە خاڵێکی دیاریکراودا جێگیری کرد. ئایا کاریگەری بەسەر خودی تیۆریەکانی پەرەسەندن دەبێت و ئەوانیش ڕادەگرێت و کۆتاییان بۆ دادەنێ؟

**سێیەم: تیۆریەکانی بونیادی ـ فەرمانگەرایی:**

تیۆری فەرمانگەرایی بیرۆکەی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی لەبەر ڕۆشنایی مێژوومکەی خەفەت بار کردوە، هەروەك بیرۆکەی قۆناغەکانی پەرە سەندنی پەژارە کردوە. لە بەرامبەر ئەوەدا فەرمانگەرایی هەوڵیداوە کە تێگەیشتنی بۆ کۆمەڵگە لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی هاوچەرخ و لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییە ئاڵ و گۆڕەکانی نێوان پێکهاتەکانی بێت.

تیۆری بونیادی ـ فەرمانگەرایی لەشیکردنەوەکانی پشت بە دوو چەمکی سەرەکی دەبەستێ کە ئەوانیش بریتین لە چەمکی بونیاد (Structure) و چەمکی فەرمان (Function) چەمکی بونیاد ئاماژە بۆ پەیوەندییە بەردەوامە جێگیرەکانی نێوان یەکە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، لە کاتێکدا چەمکی فەرمان ئاماژە بۆ ئەنجامەکان یان ئاسەوارەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی دەکات. بونیاد لایەنە پەیکەرییە جێگیرەکان ئاشکرا دەکات، لە کاتێکدا فەرمانگەرایی ئاماژە بۆ لایەنە دینامیکیەکانی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات. فەرمانگەراییەکان چەمکێکی سێیەمیان بەکارهێناوە ئەویش چەمکی سیستمی کۆمەلایەتیە کە لە ماوەیدا توانراوە لایەنە پەیکەرییە (بونیادیەکان و لایەنە دینامیکیە ـ فەرمانگەراییەکان) شیبکرێتەوە. کۆمەڵگە سیستمێکە لە کۆمەڵە سیستمێکی لاوەکی، هەریەکەیان فەرمانێکی دیاریکراو جێبەجێ دەهێنێ.

فەرمانگەرایی لە ماوەی کەلەپورێکی دورودرێژ لە سەدەی نۆزدە هەمەوە دەرکەوت و درێژەی کێشا تا ئەم سەردەمە کە ژمارەیەکی گەورەی زاناکان بەشداریان تیادا کردوە و لە دوواییدا شێوەکانی جۆراوجۆر بوونە و بەشدارییە تیورییەکان تیادا جیاواز بوونە. بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونە پێویست بە هەڵوێستەیەك دەکات لەسەر هەندێ لە وێنەکانی فەرمانگەرایی کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بە دەرکەوتووە تا ئەمڕۆ. هەر سەرەڕای بوونی چەند جۆرە ڕێککەوتنێك لە نێوان ئەم وێنانە بەڵام چەند جیاوازییەکیش هەیە لە نێوانیان، ئەم جیاوازییەش هەڵقوڵاوی بارودۆخێکی مێژووییە کە هەر وێنەیەك لەو وێنانەی تیادا دەرکەوتووە، لەم بارەدا

فەرمەنگەرایی سەدەی نۆزدەهەمدا هەبووە، کە کارەکانی (سبنسر، دورکهایم، باریتو) و ژمارەیەکی تر لە زانایانی ئەنثروبولوجیا پێکهاتووە، هەروەها فەرمانگەرایی سەدەی بیستەم هەیە کە کۆمەڵناسی ئەمریکی (تالکوت بارسونز) دایمەزراند، لە دوواییدا تیۆری گەشەسەندنی فەرمانگەرایی کە لە لایەن خوێندکارە فەرمانگەراییە سەرەتایی و تازەکاندا پەرەی پێدراوە لە هەوڵدانێك بۆ تێگەیشتن لە سروشتی گۆرانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە گەشە سەندوەکان، لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە هەر وێنەیەك لەو وێنانە بکەین.

### ١- فەرمانگەرایی کلاسیکی:

چەمکی فەرمانگەرایی کلاسیکی بەکاردەهێنرێت وەك ئاماژەپێکردنێك بۆ ئەو بەشدارییە فەرمانگەراییە زووانە، هەروەك لە کارەکانی (هربرت سبنسر أمیل دورکهایم، باریتو، ماکس فیبر) دەردەکەوێت. لە ڕاستیدا ئەم بەشداریکردنانە ـ لەگەڵ جیاوازیەکانی نێوانیان ـ تێڕوانینی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەك گۆڕانێکی هاوسەنگی پلەبەپلە دایە، نابێتە هۆی ڕوخاندنی بونیادی کۆمەڵایەتی یان ئاڵ و گۆڕکردنی، بەڵکو دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی لە بارێکی تەواوکاری و هاوسەنگیدا.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە شێوەکانی زیادبوون لە قەبارە و جیاوازی لە پێکهاتەکان دەردەکەوێت و بەردەوام کردارەکانی تەواوکاری و هاوسەنگی لەگەڵدا دەبێ.

لێرەدا بە خێرایی باس لە دوو بەشداریەکانی فەرەمانگەرایی کلاسیکی دەکەین:

أ- لە دیدی (هربرت سبنسر) (١٨٢٠ ـ ١٩٠٣) کۆمەڵگە لەبەر ڕۆشنایی هەمان ئەو یاسایانە دەگۆڕێن کە بەهۆیەوە جیهانی مادە دەگۆڕێ لە بارێکی ناهاوچەشن و نا دیاریکراو بۆ بارێکی هاوچەشن و دیاریکراو و بە سیستەم.

(سبنسر) باوەڕی وابووە کە ئەم بنەمایە دەکرێ پیادە بکرێت لەسەر گەردوون و زەوی و بوونەوەرە زیندووەکان و ئەقڵی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

جیهانی مادی و جیهانی بونەوەرە زیندوەکان و جیهانی کۆمەڵایەتی هەمووی ملکەچی هەمان یاساکانی جولەوپەرە سەندن دەبن، لەبەر ڕۆشنایی ئەم گریمانەیە

به دیدی (سنبسر) کۆمەڵگە بریتیە لە قەوارەیەکی گشتی کە لە چەند یەکەیەکی جیاکار پێکدێت و ڕێکدەخرێت بەپێی چەند بنەمایەکی دانراو لە جێگایەکی دیاریکراودا.

لای (سبنسر) کۆمەڵگە هاوشێوەی بوونەوەری زیندوە بۆیە کاتێ کۆمەڵگە دەگۆڕێت ملکەچی هەمان لۆژیکی پەرسەندنی بوونەوەرە زیندوەکان دەبێ. کۆمەڵگە قەبارەکەی گەشەدەکات، کاتێ قەبارەکەی گەشە دەکات پێکهاتەکانی جیاواز دەبن و لە یەك ناچن ـ لێرەدا جۆرێك لە جیاوازی بونیادی دەردەکەوێت، بەڵام ئەو جیاوازییە نابێتە هۆی لە دەسدانی کۆمەڵگە بۆ تەواوکاری خۆی، ئەو بەردەوام شێوەی تازە پەرەپێدەدات بۆ تەواو بوونی بەشەجیاوازەکانی.

بەم جۆرە کۆمەڵگاکان بە سادەیی دەس پێدەکەن، پلەبەپلە بەرەو کۆمەڵگەی پێکهاتوو ئەو پێکهاتووەش دەگۆڕێت بۆ پێکهاتووی ئاوێتە، تا کۆمەڵگەی پیشەسازی دەردەکەوێت کە بەجیاوازی و ناهاوچەشنی توند دەناسرێ. ئەگەر کۆمەڵگەی سادە (سبنسر ناوی لێناوە کۆمەڵگەی سەربازی) تەواوکاری خۆی لەسەر چەوساندنەوە و هاوکاری و زۆرە ملێ دروست بکات ئەوا کۆمەڵگەی پیشەسازی تەواوکاری خۆی لەسەر هاوکاری ئارەزوومەندانە دادەمەزرێنێ.

ب- ئەمیل دورکهایم (١٨٥٥ ـ ١٩١٧):

ئەم تیۆریە دەربارەی گۆڕانی کۆمەلایەتی کە لە لایەن (دورکهایم) خراوەتە ڕوو تا ڕادەیەکی گەورە لە تیۆرەکەی (سبنسر) دەچێت. بێ پابەندی بە لێکچوونی ئۆرگانی یان لە یەکچوواندنی گۆڕان لە کۆمەڵگە بە گۆڕانکاریەکان لە جیهانی مادە یاخود جیهانی بونەوەرە زیندوەکان.

لە دیدی (دورکهایم) گۆڕان لە ڕووانگەیەکی فەرمانیەوە سەری هەڵداوە لەسەر هەردوو بیرۆکەی جیاوازی و هاریکاری دادەمەزرێت. ئەوەش لەو پەیوەندییە ئاشکرا دەبێت کە لە نێوان هەردوو چەمکی دابەشکردنی کارو چەمکی هارێکاری کۆمەڵایەتی دایمەزراندوە.

دابەشکردنی کار بە ناچاری بارودۆخێکی جۆراوجۆر لە جیاوازی کۆمەڵایەتی هاوەڵی دەبێت و خۆی لە زۆربوونی دانیشتوان و زۆری چڕبوونە ڕەوشتیەکان دەنوێنێ.

بەڵکو بەهۆی ئەو جیاوازییە کۆمەلایەتیانە کار دەبێتە پێویستیەك ئەوەش لە جەوهەردا گوزارشت لەو جیاوازیە دەکاو بەڵگەیەکە لەسەر ڕوودانی.

کەواتە کۆمەڵگاکان لە گۆڕانیاندا (پەرەسەندنیاندا) لایەنگری ئەوە دەکەن کە لە پێکهاتەکانیان جیاوازی هەبێ، بەڵکو ڕودانی چەند شێوەیەك لە جیاوازی دەبێتە هۆی زۆربوونی چڕی لە ڕەوشتدا. (جۆراوجۆری بە هاو ئاڕاستە و ئارەزوو باوەڕەکان)، ئەوانەش بە ڕۆڵی خۆیان دەبنە هۆی دابەشکردنی کار... بەم جۆرە.

بەڵام کۆمەڵگاکان بێ پێوەر ناگۆڕێن، گۆڕینیان بەپێی بنەماو پێوەرە یاساییەکان ڕێکدەخرێ، لێرەدا باس لە چەمکی هاریکاری دێت، ئەگەر کۆمەڵگە سادەکان (ئەو کۆمەڵگایانەی جیاوازیان تیادا نییە و هیچ جۆرە دابەشکردنێکی کاری تیادا نییە) ئەو کۆمەڵگایانە هاریکاری و تەواوکاریان بەدی دەهێنن لە ڕێگای یاسای زۆر لێکردن (سەپاندنی شێوازێك لە ژیان و بیرکردنەوە و ڕەفتار) ـ کۆمەڵگە نوێیەکان (ئەو کۆمەڵگایانەی جیاوازن و شێوازی جۆراوجۆر لە دابەشکردنی کار دەزانن) تەواوکاری و هاریکاریان لە ڕێگای یاسای مەدەنی یان قەرەبوکردنەوە بە دەس دێنن. (دەرفەت دەدات بە فرەیی شێوازەکانی ڕەفتار و جیاوازیان).

(دورکهایم) بە جۆری یەکەمی کۆمەڵگاکانی وتوە کۆمەڵگاکانی هاوکاری ئامێری، بەڵام بەجۆری دووەمیانی وتووە کۆمەڵگاکانی هاریکاری ئۆرگانی. گۆڕان لە جۆری یەکەم بۆ جۆری دووەم لە هزری (دورکهایم) یاسایەکی گشتیە.

٢-تیۆری هاوتایی دینامیکی:

تیۆری فەرمانگەرایی لە سەدەی بیستەمدا پەرەی سەند بۆ ئەوەی لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەلایەتی جەخت لەسەر بیرۆکەی هاوتایی دینامیکی بکات. لەم بوارەدا کۆمەڵناسی ئەمریکی (تالکوت بارسونز) بەناوبانگترین کەسە پەرەی بە

بیروباوەڕەکانی فەرمانگەرایی داوە. بۆیە ئێمە بە دیاری باس لە بۆچوونەکانی (بارسونز) دەکەین دەربارەی گۆڕانی کۆمەلایەتی.

کۆمەڵگە لای بارسونز یەك لە میتۆدە بنچینەییەکانی کارە، کە بارسونز لە چوارجۆر دیاریکردوە:

میتۆدی ئۆرگانی، میتۆدی کە سایەتی، میتۆدی کۆمەڵگە، میتۆدی رۆشنبیری.

میتۆدی کۆمەڵگەش دابەش دەبێتە سەر چوار میتۆدی لاوەکی بریتین لە: ئابوری، سیاسەت، پەیوەستیە کۆمەڵایەتیەکان، سیستمی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی.

کۆمەڵگە وەك سیستمێك لە بارێکی هاوتادا دەژێت (بوونەوەری ئۆرگانی، کەسایەتی، رۆشنبیری) هەر لەناو خۆشیدا هاوتا دەبێت چونکە سیستمی پەیوەندییەکانی رێکخراو و هاوتا بەدی دێنن.

کاتێ کۆمەڵگە تووشی بارێکی گۆڕان دەبێ، ئەوا خسڵەتی هاوتایی لە دەس نادات، ئەو هاوتاییە دینامیکی و بەردەوامی دەبێ، بۆیە دەگرێ کۆمەڵگە بەردەوام خۆی بگونجێنێ لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکان و ناوێتەی ناو بونیادەکەی بکات.

لە پرۆژەکەی (بارسونز) دەگرێ دوو جۆر گۆڕانی کۆمەڵایەتی جیابکەینەوە:

أ- گۆڕانە کورت خایەنەکان: ئەو گۆڕانکاریانە لەناو کۆمەڵگە دەردەکەوێت لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکی ناوخۆیی (لەناو کۆمەڵگە وەك ئەو گرژیانەی ئاڕاستەیەك بۆ گۆڕان دەسەپێنێ نموونەی ئەوانەی لە ئەنجامی دەرکەوتنی دۆزینەوەکان و بیروباوەڕە تازەکاندا دێن) یان هۆکارە دەرەکیەکان (دەردەکەوێت لە هەر سیستمێك لەو سیستمانەی ژینگەی کۆمەڵگە پێکدێنێت وەك گۆڕانکاریەکان لە خسڵەتە - ویراسیەکان - بۆ دانشتوان، هەروەها گۆڕینی شێوازەکانی سوود وەرگرتن لە سروشت، یان جەنگەکان).

ئەو گۆڕانکاریانە کارتێکردنیان لەسەر باری ئەو هاوتاییە دەبێ کە کۆمەڵگەی تیادا رێکخراوە، ئەو گۆڕانکاریانە هاوسەنگیەکە دەشکێنێ یان هەڕەشەی لێدەکات بەهۆی ئەو گرژیانەی بەجێیان دەهێڵێ لە بونیادی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان

پێکهاتەکانی سیستمی کۆمەلایەتی، ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانە درێژەی کێشا ڕەنگە ببێتە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵگەیان ڕوودانی گۆڕان لە بونیادی گشتیدا (هەروەك لە شۆڕشەکان ڕوودەدات)، بەلام ئەمە لە بارودۆخێکی زۆرکەمدا ڕوودەدات لەبەر ئەوەی کۆمەڵگاکان توانای خۆ گونجاندنی ناوخۆیان هەیە لە ئەنجامی بارێك لە هاوسەنگی دینامیکی کە کۆمەڵگە پێی دەناسرێ. کاتێ ناکۆکی و فشار ڕوودەدات و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگە ئەو بارە کارتێکردنی لەسەر دۆخی هاوسەنگیە کە دەبێ، بەلام زۆری پێناچێ کۆمەڵگە ئەو بارگرژی و فشارانە دەمژێ هاوسەنگی خۆی بەدەس دێنێتەوە و پارێزگاری لێدەکات، تا گرژی و ناکۆکی تری لەناو پەیدا دەبێ، بەم جۆرە هاوتایی و هاوسەنگی خسڵەتێکی دینامیکی دەبێ بۆ کۆمەڵگە، واتا بەردەوام دەبێ و توانای لە خۆگرتنی هەر کار و ڕوداوێکی تازەی دەبێ، هەروەها توانای خۆ گونجاندن و ئاراستەکردنی دەبێ بە جۆرێك گۆڕانکاریەکان لە تەسکترین سنوردا دەردەکەون، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانە گۆڕانکاریە کورتخایەنەکان لەناو سیستمی کۆمەلایەتی چەند خەسڵەتێکی دەبێ:

١- گۆڕانەکان پلەبەپلە دەبن و نابنە هۆی ڕوخاندنی سیستمەکە یان گۆڕینی بە جۆرێکی بنەڕەتی.

٢- گۆڕانە کورتخایەنەکان پەیوەست دەبن بە دوو کرداری بە یەکەوە گرێدراو بریتین لە: هاوتایی ـ نا هاوتایی. کرداری یەکەم هەمیشەییە، بەلام کرداری دووەم کاتیە.

٣- جەوهەری گۆڕان لێرەدا ئەو جیاوازییەیە کە لە بونیادی فەرمانگەرایدا هەیە، چەندی گۆڕان لەناو سیستمی کۆمەلایەتی زۆرتر ڕووبدات بە واتای جیاوازی پێکهاتە و فرمیی فەرمانەکان دێت.

٤- ڕێککەوتنی گشتی لەسەر بەهاکان و ئامرازەکانی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی، بە هەردوو لایان دەبنە هۆی پاراستن بۆ سیستمی کۆمەلایەتی و هاوتایی بەردەوام و گۆڕانی لەسەرخۆ.

ب- گۆڕانە درێژخایەنەکان:

بریتیە لەو گۆڕانکاریانەی کە سنوریان فراوان دەبێت، ڕوودەدەن لە ماوەی دوور لە یەکتر.

(بارسونز) ئەم گۆڕانکاریانەی لە ماوەی چەمکی بەگشتی کردنی پەرەسەندنەکان ڕوونکردۆتەوە. مەبەست لە بەگشتنی کردنی پەرەسەندن نوێکردنەوەی بونیادە کە توانای لەسەر درێژەپێدان و مانەوە دەبێت. هەروەها بە ڕۆڵی خۆی نوێکاری و پەرەسەندنی تر دروست دەکات لەگەڵ دروستکردنی جۆرێك لە تێپەڕبوون (شکاندن) لە بونیادی دامەزراوە و پاڵنانی بەرە و ئاسۆ نوێیەکان لە گۆڕاندا. ئەو بەگشتی کردنە پەرەسەندنگەرایانە، گۆڕانکاریە دوورخایەنەکانی دروست کردوە لە پەرەسەندنی گۆمەڵگاکان، دەرکەوتنی سیستمی ڕەوایی ڕۆشنبیری و سیستمی گۆڕینی پلەبەپلەی کۆمەلایەتی بوونە بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگاکان لە بارێکی سەرەتاییەوە بۆ بارێکی مامناوەندیانە بگۆڕێن، هەروەها دەرکەوتنی دراو، بازار، بیروکراسیەت، یاساو، بووە هۆی گۆڕینی کۆمەڵگە مامناوەندیەکان بۆ کۆمەڵگە نوێیەکان.

کاتێ گشتی کردنی پەرەسەندنگەرایی دەردەکەوێت، ئەوا جیاوازیەکی کۆمەڵایەتی فراوان پەیدا دەکات، بەوەش گۆڕینە بونیادییە هەستپێکراوەکان دروست دەکات. ئەڵام ئەو جیاوازییە هەر دەبێ پرۆسەکانی تەواوکاری بەرەو ڕووی ببنەوە کە گۆڕینەکە ڕێکدەخات و ئاراستەی دەکات. تا ئەو کاتەی ئەو گۆڕینەی کە گشتی کردنە پەرەسەندنگەراییەکە دروستی کردوە دەبێتە گۆڕینی گشتی یان سروشتی یاخود دەبێتە گۆڕینێك هەموو لایەك بگرێتەوە.

(بارسونز) ئەم جۆرە شیکردنەوەیەی بەکارهێناوە لە کۆمەڵگە نوێیەکان لە ماوەی پەرەسەندنی لە قۆناغی سەرەتایی تا قۆناغی مامناوەندی و بۆ قۆناغی تازە.

ج- تیۆری تازەگردنەوەی فەرمانگەرایی:

کاتێ بایەخدانی کۆمەڵناسی گۆڕا بەرەو لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم، لەگەڵ چاودێریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەو کۆمەڵگایانە (ئەم بایەخ پێدانە بە ئاشکرا لەپاش جەنگی جیهانی دووەمدا یەکلا بۆتەوە)، کۆمەڵناسان

دەستیان کرد بە پراکتیك کردنی هەمان گووتە فەرمانگەراییەکان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەربارەی گۆڕان لە کۆمەڵگە نەریتگەریە باوەکان (ئەوانی دەکەونە دەرەوەی سنوری کۆمەڵگە پیشە سازییە پێشکەوتووەکان) کە دەستیان بە گۆڕان کرد لەسەر هەمان شێوازی گۆڕان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە پیشە سازیەکان. ئەم کۆمەڵگایانە خاوەن بونیادی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نەریتگەری بوونە، لێرەدا پێوەر بۆ نەریتگەری بریتیە لە: پلەی بێدەنگی لە بونیادی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی، نزمی ئاستی تەکنولوجیاکەی، دابەزینی بەشی تاك لە داهاتی نەتەوەیی، چەق بەستن و بێ جوڵەی ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەکان.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەو بونیادە نەریتگەریانە ڕوودەدات بەهۆی هۆکاری دەرەکی کە بەرئەنجامی پەیوەندیکردنیەتی بە سەرچاوەی ڕۆشنبیری تازەی ڕۆژئاوایی.

پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری بە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری تازە لەسەر شێوەی بازنەیی کە بەردەوام فراوان دەبێت تا هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. کاتێ ئەو پەیوەندی کردنە ڕوودەدات، ڕۆشنبیری نەریتگەری دەستدەکات بە دەرچوون لە گۆشەگیرییەکەی و چەند کردارێکی فراوانی جیاواز بەخۆیەوە دەبینێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی بۆ ئەوەی لەو نموونە ئایدیالیزمیەی هەیە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاوایەکان نزیك بێتەوە. بەم کردارە دەوترێت کرداری گەشەکردن یان تازەبوونەوە، ئەوەش کردارێکە خۆی لەوەرگرتن و تێگەیشتنی کۆمەڵگە گەشە کردوەکان دەنوێنێ بۆ بەها گشتیەکان و بەجێهێنان و پسپۆڕیەتی. ئەو بەهایانەش ڕۆشنبیری تازەیان لەسەر دادە مەزرێت.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە هەردوو کرداری گەشەپێدان و تازە کردنەوە، گۆڕانێکی بنەڕەتی نییە، بەڵکو گۆڕانێکی پلەبەپلەیە (هێلی و پێشکەوتویی). بەپێی ئەو گۆڕانە بونیادە نەریتگەریەکان دەگۆڕێن بۆ بونیادە تازەکان، واتا گۆڕینیان لە بونیادێکی ڕێکخراو، بێ دەنگ، ساکار بۆ بونیادێکی نارێکخراو و بزوێنەر و ئاڵۆز.

گۆڕان لەکاتی ڕوودانی چەند کێشەیەك دەردەدات وەك ناتەبایی نێوان کۆن و نوێ، هەروەها ڕودانی (کەلێنێکی ڕۆشنبیری) لە نێوان گۆڕانی ڕەگەزە مادییەکان و گۆڕانی ڕەگەزە مەعنەوەیەکان و ناتەبایی لە ڕۆڵەکان.

بەڵام هەموو ئەو ناکۆکی و ناتەباییانە سروشتین لە کاتی کرداری گواستنەوە لە نەریتگەریەوە بۆ تازەگەری. لە دووایدا هەموو ئەو دیاردانە وردە وردە دەشارینەوە لەگەڵ فراوانبوون لە کرداری گۆڕان بە جیاوازی نێوان کۆمەڵگاکان لە ئاست تێگەیشتن و زاڵبوون بەسەر ئەو ناکۆکی و ناتەباییانە.

کۆمەڵگاکان لە نێوان خۆیاندا جیاواز دەبن لە پلەی پەرەسەندنیان لە بواری سیستم و بە کۆمەڵە بوون و ئەو میکانیزمانەی بەشداری دەکەن لە دانانی بنەماکانی تەواوکاری کۆمەڵایەتی.

بەو پێیە کۆمەڵگاکان لە ڕادەی گونجاندنی ناو خۆیی لەگەڵ بارودۆخەکانی گۆڕان جیاواز دەبن، هەروەها لە پلەی داڕشتنی ئەو گۆڕانە لە سیستمە کۆمەڵایەتیەکاندا. هەر بۆیە چەندی کۆمەڵگە زۆرتر توانای لەسەرخۆ گونجاندنی ناوخۆیی هەبوو ئەوا ئەوەندە زیاتر توانای لە زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا دەبێ.

ئاشکرایە کە تیۆری تازەگەری لایەنگیرییەکی توندی هەیە بۆ لای فەرمانگەرایی، بۆیە ئەگەری ئەم تیۆرە بوونی گۆڕانکارییە پلەبەپلەکانە کە پەیوەستە بە کردارەکانی جیاوازی و تەواوکاری، هەروەها ئەگەری ئەوەی هەیە کە شارەزاییەکانی گۆڕان لای کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان دەکری دووبارە بێتەوە لە کۆمەڵگە گەشە سەندووەکان.

**چوارەم: تیۆریەکانی ماتریالیزمی مێژوویی:**

ئەگەر تیۆری فەرمانگەرایی جەختی لەسەر گۆڕینی پلەبەپلەی هاوتایی کردبێ، ئەوا تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی جەخت لەسەر گۆڕانە شۆڕشگێڕییەکان دەکات کە کۆمەڵگە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دژ دەگوازێتەوە، هەروەها ئەگەر تیۆری فەرمانگەرایی جەختی لەسەر تەواوکاری و ڕێککەوتن کردبێتەوە، ئەوا تیۆری

ماتریالیزمی مێژوویی جەختی لەسەر ململانێ و دژایەتی کردۆتەوە. ململانێ بزوێنەری بنچینەییە بۆ هەر کۆمەڵگەیەك، مێژووی کۆمەڵگەکان لەشیکردنەوەی کۆتاییدا مێژووی ململانێی نێوان چینەکانە.

نووسینە بنچینەییەکانی تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی بۆ مارکس (١٨١٨ ـ ١٨٨٣) دەگەڕێتەوە. ئەو نووسینانە بەردەوام لێی سڕاوەتەوە و هەندێکیشی خراوەتە سەر تا ئەمڕۆ. هەروەك لە تیۆری فەرمانگەرایی ڕوویدا، زۆر لە کێشەکانی ماتریالیزمی مێژوویی و شێوازەکانی شیکردنەوەی بەکارهێنراوە بۆ ڕوونکردنەوەی کردارەکانی گۆڕان لە جیهانی سێیەمدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرو بۆچوونانەی سەرەوە هەوڵدەدەین بەچاوخشاندنێکی خێرا باس لە دوو شێوەی شیکردنەوەی ماتریالیزمی مێژوویی بکەین بۆ گۆڕانی کۆمەلایەتی. یەکەمیان دەربارەی مارکسیزمی کلاسیکی، دووەمیانیش دەربارەی ئەو وێنەیەی بەستراوەتەوە بە شیکردنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە جیهانی سێیەمدا. یان ئەوەی ناوی لێنراوە تیۆری گەشەکردنی ناهاوتایی یاخود تیۆری ڕەوتی سەرمایەداری جیهانی.

أ- تیۆری مارکسیزم:

لە دیدی تیۆری مارکسیزم ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە جوڵە دایە، ئەو جوڵەیەش شێوەیەکی تایبەتە لە شێوەکانی جوڵەی مادە، هەڵگری هۆیەکانی گۆڕانە و هەمان یاساکانی جوڵەی مادەی لەسەر پیادە دەکرێ. سەرەڕای ئەوەی جووتبوونێکی تەواو نییە لە نێوان یاساکانی سروشت، بەڵکو هەندێ ڕەگەزی هوشیار دەگرێتە خۆی، هەروەها خەڵکانێك دەگرێتە خۆی هەڵگری ئامانج و شێوازێکی سنوردارن لە هوشیارییەك کە توانای جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەیان دەداتێ. لێرەدا مەبەستمان بەراوردکردن نییە لە نێوان جوڵەی مادە و جوڵەی کۆمەڵگە، بەڵام دەمانەوێ داکۆکی لەسەر ئەوە بکەین کە مارکسیزم تیۆرێکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەروەها چەمکی گۆڕان بە چەمکێکی سەرەکی دادەنرێت لەو تیۆرەدا.

کۆمەڵگە لەسەر بنچینەی ئابوری دادەمەزرێت کە لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و شێوازەکانی بەرهەم هێنانی باو کۆدەبێتەوە لە قۆناغێکی مێژوویدا. واتا ئابوری کۆمەڵەیەکی بنچینەییە کۆمەڵگە پشتی پێ دەبەستێ. بۆیە هەموو رەگەزەکانی تری بونیادی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت کە مارکس ناوی لێناوە رەگەزەکانی سەرخان وەك یاساو دەوڵەت و خێزان و رۆشنبیری.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا رەنگدانەوەیەکە بۆ ئەو گۆڕانەی روودەدات لەسەر بناغەی گۆمەڵگەی ئابوری یان ژێرخانەکەی. بۆیە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگە، هێزەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا دەکەونە دژایەتی کردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی باو، بەو واتایەی کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ناگونجێن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی کە لە هێزەکانی بەرهەمهێنان روودەدات. بۆیە پێویست دەکات پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بگۆڕدرێت و لەگەڵیدا هەموو رەگەزەکانی سەرخانی کۆمەڵ بگۆڕدرێت بۆ پشتگیریکردنی ئەو گۆڕانە نوێیە و پاراستنی. لەم بارەدا شۆڕش روودەدات کە کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگوازێتەوە. لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندن کۆمەڵگە دوو چینی دژ بەیەکی تیادا دروست دەبێ: یەکەمیان هێزەکانی بەرهەمهێنانە، ئەویتریان ئەو هێزانەن کە کار دەکەن و بەرهەمێکی زیاد بەدەس دێنن کە بۆ سوودی چینە مولکدارەکە دەگەڕێتەوە.

گۆڕین لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەبێتە هۆی پەیدا بوونی گۆڕان لە پێکهاتەی چینایەتی لە رێگای پەیدابوونی چینێکی نوی کە رابەرایەتی شۆڕشی گۆڕان دەکات بۆ ئەوەی ببێتە چینی دەسەڵاتدار لە قۆناغی داهاتوودا.

لە مێژووی کۆمەڵگاکان (مارکس) پێنج قۆناغی لەیەك جیا کردۆتەوە، دەس پێدەکات لە:

قۆناغی سەرەتایی (کۆمەڵی بەرایی)، قۆناغی بەرهەمی ئاسیەوی، قۆناغی دەرەبەگایەتی، قۆناغی سەرمایەداری، پاشان قۆناغی کۆمەنیستی. هەر قۆناغێك جیادەکرێتەوە بە بوونی شێوازێکی دیاریکراوی بەرهەم و بوونی دوو چینی دژ

بەیەك (تەنها هەر دوو قۆناغی سەرەتایی و کۆمونیستی نەبێت کە بە بۆچوونی مارکس چین و موڵکدارییەتیان تیادا نەبووە).

بە بۆچوونی مارکس ململانێی چینایەتی بارێکی ئاساییە لە کۆمەڵگاکان، بەڵکو بزوێنەری بنچینەییە لە مێژوودا، ئەگەر ناکۆکی کۆمەڵایەتی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێن و پەیوەندییە کانی بەرهەمهێن بزوێنەر بن بەرەو گۆڕان ئەواململانێی چینایەتی ئەو ئەرکە بەجێ دەهێنێ.

کۆمەڵگاکان بە هوشیاری ئەندامانیان نەبن ناگۆڕێن، بۆیە ئەرکی گۆڕان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەردەوام لە ئەستۆی چینێکی دیاریکراودا دەبێ.

چینی بورجوازییەت سەرکردایەتی گۆڕانی کردوە لە دەرەبەگایەتییەوە بەرەو سەرمایەداری. بە ئەگەری مارکس چینی کرێکار ڕابەرایەتی گۆڕان دەکات بەرەو کۆمونیستی.

**ب- تیۆری گەشەپێدانی پاشکۆ:**

ئەم تیۆرە پەیوەستە بە باسکردنی گۆڕانی کۆمەلایەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم. تیۆرەکە جیاوازە لە تیۆری فەرمانگەرایی، ئەگەر تیۆری تازەکردنەوەی فەرمانگەرایی بۆ چوونی وابێت کە گۆڕان لە جیهانی سێیەم بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەرێوە دەچێت بەرەو بەدیهێنانی نموونە باڵاکەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، ئەوا لایەنگرانی تیۆری ڕەوتی سەرمایەداری جیهان بۆچوونیان وایە _ بە پێچەوانەی ئەوەیە _ بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم بەرەو زیاتر دوواکەوتن دەچێت، تا ئەگەر چەندلایەنێکی گەشەکردنی تیادا جێبەجێکرا ئەوا دەمێنێتەوە وەك گەشەکردنێکی پاشکۆیانە نەك سەربەخۆ.

بونیادی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بونیادێکی دوواکەوتوی پاشکۆیە بەستراوەتەوە بە جۆرێکی دیاریکراو لە دابەشکردنی کار لەناو دەوڵەتان، ئەم بونیادە دوواکەوتوە خسڵەتەکانی خۆی بەدەس هێنا لە ماوەی پەیوەندییە مێژووییەکانی لەگەڵ سەرمایەداری ئەم سەردەمە. ئەم پەیوەندییانە نەبوونە بەهۆی گۆڕان لە بونیادە نەریتگەریەکەی دەوڵەتە هەژارەکان بۆ پێکهێنانی

بونیادێکی تازە، بەڵکو کاری بۆ بەرژەوەندی سەرمایەداری دەکرد و گۆڕا بۆ بونیادێکی پاشکۆی دوواکەوتوو. ئەم دوواکەوتووییەش لە ئەنجامی سوود وەرگرتن بوو لەبەر هەمە زیادەکەی ئەو کۆمەڵگایانە و گواستنەوەی بۆ ناوەندەکانی سیستمی سەرمایەداری جیهان.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینە ئەواشیکردنەوەی پرۆسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم دەبێ لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوەی دەرکەوتنی سیستمی سەرمایەداری و پەرەسەندنی بێت لە ماوەی ڕۆژگاردا.

لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە ئەو ڕژێمە لەبەر ڕۆشناییان کاری کردووەو لەناو خۆیدا چەندین شێوەی جیاوازی دەرداوە لە نێوان دەوڵەتە دوواکەوتووە پاشکۆکان و دەوڵەتانی ناوەند کە پلەیەکی بەرزیان لە گەشەکردن بەدەس هێناوە.

ئەم سیستمە لە ماوەی فراوانبوونی سەرمایەداری دەرکەوت کە سیستمە ناسەرمایەدارەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی و سەربازی خۆیەوە، هەروەها ئەم سیستمە دەستی کرد بە کارکردن بۆ بەرهەم هێنانی زیاتر کە بەردەوام دەگوازرێتەوە بۆ ناوەندەکانی جیهانی سەرمایەداری. بەم جۆرە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئەم سیستمە سەرمایەدارییە بووە پەیوەندی نایەکسان لەبەر ئەوە ملکەچی ئەو گوتەیە دەبێ کە پێی دەوترێت (ئاڵ و گۆڕی نایەکسان) بە مانای پاوانکردنی ئاڵ و گۆڕو زاڵبوون بە سەریدا بەهۆی دەوڵەتە سەرمایەدارە بەهێزەکان لەگەڵ پاوانکردنی بەرهەم. ئەم کارەش بووە بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتە دوواکەوتووەکان پەکیان بکەوێت لەوەی تێکەڵاوی جۆرە پەیوەندییەکی ئاڵ و گۆڕ ببنەوە لە هەڵویستێکی تایبەت.

ئەم ئاڵ و گۆڕە نایەکسانە جیهانی گۆڕی بۆ چەند دەوڵەتێکی دوواکەوتوو لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی پێشکەوتوو پەیوەست بە سیستمێك بۆ دابەشکردنی کاری نێو دەوڵەتی، کە هەر یەکەیەك لە یەکەکانی سیستمی جیهانی بەرۆڵێکی ئابوری و سیاسی دیاریکراو هەڵدەسن. هەموو بونیادە چینایەتی و ڕۆشنبیری و

سیاسیەکان کاردەکەن بۆ پشتگیریکردنی ئەو پەیوەندییە ئابورییە نایەکسانە. چینی بورجوازی جیهانی هاوپەیمان دەبێ لەگەڵ چینە بورجوازییە ناوخۆییەکان بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەی بەرهەمە زیادەکە و پالپشتی کردنی تۆڕی پەیوەندییە نایەکسانەکان. هەروەها دامەزراوەکانی دەوڵەت کاردەکەن بۆ خولقاندنی چوارچێوە دەستوری و یاساییەکان کە لە چوارچێوەیدا ئەو پەیوەندییانە چالاك دەبن. هەورەها رۆشنبیری و ئایدولوجیا (سەرمرای فرمیی و جیاواز یان لە جیهاندا) هەوڵدەدەن بۆ خولقاندنی چوارچێوەیەکی هزری گشتی کە لەبەر رووناکی ئەو پەیوەندییانە کاربکەن. ئەنجامە ئەقلانیەکەی هەموو ئەو پەیوەندییانە ئەومیە کە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم جۆرە گۆڕانێکی تایبەت بەرهەم بێنێت، هەندێ لایەن وای باس دەکەن کە گۆڕانکارییەکی پاشکۆیە یان گەشەپێدانێکی پاشکۆیە یاخود گەشەپێدانێکی لاوازە. لەبەر رۆشنایی ئەو شێوازە لە گۆڕان هەموو دیاردە و کێشەکانی ئاشکرا بوو لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم تێگەیشتنی بۆ دەکرێ لە ماوەی گۆڕانیاندا.

لەو دیاردە و کێشانە: نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ئابوری، ململانێی رەگەزی و ئایدیولوجیاکان، قەرزەکان، کێشەکانی پەیوەست بە پیشەسازی و تەکنولوجیا، کێشەکانی جەنگی ناوچەیی... هتد. ئەو دیاردانە بەرهەمی ئەو گۆڕانە پاشکۆییەیە یان ئەو گەشەکردنە پاشکۆیە.

### پێنجەم: تیۆریە سایکولوجیە ـ کۆمەلایەتیەکان:

ئەم تیۆریانە جەخت لەسەر رۆڵی تاك دەکەن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەروەها لەسەر رۆڵی ئەو بیرو باوەڕانەی کە تاکەکان هەڵیان گرتووە لە گۆڕینی شێواز و رێرەوەکانی ژیان. ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای گریمانەیەك دادەمەزرێ کە ئەو گۆڕانەی تووشی کۆمەڵگە دەبێتەوە لە بنچینەدا لە تاکەکاندا روودەدات، تاکەکان دەگۆڕن و ئەوانیش دەگۆڕێن. بۆیە لێرەدا بوارێك بۆ هۆکارە دەروونیەکان هەیە لە بزووتنەوەی گۆڕانی کۆمەلایەتی، بەڵکو ئەو هۆکارانە پێویستن بۆ خولقاندنی

بزووتنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەر ئەوەش هانی کۆمەڵگە دەدات بەرەو جوڵە. هۆکارە دەروونیەکان ئەو تاکانە دەخولقێنێ کە هەڵگری توانا تایبەتیەکانن، هەر ئەوانەن هانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدەن بەرەو دامەزراندن و داهێنان.

ئەم ڕەوتە لە ماوەی کارەکانی (ماکس فیبر) دروست بووە و پاشان پەرەی سەند لە چەند نووسینێکی تازە، هەروەك باسیان دێت.

**ا- ڕۆڵی بیروباوەڕەکان لە گۆڕان (تیۆرەکەی ماکس فیبر):**

گرینگی بیرو باوەڕەکان لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ماوەی تۆژینەوەکانی (ماکس فیبر) (١٨٦٤ _ ١٩٣٠) دەرکەوت، دەربارەی ڕەوشتە پروتستانتیەکان و ڕۆحی سەرمایەداری. (فیبر) لە تۆژینەوەکەی وای بۆچووە کە سەرمایەداری پیشەسازی پەیدابوو بەهۆی ئەو بارە سایکولوجیەی کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا دەرکەوت لە سەدەی شازدەهەمدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڕەوتی پڕوتستانتی. ئەم ڕەوتە بووە هۆی (کۆمەڵە بیرو باوەڕێکی تازەکە پەرەی بە ئاینی کریستیانیدا) خولقاندنی ڕۆحی سەرمایەداری و پەیدابوونی بیرکردنەوەی ئەقڵانی بە جۆرێك ئەقلانیەت بووە ئەو بنچینەیەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەری ڕابەڕێ.

ئەم ڕەوتە ئەقڵانیەتە هاندەر بوو بۆ خولقاندنی ئەرك بەجێگەیاندن و کارکردن و قازانج، هەروەها بە سووك تەماشاکردنی ژیانی پڕ خۆشی و ڕابواردن. ژیان پێویستە بەکار بهێنرێت بۆ کارکردن و ئەرك بە جێگەیاندن و خولقاندنی ئاستێکی بەرزی توانا داری لە هەردوو بوار. لەگەل هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەدیهێنانی بە هاوڕەوشتە باڵاکانی پەیوەست بە سەر ڕاستی و شەرەف و دەست گرتنەوە. ئەم ڕێبازە پڕۆتستانتیە بەهۆی بەهاو بیرو باوەڕەکانیەوە بنچینەی ڕۆحی سەرمایەداری دانا کە بەستراوەتەوە بە هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەدەست هێنانی قازانج و بگرە بە گەورەکردنی ئەم قازانجە.

ڕۆحی سەرمایەداری (هەروەك لە ڕەوشتەکانی بەکردار دەردەکەوێت) لە ڕاستیدا لەگەڵ ڕۆحی پڕۆتستانتی وەك یەکن. ئەگەر ئەو ئاینە بایەخی دابێ بە پێگەیاندنی تاك پێگەیاندنێکی ئەقڵانی و ڕێزێکی گەورەی بەخشێتە پیشە، کاری لا پیرۆز بێت و بیکاتە جۆرێك لە خواپەرستی یان ئەرکێکی پیرۆز، ئەوا بەم جۆرە هەڵگری بیرو باوەڕی هەمان هزری سەرمایەداریە.

(فیبر) هەوڵیدا داکۆکی لەسەر بیرو باوەڕەکانی خۆی بکات بە چەند ڕێگایەك لەوانە:

بەرچاوخستنی ئامار و زانیاری دەربارەی ئەو دەوڵەتانەی سەرمایەداریان تیادا دەرکەوتوە و لەگەڵ بەستنەوەی بە بڵاوبوونەوەی ڕێبازی پرۆتستانتی، هەروەها پێشکەشکردنی ئامار و زانیاریەکان دەربارەی سەرمایەداران و بیرو باوەڕەکانیان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیرو باوەڕی پرۆتستانتی لەناو کرێکاران. هەر لەم بوارەدا بەراوردکردن لە نێوان ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەو ئاینەیان لەناودا دەرکەوت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی تر کە ئاینەکەیان لەناودا دەرنەکەوت.

بۆیە (فیبر) داکۆکی لەسەر ئەو ڕۆڵە دەکات کە جۆرێکی تایبەت لە بیرو باوەڕ دەیگێرێت لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

چالاکیە سەرمایەداریەکان لەناوچە جیاوازەکانی سەر زەوی و لە کاتی جۆراو جۆردا و بە درێژایی ڕۆژگاردا دەرکەوتوون، بەڵام هیچیان وەك سەرمایەداری نەبووە کە لە بنچینەدا پشتی لەسەر بنەما زانستیەکان بەستبێ، هەروەها لەسەر سیستمێکی یاسایی کارگێڕی جیاکار لەگەل لێهاتوویی هونەری و چاکەو رکابەری ئازاد و هاوسەنگی بەردەوام لە نێوان تێچوو داهات.

کاری ئازادی هوشیارانە کە لە ماوەی ڕەوشتە چاکەکان و بەها دیاریکراوەکان دەردەکەوێت خۆی لە ئابوری و خەرجکردن و دابین کردنی دەروون و داهێنان و نوێکردنەوە دەنوێنێ. هەموو ئەو خسڵەتانە نموونەین بۆ سەرمایەداری ڕۆژئاوایی تازە کە لە سروشتیدا جیاواز دەبێ لە سەرمایەداریە باوە نەریتگەریەکە.

ئەم بیرو باوەڕانەی فیبر دەنگدانەوەی هەبووە لای هەندێ بیرمەندانی وەك ماکیلاند و هاجن کە هەردووکیان جەختیان لەسەر ڕۆڵی هۆکارە سایکۆلوجیەکان لە گۆڕان کردۆتەوە.

ب- تیۆری کەسایەتی نوێکار. (ایفرت هاجن):

(هاجن) جەختی لەسەر ڕۆڵی نوێکار و داهێنەران کردۆتەوە لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. تێڕوانینی ئەو بۆ کۆمەڵگە باو و نەریتگەریەکان بریتیە لەوەی ئەو

کۆمەڵگایانەی بێ دەنگ و ئارام گرن جۆرێك لە سیستمی چەق بەستووی وشکیان هەیە بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی (بوونی جەماوەرێك لە جوتیاران و پوختەیەکی دەسەڵاتدار) ئەو کۆمەڵگایانە جۆرێك لە پیوەندییە زۆرداریە ناداهێنەر و ناهاندەر بۆ نوێکاری دەسەڵاتی بەسەریاندا دەبێ و بەڕێوەیان دەبات. ئەم بارە ڕەنگدانەوەی بەسەر ئەو تاکانە دەبێت کە لەو کۆمەڵگایانە دەژین، بۆیە دەناسرێن بە نەبوونی توانای نوێکردنەوە و بەڕێوەبردن و شیکردنەوەی ئەو جیهانەی تیادا دەژین. ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بە کۆمەڵگەی بێ دەنگ دادەنرێن بۆ چەند سەدەیەك.

بە بۆچوونی (هاجن) پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان سروشتی بونیادی کۆمەلایەتی و نێوان جۆری کەسایەتی، بەجۆرێك دەکرێت بوترێت کە بونیادی کۆمەلایەتی ناگۆڕێت تەنها ئەگەر کەسایەتی گۆڕا.

لێرەدا تیۆری (هاجن) دەس پێدەکات، ئەو گۆڕانەش پەیوەستە بە هۆکارە دەرونیەکان، واتا خولقاندنی ئەو کەسایەتیەی کە توانای لەسەر نوێکاری هەبێ، ئەم جۆرە کەسایەتیە بە داهێنان و زۆر پرسیارو کرانەوە و شارەزایی دەناسرێ. ئەم جۆرە کەسایەتیە هەوڵی داهێنانی چارەسەری نوێ دەدات و ڕازی نابێ بەوەی کە هەیە، هەروەها تەماشای جیهانی دەوروپشتی خۆی دەکات وەك ئەوەی جیهانێك بێ بەپێی سیستمێکی دیاریکراو دامەزرابێ و جێگای تێگەیشتن بێت (پاشان) توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەبێت کە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

بە بۆچوونی (هاجن) گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵگە نەریتگەریەکان دەست پێدەکات کاتێ چەند کۆمەڵە کەسانێك دەردەکەون و هەڵگری ئەو خسڵەتانەن، هەرچەشە لە بونیادە دروستکراوەکە دەکەن و بنکۆڵی دەکەن، ئەو کۆمەڵە کەسانە پلەبەپلە دەردەکەون لە ماوەی زنجیرە کردارێکی بەردەوام لە پاشەکشەکردن، دەرکەوتن و زۆر بونیشیان دەبەسترێتەوە بە دەرکەوتنی بارودۆخی کۆمەلایەتی (پەیوەست دەبێت بە خێزان و بە پێگەیاندنی کۆمەلایەتی). بەم جۆرە گۆڕان بە شێوەیەکی پلەبەپلە ڕوودەدات و کۆمەڵگە لە قۆناغێکی زۆرداری دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی داهێنەرانە،

بە تێپەڕ بوون لە ماوەی چەند کردارێکی مامناوەندیانە کە پەیوەست دەبێت بە بەرەنگاربوونەوەی سیستەم و پێگەی دامەزراوەکە و کشانەوە لێی.

**ج- تیۆری کۆمەڵگەی بە جێهێنراو (دیفید ماکلیلاند):**

ماکلیلاند هەروەك (هاجن) بایەخی بە جۆرێکی دیاریکراو داوە لە گۆڕاندا کە ئەویش گۆڕانی ئابورییە. (هاجن) لە شیکردنەوەی بۆ کرداری گۆڕان لە کۆمەڵگە نەریتگەریەکان لایەنی سایکولوجی هەڵبژاردووە.

ئەو خاڵەی پشتی پێ بەستبوو بریتی بوو لە هۆکاری هاندان بۆ بە جێهێنانی گۆڕانەکە. (ماکلیلاند) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کرداری گەشەکردنی ئابوری (لە کۆمەڵگە کۆنەکان بێت یان نوێیەکان) بەردەوام دەردەکەوێت بەپێی دەرکەوتنی گۆڕاوێکی پێشوتر کە ئەویش پێویستی بە بەجێهێنانی ئەو گەشە ئابورییە. پاشان ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو پێداویستیەی تیادا دەردەکەوێت توانای گۆڕانی زۆرتری دەبێ لە کۆمەڵگاکانی تر، لەبەر ئەوەی ئەو پێداویستیە گەشە بە تواناکانی داهێنان دەدات و فاکتەری هاندانی بەهێز دەخولقێنێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان.

مەبەستی ماکلیلاند لە پێداویستی بۆ بەجێهێنان، بوونی توانایە لەسەر بەجێهێنانی ئابوری تاك کە گەشەکردنی ئابوری بەرهەمی دەبێت.

خوێنەر سەرنجی ئەو خەسڵەتانە دەدات کە کەسی خاوەن هاندانی بەهێز بۆ بەجێهێنان پێی دەناسرێ. ئەو توێژانە لەیەك دەچن لەگەڵ ئەو خەسڵەتانەی کە ماکس فیبر ئامادەی کردون، وەك هێزی پاڵنەر بۆ دامەزراندنی سەر مایەداری. لێرەدا کاری بەجێهێنراو ئەو کارەیە کە لەسەر لێکدانەوەی ورد دادەمەزرێت، بە وریایی و شەفافیەت بەرەو جێبەجێکردن و سەرخستنی ئابوری هەنگاو دەنێ، بە جۆرێك کە ژیانی دەست کورتی تێپەڕدەکات، هەروەها ئەو بوونە نەریتگەرییە باوەی پەیوەستە بە چالاکی پیشەیی تێپەڕ دەکات. بۆیە بە بۆچوونی ئەو کەڵەکە بوونی دراو یەك لە پێوەرەکانی هاندانە بۆ کار بە جێهێنان.

هەروەها لەو پێوەرانەی تر کە ئاماژەی بۆ دەکات، پێش خستنی کاروبارە زەحمەتەکان و پێش خستنی بەشداریکردنە لە مەترسییە پێش بینی کراوەکان،

لەگەڵ بوونی چالاکیەکی نوێکاری داهێنەرانە و بوونی ڕادەیەك لە بەرپرسیاریەتی و ئارەزوو بەرەو پلاندانانی کارە تاکڕەویەکان، بە بۆچوونی (ماکلیلاند) پێداویستی بۆ بەجێهێنانی کار بزوێنەری بنچینەییە بۆ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەپێی ئەم بنەمایە ئەگەر بمانەوێ قەبارەی گۆڕان لە کۆمەڵگەیەك بزانین، پێویست دەکات کە بوونی قەبارەی ئەو هاندانە بەرەو بەجێهێنانی کار لە ناو تاکەکان بزانین، ئەوەش لە ماوەی پێواندنی بەهۆی ئەو ئاماژانەی کە هەیە لە سەریان. هەروەها دەکرێ بیناسین لە ڕێگای ئامارکردنی ژمارەی تاکە لادەرەکان لە چالاکیە ڕێکخراوەییەکان.

بە بۆچوونی (ماکلیلاند) پەیوەندییەك هەیە لە نێوان پێداویستی بۆ بە جێهێنانی کار و نێوان شێوازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. هاندەرەکان دەکرێ لە ڕێگای فێربونەوە پەیدا بکرێن. بۆیە ئەوی تاك فێری دەبێ لە سەرەتای ژیانیەوە کارتێکردنێکی گەورەی دەبێ بەسەر ڕەفتارەکانی لە ئایندەدا، هەروەها ئەو کارامەییانەی کە تاك پاشتر فێری دەبێت دەکرێت ببێتە هۆی خولقاندنی خسڵەت بۆ بەجێهێنانی کار یاخود لێی وەربگرێتەوە بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی کە هاندانی بەجێهێنانی کاری لە دەست داوە پێویستە جەخت لەسەر پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی بکاتەوە بۆ خولقاندنی تاکە بەتواناکان لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و لەسەر درێژەپێدانی لەجێ بەجێکردنی ئامانجەکان بە ڕادەیەکی گەورە لە کۆڵنەدان بۆ بەجێهێنان.

ڕەخنە ئاڕاستەی ماکلیلاند کراوە لەسەر زۆر ڕۆیشتنی دەربارەی بەرزکردنەوەی هۆکارە دەروونیەکان و دیدی بۆ هاندان بە مەبەستی بەجێهێنانی کار بەوەی تەنها هۆکاری بزوێنەرە بۆ گەشەکردنی ئابوری. ئەم کارە وای کرد هەندێ لە بیرو ڕاکانی ڕاست بکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە بکات کە ئەو تاکانەی لە بارودۆخێکی ڕۆشنبیری نەریتگەری فێردەبن دەکرێ دەسکەوتی ئابوری و نا ئابوریان هەبێ.

لێرەدا تیۆری (ماکلیلاند) دەستی کرد بە جەخت کردن نەك تەنها لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەڵکو لەسەر ڕاهێنان و گۆڕینی ئاڕاستەکان.

کردارەکانی ڕاهێنا درێژە پێدانی دەبێ و دەکرێ لای تاکەکان ـ خاوەن ئاڕاستە نەریتگەرییەکان ـ ئاڕاستەی نوێ بخوڵقێنی و هانیان بدات بەرەو کاری زۆرتر لە جێبەجێکردنی گەشەکردنی ئابوری لەگەڵ خوڵقاندنی دەرفەتی نوێ بۆ کار و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و پاشان خوڵقاندنی هاندەرێکی بەهێز بۆ بە جێهێنانی کار.

## تیۆریەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری:

زانایانی کۆمەڵناسی و ئەنثروبولوجیا توێژینەوەکانیان بۆ ڕۆشنبیری (هەروەك باوەر دەکرێ) تەنها لەسەر (ئەثنوگرافیایەکی) پەرش و بڵاوی ڕۆشنبیری گەلەجیاوازەکان نەبووە، بەڵکو هەندێکیان هەوڵیانداوە کە چەند تیۆرێکی ڕێك و پێك بخەنە ڕوو، ڕوونکردنەوەی هەبێ بۆ بابەتەکانی، بۆ؟ چۆن؟ گۆڕانی ڕۆشنبیری ڕوودەدات. لەگەڵ وەڵامدانەوەی زۆر لەو پرسیارانەی پەیوەستن بەم بابەتەوە. لێرەدا بێ ئەوەی بەشداری لە گفتوگۆ زۆرەکان بکەین دەربارەی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی ئەو تیۆرانە دەتوانین ئەو هەوڵانە پۆلێن بکەین بۆ دوو جۆری جیاکار.

یەکەمیان بریتی بێت لە هەندێ هەوڵدان کە ناویان لێنرا (تیۆریەکانی پەرەسەندن) و دووەمیشیان ئەو هەوڵانەی ناویان لێنرا تیۆریەکانی هەربوونایەتی.

أ- تیۆریەکانی پەرەسەندنگەرایی:

بریتین لە کۆمەڵە هەوڵدانێکی جیاواز بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە گۆڕانی ڕۆشنبیری لە ڕووانگەی (کرداری پەرەسەندنگەرایی)وە کە بیرۆکەکەی لە زیندەوەرزانیەوە وەرگیراوە. هەروەها لە پراکتیکردندا کاریگەر بووە بە ـ تیۆری پەرەسەندنگەرایی ـ کە داروین لە کتێبەکەی (ڕەچەڵەکی جۆرەکان) خستویەتیە ڕوو. ئەم تیۆرانە بە شێوەیەکی گشتی (وەك دەروازەیەکی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بۆ گۆڕانی ڕۆشنبیری) دوو بیرۆکەی بنچینەیی دەگرێتە خۆی:

أ- گۆڕانی ڕۆشنبیری بە تێکڕایەکی زۆرتر خاو و سست ڕوودەدات.

ب- گۆڕانی ڕۆشنبیری بە ناچاری لە ماوەی چەند قۆناغێکی دیاریکراوی بە دووایەکدا دەڕوات، ئەوەش ڕووندەکرێتەوە بە:

١- دەربارەی بیرۆکەی یەکەم دەبینین (سمنر) لە کتێبەکەی ـ ڕێگا میللیەکان ـ بەم جۆرە باسی دەکات:

پێویست دەکات وێنا کردنمان بۆ خوو نەریت وەك میتۆدیك فراوانتر بێت لەو بەکارهێنانەی کە هەموو بوارەکانی ژیان دادەپۆشێت و خزمەتی پێداویستیەکانمان دەکات و لە ناخیدا هۆیەکانی بوونی دەگرێتە خۆی، ئەوەش لە ڕێگای لاسایکردنەوە و داب و نەریت و بەکار هێناندا دەبێت. سەرەڕای ئەوەش لە ڕێگای قایل بوونە بە ئەفسانەکان یان بوارەکانی ویست، ڕەنگە دڵنیابین تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین لە ڕێگای ئەقڵ و لۆژیکەوە پەرە بە فەلسەفەی تایبەتمان بدەین لەگەڵ بە گشتکیری ڕەوشتەکان کە لەسەر شێوەی بنەماکانی ڕاستی و چاکە دەردەکەوێت.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوە نوێیەکان ناچار دەگرێن لەسەر قبولکردنی خوو نەریت، لە پاشاندا ئەوە نابێتە هۆی وروژاندنی هزر بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوە دەبینین کە هزر پێشتر لەودا هەیە، هەروەها سەرەڕای ئەوەش لە ڕاستیدا وەلامدانەوە یان چارەسەری بۆ کێشەکانی ژیانمان دەنوێنی. بۆیە (بە بیروڕای سمنر) هەر هەوڵدانێك بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی گشتی بۆ ڕۆشنبیری، هەوڵدانێکی زەحمەتە بە تەواوی و لەو هەوڵدانە دەچێت کە بۆ ڕێکخستنەوەی زەوی دەدرێت لە ڕێگای دووبارە دابەشکردنەوەی یەکە بچووکەکان.

(ولیم اوجبرن) چەند هەموارکردنێکی جەوهەری دەخاتە ڕوو بۆ تیۆرەکەی (سمنر) کە تیادا جەخت لە سەرمۆرکی (کۆنەپارێزی) دەکات بۆ ڕۆشنبیری. (أو جبرن) لە تیۆرەکەی ـ دواکەوتنی ڕۆشنبیری ـ جیاوازی دەخاتە نێوان ئەوەی پێی دەوترێت ڕۆشنبیری مادی و ڕۆشنبیری نامادی، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چۆن زۆر لە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری نامادی تەبا دەبن لەگەڵ دۆخە مادییەکە، بەو مانایەی کە ئەو ڕێکخستنی ڕەوشتی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت لە پەیوەندییەکەی بە بابەتە مادییە پوخت و پەتیەکان. بۆ نموونە حکومەت بەشێکی تەبا دەنوێنێ لە ڕۆشنبیری

نامادی، یاسا دادمڕێـژی و پاڵپشتی یاساکان دەکات کە ڕێگا دەدات بە بەکارهێنانی زەوی (وەك ڕەگەزە مادیەکان).

بەڵام کێشەکە لە دیدی ـ او جبرن ـ هەروەك پێشتر ڕونمان کردەوە ـ خۆی لەوە دەنوێنێ کە دۆخە مادییەکانی کۆمەڵگە ڕەنگە بە پلەیەکی خێراتر لە توانای کۆمەڵگە بگۆڕرێت لە ئاست پەرەسەندنی شێوە نوێیەکانی ڕۆشنبیری نامادی کە ئەو دۆخە ڕێگدەخات، لەبەر ئەوە تیۆری دواکەوتنی ڕۆشنبیری بۆچوونی وایە کە ئەوەی بە ڕاستی پێویستیمان پێی هەیە ـ بەتایبەتی لە کۆمەڵگە نوێیەکان ـ ئەوەیە کە پەلە بکەین لە گۆڕانکاریەکانی لایەنی نامادی ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی هاوشان بێت لەگەڵ گۆڕانکاریە مادییە خێراو بە دووایەکەکان.

٢- بەڵام دەربارەی بیرۆکەی دووەم کە باسەکە لەسەر دیاریکردنی قۆناغەکانی پەرەسەندنگەراییە بۆ گۆڕانی ڕۆشنبیری. دەبینین کە زانا یەکەمەکانی ئەنثروبولوجیا خۆیان بە باسکردنی شێوە سەرەتایی و نوێیەکانی ڕۆشنبیریەوە خەریك کردوە.

(ئوجست کونت) تیۆرێکی پەرەسەندنگەرایی بۆ ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی خستە ڕوو، بریتی بوو لە یاسای حاڵەتەکان، یان سێ قۆناغ (قۆناغی لاهوتی. قۆناغی میتافیزکیی ـ قۆناغی ڕەوشگەری) کە پێشکەوتنی مێژوویی پێیدا تێپەڕ دەبێ. (کونت) لە تیۆرەکەی ڕوونیکردەوە کە چۆن هەست و کار و ئەقڵی مرۆڤایەتی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبن، ڕەنگدانەوەشی بنچینەیەکی ئاشکرایە بۆ بەدووایەکدا هاتنی ئەو قۆناغانە، بە تایبەتی کە هەر قۆناغێك چەند خسڵەتێکی ئەقڵی جیاکار ئاشکرا دەکات لەسەر هەست و ئەو کارانەی خەڵکی پێی هەڵدەستن لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی بیری پێدەکەنەوە.

(سیر هنری مین) زانایەکی ئەنثروبولوجی بەریتانی بوو. لە کتێبەکەی (یاسای کۆن) چاپکراوی ساڵی (١٩٠٦) جیاکاری لە نێوان دوو شێوەی جیاوای ڕۆشنبیری خستۆتە ڕوو، شێوەیەکی سەرەتایی پشت بە پێگە یان ناوەند دەبەستێت و شێوەیەکی تازە پشت بە گرێبەست دەبەستێت. ئەو لە کارەکەیدا بەراورد لە نێوان شێوە کۆن و نوێکانی هاوسەرێتی دەکاتە بنچینە بۆ ئاماژە پێکردن دەربارەی ئەو

جیاوازییەی لە نێوان هەردوو شێوە ڕۆشنبیریەکە هەیە. لە هاوسەرێتی سەرەتایدا، ژن بە مولکیەتی تایبەتی پیاو دادەنرا وەك کەرەستە و کەل و پەلەکانی تر کە مولکی پیاو دەبن. بەڵام لە شێوەی نوێیدا ژن ڕزگاری دەبێت لە کۆتی پیاو. بە مانای ئەوەی ئازادی لە گرێبەستەکە یان تێکدانی هاوسەرێتی بۆ ژن مسۆگەر بکرێت. ئەم کارە وا لە هاوسەرێتی دەکات کە لە کۆتایدا پشت بە ئاڵ و گۆڕە پابەندییەکانی نێوان هەردوو لا ببەسترێت.

(هربت سنبسر) بۆچوونی دەربارەی کۆمەڵگەی سەرەتایی وایە کە کۆمەڵگەیەکە مۆرکی خۆپەرستی و سەربازگەری بەسەریدا زاڵە، هەر لەم بوارەدا ناوبراو وەك یاسایەك بۆ پەرەسەندن داکۆکی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات بەو ئاراستەیەی کە جیاوازی و ناتەبایی زیادی کردوە و لە ئاکامدا ڕوو لە ڕەوشتی ئەویتر خوازی و ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی دەکات، (دورکهایم) بیروڕاکانی لەگەڵ (سبنسر) یەك دەگرنەوە دەربارەی ئاراستەی پەرەسەندن بەرە و زۆربوونی ناتەبایی و جیاوازی، بەڵام جیاوازە لەگەڵ ئەودا دەربارەی بۆچوونەکانی لەسەر خۆپەرستی کۆمەڵگەی سەرەتایی، بۆیە بڕیارەکەی بە پێچەوانەی (سبنسر) بووە کە پیاو لە کۆمەڵگەی سەرەتایی دەناسرێت بە زێدە ڕۆیی لە هاوکاریکردنی خەڵکی تر، یان بە پێی دەربڕینەکەی خۆی هەست و ویژدانی کۆکەرەوەی بەهێز و توندی هەیە، زاڵە بەسەر ویژدانە تاکرەوەییەکان. بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا کۆمەڵگەی نوێ بە تەواوی دوور دەکاتەوە لە خەسڵەتەکانی (ئەویتر خوازی)، بۆیە هەروەك (دورکهایم) دەڵێ: کۆمەڵگەیەك لە بایەخ پێدان بە تاکرەوی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی بنەما ئاینیەکان تا ئەو پلەیەی کە (دورکهایم) لە کتێبەکەی ـ شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئاینی ـ ناوی لێ دەنێ تاك پەرستی.

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ئەوەی لەسەر تیۆری پەرەسەندنگەرایی نووسراو و بڵاوکراوە کاریگەری نەما، هەروەها ڕەخنەی زۆریشی ئاراستەکرا بە تایبەت لە ڕۆژانی دوایدا. زانیاریەکان لەسەر شێوە و وێنەی جۆراوجۆری گفتوگۆ سەرەتاییەکان گومانیان خستە سەر بوونی یەك شێوە ڕۆشنبیری کە زیاتر سەرەتایی بێت لەوانی تر. چونکە ئاشکرا بوو کە ئەو میللەتانە زانیان ڕێگایەکی زیاتر ئاڵۆز

بۆ ژیان بگرنە بەر لەوەی باو بووە لە کۆمەڵگە تازەکان (لە هەندێ ڕووەوە) نموونەش لەسەر ئەوە چەند کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی توانیویانە سیستمێك بۆ خزمایەتی پەرەپێبدەن کە بەهۆیەوە جیاکاری لە نێوان پەیوەندیە خێزانیەکان بکرێت بە پلەیەکی زیاتر ئاشکرا و ورد لەوەی کە لە خێزانەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان هەیە.

هەروەها چەند تێبینیەکی تر هەیە کە بووە هۆی دوورخستنەوەی ڕێبازی پەرەسەندنگەرای ئەوەش خۆی لە ئاشکراکردنی زۆر لەو لێکۆڵینەوانە دەنوێنێ کە هەموو ئەو ڕێگاو هۆکارە باوانەی لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا هەیە زۆر جیاوازنین لەوانی کە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بووە، بە ڕادەیەك کە هەندێ تیۆری پەرەسەندنگەرایی لایەنگیری ئەوە دەکەن کە هەریەکە لەو دوو نموونەیە دژ بەیەکن.

سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری پەرەسەندنگەرایی کراوە دەربارەی ڕاڤە کردنی گۆڕانی ڕۆشنبیری بەوەی کە گواستنەوەیەکە لەسەر یەك هێڵی ڕاست، ئەم کارە بووە هۆی قبوڵنەکردنی بەتەواوی لەم سەردەمەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەندێ هەوڵدان هەیە بۆ مانەوەی ئەو مۆرکە پەرەسەندنگەراییە بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕان، بەڵام بەو پێیەی کە گواستنەوەیەکە لە چەندین هێڵ.

(جولیان ستوارد) زانای ئەنثروبولوجیای هاوچەرخ لایەنگیری ئەم ڕێبازەی دووایی دەکات لە کتێبەکەی بەناوی ـ تیۆری گۆڕانی ڕۆشنبیری ـ ساڵی ١٩٥٥.

بۆچوونی وایەکە چەند قۆناغێکی بنچینەیی هەیە بۆ پەرەسەندنی ڕۆشنبیری، بەڵام ئەرکە بنچینەییەکە کە کەوتۆتە سەر شانی توێژەر، لێرەدا خۆی لە دیاریکردنی چەند نموونەیەکی بنچینەیی بۆ ڕۆشنبیری دەبینێتەوە لە پێش هەموو شتێکدا. پاشان ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن ئەو نموونە جیاوازانە پەرەیان سەند لە چەند ئاراستەیەکدا یان لە چەند هێڵێکی جیاوازدا.

بۆ نموونە (هەروەك باسی دەکات) کۆمەڵگە کشتوکاڵیەکان بەردەوام بوونە لەسەر چەند هێڵێك یان ئاراستەیەکی پەرەسەندگەرایی لەیەك چوو، ئەویش لە قۆناغە سەرەتاییەکان بۆ جێگیر بوون لە گوندە بچووکەکان و لەسەر کەناری ڕووبارەکان،

بەڵام (ئەو کۆمەڵگایانە) لە جێبەجێکردنیان بۆ هۆیەکانی ئاودێری و هەڵکەندنی جۆگاکان، گۆڕانە بنچینەیی و جەوهەریەکانی خۆیان ئاشکرا کرد لە ڕۆشنبیرییە گشتیەکەی و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکەی، هەروەها دەربارەی کۆمەڵگاکانی ڕاو یان ئەو کۆمەڵگایانەی پشتیان بە کۆکردنەوەی خواردەمەنی بەستووە، دەیان بینین لەسەر چەند هێڵێکی پەرەسەندن ڕۆیشتون کە جیاوازن لە نێوان خۆیاندا، هەروەها لە شێوەی کۆمەڵگاکانی تر.

**ب- تیۆریەکانی مەرجداریگەری:**

ئەم تیۆریانە لە کۆی گشتی تێڕوانینێکیان هەیە بۆ ڕاڤە کردنی کرداری گۆڕانی ڕۆشنبیری کە پێچەوانەیە لەگەڵ ڕێبازی پەرەسەندنگەرایی. بیرۆکەی ناوەندی و جیاکاری ئەم ڕێبازە ئەوەیە کە ڕۆشنبیری ڕەنگە بگۆڕێت ـ هەروەها ڕەنگە نەگۆڕێت ـ لە ئاڕاستەیەکی دیاریکراوادا بە پشت بەستن بەبوونی ـ یان نەبوونی ـ چەند فاکتەرێکی دیاریکراو واتەماشا دەکرێن کە دەبنە (هۆ) بۆ گۆڕان. لێرەدا کێشەی بنچینەیی بەپێی ئەم تێڕوانینە بریتی نییە لە دۆزینەوەی ئاڕاستەی گشتی بۆ پەرەسەندنی ڕۆشنبیری، بەڵکو بریتیە لە دیاریکردنی کێشی ڕێژەیی بۆ فاکتەرە جیاوازەکانی گۆڕان لە بواری ئەو گۆڕانکاریانە. ئەو تیۆرانە بە ـ هەربوونایەتی ـ ناسراون لەبەر ئەوەی ـ لێرەدا باس لە ڕوونکردنەوەی گۆڕان دەکەن بە گەڕانەوە بۆ فاکتەرەکانی یان هۆیەکان ـ تەنها یەك فاکتەر دیاری دەکات نەك هی تر.

**لە شێوەکانی ئەو هەربوونایەتیانە:**

هەربوونایەتی ئابوری، باس لەوە دەکات کە ئەو گۆڕانکاریانەی لەسەر جۆرەکانی ڕێکخستنی بەرهەم هێنان ڕوودەدات گەورەترین کارتێکردنی هەیە لەسەر هەموو دیاردەکانی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا. بۆ نموونە مارکس بۆچوونی وایە کە ڕاستیەکان لە هەر کۆمەڵگەیەك خۆی لە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان دەنوێنی کە بە یەکتر دەیان بەستێتەوە لە کاری بەرهەم هێنانی هۆیەکانی ژیان.

هەر بۆیە ڕۆشنبیری لە لایەن ئابوریەوە چوارچێوەکەی دیاریدەکرێت لەبەر ئەوەی بیرو باوەڕە زاڵبووەکان باس لە ئاڕاستەکردنی بارودۆخی چینی زاڵبووی

ئابوری دەکات، چونکە بیرو باوەڕە زاڵبووەکان یان دەسەلاتدارەکان بیروباوەڕی چینی دەسەلاتدارە. بەلام لە بەرامبەر ئەودا هەربوونایەتی تەکنولوجی جەخت لەسەر هۆیە هونەریە باوەکان دەکات لە کۆمەلگە وەك فاکتەرێکی بنچینەیی بۆ گۆڕان. ڕەنگە ئەوەی هەندێ لە زانایانی ئەنثروبولوجیا دەیخەنە ڕوو لە پۆلین کردنیان بۆ ڕۆشنبیری وەك ڕۆشنبیری ڕاوکردن یان لەوەڕاندن یاخود کشتوکالی تەنها هەوڵدانێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ جەخت کردن لەسەر ڕادەی کارتێکردنی تەکنولوجیا لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری.

هەر چۆنێك بێت تیۆریەکانی هەربوونایەتی هەمان ئاستەنگیان بەرەو ڕوو دەبێتەوە لەگەڵ جیاوازیان لە دیاریکردنی هۆیەکانی گۆڕان، ئەو ئاستەنگانە لە بنچینەدا میتۆدین پەیوەستن بە سنورەکانی ڕاڤەکردنێکی زانستیانە بۆ دیاردە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریەکان، بە کورتی خۆی لەوەدا دەنوێنێ کە هەر پەیوەست بوونێك لە نێوان هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ڕۆشنبیری و نێوان هەر شێوەیەك لە شێوەکانی تەکنولوجیا یان ئابوری یاخود زانستێکی تر ڕەنگە پەیوەست بوونێکی تەواو نەبێت لە زۆر باردا هەر وەکو لە حاڵەتی پەیوەست بوونی هۆ بە ئەنجامەکان لە زانستە سروشتیەکان.

لە ئاست هەموو ئەو ئاستەنگانە تیۆری (فرە هۆکارەکان) ڕێگایەکی تر دیاری دەکات بۆ ڕاڤەکردنی گۆڕانی ڕۆشنبیری کە بە پێچەوانەی تیۆرە هەربوونیەکانە و دان بە ئالۆزی ڕوونکردنەوەی زانستیانە دەنێت بۆ گۆڕانی ڕۆشنبیری.

هەروەها ئەم تیۆریە جەخت دەکات لەسەر:

یەکەم: گۆڕانی ڕۆشنبیری لە ژمارەیەکی گەروە و جۆراوجۆری سەرچاوە هەڵدەقوڵێ.
بەهیچ جۆرێك ئەو گۆڕانکاریانە بۆیەك هۆکار ناگەڕێتەوە.

دووەم: ئەگەر گۆڕان لەسەر هەمان شێوەی قۆناغە سەرەتاییەکان مایەوە یان شێوەی تری وەرگرت لە پەرەسەندندا ئەوا پشت بە ژمارەیەکی گەورەی جۆراوجۆری هۆکار دەبەستێت.

بـه پشت بەسـتن لەسـەر سەرچـاوەكانی گـۆڕان، چـەند جیاكارییـەك هەیـە ئـەو تیۆرانـە دەیخەنـە نێـوان نوێكـاری نـاوخۆیی و بەریـەك كـەوتنی ڕۆشـنبیری دەرەكـی، هەندێ گۆڕانكاری دەكرێ لە كۆمەڵگە ڕوودەدات وەك دۆزینەوەیەك یان داهێنانێك یاخود كاتێ تاكەكان فێر دەبن كە چۆن ڕووبەڕووی كێشە كۆنەكانیان ببنەوە بە ئامرازە نوێیەكان بەڵام ئایا بۆ هەندێ كۆمەڵگە توانای زیاتریان دەبێ لەسەر داهێنان و نوێكاری لە كۆمەڵگاكانی تر، ئەو خاڵە تا ئێستا مشتومڕی زۆر جیاوازی لە سەرە. ئەگەر چی زاناكانی كۆمەڵایەتی لە تێگەیشتنیان یان بیانوو هێنانەوەیان بۆ ئەو دیاردەیە وای بۆ دەچن كە داهێنان ڕوو دەدات تەنها لەو كۆمەڵگایانەی كە مۆركی سیستمێكی بەسەرەوەیە، بەو واتایەی كە پشتگیری هەموو چالاكیەكی داهێنەرانەی نوێكار دەكەن و پاداشتیان دەدەنەوە.

لە لایەكی ترەوە ئەگەر گۆشەگیری لە نێوان گەلان ببێتە هۆی خولقاندنی چەندین ڕۆشنبیری سەربەخۆ و جیاواز. ئەوا تێكەڵبوونی ئەو گەلانە بە ناچاری پاڵ بەو ڕۆشنبیریانە دەنێت بەرەو ئەوەی پێی دەوترێت (تواندنەوەی ڕۆشنبیری) و لە ئاكامدا لە ناوچوونی ئەو جیاوازییە ڕۆشنبیریانە، بۆیە (بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری) هەروەك پێشتر باس كرا ڕۆڵێكی گرینگ لەم بوارە دەگێڕێ.

ئەگەر گۆڕانی ڕۆشنبیری بەهۆی نوێكاری ناوخۆی، یان پەیوەندیكردن، یاخود لەیەك خشاندنی لەگەڵ ڕۆشنبیری دەرەكی بێت، ئەوا ئەو پرۆسەیەی لە ماوەیدا بیرو باوەڕە نوێیەكان بڵاو دەبنەوە زۆر ئاڵۆز تر دەبن.

ئەوەی جێگای سەرنجدانە كە زۆر لە كۆمەڵگاكانی جیهان بەرهەڵستی زۆربەی داهێنانەكان دەكەن، یان بەلای كەمەوە پشتگوی دەخرێن بە شێوەیەكی كاتی، هەروەها سەرنج دەدرێ كە ڕەوتە دەمارگیرییەكان یان ئەوەی پێشتر ئاماژەی بۆ كرا لەژێر ناوی ـ نێوەندگەری لە دەوری ڕەچەڵەك ـ ڕەنگە ببنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی كە پەیوەندیكردنی ڕۆشنبیری پێڕەوی ڕێگا بیانیەكان بكات بۆ ڕەوشتەكان یان بیركردنەوە. لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی پێشتر بڕیارمان لە سەریدا كە ڕادە و سروشتی ناوەڕۆكە مادییەكەی خسڵەت یان ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەكە كە بە هۆكارێكی گرینگ و كاریگەر دادەنرێت لە پەسندكردنی نوێكارییەكان یان ڕێگا بیانیەكانی

ژیان، لەبەر ئەوەی تێبینی دەکرێت کە گۆڕانکاری خێراتر و پەسندکراوتر دەبێت ئەگەر لەو بیرو باوەڕانە تێگەیشتن کە پەیوەستن لە بەکارهێنانی شتە مادییەکان، پێچەوانەکەش ڕاستە ئەگەر گۆڕانکاری درێژەی کێشا بۆ ئەوەی لایەنە نامادییەکان لە ڕۆشنبیری بگرێتە خۆی.

ڕەنگە ئەوەش بۆ دوو هۆی بنچینەیی بگەڕێتەوە:

١- دیارە کارێکی ئاسانە دڵنیابوون لە سەرکەوتنی بیروباوەڕە نوێیەکانی پەیوەستن بە ڕەگەزێکی مادییەوە بەسەر بیرو باوەڕە کۆنەکان. ئەم کارە جێبەجێ ناکرێت دەربارەی بیروباوەڕێك پەیوەست بێت بە لایەنە نامادییەکان. وەك نموونەیەك ـ ڕەنگە ئاسان بێت لای تاکەکانی کۆمەڵگەیەك لە ڕاستی باڵایی و گونجانی ـ یاخود نزمی و نەگونجانی ـ ڕێگایەکی نوێ تێ بگەن بۆ بەرهەم هێنانێکی دیاریکراو، یان ئامێرێکی نوێ، بەڵام دژوارە ئەو کارە دەربارەی بیرو باوەڕێك یان ڕێبازێکی سیاسی نوێ.

٢- لایەنە نامادییەکانی ڕۆشنبیری زیاتر چەسپاو دەبێ لە دەروونی تاکەکانی ڕۆشنبیرییەك، بەها بنچینەییەکانی ڕۆشنبیرییەك لە ڕۆشنبیریەکان ئەو تەوەرەیە کە ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەکانی تر بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، بۆیە ئاسانە بۆ تاکەکان پێڕەوکردنی سیستەمە نوێیەکانی بەرهەم هێنان یان گواستنەوە یاخود نیشتەجێ بوون ئەگەر نەبێتە هۆی لەقاندنی ئەو تەوەرە بنچینەییە. لە کاتێکدا دژوارە پێڕەوکردنی سیستەمی بەهایەکی دژ ـ یان جیاواز ـ لەگەڵ سیستەمە کۆنەکە چونکە ئەوە دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ تەواوکاری کۆمەڵگە بەو شێوەی پێشتر ڕونکرایەوە.

ڕەنگە زۆر جار تاکەکان ئارەزوی دژایەتی کردنی ئەو نوێکاریانەیان هەبێ تا لە بوارە هونەرییە مادییەکانیش بێت. ڕەنگە ئاشکرا ترین نموونە لەسەر ئەم بارە: ئەوەی لێکۆڵینەوە سوسیولوجیە نوێیەکان ئاشکرایان کرد لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەربارەی بەرهەڵستی کردنی جوتیاران بۆ بەکارهێنانی شێوازەکانی موڵکیەتی کشتوکاڵی و خۆ بەستنەوەیان بە ڕێگا نەریتگەریە کۆنەکان، سەرەڕای ڕوون

بوونەوەی بێ توانایی ئەو ڕێگا و شێوازە کۆنانە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ شێوازە نوێیەکان.

بەهەر جۆرێك بێت ڕوونکردنەوەی زانستیانە بۆ گۆڕانی ڕۆشنبیری بەو شێوەیەی کە کێشەو بەرهەڵستی زۆر ئاڵۆز دەوروژێنێت، ئەم کارە وای کرد کە زۆر لە کۆمەڵناسان لەم سەردەمە دژی تیۆرە هەربوونیەکان بن بۆ ڕوونکردنەوەی کاری گۆڕاو لەبەر ڕۆشنایی تەنها یەك هۆکار. بەهەمان شێوە تیۆرە پەردسەندنگەراییەکان پەسند ناکەن لەبەر ئەوەی ساکاری زۆری هەلگرتووە بۆ دیاردەیەکی ئاڵۆز. لەبەر هەموو ئەوانە و لە ئاست ئەو گومانکردنە دەربارەی توانای ئەو تیۆریانی پێشو بۆ گۆڕان، ڕوونکردنەوەی سوسیولوجیایی ئەمڕۆ بەرەو ئاڕاستیەك دەڕوات بۆ (بونیادنانی ڕونکردنەوەیکی کەمتر ئاڵۆز) بەجۆرێك تەنها گرینگی دەدات بە توژینەوە دەربارەی (هۆکارەکانی گۆڕان) یان (مەرج و بوارە نادیارەکانی) کە ئەگەر هەبوو، ئەوا ژمارەیەك لە گۆڕاوە ڕۆشنبیرییەکانی پێوە پەیوەست دەبێ، ئەوەش لە جیاتی گەڕان (هۆ) یەکان بەومانایەی کە زاراوەکان دەیبەخشن.

لە چوارچێوەی ئەو ڕوونکردنەوەیەی زیاتر تێگەیشتنی بۆ ڕاستی و خسڵەتەکانی دیاردە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکان هەبووە. توێژەر دەتوانێ هەندێ بیروباوەڕی گشتی بەستراو بە مەرجەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی بەکاربهێنێ بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕان.

بۆ نموونە بیروکەیەکی گشتی دەربارەی گرینگی ئاستەکان پیادە بکات (ئاستە نافەرمیەکان بۆ کارتێکردنی کۆمەڵایەتی و ڕونکردنەوەی پرۆسەی بەکارهێنانی گۆڕانی تەکنولوجی لەسەر ڕۆشنبیرییەك لە ڕۆشنبیرییەکان).

# بەشی چوارەم

## بەرهەڵستیەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

هەواڵنامەی کتێب

هەروەك زانیمان كە كۆمەڵگاكان لە ئاست بەدەنگەوە هاتنیان بۆ كرداری گۆڕانی كۆمەڵایەتی جیاوازن، هۆكارەكانی گۆڕانیش لەسەر یەك ئاست نین لە كارتێكردنیان لە كۆمەڵگە.

هەروەك جیاوازیش هەیە لە نێوان كۆمەڵگاكان دەربارەی ڕادەی ڕازی بوون بە كرداری گۆڕانی كۆمەڵایەتی، لە هەندێكیان گۆڕان بە پلەیەكی فراوان و قوڵدا ڕوویداوە لە هەندێكی تر یان بەرهەڵستیەكی توند هەیە ئەوانەش دەبنە هۆی ئەوەی كە پرۆسەی گۆڕان بە ڕووكەش و تەسكی بمێنێتەوە. ئەو جیاوازیانەش هۆیەكانی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هەندێ بەرهەڵستی كە ڕەنگە لە كۆمەڵگەیەكدا هەبێ و بی ئەوەی لە یەكێكی بەو ڕادەیە بێت.

**ئەو بەرهەڵستیانەش جیاواز و زۆرن، دەگرێ دابەش بكرێنە سەر شەش بەش:**

١- بەر هەڵستیە كۆمەڵایەتیەكان.

٢-بەرهەڵستیە ئابوریەكان.

٣-بەرهەڵستیە ئیكولوجیەكان.

٤-بەرهەڵستیە سیاسیەكان.

٥-بەرهەڵستیە ڕۆشنبیریەكان.

٦-بەرهەڵستیە سایكولوجیەكان.

هەروەها هەر بەشێك لەو بەشانە كۆمەڵە لقێكی لاوەكی تری لێ جیادەبێتەوە، كارتێكردنیان لە كرداری گۆڕانی كۆمەڵایەتی جیاواز دەبێ.

**یەكەم: بەرهەڵستیە كۆمەڵایەتیەكان:**

بەرهەڵستیە كۆمەڵایەتیەكان زۆرن ئەوانی لەبەردەم گۆڕانی كۆمەڵایەتی دەوەستن. ئەو دیاردانە زیاتر لە كۆمەڵگە نەریتگەرییە باوەكان دەردەكەون تا كۆمەڵگە تازەكان.

**گرینگترین ئەو بەرهەڵستیە کۆمەڵایەتیانە:**

**١- رۆشنبیری نەریتگەری:**

گۆڕانی کۆمەلایەتی تا ڕادەیەکی گەورە پەیوەست دەبێ بەو ڕۆشنبیرییە باوەی ناو کۆمەڵگە. ڕۆشنبیری نەریتگەری پشت بەستوو بەداب و نەریت و بەهاکان بەشێوەیەکی گشتی بە ئاسانی یارمەتی کرداری گۆڕانی کۆمەڵایەتی نادات. داب و نەریتەکان لایەنگری جێگیری دەکەن و بەرهەڵستی گۆڕان و هەموو نوێبوونەوەیەك دەکەن ئەگەر مادی بێت یان مەعنوی، چەندی ئەم ڕۆشنبیرییە باو بوو بەرهەڵستیەکەی ئەوەندە توند و بەهێزتر دەبێ.

ئایدولوجیای کۆنەپارێزی کە ڕێز لە بیروباوەڕە کۆنەکان دەگرێت و (چونکە لە تواناادا نییە لەوە چاکتر بێتەدی) دەبێتە هۆی بەرهەڵستی کردنی هەر نوێیەك. ئەم جۆرە بیروباوەڕانە بە تایبەتی لای تەمەن گەورەکان باو دەبن کە لە بارودۆخی جیاواز لەم سەردەمە ژیاون، ئەوەش دەبێتە هۆی نەزانین بە نوێکاری و تازەبوونەوە بەگشتی. لە کۆندا وتراوە (ئەوی شتێکی نەزانی دژایەتی دەکات).

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی (ولیام نوجبرن) ڕەوتی کۆنە پارێزی لای گەورە تەمەنەکان و لایەنگیری بۆ پارێزگاریکردنی کۆن و جێگیری لە داب و نەریتەکان، هەموو ئەوانە بەرهەڵستی نوێبوونەوەی مادی و گۆڕان دەکەن بەشێوەیەکی گشتی.

بەرهەڵستیەکە بەشێوەیەکی فراوانتر دەبێ کاتێ ببەسترێتەوە بە گۆڕانی بە هاوبیرو باوەرە نەریتگەرییە کۆنەکان.

بۆنموونە: لە هیندستان بەشی زۆری دانشتوان لە بارێکی خراپی گوزەران و خواردندا دەژین، ڕەنگە هەندێ جار بگاتە ڕادەی برسێتی. لەگەڵ ئەوەشدا تائفەی هندوس ڕێز لە مانگاکان دەگرن و ڕێگا نادەن سەریان ببڕن، ڕێگا دەدەن لەناو باخ و کێڵگەکاندا بسوڕێنەوە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن سەر ئاژەڵ.

سەرکردەی هیندستان (نەهرۆ) هەوڵێکی زۆریدا باوەڕیان پێ بهێنێ بەوەی کە ئەو بیروباوەڕەیان هەڵەیە، بەلام هەوڵەکانی بێ سوود بوو. بۆیە چاوەڕوان ناکرێت

که بەخێوکردنی مانگا لەو وڵاتە بۆ خواردنی گۆشتەکەی بێت لەبەر ئەوەی ئەو کارە بە پێچەوانەی بیروباوەڕی هیندوسەکانە.

ئەم دیاردەیە لە لایەن داگیرکەرە (ئینگلیز)ەکانەوە سوودی باشی لێوەرگیرا، شەوانە مانگایان سەردەبڕی و لە شەقامەکاندا فڕێیان دەدا و ئیسلامەکانیان تاوانبار دەکرد بەو کارە بە مەبەستی دروستکردنی ناکۆکی و دوبەرەکی لە نێوانیاندا.

زاڵبوونی ئەم جۆرە بیروباوەڕە کۆنانە لای چەند هۆز و تائفەیەك بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ڕوودانی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەگشتی. لە هەندێ کۆمەڵگەی عەرەبیدا، جیاوازی هەیە لە تێڕوانین بۆ بەها باوەکان.

بە بۆچوونی (محمد الرميحي) جیاوازی هەیە لە تێڕوانین بۆ بەهاکان لە نێوان هاوڵاتیانی کویت، کە ڕەنگە ببنە هۆی ڕێگرتن لە کرداری گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەگشتی. ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەستا بە تۆژینەوەیەك بۆ پێوانەی ئاراستەی ئەوانەی دواکاریان هەیە بۆ وەرگرتنی (شقة)ی نیشتجێ بوون ساڵی ١٩٦٧ و ڕادەی ویستیان لەو یەکانە بۆ نیشتەجێ بوون.

ژمارەی (٦٧٢) کەس لە کۆی (١٥١٧) داواکار لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا، لەو لێکۆڵینەوەیەدا ڕێژەی (٣/ ٩٣٪) لەو کەسانە فەرمانبەری حکومەت بوون و ڕێژەی (٧/ ٧٪) لەو کەسانە لە خەڵکی تر بوون. ئەنجامی گشتی لێکۆڵینەوە کە (٥/ ٩٥٪) لەو فۆرمانەی ڕاپرسیان لەسەر کرا ڕازی نەبوون بەنیشتەجێ بوون لە (شقة).

گەورەترین ڕێژەی ڕازی نەبوون بەهۆی داب و نەریت واتا بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگە گەیشتە (٧/ ٦٧٪).

بۆیە ئەو بەها کۆمەڵایەتیانە جۆرێکی دیاریکراو لە نیشتەجێ بوون دەسەپێنێ. ئەم نموونەیەش دەکرێ لەسەر وڵاتە عەرەبیەکانی تر پیادە بکرێت.

ئەم کارە دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: لێرەدا چەند بەهایەکی کۆمەڵایەتی هەیە کۆسپن لە ڕێگای گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

هەوارگەی کتێب

أ- جۆری بونیادی چینایەتی:

بونیادی چینایەتی لە کۆمەڵگە کاریگەری خۆی هەیە لە پەسەندکردنی یان بەرهەڵستی کردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. سیستمی توندوتیژ بۆ چینە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگر دەبن لەبەردەم کرداری گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی شێوازەکانی کار لەیەککردنی لەو جۆرە کۆمەڵگایانە سنوردار دەبن بەهۆی داخرانی چینایەتی. سیستمی چینایەتی کۆسپە لەبەردەم ڕادەی گۆڕان هەروەك لە وڵاتانی هیند و پاکستان هەیە. سیستمی تائفی جۆری پیشەکان دیاری دەکات کە دەسەپێنرێن بەسەر توێژە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگە. ئەو سیتمە چینایەتیەی لە هیندستان هەیە بەناوی (Caste) ئەو کارو پیشەکان بۆ تاکەکان دیاری دەکات، ئەم ڕێسایە پشتاو پشت گوزراوەتەوە نەك بەپێی لێهاتووی و شارەزاو ویست بێت، ئامانج لەم ڕێبازە پتەوکردنی داب و نەریتە و پابەند بوون پێیەوە. واتا یەکگرتووی چینایەتی ڕێگر دەبێ لەبەردەم پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵایەتی کە ڕەنگە لەم سەردەمەدا هەموو کۆمەڵگە گەشە سەندووەکانی بگرێتەوە.

ب- ئارەزووی پارێزگاریکردنی دەسکەوتەکان:

بەرهەڵستی کردنی گۆڕان لە لایەن ئەو کەسانەی ترسیان لە دەسدانی بەرژەوەندییەکانیان هەیە، ئەو بەرژەوەندییانە ڕەنگە لە پێگەی کۆمەڵایەتی یان دەسکەوتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان بێت. بۆیە کاتێ ئەو تاکانە هەست دەکەن کە دەسکەوتەکانیان هەڕەشەی لەسەرە بەهۆی نوێبوونەوە، خێرا بەرهەڵستی بۆ پەیدا دەبێت، نموونەش زۆرن لە کۆمەڵگاکان، چینی سەرمایەداری هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان وەك خۆی بێت بێ گوران، ئەم کارە وایان لێدەکات کە دژی هەر جۆرە گۆڕانێکی پۆزەتیڤانە بن بۆ بەرژەوەندی چینی کرێکار لە بواری پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان کە دەگۆڕێت بە گۆڕینی هۆیەکانی بەرهەم هێنان. خودی ئەم کارە ڕوودەدات لە لایەن چینی کرێکارەوە بەهۆی بەدەست هێنانی دەسکەوتی زیاتر بۆ چینی سەرمایەداری لەبەر ئەوەی چینی کرێکار بە توندی بەرهەڵستی ئەو دەسکەوتانە دەکەن.

جۆرەکانی بەرهەڵست کردن زۆرن بە زۆر بوونی گۆڕانکاریەکان کە ڕوودەدەن لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە. ڕەنگە هەندێ حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەیەك بەرهەڵستی دروست بوونی حزبی نوێ بکەن بۆ ئەوەی ژمارەی لایەنگرانیان کەم نەبێتەوە و دەنگدەرانیش بڵاونەبنەوە لە کاتی پرۆسەی دەنگدان.

هەروەها پزیشکەکان (بۆ نموونە) بەرهەڵستی هەر گۆڕانێك دەکەن کە ببێتە هۆی کەم کردنەوەی کرێکانیان بۆ بەرژەوەندی نەخۆشەکان، ڕەنگە ئەو لایەن و ڕێکخراوە بچووکانەی زیانیان لێدەکەوێت بەهۆی گۆڕان، هەستن بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ناڕاست دژی گۆڕانکارییە پێشنیاز کراوەکان، هەروەکو ـ فوستر ـ باسی دەکات.

بەرهەڵستی کردن لە بواری ئامێرە تازەکانیش دەردەکەوێت. لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازیەوە کاتێ ئامێری هەڵمی جێگای ئامێری دەستی گرتەوە، ئەم کارە بووە هۆی لە دەستدانی ژمارەیەکی زۆری کرێکاران بۆ کارەکانیان لە بریتانیا، بۆیە کرێکاران دژی کرداری نوێکردنەوەی پیشەسازی بوون.

نووسەر (محمد عبدالولي الدقس) ساڵی ١٩٧٨ سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کرد لە کۆمپانیا پیشەسازییەکانی ئاسن و میکانێك (سیمکو) لە شاری (قسطنطنية) لە وڵاتی جەزائر لەسەر نمونەیەك کە (١٠٠) کرێکاری گرتە خۆی.

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە ڕێژەی (٧٩٪) لە کرێکاران دژی بەڕێوەبەرە کارگێڕییەکان بوون بەهۆی لاوازی کاری کارگێڕی لە جێبەجێکردنی سیستمی (بەڕێوەبردنی سوسیالستی) بۆ دامەزراوەکان، ئەم کارە کە چەندین ماف بۆ بەرژەوەندی کرێکاران دابین دەکات لە بواری پرۆسەی بەرهەم هێنان، هۆی لاوازی کاری کارگێڕیش بۆ نەشارەزایی ئەو دامەزراوە کارگێڕییە دەگەڕێتەوە، ئەم کارە کاریگەری بەسەر ویستی کرێکاران هەبوو بەرەو گۆڕانێکی چاکتر.

هەروەها بەرهەڵستی کردن بۆ گۆڕان لە بواری جۆراوجۆر دەردەکەوێت لە ژیانی سیاسی و ئابوری و زانستی. ئەو بەرهەڵستیە بە زۆری لە ئەنجامی نەزانینەوە لە

گۆڕانكاریە نوێیەكان و ترس لە بەرژەوەندیەكان پەیدا دەبێت، دیارە بەرهەڵستیەكە گەورەتر دەبێ چەندی ئەو بەرژەوەندیانە بەرەو ڕووی گۆڕان گەورەتر بوونەوە.

زۆر لە توێژینەوە كۆمەڵایەتیەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن دە دەرەبەگەكان دژایەتی چاكسازی كشتوكاڵی و خۆماڵیكردنی زەوی و زار دەكەن لەبەر ئەوەی ڕێگا لە دەسكەوتی فراوانی موڵكایەتیان دەگرێت. هەر لە نەبوونی دامەزراوە یاساییە نوێیەكان دیاردەیەك دەردەكەوێت پێی دەوترێت یاسای (بەریەككەوتنی بەرژەوەندیەكان) كە لای هەموو توێژەكانی كۆمەڵگە ئاشكرایە و دەبێتە هۆی ڕێگری لەبەردەم گۆڕانی كۆمەڵایەتی بە شێوەیەكی گشتی.

جـ- گۆشەگیری كۆمەڵگا:

گۆشەگیری ڕەنگە بارێكی سەپێنراو بێت بەسەر كۆمەڵگە، هەروەك لە وڵاتانی ژێر دەستی ئیستعمار ڕوویدا یان وەك بارودۆخی (زنجی) قوڵە ڕەشە ئەمریكیەكان كە ناوچەیەكی تایبەت بەخۆیان هەبووە و پێی وتراوە ـ ناوچەی ڕەشەكان ـ ڕەنگە گۆشەگیرییەكە خودی بێت كۆمەڵگە بی سەپێنێت بەسەر خۆیدا، هەروەك لە ڕوسیا ڕوویدا پاش شۆڕشی بەلشەفی ساڵی (١٩١٧). یان نیشتەجێ بوونی جولەكەكان لە هەندێ ناوچە و گەڕەكی تایبەت بەخۆیان بە مەبەستی پارێزگاریكردنی ڕەسەنایەتی ڕەچەڵەك و نەتەوایەتی و ئاینی و ڕۆشنبیری.

د- پارێزگاریكردنی بەهاكان و ترس لە گۆڕان:

توێژە كۆنە پارێزەكان لە كۆمەڵگەدا بەزۆری ڕێگر دەبن لەبەردەم گۆڕانی كۆمەڵایەتی، وەك پەرۆشیەك لەسەر بارودۆخە باوەكان، هەروەها مەترسی لەدەستدانی ئەو مافانەی بەدەستیان هێناوە، هەروەك چۆن هۆزی قورەیش لە ڕووی بانگەوازی ئاینی ئیسلام وەستاوە و دژایەتی بڵاوبوونەوەی كرد بۆ ئەوەی پێگەی بازرگانی و كۆمەڵایەتی خۆی لەو سەردەمە لەدەست نەدات. هەروەها چۆن موڵكدارە كشتوكاڵیەكان لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەدا دژی بڵاوبوونەوەی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر وەستان لە ئەوروپا، چونكە بە بیروڕای ئەوان دەبێتە هۆی تاڵانكردنی ناوچە گوندنشینەكان لە لایەك و ترساندنی ئەسپەكانیان لە لایەكی ترەوە. شان بە

شان ئەم بەرەنگارییە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە لایەن توێژە کۆنە پارێزەکان بە مەبەستی پارێزەگاریکردنی مافە بەدەست هاتووەکانیان، ترسی ئەوان لە پرۆسەی گۆڕان لەوەدایە کە گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری دەکات.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بیرو باوەڕە نوێیانەی بانگەواز بۆ گۆڕان دەکەن بە زۆری بەرەو ڕووی بەرهەڵستیەکی توند دەبنەوە بەهۆی دەمارگیری کۆن و پیرۆز ڕاگرتنی هەندێ بوارەکانی ژیان. هەر بۆیە چەندی بەهاکان نزیکتربن لە چەق بەستوویی ئەوا گۆڕینیان یان گۆڕینی بارودۆخە کۆنەکان بە بارودۆخی نوێ دژوارتر دەبێ.

نموونەی ئەوەش: هەڵوێستی تائیفەی هیندوسەکان دەربارەی بە خێوکردنی مانگاو بانگەواز بۆ پیرۆز ڕاگرتنی، هەڵوێستێکی ڕێگرە لەبەردەم هەر گۆڕانێکی تایبەت بە چاککردنی سامانی ئاژەڵی کە دەکرێت ڕۆڵێکی گەورەی هەبێ لە ئابوری نەتەوایەتی لە وڵاتێکی وەك هیندستان.

### هـ- یەك پارچەیی کۆمەڵ:

لە کۆمەڵگە نەریتگەرییە گوندنشینەکان خەڵکی خۆیان بەبیرۆکەیەکی نموونەیی دەبەستنەوە کە ڕەنگدانەوەی لە هەست و دەروونیان دەبێت بە پابندبوونی ئاڵ و گۆڕ لە نێوان خێزان و کۆمەڵ. بە گشتی وایان لا چاکە پابەندیان بۆ کۆمەڵی بچووك هەبێت و ڕەخنە گرتنیان لە هەر تاکێك لە ڕەفتاری باو لابدات.

### و- ناتەبایی لە پێکهاتەی کۆمەڵگە:

جیاوازی لە نێوان ئەو تاکانەی کە کۆمەڵگەیان لێ پێکدێت لە ڕووی جۆروتەمەن و فێربوون و پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی و دۆخی چینایەتی و ئاینەوە، دەبێتە هۆی ناتەبایی و ڕووبەڕوو بونەوەی بەرژەوەندییەکانیان، بە جۆرێك کە هەر گۆڕینێکی نوێ ڕەنگە نارەزایی هەندێك و ڕازیبوونی هەندێکی تری لێ بکەوێتەوە. ئەوەش بە پێچەوانەی ئەو تەباییەی کە هەیە لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیە و ڕێگا بە گۆڕان دەدات لە جۆرەها بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

بەڵام بە بۆچوونی (عدلی أبو طاحون) لە کتێبەکەی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی) کە ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە، کۆسپە کۆمەڵایەتیەکان بۆ گۆڕان پەیوەستە بەم خاڵانە:

أ- پابەند بوونێکی ئاڵ و گۆڕ لە نێوان ئەندامانی خێزان و خزم و هاوڕێیان.

ئەو ئەرکانەی پێشبینی دەکرێن و پەیوەستن بە ئەرکەکانی تاك لە ناو ناوچە گوندنشینەکان، کارێکی سەلێنراوی کۆمەلایەتیە، واتا کارێك نییە بۆ تاك بەجێمابێ بە ئازادی، بەڵکو کارێکی پابەندبوونی بەهێز و گرینگن بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکانی وەك مردن، برسێتی و یان هەر دیاردەیەکی تر.

ئەم جۆرە پەیوەندییە ئاڵ و گۆڕانە بە زۆری لەگەڵ ئاراستەی تاکدا ناگونجێت کە هەڵسوکەوتە شارستانی و پیشەسازییەکان پێی دەناسرێن بەتایبەتی لە قۆناغی گواستنەوەدا.

نموونەیەك لەسەر ئەو دیاردەیە: لە وڵاتی پیرۆ هەوڵدرا ئامێری نوێی ڕاوەماسی بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەم کارە ڕەوشتێکی پۆزەتیفانەی پێك نەهێنا لە لایەن ڕاوچیەکان بۆ بەکارهێنانی، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیستمی خێزانی گەورە باو نەبوو هەر داهاتێکیش هیچ سوودی بۆ خێزان نەبووە بەڵکو دەبووە هۆی زیاتر پابەندی و ئەرك بەسەریدا.

ب- بزوێنەرکاری کۆمەڵی بچوك

هەست کردن بە ئینتمای تاك بۆ کۆمەڵە بچووکەکان یان ناوچەیەك بابەتێکی گرینگ پێکدێنێت بۆ زۆرینەی خەڵك، لەبەر ئەوەی دڵنەوایی و ڕازی بوونی دەرونی بە دەس دێنێت و دەبێتە هاریکارییەك بۆ جێ بەجێکردنی کاروباری ڕۆژانە، هۆیەکەشی کۆمەڵە بچووکەکان لەناو خۆیاندا جۆرە پێخۆشحاڵیەك دەبەخشنە ئەندامانیان، ئەمە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە خەڵکێکی زۆر قوربانی بە دەسکەوتە ئابوریەکانی خۆیان دەدەن لە پێناو یەکگرتووی کۆمەڵەکە.

نموونەش لەسەر ئەوە: هەندێ جار ژنە جوتیارەکان پێیان باشە جل و بەرگەکانیان لە جۆگە ئاوەکاندا بشۆن لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەك بە مەبەستی خۆشی و هاوڕێیەتی، هەرچەندە لە ماڵەوە کەمتر ماندوو دەبن.

جـ- ڕای گشتی:

گرینگی یەکگرتوویی کۆمەڵی بچووك لە جێبەجێکردنی چەندین بەرنامەی ئاراستە کراوی گۆڕان دەردەکەوێت. لە هەمان کاتدا سەرنج دەدەین کە ڕای گشتی ڕەنگە کارتێکردنی بەهێزی هەبێ لەسەر ڕەفتاری تاکەکان لەناو کۆمەڵدا، ئەمەش هاندەر نابێ بۆ ئەندامە داهێنەرەکانی ئەو کۆمەڵە. نموونەیەك لەسەر ئەم دیاردەیە:

سەرکردەیەك لە ناوچەیەکی وڵاتی هیندستان پرۆژەیەکی بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر دروست کرد، وەك پرۆژەیەکی ئابووری بۆ گەشتیارانی - تاج محل. بەڵام خەڵکی ناوچەکە هاوکاریان نەکرد، لەبەر ئەوەی هەڵگری بیروباوەڕی (ڕووەك خۆر) بوون، بۆیە پرۆژەکە لە کار وەستا.

٢-ململانێیەکان:

وامان لا باوە کە کۆمەڵگە گوندنشینەکان یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و تەبایی گشتی لە نێوانیاندا باوە، بەڵام کارەکە دوورنیە لە هەندێ ناکۆکی و ململانێی حزبی کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پچڕ پچڕی دانیشتوانی گوند.

أ- ململانێی حزبایەتی:

پێویستە ئەو بەرنامانەی ئاراستەی جەماوەر دەکرێن بە ڕێگایەك بێت کە دەرفەت بە ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی بدا بۆ بەشداریکردنیان، بۆ ئەوەی ڕادەی بەرهەڵستیەکان کەم بکرێنەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی لە قۆناغی پێگەیاندن و دامەزراندنی حزبایەتیدا بن بەزۆری دابەش دەبن، بۆیە ئەگەر کۆمەڵێك یان حزبێك بیرۆکەیەکی دیاریکراوی پەسەندکرد ئەوا کۆمەڵێکی تر دژی ئەو بیرۆکەیە دەوەستن بی هیچ هەڵسەنگاندنێك بەڵکو تا ئەو ڕادەیی بیرکردنەوەشیان بۆ نەکرد بێ.

ئەم وێنەیە بەزۆری لە هیندستان و پاکستان ئاشکرایە. بۆیە دەبینین ئەگەر پسپۆڕێك هەڵگری بیرۆکەیەك بێتو لایەنگری حزبێك بکات ئەوا ئەو حزبە پێی ڕازی دەبێ و حزبە دژەکەشی قبوڵی ناکات، بەم جۆرە پرۆژەی پسپۆڕەکەش سەرناکەوێت.

ب- خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان.

زۆر لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان ئەوانی لەسەر ئاستی جیهانی پشتگیری دەکرێن لەم سەردەمە وا ڕووندەکرێتەوە کە ڕێگرن لەبەردەم ئاواتی هەندێ تاك و گروپ.

بۆ نموونە چەند گەورە موڵکدارێکی کشتوکاڵی دژایەتی بەرنامەکانی فێربوونی کرێ گرتەکان دەکەن یاخود بەرنامەکانی دووبارە دابەشکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی، هەروەها دژایەتیکردنی بازرگان و ئەوانی پارە بە قەرز دەدەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە هەرەوەزیەکان، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی خاوەن بەرژەوەندی تایبەتن هێزی کاریگەریان دەبێ بەسەر تاکەکانی تری کۆمەڵگە و دوور خستنەوەیان لەو بەرنامانە، گەورە ترین کاریان لەم بوارەدا بڵاو کردنەوەی. پروپاگەندە و کەمکردنەوەیە لە گرینگی ئەو بەرنامانە.

ج- سەرچاوەکانی دەسەڵات:

لە کۆمەڵگەی گوند بەشێکی گەورەی دەسەڵات دەکەوێتە چوارچێوەی خێزان بەپێی داب و نەریتە هەبووەکان. لەگەڵ بوونی چەند جۆرە دەسەڵاتێکی تر لەناو پێکهاتەی سیاسی، هەروەها ڕەنگە هەندی دەسەڵات لە دەستی چەند کەسایەتیەکی تایبەتمەند هەبێ ئەوانی کارتێکردنی ڕاستەوخۆیان بەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکانی تر هەیە، بێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە هیچ ئاکارێکی فەرمی هەبێت، سەرەڕای ئەوانەش چەند جۆرە دەسەڵاتێکی تر هەیە لە دەرەوەی سنوری گوند ڕەنگە کارتێکردنی بەهێزیان هەبێ لە ناوچەکە. ئەوەش تایبەتمەندییەکە بۆ کۆمەڵگە نەریتگەریەکان کە ئەو دەسەڵاتانە دەگرنەخۆ لە سنور خێزان و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی تاکەکەسی هەڵکەوتوو.

دووەم: بەرهەڵستیە ئابورییەکان:

بەرهەڵستی کردنی گۆڕان لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکی ئابوری جۆراوجۆریشە وە دەبێ، کۆمەڵگەکان لە نێوان خۆیاندا جیاوازیان لە ئاودا بەدی دەکرێ، بۆیە پلەی

گۆڕانی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبێ. دۆزینەوە تەکنولوجیە بەردەوامەکان دەبنە هۆی گۆڕینی خێرا، هەروەك لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان ڕوویداوە، هەروەها دۆزینەوە زانستیە بەردەوامەکان چالاکیەکن دەبنە هۆی گۆڕانی خێرا، چەند گۆڕانکارییەکی جۆراوجۆر هەیە پەیوەستن بە دەرامەتە ئابوریە بەردەستەکان و توانای کڕین لای هاوڵاتیان، هەموو ئەوانە فاکتەرن ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە کرداری گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

**لە گرینگترین ئەو هۆکارانە:**

**١- لاوازی جوڵەی داهێنان و دۆزینەوە زانستیەکان:**

ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی نەبوونی ڕۆحی داهێنان و نوێبوونەوە بەدی دێت، بۆ چەند فاکتەرێکی لاوەکی دەگەڕێتەوە لەوانە: دابەزینی ئاستی زانستی لەگەڵ ئاستی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی، نەبوونی ئەو پێداویستیانەی هاندەرن بۆ داهێنان، هەروەها دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە هەست کردن بە پێداویستی بە تەنها بەس نییە بۆ داهێنان، بەڵکو پێویست دەکات ئاستی زانستی و تەکنولوجی لەبار بێت، لێرەدا کۆمەڵگەیەکی زۆر هەیە پێویستیان بە دۆزینەوەی سامانەکانیان هەیە لە کان و نەوت و هی تر، بەڵام لاوازی ئاستی تەکنولوجیان ڕێگر دەبن لەبەردەم سوود وەرگرتن لەو سامانە سروشتیانە و جۆرەکانی تر، لە پێناو بەدی هێنانی گۆڕان و بەرەو پێشکەوتن و گەشەپێدان، پێویست دەکات مەرجە تەکنولوجیەکان بەدی بێن سەرەڕای کەش و هەوای ڕۆشنبیری لەبار بۆ ئەوەی بەدیهێنانی داهێنان لە توانادا بێت.

کارێکی بەڵگە نەویستە کە مەرجەکانی داهێنان پێویستی بە بوونی کەسی توانادار و پێداویستیە شیاوەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتی گونجاو هەیە. هەر داهێنانێکی نوێ ڕێگای پێ نەدرێت ناگاتە ئەو ئامانجەی لە پێناویدا پەیدا بووە، بۆیە زیرەکی لای داهێنەر بەتەنها بەس نییە ئەگەر کەش و هەوای کۆمەڵایەتی لەبار بەدی نەییت، بەڵگەش لەسەر ئەوە هەندێ جار بیرو باوەڕی جۆراوجۆر لەناو

کۆمەڵگە بڵاو دەبێتەوە و ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی داهێنان یاخود دۆزینەوە نوێیەکان دەگرێ.

لەم بارەدا (نمکوف) ڕوونی کردۆتەوە کە داهێنانەکان پشت بە توانای ئەقڵی و پێویستی بە زانینی هەبوو دەبەستن.

بۆیە ڕازی بوونی کۆمەڵ پشت دەبەستێتە سەر: جۆری داهێنانەکە لە ڕووی گونجان و تێچووی، پێگەی داهێنەر، ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان بۆ ئەگەری ڕازی بوون بە داهێنانەکە. هەموو ئەو دیاردانە کاریگەری گەورەیان دەبێ لەسەر بڵاو بوونەوەی داهێنانەکە بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

بۆیە دەرفەت ڕەخساندن لەبەردەم خاوەن تواناکان و چاودێریان و ئاراستەکردنیان دەبنە هۆی بەدیهاتنی دۆزینەوە و داهێنانە زانستیە جۆراو جۆرەکان و دابین کردنی ئامراز و کەرەستەی پێویست لەکارگە و تاقیگە و ئامێرە تەکنولوجیەکان و هی تر، کارێکە هانی تۆژینەوەی زانستی دەدات و دەبێتە هۆی زۆربوونی داهێنانەکان و قوڵبوونەوەی سوودەکانی لە ناو کۆمەڵگە. بە پێچەوانە لاوازی توانا ئابوریە پێویستیەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی داهێنانەکان و لە ئاکامدا کۆسپن لەبەردەم کرداری گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

٢-تێچووی دارایی:

لە زۆر باردا تاکەکانی ناوکۆمەڵ ئارەزووی ئەوەیان هەیە ببنە خاوەن دۆزینەوە تەکنولوجیەکان. بەڵام بەرزبوونەوەی نرخ و تێچووی داراییان ڕێگر دەبن لەبەردەم ئەو ویستە، واتا تەنها بوونی ویست بەس نییە ئەگەر توانای دارایی لەبار نەبێ. زۆرن ئەوانەی دەیانەوێ ئامێرە کارەبایی و ئامرازە نوێیە مادییەکانیان هەبێ بەڵام نەبوونی توانای دارایی ڕێگر دەبێ لەبەردەم بەدیهێنانی ئەو ویستە.

دابینکردنی کۆمەڵایەتی بیرۆکەیەکی پەسندکراوە لای هەموو کۆمەڵگاکان، بەڵام نەبوونی پێداویستیە مادییەکان ڕێگای جێبەجێکردنی نادات، واتە ئەوەی لەسەر تاکەکان پیادە دەکرێ لەسەر کۆمەڵگاکانیش پیادە دەبێت.

هەڵوێست لە ئاست نوێکاری پەیوەست دەبێ بەپلەی ئەو سوودە ئابورییەی کە چاوەڕوان دەکرێ لێی. بە شێوەیەکی گشتی چەندی ڕادەی سوودەکەی بەرزبێت ئەوەندە داواکردنی فراوانتر دەبێ.

(روجر) لە تۆژینەوەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پێشوازیکردن لە کاری نوێ لای گوندنشینەکان بەدی دێت ئەگەر ڕێژەی (١٠٪) سوودی هەبێ بەڵام لەوە کەمتر ئەو کارە نوێیە بەگشتی بە هەند وەرناگیرێ.

بەڵام توێژەر (ابراهیم ابو لغد) گەیشتە ئەنجامێکی جیاواز، ئەوەی ڕونکردەوە کە پەسند کردنی هەر کارێکی نوێ کاریگەر دەبێ بە هەڵویستی کۆمەڵایەتی سەرەڕای سوودە داراییەکەی.

لە بواری کشتوکاڵیدا شارەزایەك لە ناوچەیەکی گوندنشین لە وڵاتی میسر ویستی (تۆوی گەنمەشامی دوورەگ) بەکار بێنێ، توانی دانشتوانی ناوچەکە ڕازی بکات بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە تۆوە، ژمارەی ئەو جوتیارانەی ڕازی بوون و بە کاریان هێنا تا دەهات زۆرتر دەبوون، ئاستی داهات لەو ناوچەیە ڕوو لە بەرزبوونەوە بوو بە ڕێژەیەك کە لە (١٥٪) کەمتر نەدەبوو، بەڵام لە وەرزی داهاتوو جوتیاران وازیان هێنا لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە تۆوە سەرەڕای سوودەکەی، پاشان دەرکەوت کە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنانی ئەو ناوچەیە پێیان خۆش نەبووە ئاردی ئەو دانەوێڵەیە بکەن بەنان.

واتا پێویست دەکات هەڵوێستی کۆمەلایەتی وەك فاکتەرێکی کاریگەر بە هەند وەربگیرێ لە کرداری گۆڕانی کۆمەلایەتی، بەڵام تەنها سوودە مادییەکەی بەس نییە بۆ ڕازیبوون بە نوێکاری.

٢-سنورداری سەرچاوە ئابورییەکان:

کەمی دەرامەتە ئابورییەکان لای کۆمەڵگاکان کارێکە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم کرداری گۆڕانی کۆمەلایەتی، ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن سامانی کانزایی یان سروشتی نەبن گۆڕانی کۆمەڵایەتی گەورەیان لە ناودا ڕوونادات، بۆیە کۆمەڵگە گەشەسەندوو

هەژارەكان توانای ئەوەیان نابێ پێداویستی تاكەكان بەدی بهێنن و لە ئاستێكی سنوردار دەمیننێنەوە لەگەڵ دابەزینی ڕادەی كەڵەكەبوونی سەرمایەكە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان.

لە كاتێكدا كۆمەڵگە پیشەسازییە پێشكەوتووەكان ئەوانی دەرامەتی ئابوری بەرزیان هەیە، پرۆسەی گۆڕانیان لا بەئاسانی ڕوودەدات، چونكە سەرچاوە ئابوریەكان لە هەر كۆمەڵگەیەك یارمەتی سەركەوتنی پلانەكانی گەشەسەندن دەدەن. بەڵام ئابوری دوواكەوتوو ڕێگر دەبێ لەبەردەم كرداری گەشەسەندن بە شێوەیەكی گشتی.

نووسەر (ج. م ـ البریتنی) سێ خسڵەتی بۆ ئابوری دوواكەوتوو دیاری كردوە:

أ- ئابوریيەكی نەریتگەری، كشتوكاڵ لەسەر شێوە سەرەتاییەكانی بەرهەمهێناندایە، ئەم جۆرە ئابورییە گۆشەگیر و دوور لە خەڵك دەبێت بەرهەمێكی لاوازی هەیە، پەیوەندی بە بەشەكانی تری ئابورییەوە نابێ.

ب- بەرهەمی لاواز دەبێ، زۆر كەم لە پێداویستیەكانی بەكارهێنان بەرهەم دێنێت، ئەوانی تر بە زۆری لە دەرەوەی وڵات دێن. واتا ئابورییەكی پاشكۆیە لە پلەی یەكەمدا، هیچ سوودێكی ئابوری تیادا نابینرێت.

جـ- لە خسڵەتەكانی ئەو ئابوریە بوونی كۆمپانیا فرە ڕەگەزەكان كە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی كار دەكات، بەرهەمەكانیان لەگەڵ پێداویستی وڵاتە گەشەسەندوەكان گونجاو نین.

سەرەڕای ئەوەی قازانجەكانی بۆ دەرەوە دەچێت و سوودی بۆ وڵاتە گەشەسەندوەكە نابێ. بە گشتی كەمی دەرامەتە ئابوریەكان دەبێتە هۆیەك بۆ سنوردارکردنی کرداری گۆڕان و ڕێگرتن لێی، بە زۆریش كۆمەڵگە ناسیونالستەكان لە وڵاتی گەشەسەندوو هیوایان جۆرە ژیانێكی خۆشە دور لە هەژاری كە كۆسپە لەبەردەمیان بەهۆی لاوازی توانا مادیەكانیان. ئامرازە مادییەكانیش تەنها بە پارە دەس دەكەوێت، هەروەها دۆزینەوە و كارگەكان. بوونی توانای دارای هاوكاری

جێبەجێکردنی ئەو پێداویستیانە دەدات، بە نەبوونیان کرداری گۆڕان جێبەجێ نابێت و تەنها وەك ئاواتێك دەبێت هەر ئەوەشە هۆیەکانی زۆری و خێرایی گۆڕانە کۆمەلایەتیەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان نەك کۆمەڵگە گەشە سەندوەکان.

**سێیەم: بەرهەڵستیە ئیکولوجیەکان:**

کارتێکردنی ژینگەی سروشتی لەسەر کۆمەڵگاکان ئاشکرایە ئەگەر بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە بێت یان نەگەتیف. ژینگەی سروشتی لە ئاو و هەواو دەشت و شاخ و ڕووبار... کارتێکردنی لەسەر پێکهێنانی شارستانیەتی کۆمەڵگاکانی دەبێ، شارستانیەتە کۆنەکانی وەك: بابلی، ئاشوری، فیرعەونیەکان و ئەوانی تر کە لەناوچە ساماندارەکان دامەزراون، بەتایبەتی لە دەوروبەری ڕوبارەکاندا کە سامان و ئاسانی ژیان لەو ناوچانە کاریگەری گەورەی هەبوە بەسەر دروستبوونی شارستانی لەو جێگایانەدا.

شارستانیەت لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەم سەردەمە لەسەر کشتوکاڵ دامەزراوە بەهۆی دەوڵەمەندی ئەو وڵاتە.

بە پێچەوانەی ئەو بارەی لاوازی و کەمی دەرامەتە سروشتیەکان ڕێگر بوونە لەبەردەم گۆڕان و دامەزراندنی شارستانی گەورە، ئەو گۆشەگیرییە سروشتیەی هەندێ لە کۆمەڵگاکان تیایدا ژیاون بەهۆی ئابلوقە دانیان بە بیابان یان ناوچە شاخاویەکان کارێکە ڕێگر دەبێ لەبەردەم پەیوەندی کۆمەڵگاکان، واتا لەم هەلومەرجەدا جێگای جوگرافی سروشتی گۆشەگیرییەك دەسەپێنی بەسەر کۆمەڵگەدا و ڕێگر دەبێ لەبەردەم گۆڕانی کۆمەلایەتی.

بۆ نموونە وڵاتی (یەمەن) بەهۆی دەوردانی بە چیا سەخت و بەرزەکان بە پلەی یەکەم و لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی و ئابوری لە پلەی دووەمدا، بووە بەهۆی دوواکەوتنی لە کۆمەڵگاکانی تری نزیك ئەو، بەلام ئەم گۆشەگیرییە بەهۆی شۆڕشی

پەیوەندییـەکان و پێشـکەوتنی تـەکنولوجی بەشـێوەیەکی گشـتی بـەرەو لاوازی و کەمبوونەوە دەڕوات.

بەرهەڵستیە ئابوریـەکان لەگـەڵ چـەند بەرهەڵستیەکی تـر دەبنـە هـۆی دیاردەی داخستنی چینایەتی و چەسپاندنی داب و نەریتـەکان، هـەروەها وەسـتانی جوڵـەی داهێنان و نوێبونەوە و.. هتد. بۆیە بەپێی ئەم ڕاستیە کرداری گۆڕان بەشێوەیەکی سست و ناهوشیارانە ڕوودەدات لەبەرامبـەردا ئاسانی پەیوەنـدیکردنی کۆمەڵگەیـەك بە کۆمەڵگاکانی تر دەبێتە هۆی کار لەیەککردنێکی کۆمەلایەتی فراوان.

بۆیە پرۆسەی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری بەشدارییەکی گەورەی دەبێ لـە گـۆڕانی کۆمەلایەتی.

**چوارەم: بەرهەڵستیە سیاسیەکان:**

کۆمەڵگاکان لە بارودۆخی سیاسی جیاوازدا دەژین، ئەو بارودۆخانـە کارتێکردنیـان دەبێ بەسەر کرداری گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە هـەردوو بـاری پـۆزەتیڤ و نەگەتیڤانـە. دەکرێ بەرهەڵستیە سیاسیەکان دابەش بکەینە سەر دوو بەش:

**یەکەم: بەرهەڵستیە ناوخۆییەکان:**

لێرەدا چەند بەرهەڵستیەکی سیاسی جۆراوجۆر هەیـە لەبـەردەم کـرداری گـۆڕان لەوانە:

**أ- لاوازی ئایدیولوجیای گەشەپێدان:**

پرۆسـەی گـۆڕان ملکەچـی سیاسـەتی نـاوخۆی دەوڵـەت دەبـێ بـەپێی ئـەو ئایدیولوجیایەی کە پیادەی دەکات، کاتێ ئایدیولوجیا ئاشکراو ڕوون نابێت و بێنـە و بەرەی تێ دەکەوێت، ئـەو کـارە ڕەنگدانـەوەی دەبێ لەسـەر بەرنامـەی گەشپێدان و دەبێتە هۆی کەم و کورتی لە پلانەکانی گەشەپێدان.

پلانی گەشەپێدان لە چوارچێوەی ئایدیولوجیایـەکی سیاسـی دادەڕێـژرێت، لەبـەر ئەوەی گەشـەپێدان پرۆسـەیەکی سیاسیە لـە پلـەی یەکەمـدا، لـە بونیادنـان و پیادە کردن و سەرپەرشتی کردن، کاتێ سیاسـەتی گەشـەپێدان ئاشـکرا و ڕوون نابێـت لـەم

بارەدا پێداویستیەکانی کۆمەڵگە جێبەجێ ناکات، ئەگەرچی چەند دەوڵەتێکی گەشەسەندوو هەیە کاریان بە پلان دانانی کۆمەڵایەتی نەکردوە وەك بنەمایەك، ئەم کارەش دەبێتە هۆی سستی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی. هەر لە هۆیەکانی ئەم کارەش هەندێ لەبەر پرسان ئارەزووی ڕوودانی گۆڕانیان نییە لەبەر چەند هۆیەك، وەك: لاوازی درك پێکردنیان بۆ پرۆسەی گەشەپێدان یان ڕوون نەبوونی ئایدولوجیای گەشەپێدان لایان.

ب- زۆری نەتەوە و کەمایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە:

زۆری نەتەوە و کەمایەتیەکان زۆر جار ڕێگردەبن لەبەردەم گۆڕان لە پێناو پارێزگاریکردنی هاوسەنگی گشتی ناو کۆمەڵگە. هەر چاکسازییەك یان گۆڕانێك بە زۆری بێت، نارەزایی یان دژایەتیکردنی لێ پەیدا دەبێت لە لایەن ئەو گروپ و توێژانەی کە ڕەنگە زیان بە بەرژەوەندیەکانیان بگات. ئەم کارە بە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی لەناو کۆمەڵگە تەباو گونجاوەکاندا هەیە کە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە ئاسانی پەسەند دەکرێ.

جـ- نا سەقامگیری سیاسی:

بوونی سەقامگیری سیاسی کارێکە پرۆسەی گۆڕان ئاسان دەکات و دەبێتە هۆکارێك بۆ جێبەجێکردنی، لەم بارەدا هەوڵەکانی دەسەڵات و گەل بەرە و گۆڕانکاری جێگای ئەومێد دەبن.

بەڵا م ئەگەر کۆمەڵگە لەبارەی ناسەقامگیری سیاسیدا بژێت، ئەوا هەوڵەکان پەرتەوازە دەبن لە نێوان چەسپاندنی ئاسایش و گەشەپێدانی کۆمەڵگە، سەرەڕای ئەوەی ناسەقامگیری سیاسی هۆکارێکە بۆ کۆچکردنی بیرمەندو زاناو پسپوڕان بۆ دەرەوەی وڵات، ئەم بارودۆخەی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی سوود وەرنەگرتن لە خاوەن بیروتواناکان.

**دووەم: بەرهەڵستیە دەرەکیەکان:**

ئەو جۆرە کۆسپ و بەرهەڵستیانە بەزۆری لە دەرەوە دەسەپێنرێن بەسەر کۆمەڵگەدا، گرینگترینیان:

**أ- سیاسەتی ئیمپریالیزمی:**

هەروەك زانراوە ئیمپریالیزم دەسەلاتی خۆی بەسەر ناوچە داگیرکراوەکاندا دەسەپێنێ و دژایەتی هەر گۆڕانێکی پۆزەتیڤانە دەکات کە ڕەنگە لە ولاتە ژێردەستەکان ڕووبدات. ئیمپریالیزم سیاسەتی لەبار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەسەپێنێ کە سیاسەتێکە پێچەوانەی بەرژەوەندی گەلە چەوساوەکان دەبێت، ئەمەو سەرەڕای سەپاندنی کەلتورو شارستانیەتی خۆی کە ناگونجێ لەگەڵ کەلتوری گەلانی داگیرکراو، هەموو ئەو هەنگاوانە لە کۆتاییدا ڕێگر دەبن لەبەردەم پرۆسەی گۆڕاندا.

ئیستعماری فرەنسی زمان و کەلتوری خۆی سەپاند بەسەر ئەو گەلانەی حوکمڕانی دەکردن لە ئەفریقیا و ناوچەکانی تر. ئەم کارە بارگرانیەکی قورسی بەجێهێشت کە تا ئەمڕۆ ئەو کۆمەلگایانە لەژێر باریدا دەناڵێنن.

هەروەها ئیمپریالیزم سیاسەتی خولقاندنی دوو بەرەکی و جیاوازی پیادەکردوە لە نێوان ئەندامانی یەك کۆمەڵ کە ئاکامەکانی هەلگیرساندنی ململانێ و شەڕە ناوخۆییەکان بووە.

**ب- جەنگە دەرەکیەکان:**

گومانی تیانیە جەنگە دەرەکیەکان دەبنە هۆی لەناو بردن و بەتاڵکردنی دەرامەتە داراییە بەهێزەکان کە کۆمەڵگە پێویستیەتی لە پێناو ڕوودانی گەشەپێدان.

هەروەها ئەو جەنگانە دەبنە هۆی لەناوبردنی سامانە مادی و مرۆڤایەتیەکان، جێگای داخە کە زۆرینەی کۆمەڵگە گەشەسەندووەکان پاش بەدەس هێنانی سەربەخۆیی کەوتونەتە داوی ناکۆکی و ململانێ کە بووە بەهۆی ڕێگرتن لەبەردەم پرۆسەی گۆڕانی کۆمەلایەتی.

شایانی باسە ئەم جۆرە ململانێیانە (بەزۆری) لەلایەن هەندێ کۆمەڵگەی پێشکەوتوو نەخشەی دەکێشرێت.. هۆیەکانیشی زۆرن. بەڵام کۆمەڵگە ناکۆکەکان لە کۆتایی کاروبارەکانیاندا خۆیان لەبەردەم کێشەو قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەبیننەوە، کە دەبێتە هۆی ماندووکردنی و سەرقاڵیان و بەو کێشانە لە جیاتی نەخشەکێشان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران.

## پێنجەم: بەرهەڵستیە ڕۆشنبیرییەکان:

هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان بەرەو ڕووی دیاردەی گۆڕان دەبنەوە، بەم شێوەیە دوو جۆر هێز لە هەر کۆمەڵگەیەك بەدی دەکرێت: هێزێکیان پەلە لە ڕوودانی گۆڕان دەکات و هەوڵی کردنەوەی هەموو دەرگاکان دەدات لەبەردەمی، بەڵام هێزی دووەم دەبێتە کۆسپ و هەموو دەرگاکان دادەخات لەبەردەمی.

ڕەنگە هێزەکانی گۆڕان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ زاڵبن بۆیە کۆمەڵگە بەرەو ڕووی گۆڕانی بنەڕەتی دەبێتەوە لە پێکهاتەکەی و لەبونیادی کۆمەڵایەتی، لە کەلتورەکەشی. لەبەر ئەوە دەبێ بەدوواچوونی ڕێژەیمان هەبێ بۆ ئەو هاندەرانەی پشتگیری گۆڕانی خێرا دەکەن و پەیوەست دەبن پێیەوە.

لێرەدا جارێکی تر ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگە دەس پێدەکاتەوە و خۆی دەگونجێنێ لە بونیادێکی زیاتر باو و گونجاو. هەر لە ماوەی ئەم جووتە بزوێنەرکارییە هێزەکانی خۆسەپاندنی ڕۆشنبیری بەجۆرێکی ڕێژەیی ڕەنگدانەوەیان دەبێت، لەگەڵ بوونی ئارەزوو بۆ گۆڕانێکی هاوتا لەنێوان هێزەکاندا.

پسپۆڕێك بەناوی (هیر سکوفیتش) باس لەم دیاردەیە دەکات، بە بۆچوونی ئەو جێگیری ڕۆشنبیری، لەگەڵ گۆڕینی، ئەنجامێکە بۆ ئاڵۆزییەکی نێوان کۆمەڵە فاکتەرێك، هەندێکیان ژینگەیین، هەندێکی تریان مێژوویین و هەندێکی دەروونی. ناوبراو داوای ڕەچاو و بە هەند وەرگرتنیان دەکات کاتێ بە تەمای هەر لێکۆڵینەوەیەك بین لەسەر کردارەکانی ڕۆشنبیری. ناوبراو بەم دەسنیشانکردنە ئەو سێ فاکتەرە دەکاتە گۆڕاو بەهۆیەوە کارتێکردنی خۆیان بەکار دەهێنن لە ڕێگای

پاڵپشتی کردنی چەند فاکتەرێکی تر، بۆیە هیچ بەرهەمێکیان نابێ بێ هاوکاری ئەوانی تر. لەلایەکی ترەوە ڕەنگە فاکتەربن بۆ چەسپاندنی (اثنوگرافیا) گەلناسی، یاخود ڕەنگە فاکتەربن بۆ گەشەکردنی گۆڕانی ڕۆشنبیری. ئەوانەش:

أ- ژینگە (شوێن):

ڕەنگە ژینگە هەندێ توانای بەسوود بۆ دانشتوان پێشکەش بکات، یان بێ سوود بێت لایان. لەباری دووەمدا ژینگە گۆسپ دەخاتە بەردەم ڕەوتە زاڵبووەکەی تەکنولوجیا، هەروەها دەکرێ چەند بەرهەڵستیەك دابنێ و ببێتە ڕێگر لەبەردەم پەیوەندیکردنی نێوان گەلان، لە ئاکامدا ڕێگر بێت لەبەردەم ڕەوت و شەپۆلە پێویستیەکان بۆ جێبەجێکردنی گۆڕان.

بەڵام گۆشەگیری بە تەنها هۆکارێك نییە بۆ ڕێگرتن لەبەردەم گۆڕان، بەڵکو هۆکارێکی یارمەتیدەرە چەند هۆکارێکی تر پاڵپشتی دەکات وەك کەمی دانشتوان و بێ سوودی ئامێرە تەکنولوجیەکان و کەمی نوێکاریەکان.

نموونەش لەسەر ئەم دیاردەیە، کۆمەڵگاکانی لوتکەی بەستووی باکووری گۆی زەوی، لەگەڵ دارستانەکانی (ئەتوری) لە کۆنگۆ، هەروەها ژیانی (ئەسکیمو) کان. ئەوەی جێگای سەرنجدانە لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە ژینگە ڕێگر بێت لەبەردەم تاقیکردنەوە تەکنولوجیەکان و هانی نەدانیان بدات وەك ناوچەی (النویر) لە سودان هەروەها سیبریا لە ڕوسیا.

ب- هۆکارە مێژوویەکان:

ڕەنگە وەك دەروازەیەك بێت بۆ دەرچوون لە کۆت و بەندی هۆکارە ژینگەیی و کۆسپەکانی، ئەوەش لە ماوەی ئەوی هۆکارە سەرەتاییەکان ئامادەی دەکات وەك هوشیاری و وروژێنەرەکانی تر بۆ ڕوودانی گۆڕانی ڕۆشنبیری. نموونەش لەسەر ئەو هۆکارانە لادانی ڕۆشنبیری و ڕێککەوتی مێژوویی کە هەردووکیان دوو هۆکارن ڕەنگە لەناو ڕۆشنبیری یاخود دەرەوەیدا هەڵقولێن، نموونەی گەشتەکان، لەگەڵ داگیرکاری.

جـ- هۆكاره دەروونیەكان:

ئـەم هۆكارانـە شـێوازەكانی وەرگـرتن و باوەڕهێنـانی نـوێ دەگرنـە خۆیـان، یـان دورخسـتنەوە و ڕازی نـەبوون پێیـان، كـە سەرچـاوەی ڕەفتـاری مرۆڤایەتیـە و دیاردەیـەكی تایبەتـە بـۆ پرۆسـەی فێربـوون لەسـەر هـەردوو ئاسـتی سـەرەتایی و پێگەیشتندا.

بۆیە پێویستە وا تەماشای ئەو هۆكارانـە بكـرێن كـە پرۆسـەی گـۆڕانی ڕۆشـنبیری پـەك دەخـات وەك (بەرهەڵسـتیەك) كـە نـاوەڕۆكێكی ڕۆشـنبیری دەگرێتـە خـۆی. هەروەها ڕەچاوكردنی ئەوەی كـە هۆكـاره دەروونـی و ڕۆشـنبیری و كۆمەڵایەتیـەكان، ئەوانی كۆسـپن لەبـەردەم ڕوودانـی گـۆڕانكاری، لـە چوارچێوەیەكی ئابوریـدا بونیـان هەیە. بۆیە پێویست دەكات ڕەچاوی ئەو هۆكاره ئابوریە گرینگە بكرێت كە گرینگی و كاریگەری دەبەخشێتە هۆكارەكانی پێشو.

نموونە لەسەر ئەو بۆچوونانە، وەك ئەوەی لە گوندی (تزن تزون تزان) لـە وڵاتـی (مكسیك) ڕوویداوە.

حكومەت لـەو وڵاتـە بەرنامەیـەكی تەنـدروسـتی دارشـت بـۆ پشـكنین و چاودێری كردنـی نەخۆشـەكانی وەك نەخۆشـی درێژخایـەن و دووگیـانی پـێش لـەدایك بـوون. هەروەها پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچانەی كە لە شارەوە دوورن.

لێرەدا تەنها هۆیە كۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیرییەكان كۆسـپ نەبوونـە لەبـەردەم ئـەو كارە، هۆیە ئابوریەكانیش ڕێگربوونە لەبەردەم ئەم خزمەتگوزارریە. بەهۆی ئـەوەی كە هاتوچۆكردن بە نەخۆشە منداڵەكان ئەرك بووە بەسەر خێزانـەكانیان، هـەروەها ئـەو منداڵانـە هێشـتا نەبوونەتـە هێزێكـی ئـابوری بەرهـەم هـێن لـە خێزانـەكانیان، بەڵكو هەر لە لایەن كەس و كاریان بەخێوكراون بۆیـە ئـەو هاتوچۆكردنە ئـەركێكی زیاتری خستە سەریان.

ء- جۆر و سروشتی كەلەپور:

هەندێ ڕۆشنبیری (كەلەپورەكانیان) گرینگیەكی گـەورە دەگرێتـە خـۆی لـە ڕووی بایەخدان بە داهێنان و گۆڕانكاری، بۆیە شتە نوێیەكە بـە بیانویـەكی تـەواو دەزانـێ بە مەبەستی پشكنین و پڕاكتیك كردنی.

بۆ نموونە خەڵکی ئەمریکا شەیدای هەر شتێکی نوێن، بەم پێیە کەلەپور لەو وڵاتەدا هانی ئەوە دەدا کە کار بە هەر شتێکی نوێ بکرێت، گۆڕانکاری ڕوودەدات بە هەموو هۆیەکان. بەڵام سەرنجدەدرێ کە لە کۆمەڵگاکانی تر کەلەپور زاڵبوونێکی گەورەی هەیە بەرامبەر هەر نوێکارییەك یان گۆڕانکارییەك و بە کۆنە پارێزی دەناسرێ. هۆی ئەو دیاردەیەش بۆ ئەو مۆرکە سیستمیە تەواوکاریەی ڕۆشنبیری دەگەڕێتەوە، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو مۆرکە، دانشتوانی گوندەکان گومان لە هەر شتێکی نوێ دەکەن و پەسندی ناکەن تا دڵنیا دەبن. پەندە میللیەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە چەسپاندی ئەو (ئەثنوگرافیایە) گەلناسیە و لە ئاکامدا ڕوونەدانی گۆڕانێکی خێرا و کاریگەر.

لەو نمونانەش ئەوانی باون لە کۆمەڵگاکانی ئەمریکا، ئاسیا و ئەفریقیا. لێرەدا توێژەر ناتوانی ئەوە پشتگوێ بخات کە چەند ڕەگەزێکی تر هەیە لە پێکهاتەی کەلەپوری میللی، گرینگی و کاریگەری لە پەندەکان زیاترە، لەوانە بیروباوەڕ و خوو نەریتە میللیەکان، ئەو داب و نەریتە میللیە چەسپاوانە هاوکاردەبن لە دژایەتی توند بەرامبەر هەر نوێکارییەك، ئەوەش کۆسپێکی ڕاستەقینەیە لە هەندێ کۆمەڵگاو لە هەندێ هەڵوێستدا بۆ ڕێگرتن لە پرۆسەی گۆڕانی ڕۆشنبیری.

**هـ- پشت بەستن بە هێزە نادیارەکان:**

ئەم ئاڕاستەیە پەیوەستیەکی توندی هەیە بەهێزی کە لەپورە باوەکانی ناو کۆمەڵ، بۆیە لە کۆمەڵگە ناپیشەسازییەکان (کە دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر هێزە سروشتیەکان نییە).

دیاردەکانی وەك (بۆ نموونە) وشکانی و لافاو بۆ هێزەکانی سەرووی سروشت دەگەڕێننەوە کە بەرەو ڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەگەر خوداوەند بێت یان هێزێکی شەڕانگێز، بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤ هەوڵدات سۆزی ئەو هێزانە ڕابکێشی نەك لە ڕوویدا بوەستێ، لە کاتێکدا کە بوارەکانی ئابوری و تەکنولوجی لەو ئاستە نین کە برسێتی و هەژاری جوتیاران لەناو بەرێت، بۆیە ملکەچی بۆ ئەو دیاردانە دەمێنێتەوە.

(هیرسکوفیتس) بیروڕای وایە، کە لەئاکامدا دیاردەی پشت بەستن بەهێزە نادیارەکان بە چاکترین خۆ سازدان دادەنرێ کە مرۆڤ پێی هەڵسێ.

و- پێوەرە باوەکانی خاکێتی:

هەندێ کۆسپ هەیە بە زۆری کۆسپ دەبن لەبەردەم گۆڕانی ڕۆشنبیری ئاڕاستەکراو، مەبەستیش لەم جۆرە کۆسپانە ئەوانی لە پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو دەردەکەون لە هەڵمەتە گشتیەکانی تەندروستی.

وەك نموونە: لە نێوان پزیشکی پیاو و ژنی دووگیان بۆ کەم کردنەوەی تێکڕای مردنی منداڵان.

ئەوەی جێگای سەرنجدانە لە وڵاتانی گەشەسەندوو لە سەرەتای دەسپێکردنی کاری پزیشکی بە جۆرێکی فەرمی، ژنی دووگیان خۆی دوور دەخستەوە لە چاودێری پزیشکی، بۆ ئەوەی پزیشکی پیاو تەماشای نەکات، مێردی ژنەکە دەبووە ئامرازی پەیوەندی لە نێوان هەردوولا.

بەڵام فراوانبوونی کاری پزیشکی و بە دەرچوونی ژمارەیەك لە پزیشکانی ژن، کێشەکە بەرەو چارەسەر بوون دەهات، سەرەڕای ئەمەش پەیوەندییەکان وەك پێشووتر قەدەغەکراو نەمابوون.

لە هەندێ کۆمەڵگە گوندنشینەکان پزیشکی پیاو دەتوانێ چاوی بە ژنی نەخۆش بکەوێت لە بنکە تەندروستیەکە هەروەها لە هەندێ نەخۆشخانەی بچووکی گوندەکان و هەندێ تیمارگەی تایبەت لە شارەکان. ئەگەر بوونی ژمارەیەك پزیشکی ژنان چارەسەرییەك بێت بۆ ئەو کێشەیە لە هەندێ وڵاتدا، بەڵام نەبووە بە چارەسەر لە هەندێ وڵاتانی تر.

توێژەر (شنیدر) ئاماژەی بۆ ڕادەی بەرهەڵستی کردنی ژن کردووە بۆ ئەو پشکنینە پزیشکیەی لە لایەن پزیشکە پیاوەکانەوە ئەنجامدراوە.

لە دورگەی - یاب - لە وڵاتی میکدونیزیا زۆر بەتوندی بەرهەڵستی پزیشکە ژنەکانیش کراوە کە جێگای سەر سورمانە، ڕەنگە هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە

ژن لەو دورگەیەدا بە چاوێکی پڕ لە کەتنەوە تەماشای هەموو ژنەکانی تر بکەن لەبەر ئەوەی دەبنە هۆی سەرنج ڕاکێشانی پیاوەکان.

بەڵام (هیرسکوفیتس) هۆی ئەو دیاردەیە بۆ ئەو هێزە کۆنە پارێزە ڕۆشنبیریە دەگەڕێنێتەوە کە لەبواری چاودێری تەندروستی هەیە بەو سیستمەی ئێستای. سەرەڕای کاردانەوەی نەخۆشەکان لە ئاست هۆکارە نوێیە پزیشکیەکان، کە ڕەنگە هەندێ ئێش و ئازار دروست بکات لە کاتی بەکار هێنانی، هەروەك ڕوو دەدات لە کاتی کوتاندا.

ز- پێکدادانی خسڵەتە ڕۆشنبیریەکان:

هەروەك زانراوە کە هەندێ ڕەگەزی ڕۆشنبیری تەبایی لۆژێکی لە نێوانیاندا باوە، لە کاتێکدا هەندێکی تریان پێکدادان و دژایەتی لە نێوانیاندا هەیە، ئەو پێکدادان و نەگونجانە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لەبەردەم ڕوودانی گۆڕانی ڕۆشنبیری.

لە کۆمەڵگە نەریتگەرییە باوەکان، ئەگەر کەسێك نەخۆش کەوت ئەوا لێکدانەوەی نەخۆشیەکە پەیوەندی بە جۆری کەسەکە و پێگەی کۆمەڵایەتی دەبێ لەناوچەکە، ئەگەر کەسێکی ڕاست ڕوو بوو خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باڵاو دەسەڵاتدار بوو ئەوا دەوترێت ئەو نەخۆشیە خودا بۆی ناردوە، پێویست دەکات کەسانی باوەڕدار ئارامیان هەبێ بەرامبەر بە کارەکانی خودا. بەڵام ئەگەر کەسی نەخۆش پیاوێکی شەڕانگێز بوو هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، ئەوا دەوترێت ئەو نەخۆشیە سزای خودایە لێی وەردەگرێتەوە بەرامبەر ئەو هەموو تاوان و دژایەتیەی بۆ بڕیارەکانی خودا و پێغەمبەران. لێرەدا بێ سەروبەرییەك دەبینین لە لێکدانەوەی هەمان نەخۆشی لای دووکەسی یەك کۆمەڵگە.

ئەگەر ئەو دژایەتیە لۆژیکیە زۆر ساکاریش بوو، ئەوا هەر دەبێتە کۆسپ لەبەردەم گۆڕانی ڕۆشنبیری. (بۆ نموونە) دانشتوانی ناوچەی (نافاهو) دژایەتی ئاینی کریستیانی و بزووتنەوە بت پەرستەکانیان دەکرد لەبەر ئەوەی ئەم بیرو باوەڕە ئاینیانە لەگەڵ بیرو باوەڕەکانیان نە دەگونجا.

نموونەش لەسەر ئەم شێوە پێکدادانە لۆژیکیە زۆرە. لە گوندی ـ ڕای ـ لە وڵاتی ـ نیبال ـ هێمنی و خۆشی باڵی کێشا بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان سەرپەرشتیاری کشتوکاڵی و دانیشتوان، پاش ناکۆکیەکی زۆر. هەر بۆ سەلماندنی متمانەی نێوانیان، خەڵکەکە داوایان لێی کرد کە خواردنەوەیەکی خۆماڵیان هەیە بەناوی (ڕاکشی) لەگەڵیان بخواتەوە. بەڵام ئەو سەرپەرشتیارە ڕازی نەبوو بە داواکەیان، بۆیە دانیشتوان وا تێگەیشتن کە ئەو هەڵوێستەی وەك دژایەتی کردنێکە بۆ دۆستایەتیان، بۆیە ئەوانیش پشتیان لێی کرد و بەم جۆرە هەموو هەوڵەکان بێ سوود بوو.

جـ- ئەنجامە پێشبینی نەکراوەکانی نوێکاری:

گۆڕان لە بارێکی گۆشەگیری و بێ ئەنجامی لاوەکی ڕوونادات لەسەر ئاستێکی فراوان لە کۆمەڵگە. لێرەدا گۆڕان وەك ئەوەوایە کە بەردێك فڕێ بدەیتە ناو ئاوێك چەند بازنەیەك دروست بکات و بازنەکان لە فراوانیدا بن تا هێزی پاڵنەر لە کارتێکردن دەوەستێ. بە هەمان شێوە دیاردەی نوێکاری، کارتێکردنی بازنەیی بە دووادێت لە ڕۆشنبیریدا، بازنەکانی لە فراوانیدا بەردەوام دەبن تا کاریگەرییەکەی کۆتایی دێت لەو ناوچانەی کە دوور دەبن لەسەرچاوەی کارتێکردنەکە.

ئەوەی کە زانراوە زۆربەی گۆڕانکارییە ڕۆشنبیریەکان گرینگیەکی گەورە دەگرنە خۆیان، سەرەڕای سوودە کۆمەڵایەتیەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوێکاریەی کە ویستی لەسەرە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند ئەنجامێکی لاوەکی، هەندێکی تریش کە بە گرینگ دەردەکەون لە تێڕوانینی ئەو کەسانەی کە بە گۆڕان هەڵدەسن ئەگەر گۆڕانەکە لە دەرەوە بێت، بەڵام لە لایەن خودی ئەندامانی کۆمەڵگە پەسندکراو نابێت. لێرەدا گرینگی ڕۆڵی توێژەری ئەنثروبولوجی دێت لە زانینی پرۆسە گشتیەکانی گۆڕانی ڕۆشنبیری، بەوە دەتوانێ کاردانەوەی چاوەڕوان نەکراو دیاری بکات.

نموونە لەسەر ئەو دیاردانە: دانیشتوانی چەند گوندێك دژایەتی بە کارهێنانی دەرمانی لەناو بردنی مێرووی نەخۆشیەکانی ڕووەکی لۆکەیان کرد (بەرشاندنی

دەرمانەکـە لـە ئاسمانــەوە بــەهۆی فڕۆکــە) ئەگەرچــی ئــەم کــارە بــووە هــۆی کەمکردنەوەی ماندوبونیان.

هۆی دژایەتیکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەرمانەکە بەهۆی بڵاوبوونـەوەی دەگەیشتە ناوماڵەکان و دەبووە هـۆی کوشـتنی پەلـەوەر و باڵنـدەکانیان و ژەهـراوی کردنی مەڕوماڵاتیان و مردنی ماسیەکان لەناو ئاودا... هتد.

ئەم کارە نوێیە (ڕشاندنی دەرمان بە فڕۆکە) ئاسەواری لێ پەیـدا بـوو، بۆیـە بـووە هۆی دژایەتیکردنی.

نموونەیەکی تر: لە وڵاتی (تایوان) بـەهۆی هەڵمەتـەکانی ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهانی بۆ پاککردنەوەی ژینگـە لـە مـیرووی نـاو ماڵەکان، وەك (مشك). بـووە هۆی مردنی (پشیلە)کان نەك (مشـکە)کـان. بۆیـە مشـکەکان زۆرتـر دەبـوون و هـەر چیان دەسـت دەکـەوت دەیـانخوارد و هەڕەشـەیان لـە خـۆراکی کـۆکراوەی خـەڵکی کـرد. تـا کارەکە گەیشتە ئەو ڕادەیەی خەڵکی پشیلەیەکی بچووك بـە (٣٦) دولار بکڕێـت بـە مەبەستی لەناوبردنی مشکەکان.

ئەم کـارە دژایـەتیکردنی دانشتوانی لێ پەیـدا بـوو بەرامبـەر ئـەو کـارە نوێیـە لـە هەڵمەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

بە کورتی نوێکاری بەرهەڵستی پەیدا دەکات ئەگەر ئاسـەواری خراپـی لێکەوتـەوە بۆیـە دەبـێ هـەوڵێکی زۆر بـدرێت بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئـەو ئاسـەوارانە لـە لایـەك و وردبوونـەوە لە نوێکارییەکە پێش بڵاوبوونەوەی لە لایەکی ترەوە.

ق- بیروباوەڕە میللیەکان:

وێنەی جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەم بیرو باوەڕانەکە دەبنە کۆسپ لەبەردەم گۆڕان بـە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتی زامبیا، ئەم بیروباوەڕانە کۆسپن لەبـەردەم گۆڕانکـاری لـە بواری تەنـدروستی و پەروەردەی خۆراك، ژنان هێلکەیان نەدەخوارد باوەڕیان وابـووە کە دەبێتە هۆی نەزۆکی و تووشی بوونی منداڵەکانیان بە ڕەنگ زەردی و لاوازی.

له وڵاتی (فلیپین) باوەڕ وابووه كه خواردنی مریشك و (كوسا) له یه‌ك كاتدا دەبێته هۆی نەخۆشی (گوول بوون). بەڵام دانیشتوانی گوندی (سوهی مورا) له هیندستان نەخۆشی (ئاوڵ)یان له نەخۆشیه پیرۆزەكان پۆلین كردوه، لەبەر ئەوەی لەم حالەتەدا خودا سەردانی نەخۆشەكان دەكات و چارەسەریان بۆ دیاری دەكات له جیاتی چاودێری پزیشكی.

له زۆر ناوچەی تردا خواردنی گۆشت یان ماسی له منداڵان قەدەغه كراوه، بەهۆی بڵاوبونەوەی بیروباوەڕێك كه دەبێته هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای منداڵەكان.

بەڵام كۆسپە ڕۆشنبیرییەكان لەبەردەم پرۆسەی گۆڕاندا بەپێی بیروڕای (عدلی أبو طاحون) دابەش دەبێته سەر:

بەهاو ناڕاستەكان، پێكهاته ڕۆشنبیریەكان، شێوازەكانی جولەگەری.

هەواڵنامەی کتێب

**ل- بەهاو ئاڕاستەكان:**

**١- نەریتەكان:**

هەموو كۆمەڵگەیەك كۆمەڵه نەریتێكی باوی هەیە و زاڵه بەسەریدا و كارتێكردنی دەبێ لەسەر وەرگرتن و ڕازی بوون بە هەر گۆڕانێك. له كۆمەڵگه پیشەسازییەكان ئەو ڕۆشنبیرییەی باوه لایان و هانیان بۆ گۆڕانكاری دەدا و داوای كاركردن دەكات بۆ داهێنانی نوێ، بایەخێكی زۆریان بەم لایەنه داوه. نوێكاری سەرنجی خەڵكی ڕادەكێشێ و داوایان لێدەكات تاقی بكەنەوه لێرەدا پەیوەندییەكی توند هەیه له نێوان باری ئابوری و دەركەوتنی نەریته هاندەرەكان بۆ گۆڕان، به پێچەوانەوه له كۆمەڵگه ناپیشەسازییەكان داب و نەریت لایان هانی گۆڕان نادات.

بۆیه دەبینین كه گۆڕان سەرنجی خەڵك ڕاناكێشێت و به گومانەوه تەماشا دەكرێت. بەڵام له كۆمەڵگه كشتوكاڵیه نەریتگەرییەكان، خسڵەتی (مانەوەی بارەكه وەك خۆی) پشتگیری لێدەكرێت.

**٢-باوەڕهێنان بە چارەنووس: (Fatalism)**

ئاکاری (Fatalism) پەیوەستە پەیوەستیەکی توند بە هێزە نەریتگەرییەکان و بە کۆسپێکی گرینگ دادەنرێت لەبەردەم گۆڕان.

لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان توانیویانە ئەوە بسەلمێنن کە توانایەکی گەروە هەیە لە زاڵبوون بەسەر بارودۆخە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان و ملکەچیان بکەن لەبەردەم بەرژەوەندییەکانیان. هەر بارێکی ناخۆش بە کارێکی ئەستەم دانانرێت بەڵکو وەك بەگژداچوونێك بۆ تواناکانی خۆیان دەزانن.

مرۆڤ لەو کۆمەڵگایانە کاریگەر دەبن بەڵکو باوەڕیان بەوە هاتووە کە هەموو شتێك دەکرێ جێبەجێ ببێت یاخود هەر پلانێکی گونجاو پێویستی بە هەوڵدانێکی نوێ دەبێ. بەڵام لە کۆمەڵگە ناپیشەسازییەکان دەبینین زاڵبوون بەسەر دۆخە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان زۆر سنووردا بووە. بۆ نموونە: گرانی و لافاو و نەخۆشیەکان، وا تەماشە دەکرێت کە لە لایەن خوداوەیە یان ڕۆحە شەڕانگێزەکان خوڵقاندویانە کە لە تواناندا نیە زاڵبوون بە سەریاندا بەڵکو پێویست دەکات خۆت بدەیتە دەستیانەوە و باوەڕ بە بوونیان بکەیت، ئەم جۆرە بیرو باوەڕانە لای چینی جوتیاران باون.

**٣-توندڕەوی ڕۆشنبیری:**

مرۆڤ بە هەموو جۆرە ڕۆشنبیریەکانیەوە باوەڕیان وایەکە سیستەم و شێوازەکانی ژیانیان ڕێگای سروشتی و نموونەییە بە بەراوردکردن بە ڕێگاکانی تر، هەروەها جەوهەری ڕۆشنبیری ڕاستی پەیوەستە بەوەی بیری لێدەکەینەوە و دەیکەن بە هەموو ئاراستە و ڕەفتارە باوەکان و ڕێبازە ئایینەکان و شێوازە کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها بەها ڕەهاکان داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە باوەڕهێنانی گشتی بە باڵایی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا، لە گرینگترین ئەو هێزانەیە کە دەبنە هۆی سەقامگیری.

هەواڵنامەی کتێب

٤- هەست کردن بە سەربەرزی و شکۆیی:

لە کۆمەڵگە نەریتگەرییە باوەکان خەڵکی بایەخێکی گەورە دەدەن بەو شتانەی کە پەیوەستن بە سەربەرزی و شکۆییان، ئەگەرچی لە دوورەوەش بێت، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پشت بەستنیانە بە ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی و جۆری ژیانیان.

بۆ نموونە، دەبینین بیرۆکەی فێربوون لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بەردەوامە بە درێژایی ژیان، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لە کۆمەڵگە نەریتگەرییەکان بە پێچەوانەیە لای خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانە فێربوون لە مێشکیان پەیوەستە بە سەردەمی منداڵییەوە. ئەوەش لەوە ئاشکرا دەبێ کە بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری زەحمەتە جێبەجێکردنیان لە دەوڵەتە نەریتگەریەکان.

٥- پێوەرەکانی خاکێتی:

هیچ ڕۆشنبیرییەك لە ڕەگەزی خاکێتی بەدەر نییە، ئەو بیروباوەڕانەش زاراوەکانی دیارن لە ڕۆشنبیری و جیاوازیان تیادا بەدی دەکرێ لە ڕۆشنبیرییەکەوە بۆ یەکێکی تر. بۆ نموونە: ئەو ڕەفتارەی لە ڕۆشنبیرییەك بە باش و ڕێزەوە تەماشا دەکرێ ڕەنگە لە ڕۆشنبیرییەك بە دوواکەوتوو دابنرێت، ئەمەش وا دەکات کە ئەو پێوەرانە کۆسپ بن لەبەردەم بەرنامەکانی گۆڕانی ئاڕاستەکراو.

## شەشەم: بەرهەڵستیە سایکولۆژیەکان:

ڕەزامەندی خەڵکی یان دژایەتیکردنیان بۆ دەرفەتێکی نوێ کە بەرەو ڕوویان بۆتەوە، تەنها لەبەر بوونی شێوازێکی گونجاو بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بەدیهاتنی دۆخە ئابوریەکان ناوەستێت. بەڵکو کاریگەر دەبێ بەهۆکارە سایکولوجیەکانی وەك: چۆنیەتی وێناکردنی ئەو کەسە بۆ شتە نوێیەکە، کە ئایا وەك شارەزا بیری لێدەکاتەوە، یان بە بۆچوونێکی تر؟ چونکە لە هەر کۆمەڵگەیەك تێگەیشتنی جیاواز بۆ یەك دیاردە دەبێت.



هەواڵنامەی کتێب

یەکەم: جیاوازی ئەندیشەکاری و درک پێکردن لەنێوان ڕۆشنبیریەکان:

ئەوی لای شارەزای گەشەکردن و بە شتێکی باش و بەسوود وێنا دەکرێ، ڕەنگە کەسێکی تر بە پێچەوانە تەماشای بکات، ئەو تێڕوانینە هەڵەیە وەك بەرهەڵستیەك کار دەکات لەبەردەم کرداری پەیوەندیکردن و گواستنەوەی زانیاریەکان، هەریەکەیان بیر و باوەڕ و پێشبینی جیاوازیان دەبێ.

١- تێڕوانین بۆ ڕۆڵی نوێنەرانی حکومەت:

زۆربەی ئەو بەرنامە بەکارهاتوانە بۆ گۆڕانی ئاڕاستەکراو و لە زۆربەی ولاتانی جیهان ئەو کارانەی کە حکومەت لە ڕێگای ئەنجومەنە پسپۆریەکانیەوە پێی هەڵدەسن، لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگە بە گومانەوە تەماشا دەکرێن، هۆیەکەی ئەمەش بۆ ئەو شارەزاییەی پێشویان دەگەڕێتەوە لە مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەزگا حکومیەکان و بەتایبەتی دەزگاکانی پۆلیس و باج. بۆیە دەبێ پسپۆڕی گۆڕان دوور بخەینەوە لەو کاروبارانەی پەیوەندی بەو بوارانە هەیە لەبەر ئەوەی لەو کارانەن کە گوندنشینەکان لێی دوردەکەونەوە. دیارە هەر لەبەر ئەوەی تەنها پسپۆڕ نوێنەری حکومەت نییە کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گۆڕان بەڵکو لەبەر ئەوەی نامۆیە و لە لایەن دانیشتوانەوە تێگەیشتنی بۆ ناگرێ.

٢- تێڕوانین بۆ دیاریەکان:

چەند دامەزراوەیەك ئارەزووی ئەوەیان هەیە هاوکاری جوتیاران بکەن بە بەخشینی هەندێ شت وەك کەل و پەل و خزمەتگوزاری بەڵام بێ بەرامبەر. لەلای زۆربەی جوتیاران بەو جۆرە هاوکاریانە ڕازی نابن و بە شێوەیەك لە شێوەکانی گەندەڵی یان بێ سوودی دادەنێن، بۆیە چاکتر وایە ئەو بەخشینانە کە دەدرێت بە نرخێکی هەرزان یان هێمایی بێت بۆ ئەوەی ئەو هەستە دروست نەبێت.

**٣- تێڕوانینی جیاواز بۆ ڕۆڵەکان:**

لە هەموو کۆمەڵگەیەك جیاوازی هەیە لە پێش بینیەکانی تاك لە ئاست ئەوانی تر، هەروەها ئەوەی ئەوانی تریش چاوەڕوانی دەکەن لە تاك بە هەمان شێوە دەربارەی هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان. دیارە ئەوانەش دەبنە هۆی ڕوودانی کێشە لە هەڵوێستە ڕۆشنبیرییە تێکەڵاوەکان بەپێی جیاوازی پێش بینیەکان.

بۆ نموونە: کارێکی دژوارە ڕازی کردنی نەخۆشێك لە ناوچەیەکی گوندنشین بچێتە لای پزیشك، کە پێشتر ڕاهاتووە لەسەر چارەسەرکردنی لەلای خەڵکی ناوچەکە. هۆی دژواری لەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پزیشك پرسیاری زۆری لێدەکات دەربارەی نەخۆشیەکەی بە دورو درێژی و دەیەوێ لە نەخۆشیەکە تێ بگات، ئەوەش ناگونجێ لەگەڵ پێشبینی نەخۆشەکە بەو شێوەی کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد و پێشتر لەسەری ڕاهاتبوو. ئەم دیاردەیە بێ متمانەیی پەیدا دەکات لە نێوان نەخۆشی و پزیشك.

**٤- جیاوازی تێڕوانین بۆ مەبەستە ڕاستەقینەکە:**

جیاوازی لە بیروبۆچوونەکان لەکاتی هەستان بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی گەشەپێدان و گۆڕان بەپێی ئەو پلانەی دانراوە لە لایەن ئەوانی پلانەکەیان داناوە و ئەوانی جێبەجێی دەکەن لە لایەك و ئەندامانی بەشدار بوو لەلایەکی ترەوە، ئەم دیاردەیە بەرهەڵستیەکە لەبەردەم گۆڕاندا. وەك نموونەیەك، سەرپەرشتی کاران ڕەنگە بەرنامەکانیان لا باش بێت و لە لایەن کەسانی ترەوە ئارەزووی بەشداربوونیان هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بە هاوکاری کردنی بەرنامەکە نادەن بێ ئەوەی هۆیەکی ئاشکرایان هەبێ، ڕەنگە بەزۆری هۆیەکەی ئەوە بێت کە ئەو کەسانە ئامانجی دیاریکراویان هەیە کاتێ بە دەستیان هێنا لە بەشداریکردنەکە دەوەستن.

هەواڵنامەی کتێب

دووەم: کێشەکانی پەیوەندیکردن:

دیارە کارێکی ئاسانە پرۆسەی پەیوەندیکردن بە سەرکەوتوویی ڕوودەدات، کاتێ هەریەک لە پسپۆڕی گۆڕان و ئەندامانی کۆمەڵگە کەلتور و زمانیان یەک بێت. چونکە ئەو کەسانەی بەشدارن لە زمانەکەدا دەتوانن بە ئاسانی لە هێماکانی تێبگەن زیاتر لەوانی تر.

لە گرینگترین کێشەکانی پەیوەندیکردن دژواری زمان و کێشەکانی ڕوونکردنەوەن:

أ- کێشەکانی زمان:

ئەم کێشەیە بە ڕوونی لەوە دەردەکەوێت کە زمانی هەریەک لە شارەزاو ئەو کۆمەڵگەیەی پرۆسەی گۆڕان دەیانگرێتەوە جیاواز بێت. بەمانایەکی تر هەر لایەکیان پەیوەندی بە ڕۆشنبیرییەکی جیاوازەوە هەبێت. هەروەها ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت کاتێ زمان و دیالیکتەکانی نێوان ئەندامانی یەک وڵات جیاواز دەبن لە یەکتر یاخود نێوان خەڵکی وڵاتەکە و پسپۆڕی گۆڕان جیاواز دەبن لەیەکتر. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە لەسەر ڕابەر بە زمانێك بدوێ کە تێگەیشتنی ئاسان بێت لای هەموان.

ب- کێشەی هۆیەکانی ڕوونکردنەوە:

ئەم جۆرە کێشانە چڕ دەبنەوە لەسەر ئەو کاروبارانەی پەیوەستن بە هۆیەکانی ڕونکردنەوە. کارێکی ئاسان نییە لە زۆربەردا کە گوند نشینەکان لە هۆیەکانی ڕوونکردنەوە وەك فیلم و هەڵواسراوەکان و پۆستەرەکان تێبگەن، ڕەنگە بە شێوەیەکی ئاڵۆز لە مێشکی خەڵکەکە دەرکەوێت هەروەها ڕەنگە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووداوەکان و ئەو وێنانەی لە فیلمەکان دەخرێتە ڕوو تێنەگەن.

جـ- کێشەکانی فێر بوون:

دەبێ ڕابەر تێبگات کە ئەو شارەزایی و زانیاریانە و ڕێگای وەرگرتنیان بۆ بابەتەکان ڕەنگە لای ئەو ئاسان بێت، بەڵام لای دانشتوانی گوندەکان بەو ئاسانیە نییە، لە کاتێکدا کە پێویستە ئەو زانیاری و شارەزاییانە بگەیێنێتە ئەوان ئەوا

پێویست دەکات ئاگاداری کەم و کورتیەکان بێت لە تێگەیشتنی خەڵکەکە و پێویست بە بوونی خۆی دەکات لە گەڵیان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ بەدەس هێنانی متمانە و ڕازیکردنیان.

هەروەها ئەو لایەنە فەرامۆش نەکات کە زانیاری و شارەزاییەکان لە سنوری تێگەیشتنی خەڵکەکە بێت.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی پێنجەم

## ڕۆڵی پەروەردە و پەیوەندی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

کۆمەڵگاکان بەردەوام لە گۆڕان و پەرەسەندن و نوێ بوونەوەدان لە بوارە مادی و کۆمەڵایەتیەکان، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە لە هەوڵی هەنگاوی خێرا و گەورەن بۆ ئەوەی بەرەو پێش بڕۆن و قەرەبووی سەردەمەکانی خۆ خواردنەوە و گۆشەگیری بکەن و بگەنە کاروانی شارستانیەت، بۆ ئەوەی پێگەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕابردوویان بدۆزنەوە و بە تواناو ژیری ڕۆڵەکانیان.

بۆیە پەروەردە هۆکارێکی بنچینەییە بۆ زۆر بوونی ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە نوێیەکان، هەروەها ئامرازێکی کۆمەڵگەیە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی سەرهەڵدەدەن بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە نوێیانە و ململانێیان لەگەڵ ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە باوەکان، لەبەر ئەوە پەیوەندی پەروەردە بە گۆڕانی کۆمەلایەتی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵگە ناتوانێ پشتگوێ بخات.

زۆربەی ئەوانەی لە بواری پەروەردەکاریان کردووە بانگەوازیان بۆ ئەوە دەکرد کە پەروەردە لە خوێندنگاکان پەیوەست بێت پەیوەست بوونێکی توند بەو هێزە جۆراو جۆرانەی دەبنە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بۆیە لە سالانی دوایدا شارەزایان لە بواری پەروەردە بایەخێکی گەورەیان بە کێشەی تەواوکاری خوێندنگا لەگەڵ ژیانی کۆمەلایەتیان داوە.

شارەزایانی پەروەردە بیروڕایان جیاواز بووە دەربارەی بەرپرسیاریەتی خوێندنگا لە قۆناغی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چۆن خوێندنگا مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە دەکا کە لە کۆمەڵگە بە ڕاستی ڕوویداوە و ڕەنگدانەوەیان بە چاکترین شێوە، دیارە ئەوە بۆچوونێکی ساکارە کە پەروەردە دەکاتە هۆکارێکی نەگەتیڤانە و دەبێتە پاشکۆی کۆمەڵگە نەك ڕابەرایەتی بکات.

پاشان تێڕوانین بۆ ڕۆڵی پەروەردە پەرەی سەند و زوریشن ئەوانەی داوایان کرد کە خوێندنگا پێویستە بە ڕۆڵێکی چالاك هەستێ لە ئاڕاستە کردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەم کارەش بەشداری لە پێکهێنانی سیستمی نوێ کۆمەڵایەتی دەکرێت.

خوێندنگا بەشێکە جیا نابێتەوە لە سیستمی کۆمەڵایەتی باو، بەم پێیە بێگومان کاریگەر دەبێ بەوەی باوە لەناو کۆمەڵگە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان، هەر خۆشی پاشکۆ و ڕەنگدانەوەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیە باوەیە، ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیێنێ کە پەروەردە لە کۆمەڵگە جیانابێتەوە بەڵکو دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەکەی، لەوەوە دەردەکەوێت کە پەروەردە فاکتەرێکی کارایە لە بونیادنانی سیستمی کۆمەلایەتی داهاتوو بۆ کۆمەڵگە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە چۆن پەروەردە بەشداری لەم بونیادنانە دەکات؟

## ڕۆڵی پەروەردە و پەیوەندی بە گۆڕانی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەوە:

ئەگەر تەماشای کۆمەڵگا نوێیەکان بکەین دەبینین پەروەردە بەشدارییەکی کارای هەبووە لە بونیادنانیان، بونیادنانی تورکیای نوێ لەسەر دەستی (كمال أتاتورك) جێبەجێ نەدەبوو نەدەگەیشتە ئەو ئاکامەی کە هەیە ئەگەر پەروەردە هۆکارێکی کارا نەبوایە بە دەستیەوە.

هەروەها لە کۆمەڵگەی میسری پەروەردە بە بەرپرسیاریەتیەکی گەورە هەڵدەسێت لە بونیادنانی کۆمەڵگە لەم سەردەمە. نەوەی نوێی میسر ئەوانی باوەڕیان بە شۆڕش و بە بنەماکانی هەیە. ئەو کارە لە بنچینەدا بەرهەمی پەروەردە و خوێندنگان بە شێوەیەکی تایبەت. هەر لەسەر ئەم بنەمایە کاتێ (جەمال عبدالناصر) بانگەوازی بۆ شۆڕشی ڕۆشنبیری کرد، ئامانجی ئەوە بوو کە بنەماکانی شۆڕش لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەوە بگاتە دڵ و دەروونی هەموو تاکێك و لە قولایی کەسایەتیان بچەسپێ، دیارە شۆڕشی ڕۆشنبیری ئامانجی یەکەمی پەروەردەیە.

لەسەر ئەم بنچینەیە پێویستە پەروەردە هێزە زانستی و تەکنولوجی و ڕۆشنبیرییە نوێیەکان هەڵبژێرێت کە ببوە بەهۆی خولقاندنی گۆڕان لە سیستمە کۆن و تواناکانی، ڕۆڵ و ئەنجامەکانی هەڵسەنگێنێت و بەو چاوە تەماشای خوێندنگا بکات کە هاوپەیمانی یەکەمە بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنی کە پەروەردە هۆکارێکی گرینگە لە هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، تەنها ڕەنگدانەوە و بە دوواکەوتن نییە بەڵکو بەرهەمهێنانێکی نوێیە کە ناوەندی سەرکردایەتی دەگرێتەوە. پەروەردە کاتێ ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەبێ لە کۆمەڵگە ئەوا یارمەتیدەر دەبێ لەسەر بڵاوبوونەوەی دۆزینەوە نوێیەکان بۆ ئەوەی بە ئەرکی خۆیان هەستن، ئەگەرچی گۆڕانکارییە تەکنولوجیەکان تێکەڵی کۆمەڵگە تازەکان بوونە بەڵام بڵاوبوونەوەیان پێویستی بەوە هەیە (وەك نموونە) کارگەکان کرێکار و ئەندازیاری لێهاتوویان بۆ ئامادە بکرێ بۆ بەڕێوەبردنیان، پاشان خێزان ئامادە بکرێت بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانی هاوشانی و دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە، ئەو ئەرکەش پەروەردە پێی هەڵدەسێت لە ڕێگای خوێندنگا کە دامەزراوەی پەروەردەییە و جێگای مەبەستە.

لە لایەکی ترەوە خوێندنگا دەتوانێ ئەم ڕۆڵە تێپەڕ بکات، بانگەواز بکات بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کار بکات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك بۆلای خۆی لەگەڵ ئامادەکردنی شارەزاو لێهاتوو. بەم کارەی خوێندنگا تاکەکان ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بە ڕۆڵی خۆیان هەستن لە ڕوودانی گۆڕان، چونکە ئەوانە کاتێ کۆتایی بە خوێندن دێنن دەبنە هەڵگری بیروڕای تایبەت و بەرەو ڕووی کۆمەڵگە دەبنەوە کار دەکەن بە پێی بەرپرسیارەتیان بۆ گۆڕانی کۆمەڵ. بەم پێیە خوێندنگا دەتوانێ بەشداری بکات لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی نوێ.

لە ماوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا پەروەردە ئەرکی تێگەیشتن و ئاگادار کردنەوەی تاکەکانی دەکەوێتە سەر، لەو ماوەیەی کە گۆڕان بە سستی و پلەبەپلە ڕوو دەدات ئاستی درك پێکردنی تاکەکان وەك پێویست دەبێ بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو کێشانەی کە دەردەکەون.

لە کۆمەڵگە ساکارەکان کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای شارەزایی هاوبەشی کۆمەڵ و لەسەر بنچینەی ژیری گەورەکان و پێگەیشتنیان چارەسەر دەکرێت. بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین لە گۆڕانێکی کۆمەلایەتی خێراو قوڵ کە لەو ماوەیەدا ڕۆشنبیری زیاتر گەشە دەکات و ئاڵۆز دەبێت، هەروەها جۆرەکانی ململانێ

ڕۆشنبیری جۆراوجۆر لە نێوان کۆن و نوێ زۆرتر دەبن و تێگەیشتن و درک پێکردن لای تاکەکان کورت دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکان.

زۆر بوونی پەیوەندیکردن لە نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان لەم سەردەمە لە ئەنجامی ئاسانی و خێرایی پەیوەندییەکان و زۆربوونی هۆیەکانی پەیوەندیکردن، نەبوونەتە هۆی گۆڕان لە چەمك و ناڕاستەکان بەرامبەر ئەوانی تر، ناڕاستەکان هەروەك خۆیەتی پێش ئەو پەیوەندیکردنە، ئەم کارە لەم سەردەمە پێویستی بە تێگەیشتنی نوی و درك پێکردنی نوێ هەیە بەرامبەر بە بەهاو دابو نەریتی ئەوانی تر، لەگەل لێبوردنی هەر لایەکیان بەرامبەر ئەوانی تر تا پیوەندیکردنی نێوانیان لەسەر بنەمایەکی دروست دابمەزرێت.

ئاشکرایە کە لە ئەرکە بنچینەییەکانی پەروەردە لە ماوەی گۆڕان و گەشە پێدانی ڕۆشنبیری تاکەکان تێگەیشتن و هوشیار بونیان هەبێ، گونجاو بێت لەگەڵ ماوەکانی ئەو گۆڕانکاریە کۆمەلایەتیانەی کە ڕەنگە بەسەر کۆمەلگەدا بێت.

ئەم تێگەیشتنە نوێیە دەبێ فراوان بێت هەموو ئەو بنەماو بیروباوەڕانە بگرێتەوە کە دەسەڵاتی بەسەر پەیوەندییە جیاوازەکانی نێوان تاك و ڕێکخراوەکاندا دەبێت، هەروەها نێوان خودی ڕێکخراوەکان و تاکەکاندا دەبێ.

ئەرکی پەروەردە ئامادەکردنی دەرفەتە بۆ منداڵ و لاوان و گەورەکان بۆ بەشداریکردن لەو کارانەی کە دووبارە بیروباوەڕ و ناڕاستەکان دروست دەکاتەوە تا ڕاست و تەواو دەبێ بۆ جێبەجێکردنی دەسەلاتی کۆمەڵایەتی و کاری کۆمەڵایەتی لە ماوەیەکدا کە پەیوەندییە ئاڵۆزە بەردەوامەکانی گۆڕان بەڕێوەی دەبات.

پێویستە پەروەردە بە ئەرکێکی تر هەڵبسێت کە کەمتر نییە لە پارێزگاریکردنی ئەقڵ و هاوتایی تاك، ئەو ئەرکەش ئەوەیە کە تاك تێ بگات چی لە دەوروبەریدا ڕوودەدات لەو جیهانەی تیادا دەژی، کاتێ تاك شارەزای دەوروبەری خۆی دەبێ ئەوا دەتوانێ ئەو کێشانەی بەرەو ڕووی دەبنەوە دەس نیشانیان بکات لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە.

بەڵام ئەگەر شارەزای ئەو بارودۆخە نەبێت، بێ گومان ئەوا دەبێتە قوربانی بۆ ئەو بارەی کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە لە جیاتی زاڵبوونی بە سەریدا.

لەگەڵ زۆربوونی ڕادەی گۆڕانی کۆمەلایەتی ژمارەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان زۆر دەبن هەروەك پێشتر باسکرا، ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانە زۆر بوونیان تەنها لە ڕووی ژمارەوە نییە، بەڵکو قوڵی و توندییەکەی زیادی کردووە و بۆتە هۆی ئەوەی یەکگرتوویی کۆمەل لەیەك دابڕێ دابڕانێك ببێتە هۆی پارچە پارچە بوونی.

کۆمەڵگە کۆنەکان کاتێ گۆڕان لە ناویاندا سادەو سست و ڕووکەش بووە، ژیانیان لەسەر ئاستەکانی بەهادارێتی هەڵدەسوڕا، دەیانتوانی بڕیارێك دەربکەن کە بەسەر هەموو شتە نوێیەکاندا بسەپێنرێ. بەڵام ئێستا پاش کەڵەکە بوون و ئاڵۆزبوونی ڕۆشنبیری، پێوەرەکان جیاواز بوون، ئاستەکان فرە بوون، هەر کۆمەڵێك بەها تایبەتیەکانی خۆی هەیە، ئەم دیاردەیە بوو بەهۆی جیاوازی لە بیرو بۆچوونەکان. لەم هەل و مەرجەدا پەیوەندیکردن و پەیوەست بوونی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ کەم دەبێتەوە و ڕازی بوون لەسەر تێگەیشتنێکی هاوبەش کارێکی دوورە دەست دەبێت.

بەرهەمی ئەو ململانێ و فرەییە لە بیرو بۆچوونەکان، فرەییە کە ڕێگا بە چارەسەرکردنی کێشەکان نادات، بەڵکو زیاتر ئاڵۆزی دەکات، بۆیە زۆر پێویست دەکات بە بوونی ڕێگای تری سەلمێنراو بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو کێشە کۆمەلایەتیانە و گەیشتن بە چارە ڕێگا بۆیان، هەروەها پشت بەستن بە ڕاستیەکان زیاتر لە بەکار هێنانی هێزو کاری هەڵچووانەی کاتێ.

ئەرکی پەروەردە لەم بوارەدا دەرفەت ڕەخساندنە بۆ بیرکردنەوەی تاك لەگەڵ کۆمەڵ بۆ پلاندانانی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی ئەقڵ و ڕاستی. ئەگەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە جێگای بایەخ پێدانێکی بنچینەیی بن لە بەرنامەکانی فێربوون، ئەوا پەروەردە شارەزایی دەگەینێتە تاکەکان. ئەو شارەزاییە گەشە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەدات هەروەها ڕاستیەکان کۆدەکاتەوە و دەیپشکنێ و ڕەخنەی لێدەگرێت و بڕیاری لەسەر دەدات.

ئەم بیرکردنەوە ڕەخنەییە پێویستیەکە لە پێویستیەکانی ململانێی ڕۆشنبیری، لاوان و گەورەکان بەهۆی ئەوەوە فێر دەبن کە چۆن بیر بکەنەوە بیرکردنەوەیەکی کاراو بەرهەمهێن لەو هەڵوێستانە کە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە. بەمە پەروەردە بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت بەرەو زیاتر گونجاندنی تاك لەو کۆمەڵگایەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

پێویستی بۆ پەروەدە سەر لەنوێ:

پەروەردە لەم سەردەمە پەرەسەندووە و لە هەموو کۆمەڵگاکان بەرەو ڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە کە لە سەردەمەکانی جێگیری ڕۆشنبیری بەرەو ڕووی نەبۆتەوە.

ئەو فێربوونەی تاك بە شێوەیەکی ناهوشیارانە فێری دەبێ لە ڕێگای ئەو ڕۆشنبیریەی تیایدا دەژی، ئەو فێربوونە تا ڕادەی بەس بوون دەبێ لە ماوەی کپ و بێ جووڵەییدا و لەکاتێکدا ڕەگەزە ڕۆشنبیریە نوێیەکان ژمارەیان کەم دەبێ. بەڵام ئاسایکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەس نییە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڵوێستە نوێیەکان، لەبەر ئەوەی زۆرێك لەو فێربوونە پەیوەندی بە شێوازە ڕۆشنبیرییە کۆنەکان هەیە تا ڕادەیەك کە بێ سوود بوو بەهۆی گۆڕانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆیە پێویستە لەسەر خوێندنگا ئەو فێربوونە بگۆڕێت بۆ ئەوەی تاك بتوانێ گونجاندنی باشی هەبێ.

پەروەردە پێویستە پەل بهاوێتە ناو کەسایەتی مرۆڤەکانەوە و یارمەتیان بدات لەسەر دووبارە بونیادنانەوە لەو بوارە تایبەتیانەی باوەڕیان پێی هەیە و ئەو ئاواتە گەورانەی کە هەوڵی بۆ دەدەن و ئەو بیروبۆچوونانەی باوەڕیان پێی هەیە و ئەو بەها ڕەوشتیانەی هەڵی دەگرن.

وا دیارە کە ئەو کارە کەمتر نییە لە بونیادنانی کەسایەتی سەر لەنوێ بە خولقاندنی چەند شێوازێك، ئەو کارە شێوازی نوێی لە بار بۆ کەسایەتی بخولقێنێ بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیانەی کە بارودۆخی دروست لە زانست و

تەکنولوجیا خولقاندویەتی، ئەو کارە لە لایەن پەروەردەوە پێی دەوترێت - پەرەوەردە سەرلەنوێ.

منداڵ کاتێ دەچێتە خوێندنگا لەسەر دەستی دایك و باوك و هاورێکانی تا رادەیەکی دوور پەروەردە بووە لە ماوەی یاریکردندا، هەروەها کەوتۆتە ژێر کاریگەری ژمارەیەکی زۆر هەست جولێنەری کۆمەڵایەتی هەر لە منداڵیەوە.

کاتی وەرگرتنی لە خوێندنگا دیارە هەندێ بیرو بۆچوونی دیاریکراوی پەیدا کردوە. سەرەرای چەند بنەمایەکی رەفتاری و شارەزایی کۆمەڵایەتی و میکانیکی و زمانەوانی لەگەڵ کۆمەڵە زانیارییەك. منداڵ کاتێ دەچێتە خوێندنگا جیهان لە پشتی خۆیەوە بەجێ ناهێڵێ، بەڵکو ئەو بنەما رۆشنبیرییە لەگەڵ خۆی دەباتە ناو ژورەکانی وانەی خوێندنەوە هەروەها لە هەموو ئەو چالاکیانەی بەشداری تیادا دەکات.

منداڵ لە هەموو هەڵویستێکی لەناو قوتابخانە هەست دەکات بیردەکاتەوە و بە دەنگەوە دێت لەسەر بنەمای رۆشنبیرییە سەرەتاییەکەی کە بە ئاشکرا لە بونیادی کەسایەتی دەردەکەوێت. هەر لەبەر ئەوەی ئەو لایەنە دەرەکییەی گەیاندییە ناو قوتابخانە لەسەر زۆر لایەن لە راستیە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگاکەی رازییە، ئەوا ئەرکی خوێندنگایە کە جەخت بکات لەسەر ئەو پەیوەستیە و بەهێزکردنی ئەو فێر بوونە و یارمەتی دانی بۆ گەشەکردنی کەسایەتی.

## پەروەردە پرۆسەی بوونیادنانەوەیە:

دەکرێ بەکورتی بڵێین کە بەرپرسیاریەتی پەروەردە لە ماوەی پرۆسەی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی بریتیە لە کرداری بونیادنانەوەی کۆمەڵ و دووبارە وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ بیروباوەر و دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان. بەم جۆرە ئەرکی بنچینەیی پەروەردە بریتیە نییە لە فێرکردنی تاکەکان بە بیروڕای نەریتگەری کۆن، بەڵکو ئەرکی پشکنینەوە و بونیادنانەوەی کەلەپورە رۆشنبیرییەکەیە لەبەر رۆشنایی کێشە و دۆخە نوێیەکاندا، بۆیە ئەرکی پەروەردەی

کۆمەڵایەتی لەم ماوەیەدا لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتی دەبێ لە دوبارە بونیادنانەوە، ئەم کارە هیوامان دەداتێ کە پەروەردە ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕێ بۆ گەیشتن بە چارەسەرکردنی کێشەو ململانێ کۆمەڵایەتیەکان.

ئەگەر ئەو تیۆرەمان لاپەسند بوو کە ئامانجی کۆمەلایەتی بنچینەیی بۆ پەروەردە، درێژە پیدان بێت بە پشکنینەوە و بونیادنانەوەی بیروباوەڕ و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوا پێویست دەکات، سێ هەڵەی سەرەکی ڕوون بکەینەوە کە ڕەنگە لە مێشکی خوێندەوار بێت:

یەکەم: درێژەپێدان بە پشکنینەوە و دووبارە بونیادنانەوەی بیروڕاو باوەڕ و دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەوە وا ناگەیێنێ کە ئێمە دژی کەلەپوری ڕۆشنبیرین، لەبەر ئەوەی کارەکە دوبارە بونیادنانەوەی گۆڕان و درێژەپێدان وەك بنچینەیەك دەگرێتە خۆی.

ئەمە ئەوە دەگەێنی کە ئەو تیۆرە تا ڕادەیەك ڕاستێتی تێدایە کە دان بەوەدا دەنێ بەوەی لە ماوەکانی گۆڕانکاری کۆمەلایەتی قوڵ، دووبارە بونیادنانەوە دەبێتە نرخی درێژەپێدان و مانەوە بۆ کەلەپوری ڕۆشنبیری، هەروەها ئەم تیۆرە ڕزگاریخوازە تا پلەیەك داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە گۆڕانکارییە ناچاریەکان لە بیروباوەڕ و دامەزراوەکان، ئەوا دەبێ ڕۆژگاریان تێپەڕ بووبێت. بۆیە ئەم تیۆرە ڕاست و ڕزگار یخوازانەیە لە هەمان کاتدا. مانای ئەوە، ئێمە لە کۆمەڵگاکانمان دەمانەوێ کەلەپوری کۆمەلایەتیمان بپشکنین و دوبارە بینابکرێتەوە لە کارێکی بەردەوامدا، بۆ ئەوەی بەنرخترین لایەنی ناو ڕۆشنبیریمان لە بەهاکاندا دەستەبەر بکەین. لەبەر ئەوەی بەها جۆراوجۆرەکان ڕەوتی پێشکەوتن بە سەریدا زاڵ دەبێ و بەزۆر ڕایدەماڵێ یان بەجێی دەهێڵێ و لە پەنایەکدا لەبیر دەکرێن. هەروەها ئەم تیۆرە تیۆرێکی دینامیکیە لەبەر ئەوەی سوورە لەسەر پێشکەوتن و لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگا بە گۆڕانکارییە پێویستیەکان هەستێت لە کاتی پێویستدا تا بۆ کۆمەڵگەکەمان پێشکەوتن و پەرەسەندن و درێژە پێدان لە ڕێڕەوی شارستانی جیهاندا مسۆگەر بکەین.

دووەم: لەو هەڵانەی کە خوێندەوار تێی دەکەوێ و پەیوەستە بەم تیۆرە ئەوەیە کە مەبەست لە بونیادنانەوە ئەوە نیە هەموو شتێ یەکسەر دەبێ بگۆڕدرێت، یان هەموو بیر و بۆچوونەکان دەبێ کاتی بن تا ڕادەیەك نەبنە بنچینەیەك بۆ هەر کارێکی گرینگ و زیندوی تر بۆ بیناکردنی بەردەوام و لێ وردبوونەوەی بەردەوام کە گەورەترین پێویستیمان پێی دەبێ لەو هەڵوێستانەی کە کێشە کۆمەڵایەتیە مەترسیدارەکان و جۆرەها ململانێی توندیان تیادا دەردەکەوێت.

سەرەڕای ئەوانەش ئەو بیرکردنەوە ڕەخنەگرانە و ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئەقل بینادەکرێن ئەوانە لەگەڵ باوەڕ بە هەندێ بیروڕاو تێڕوانینی دیاریکراوی تر دژ نین، بەڵکو ئەو تیۆرە پێویستی بە باوەڕێکی قوڵ هەیە بەو بیرو باوەڕە و کارکردنی چالاك بۆ جێبەجێکردنیان.

سێیەم: هەڵەی سێیەم ئەوەیە کە درێژپێدان و بەردەوام بوونی دوبارە پشکنین و بونیادنان، بنچینەیەکی ئەقڵانی ڕوت دروست ناکات، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە لەوە زیاتر دەگرێتە خۆی. بیر و بڕواو بەهاکان بێ سوودن ئەگەر تاك بەکاریان نەهێنێ وەك ڕابەرێك بۆ کارکردن. بۆیە ئێمە لە پرۆسەی دووبارە پشکنین و بونیادنانەوە، ئەوا تێڕوانینی تەواومان هەبووە بۆ شارەزایی مرۆڤایەتی و بۆ ئەوەی کە ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەکان لە کۆمەڵگە، بیروباوەڕ و کارە تیۆری و پراکتیکەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

ئەم تیۆریە ئەوە دەگەیێنێ کە پەروەردە شتێك نییە لە نێوان چواردیواردا ئەنجام بدرێت، بەڵام پێویست دەکات هەڵسوڕاوانی پەروەردە بزانن و ئاگادار بن لە کارتێکردنی پەروەردە لەسەر دۆخە کۆمەڵایەتیەکان و لەسەر پێکهاتەی دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان، لەگەڵ کارتێکردنی کۆمەڵان لە سەر کەسایەتی ئەو خوێندکارانەی دەچنە لایان لە خوێندنگا، هەروەها پێویست دەکات یارمەتی خوێندکاران بدەن بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو هێزە بنچینەییە سەرەکیانەی لەناو کۆمەڵگە کار دەکەن لەگەڵ تێگەیشتنیان و شیکردنەوەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی بەرەو ڕوویان دەبێتەوە. ئەم تیۆرە ئەوە دەگەیێنێ کە پەروەردە کارێکە بایەخ بە تاك دەدات

بەشێوەیەکی گشتی نەك تەنها بە لایەنە ئەقڵانیەتەکەی. هاولاتی لە کۆمەڵگەی عەرەبی پێویستی بە پلەیەکی بەرز هەیە لە تێگەیشتنی ئەقڵی، هەروەها جۆرێك لە پابەندبوون بە ڕەوشت لەسەر ئایین، سەرەڕای جۆرێکی دیاریکراو لە بونیادنانی کەسایەتی.

بەم جۆرە ئەو تیۆرە، پەروەردە لە کۆمەڵگە و ڕووداوەکانی و گۆڕانە ڕۆشنبیرییەکەی جیاناکاتەوە بەڵکو کار بۆ ئەوە دەکات کە تاکەکان بەرەو ڕووی کێشە کۆمەڵایەتی و گۆڕانە ڕۆشنبیریەکانیان ببنەوە، کار لەسەر ئەوە دەکات کە تاکەکان بەرەو ڕووی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانیان ببنەوە بە ئازایەتی و ورەیەکی بەرز کە خۆی لە دووبارە پشکنین و بونیادنانی بیرو باوەڕ و بەهاکانیان دەنوێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ پەرەسەندنی نوێ بگونجێت.

شارەزا لەم بوارە (فاروق العادلي) ئاماژەی بۆ گرینگی بەکارهێنانی پەروەردە کردوە بۆ بەشداریکردن لە کرداری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، لەم بارەوە دەڵێ: دەکرێ پەروەردە ببێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری قوڵ و فراوان، بەڵام لە سێبەری سیستمێك دەسەڵاتی ڕەهایی هەبێت. هەروەها ئاماژەی بۆ پێکهاتەی یان بونیادی سیستمی کۆمەڵایەتی کردوە، لێرەدا چەند ڕەگەزێك هەیە کە ئەم سیستمەی لێ پێکدێت لە وانە مرۆڤ، ڕەگەزی مادی، ڕەگەزەکانی ڕێکخستن و کارگێڕی، لەگەڵ کۆمەڵە پێوەر و بەهایەك، لە کۆتایشدا بایەخ پێدان و ئاراستەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ فەرمان و ئامانجەکانی کە هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات لە ڕێگای ئەو ڕەگەزانەی بە ڕۆڵێکی گەورە بەشداری دەکەن لە کرداری گۆڕانی کۆمەڵگە.

لێرەدا ڕاستی پەیوەندییەکەی سیستمی پەروەردەمان بۆ دەردەکەوێت بەو سیستمانەی کە هەیە لە هەر کۆمەڵگەیەك، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەروەردە پێی هەڵدەسێت لە پێگەیاندنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی کە پێویستە لەسەری بە ڕۆڵی خۆی هەستێ لە سیستمە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە. لە کۆمەڵگەی نوێدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە ڕەگەزی مادی لە زۆر لایەنەکانی متمانە دەکاتە سەر پیادەکردنی

تیۆره زانستیەکان لە دامەزراوە و دەزگا جۆراو جۆرەکاندا، ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەرئەنجامی ئەو سیستمە پەروەردەیەیەکە خۆی لە پەیمانگاو دامەزراوە و بنکە جیاوازەکانی ڕاهێنان دەنوێنێ.

بەڵام هەردوو لایەنی ڕێکخستن و کارگێڕی لە دامەزراندنیان پشت دەبەستنە سەر دەرئەنجامی سیستمی فێربوون ئەگەر لە ڕێگای بەرنامە جۆراو جۆرەکانی فێر بوونەوە بێت یان لە ڕێگای ڕاهێنان لە ماوەی کارکردندا یاخود لە پەیمانگاو کۆلیژەکانی کارگێڕی.

لە کۆتایدا پەیمانی سیستمی کۆمەڵایەتی و یاساکانی پشت بە پەروەردە دەبەستن، ئەوەش بۆ پشتگیری و بونیادنان و ڕۆشنبیرکردن و پارێزەگاریکردنی لە ڕێگای هۆیەکانی دیالۆگ و گفتوگۆ و ڕازیکردن و پێگەیاندنی کە پەروەردە پێی هەڵدەستی. دیارە ئەو کارە تەنها لە ڕێگای چەند بەرنامەیەك یان پرۆگرامێك بەدی نایێت، بەڵکو لە ڕێگای دانانی پلان بۆ بەرنامەکان و نەخشەی کار بەدی دێت.

ئەو کارتێکردنە ئال و گۆڕەی نێوان پەروەردە و سیستمە کۆمەلایەتیەکان ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات کە پەروەردە هەموو ئامانجەکانی لە ئامانجەکانی کۆمەڵگە وەردەگرێت، ئەویش ئەنجامی ئامانجەکانی هەموو ئەو سیستمانەیە، بەم شێوە پەروەردە بەشداری دەکات یان یارمەتیدەرێکی کارا دەبێت لە ئامادەکردنی ئەوە جیاوازەکان بۆ تێگەیشتنی ئامانجی ڕۆڵە پیشەییەکان کە لە کۆمەڵگا پێی هەڵدەستن.

ئەم پەیوەندییە لەم سنوردا ناوەستێ، بەڵکو بەرەو ڕەوشتی کۆمەلایەتی تێپەڕ دەبێت کە جەوهەری هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتیە. پەروەردە بەرپرسە بە ڕادەیەکی گەورە لە پێکهێنانی ڕەوشت و هەموو بەها کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەست بەو لایەنەوە، بەم شێوەیە جۆری ڕەفتارو ئەو ئەرکانەی پێی هەڵدەستێت لە پابەندبوونی ڕەوشتی، وەك سوری خوێن وایە کە خواردن بە هەموو سیستمەکان دەگەێنێ.

زۆربەی پەروەردیاران باوەڕیان وایە کە خوێندنگا لە پاشماڵەوە دێت، وەك هۆکارێك لە گرینگترین هۆکارەکانی کارتێکردن لە ڕێڕەوی ڕۆشنبیری لە ماوەی ڕاست کردنەوەی جۆری کەسایەتی.

بەڵام ئەگەر پسپۆڕانی پەروەردەکاریان بەم دیدە کرد و خوێندنگایان بەکار هێنا وەك هۆکارێك بۆ بەدیهاتنی کارتێکردنێکی هەست پێکراو و بەر جەستە لە ڕۆشنبیری دایك، ئەوا پێویست دەکات کە بۆچوونێکی ڕوونیان هەبێ دەربارەی ئەو پەیوەندییە ئاڵ و گۆڕەی نێوان کەسایەتی و ڕۆشنبیری، تا ئێستاش ئەم لایەنە زۆرتر بەر دەستە بۆ زانایانی ئەنثروبولوجیا، ئەگەر ئەوەشیان بۆ جێبەجێ بوو دەگرێ پەروەردە ڕۆڵێکی زیاتر چالاك و پۆزەتیڤانە بگێڕێ... هەروەها ڕۆڵی خوێندنگا لێرەدا بەرزدەبێتەوە چونکە وەك میتۆدێکی کۆمەڵایەتی لاوەکی (سیستمی کۆمەڵایەتی) ڕۆشنبیری، کۆمەڵگە دەگرێتە خۆی و دەیگوازێتەوە و لەپەرەسەندنیدا بە شداری دەکات.

پەروەردە لە فراوان بوون و قوڵبوونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەشداری دەکات ئەوەش بەرپرسیاریەتیەکی گرینگە لە کۆمەڵگەی نوێی دەوڵەتە گەشەسەندوەکان، بێ گومان بەشداریکردن هەست کردنە بە چارە نووسی هاوبەش و سوود گەیاندن بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە.

ئەم بەشداریکردنە بە هزرو ئاراستە و دەربڕینی بیروڕا دەبێت، ڕەنگە بە کارکردن و ماندووبونیش بێت یان بە هەموو جۆرێك، ئەو بەشداریکردنە لە گرینگترین کێشەکانی پەروەردەیە لە کۆمەڵگەی تازەدا.

بەپێی بۆچوونەکانی (مارگریت مید) پەروەردە ناتوانێ ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێ ئەگەر کارلێکردن لە نێوان تاك لە لایەکەوە، ژینگەی کۆمەڵایەتی و دۆخی کۆمەڵایەتی و کەلەپوری مرۆڤایەتی لە لایەکی ترەوە بەدەس نەهێنێ. تاك لە لایەن ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە دەوری گیراوە کە ڕەنگە کار بۆ پێکهێنانی بکات، ئەوەش زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بە ڕۆڵی خۆی هەستێت لەناو ئەو ژینگەیەدا.

پرۆسەی پەروەردە ناکرێ بێتە دی تەنها لە سێبەری کەش و هەوایەکی لە باردا کە لە لایەن ژینگەوە ئامادە کرابێت، بۆیە لێرەدا پێویست دەکات ژینگەی کۆمەڵایەتی خاوەن توانای گەورە و نەرم بێت کە ڕێگای بۆ خۆش بکات مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك بکات. هەروەك چۆن کەسایەتی پێکدێت و دووبارە پێك دەهێنرێتەوە لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشە سەندن، هەر بەو شێوەیە پێویست دەکات ژینگەی کۆمەڵایەتی پێك بێت و دوبارە پێکبێتەوە بەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیانەی کە ژینگە پشتیان پێ دەبەستێت، هەروەها دەبێ بە نەرمی و گونجاندن بناسرێت بۆ ئەوەی بەرەو رووی پێداویستیە جیاوازەکانی ژیانی نوێ بێتەوە.

زۆر لە پسپۆڕانی بواری پەروەردە داوایان کردوە کە پێویستە لەسەر پەروەردە پەیوەست بێت پەیوەست بوونێکی توند بەو هێزە جۆراوجۆرانەی کارتێکردنیان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئەو پێداویستیانە هەیە کە بەرهەمی گۆڕانکاریەکەن.

پەروەردەی قوتابخانەیی بە هۆکارە هونەرییە تایبەتیەکانیەوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی داهێنان و ژیری و نوێبوونەوە. هەر لەم بۆ چونەوە پەروەردە بە هۆکارێك دادەنرێت کە کێش و پێگەی خۆی هەیە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەلایەتیدا.

لێرەدا پێویست دەکات لەسەر خوێندنگاکان ئەندامانی کۆمەڵگە ئامادە بکەن بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ژینگەکانیان بە سەرکەوتویی لە هەردوو لایەنی مادی و کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها بە پێدانی شارەزایی پێویست بۆ بەشداریکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی تر لە چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆز و خێراکانی گۆڕان کە بەرەو رووی کۆمەڵ و گەل و جیهان دەبێتەوە.

پەروەردە کاریگەریەکی ئاشکرای هەیە لە پرۆسەی جموجوڵی کۆمەڵایەتی لە کەسەوە دەس پێدەکات تا دەگاتە کۆمەڵگە، ئەو کردارە دینامیکیە تاك و کۆمەڵگەی پێ کاریگەر دەبن.

بە باوەڕی (ئەنیشتاین) فێربوون زۆر لە کێشەکانی تەواوکاری چارەسەردەکات، لە هەمان کاتدا بە گرینگترین هۆیەکانی جموجوڵ دادەنرێت دەربارەی کۆمەڵگە

نەریتگەریەکان، فێربوون ئەو کۆمەڵگایانە دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەی تازە، بۆیە پلان دانان و ئاڕاستە کردنی فێر بوون و گەشە کردن لەو کۆمەڵگایانە دوو کێشەی سەرەکین بەرەو ڕووی دەبێتەوە:

یەکەم: نەبوونی تەبایی و جۆراوجۆری سیستمی فێربوون و لاوازی لە پابەند بوونی توند بە بەرنامەیەکی قوتابخانەیی ئەکادیمی دیاریکراو، لەگەڵ بەکار نەهێنانی چەند جۆرێکی تری فێربوون (فێربوونی هونەری ـ بازرگانی ـ پیشەیی) بێ گومان ئەوەش دەبێتە هۆی نەبوونی نەرمی لە سیستمی کۆمەلایەتی گشتی.

دووەم: کێشەی دووەم تایبەت بە جۆری پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان فراوانبوون لە بواری فێربوون و ئاڕاستەکان و خێرایی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری.

لە ئەنجامدا دوو جۆر سیستمی ناکۆکی فێربوون باو دەبن لەو کۆمەڵگایانە: یەکێکیان فێربوونێکی کۆنە پارێز کە لە بنچینەدا ئاڕاستەی کۆمەڵێکی بژاردەیە لە ئەندامانی کۆمەڵ، لەوانەی کە ژمارەیەکی دیاریکراو پێکدێنن. بەڵام ئەو سیستمە فێربوونەی کە تواناکانی کۆمەڵگاکان تێپەڕ دەکات ئەوا تووشی شپرزەیی زۆر دەبێ کێشەکەش ئاشکرایە کە پێویستی بە دارایی هەیە ئەم جۆرە فێربوونە، هەروەها پێویستی بە مامۆستایان دەبێ، سەرەڕای ئەو کێشانەی لە ئەنجامی فراوانبوونی فێربوونەوە سەر هەڵدەدات بە تایبەتی ئەو لایەنانەی پەیوەندی بە چۆن و چەند هەیە.

کاریگەری پەروەردە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی زۆر ئاشکرایە لە کۆمەڵگە گەشە سەندووەکانی ئەم سەردەمە، کەمی ژمارەی ڕۆشنبیران لەو کۆمەڵگایانە (هەڵبژاردە) دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسکەوتی تایبەتیان هەبێ لەسەر پێشکەوتنی خێرای کۆمەڵایەتی، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە پەروەردە کاربۆ چاککردنی دۆخی چینە هەژارەکان دەکات بەجۆرێك کە کەمترین سەرکەوتن لە فێربوون لای هەندێ لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئاشکرای کۆمەڵایەتی. لە

ڕاستیدا کاریگەری پەروەردە تەنها بە تێپەڕکردنی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکو دیاردەی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی بەگشتی دەگرێتەوە، بۆیە لێرەدا پێویست دەکات کاربکرێت بۆ نەهێشتنی پاوانکردنی زانین. بە واتایەکی تر کە فێربوون ببێتە ماف و موڵکی گشتی بۆ هەموو تاکێك بێ جیاوازی، ئەوەش پێی دەوترێت (دیموکراتیەتی فێربوون) لە پێناو زاڵبوون بەسەر نەخوێندەواری و دوواکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

ئاشکرایە چەندی کۆمەڵگە لە ڕووی تەکنولوجیاوە گۆڕانی بەخۆیەوە بینی، ئەوا سیستمی پەروەردە ناچار دەبێ هەنگاو بنێ بەو ئاستەدا، ئەرکی خوێندنگا تەنها ئەوەندە نییە کە کەسانێك ئامادەبکات کە توانای بایەخدانی هەبێت بەو ئامێرانەی کۆمەڵگە پشتیان پێ دەبەستێ لە کارکردندا، بەڵکو لەوە گرینگترە، ئەویش زانین و شارەزایی و ڕۆشنبیری پێویست بگەێنێتە دانشتوان بۆ خۆگونجاندن بەو گۆڕانکاریانەی لە دەورووبەریاندا ڕوو دەدات خۆگونجاندنێکی سەرکەوتوانە، هەروەها چارەسەرکردنی هەرکێشەیەکی نوێ بەهۆی نوێکاریە تەکنولوجیەکان کە سەرهەڵدەدات، ئەمەش کارێکی پێویستە ئەگەر بمانەوێ پارێزگاری خۆمان بکەین.

## ڕۆڵی پەروەردە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە خێراکان بەم جۆرە دەردەکەوێت:

گۆڕانە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییە خێراکان لەم سەردەمە بوونەتە هۆی گۆڕان و تازەگەرێتی لە زۆر دەوڵەتە گەشەسەندووەکان. ڕەنگە ئەوەش بەسەر زۆرێك لە دەوڵەتە گەشەسەندوەکانی تردا پیادە بێت.

پەیوەندیکردن لە نێوان کۆمەڵگاکان و پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لە ئەنجامی کرانەوە بەسەر جیهانی دەرەکی و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری لەگەڵ ویستی زۆرێك لەو دەوڵەتە نوێیانە و خۆ گونجاندن لەگەل سەردەم بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕەگەزە نوێیە ڕۆشنبیریەکان کە پێشتر نەزانرا

بوو لەو کۆمەڵگایانە. ئەم کارە بە ڕۆڵی خۆی بووە بەهۆی گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان لەناو ئەو کۆمەڵگایانە.

دیارە شێوازی ژیان لەم کۆمەلگیانە گۆڕانی بەسەردا هاتوە، لەگەڵ سیستم و قۆناغەکانی فێربوون، هەروەها دۆخی ژن و پێگەی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندییە خێزانیەکان و تێکڕای مردن و لەدایك بوون و سیستمەکانی بەرهەم هێنان و شێوازی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان لە نێوان تاکەکان و سیستمە دڵخۆشکەرەکان.

ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە، بڕێکی گەورەیان لە ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە مادیە نوێیەکان پەیدا کرد، بەکاریان دەهێنن لەناو ماڵ و لە کاروباردا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان وەك (تلفزیون، فیدیو، کۆمپیوتەر، ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان) کە لەناو ماڵ و لەناو ئوتومبێل و جێگای تر بەکار دەهێنرێن، هەروەها زۆر شتی تر لەو ئامێرانە لە بواری هونەر و وەرزش و زانین.

ئەمە و زۆر لەو دەوڵەتانە پەنایان بردۆتە بەر کۆمەڵێکی گەورەی شارەزا و کرێکاران بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی گەشەسەندن. ئەم هەنگاوە بووە بەهۆی گۆڕان لە پێکهاتەی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایانە و پێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزارییەك بۆ ئەو کرێکارە نوێیانە و کارکردن بۆ بەدیهێنانی جۆرێك لە هاوسەنگی نێوان هاولاتیان و کرێکارە هاتووەکان لە دەرەوە.

ئەو کۆمەڵگایانەی تووشی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرا دەبنەوە بە جیاوازی ئاراستەکانیان دەناسرێن لە ئاست گۆڕاندا لە ڕووی پەسندکردنیان بۆ گۆڕان و گونجاندن لەگەڵی و کارکردن بۆ ڕوودانی. ڕەنگە ئەو جیاوازییە لە نێون تاکەکان لە ئەنجامی گۆڕان بێت یان هۆیەك بێت بۆ ڕوودانی. هەندێك ئارەزووی وەرگرتنی ڕەگەزە نوێیە ڕۆشنبیرییەکانیان هەیە لە دۆزینەوە و داهێنان و بیروباوەڕ و بەها و ئاراستە و زانیاری و خووڕەوشتەکان، هەندێکی تر ئارەزووی دژایەتی گۆڕان دەکەن و هەوڵی پارێزگاریکردنی هەموو دیاردەیەکی کۆن دەدەن و ڕازی نین لە بەکارهێنانی یان قبوڵکردنی زۆر لە ئامراز و چەمك و ڕێباز و بەها نوێیەکان.

ئەو بۆچوونە پۆزەتیڤانە بەرەو گۆڕان و بونیادنان، یارمەتی دەرن بۆ پەسندکردنی نوێکاری و تاقیکردنەوەی هەر شتێکی نوێ و بەسوود بۆ تاك و کۆمەڵگە. ئەو ئاراستانە کار دەکەن لەسەر بڵاو وبوونەوە و قبوڵکردنی ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە نوێیەکان لە کۆمەڵگەدا لێرەدا گرینگی ڕۆڵی پەروەردە دێت بە تایبەتی پەروەردەی فەرمی لە ئاراستەکردنی گۆڕان و یارمەتی و ئامادەکردنی تاکەکان بۆ تێگەیشتن و ڕازی بوون و گونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە و سوود وەرگرتن لێی و ڕوونکردنەوەی ناکۆکی نێوان هەندێ ڕەگەزە نوێیە ڕۆشنبیریەکان و هەندێ ڕەگەزی پەیوەست بە ڕۆشنبیری باو لەناو کۆمەڵگەدا. هەروەها ڕاهێنانی تاکەکان لەسەر نەرمی و تەبایی تا بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە گرینگ و بەسوودەکان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیریانەی کە لەگەڵ پێویستیەکانی ژیانیان یەك دەگرنەوە لەم سەردەمە، هەروەها ئەوانی هیچ سوودیان نابێ بۆ خۆیان بۆ کۆمەڵگە، یاخود دژی پێکهاتووەکانی کۆمەڵگە و ئایدولوجیا و سیستەمەکانی بەهاو ڕێبازەکەی دەبن. پەروەردە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە هوشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ چارەسەرکردنی زۆر لەو کێشانەی کە دەرئەنجامی گۆڕانە لەگەڵ زاڵبوون بەسەریدا.

ڕەنگە گۆڕانی کۆمەلایەتی هەندێ دیاردە و کێشەی کۆمەلایەتی لەگەڵ خۆیدا دروست بکات، بەهۆی ململانێی نێوان هەندێ ڕەگەزی ڕۆشنبیری نوێ و هەندێ ڕەگەزی ڕۆشنبیری باو. هەر گۆڕانێك لە هەر ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری ڕوویدات ئەوا بەناچاری پێویست بە گۆڕان دەکات لە هەندێ ڕەگەزی تری ڕۆشنبیری یان لە سیستمە کۆمەڵایەتیە پەیوەندارەکان. ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە بە هەمان خێرایی ڕوونەدان ئەوا ڕەنگە دیاردەیەك ڕوویدات کە پێی دەوترێت (دوواکەوتنی ڕۆشنبیری) یان (بۆشایی ڕۆشنبیری).

**بۆ نموونە:** زۆربوونی ژمارەی ئوتومبیلەکان لە هەر کۆمەڵگەیەك پێویست بە فراوانبوونی ڕێگاکان دەکات بە ناچاری، هەروەها ڕێکخستنی ڕێنماییەکانی هاتوچۆکردن بۆ ئەوەی ململانێی ڕۆشنبیری ڕوونەدات.

زۆر لە ململانێیە ڕۆشنبیریەکان لە هەر کۆمەڵگەیەك ڕەنگە ببێتە هۆی زۆربونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان کە ئاکامەکەی پچڕپچڕی ڕۆشنبیری لێ پەیدا دەبێت. پەروەردە لە ماوەکانی گۆڕانە کۆمەڵایەتیە خێراکان بەشداری لە بونیادنانی سیستمی نوێی کۆمەڵایەتی دەکات و کار دەکات بۆ پاراستنی بەها گرینگەکان و کەلەپوری ڕۆشنبیری و ئایدیولوجیایەکەی. لە هەمان کاتدا یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ ڕازیبوون بە گۆڕانکاریە گرینگ و بنچینەییەکان لەگەڵ تەبایی و گونجاندن. هەروەها ڕاهێنانی تاکەکان بۆ ئەوەی ببنە ئامرازی گۆڕانی کارا لە کۆمەڵگە.

## بە کورتی دەگرێ ڕۆڵی پەروەردە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان بەم خاڵانە دەربخەین:

أ- ئامادەکردنی تاك لە ڕووی پیشەییەوە:

پەروەردە لەناو خوێندنگا بێت یان لە دەرەوەی ڕەنگدانەوەیە بۆ ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و پێداویستیەکانی. لێرەدا ڕۆڵی گرینگی پەروەردە لە بونیادنانی کۆمەڵگە دەردەکەوێت. هەر لەبەر ئەوەی تاکەکان ئەو مادە خاوەن کە کۆمەڵگە ئامادەیان دەکات، پێویستە ئامادە بکرێن و ڕابهێنرێن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریەکان و تواناییان لەسەر ڕەخنەگرتنی بونیادنەر و بیرکردنەوەی لۆژیکی و زانستیانەی دروست هەبێ بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڕانکاریانە و زانینی ئەو بنەمایانەی کە گۆڕانکاریەکان پشتی پێ دەبەستن تا بتوانن ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری پۆزەتیڤە بە سوودەکان بژاردە بکەن ئەوانی لەگەڵ بنەماکانی ڕۆشنبیریان دژ نابن. هەروەها ڕزگاربوون لە زۆر لەو داب و نەریت و بیرو باوەڕانەی کە پێداویستیەکانیان تێرناکات، یاخود لەگەڵ پێویستیەکانی کۆمەڵگەی سەردەم ناگونجێن کە بە سەردەمی پێشکەوتنی زانستی و تەکنولوجی و پسپۆڕی دەناسرێ. ئەم کارەش بە ڕۆڵی خۆێ پێویستی بە کۆمەڵە پێوەرێکی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی وەك وردبینی و لێهاتووی و زانستی و دەس پاکی لە کارو ڕێزلێنان لە تواناکانی تاك دەبێت.

لە ئەرکەکانی خوێندنگا ئامادەکردنی پیشەییە بۆ تاك، پەروەردە لە خوێندنگا تاکەکان ئامادە دەکات و بەشێوەیەکی زانستیانە ئاڕاستەیان دەکات لە ڕێگای دۆزینەوەی تواناکانیان و ئاڕاستە کردنیان ئاڕاستەیەکی دروست، هەروەها پێویست دەکات خوێندنگا بایەخ بە پسپۆڕی و یارمەتی خوێندکاران بدات لە ڕێگای دیاریکردنی ئەو بوارانەی پسپۆڕیەکانیان تیادا بەدەس دێنن بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ توانا و ئارەزووی خوێنکاران و بەرنامەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگە. لەم بوارەدا پێویستە ڕێگاو شێوازەکانی فێربوونی نوێ و تەکنولوجیای فێربوون بەکار بهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەرك بە جێگەیاندنی خوێندکار. هەروەها بایەخدان بە ئامادەکردنی پیشەیی و هونەری مامۆستایان لەگەڵ پەرەسەندنی بەرنامەکانی خوێندن بەو مەبەستەی لە ئاستی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی نوێدا بێت لەگەڵ پێداویستیەکانی خوێندکاران و سروشتی سەردەم.

ڕۆڵی پەروەردە هەر ئەوەندە نییە کە خوێندکاران و مامۆستایان ئامادە بکات بەڵکو پێویستە ئەو سنورە تێپەڕ بکات بە بەستنەوەی فێربوون بە کۆمەڵگە. پەروەردە پێویستە بەشداربێت لە بەجێگەیاندنی بەرنامەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگە لە ڕێگای ئامادە کردنی کادیری هونەری و زانستیە پێویستیەکان سەرەڕای ڕاهێنان و ئاڕاستە کردن و ئامادە کردن، هەروەها بەشداری بکات لە ڕێگای توێژینەوە و تاقیکردنەوە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و پەرەسەندنی.

ئامادەکردنی تاکەکان لە ڕووی پیشەییەوە لە تواناکانی بەرهەم هێنانیان بەرز دەکاتەوە ئەو هەنگاوەش دەبێتە هۆی زۆربوونی تێکرای بەرهەم و لە دوایدا زۆربوونی تێکرای داهاتی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگە. هەروەها بەرز بوونەوەی بەرهەمی تاك و سەرکەوتنی لە کارەکەی ڕەنگدانەوەی لەسەر بە جێگەیاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی دەبێت.

ڕازی بوون لە ئەرك وڕێزگرتنی تاك لە کارەکەی یارمەتی دەدات بۆ خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی، هەروەها فێربوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیدی تاك بۆ ژیان بگۆڕێ و ئاوات و ویستەکانی زۆر تربن.



هەواڵنامەی کتێب

تاكی فێربوو دەزانێ چۆن سوود لە داهاتی خۆی وەربگرێت، پلان بۆ ئایندەی خۆی و خێزانی دابڕێژێت و سوود لەو خزمەتگوزاریانە وەربگرێت کە دەوڵەت پێشکەشی دەکات، وەك: خوێندنگا، نەخۆشخانە و یانە و هۆیەكانی ڕاگەیاندن، هەروەها بە جۆرێك كار دەكات كە لەگەڵ كۆمەڵگە تەبابێت و بەشداری لە كرداری بونیادنانی سیستمی كۆمەڵایەتی بكات. ئەم كارە دەبێتە هۆی ملكەچی بۆ كۆمەڵگە و كار بۆ یەكگرتوویی بكرێت.

ب- پارێزگاریكردنی یەكگرتوویی كۆمەڵگە:

ڕەنگە لە ئەنجامی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتیە خێراكان كۆمەڵگە تووشی ململانێی ڕۆشنبیری ببێتەوە، لەوانەیە ڕەگەزە ڕۆشنبیریەكان لە كۆمەڵگە بڵاوبێتەوە بێ ئەوەی لە ئەنجامی ئەو كارە گۆڕانێكی هاوشێوە دروست بكات لەو ڕەگەزە ڕۆشنبیریانەی پەیوەستن پێیەوە.

بۆ نموونە: زۆربوونی ژمارەی كرێكرتەكانی وڵاتانی ئاسیا لە هەندێ وڵاتانی كەنداو. بەكارهێنانی ئەو كرێكرتانە بۆ پەروەردەكردنی منداڵان بەهۆی بڵاوبونەوەی فێربوون و خوێندن و دەرچوونی ژن بۆ بوارەكانی كاركردن، بۆیە لەگەڵ جیاوازی زمان و دابونەریتی ئەو كرێكرتانە و جۆری بەها و شێوازی پەروەردەییان ڕەنگە ببێتە هۆی پەیدابوونی زۆر كێشەی كۆمەڵایەتی. دابەزینی ئاستی فێربوونی خزمەتگوزاران لە زۆر كاتدا و نەبوونی شارەزاییان بۆ چاودێریكردنی منداڵان و سەرەڕای جیاوازی ڕۆشنبیریان لەگەڵ ڕۆشنبیری ئەو كۆمەڵگەیەی كاری تیادا دەكەن ڕەنگە ببێتە هۆی پەیدابوونی زۆر كێشەی كۆمەڵایەتی.

لێرەدا ڕۆڵی پەروەردە دێت لە هوشیار كردنەوە و ئامادەكاری و تۆژینەوە وخستنە ڕووی چارەسەریەكان.

لێرەدا ڕەنگە دوواكەوتنی كۆمەڵایەتی ڕوو بدات ئەگەر دەوڵەتێك ئامرازە نوێیەكانی بەرهەم هێنانی بەكارهێنا بە پشت بەستن بە شارەزایانی هونەری و

تەکنولوجی پێشکەوتوو، بەڵام لە وڵاتەکەی خۆی پەرەی بە هێزی کارکردنی نیشتمانی نەدا لە ڕووی زانستی و پیشەییدا بۆ ئەوەی بەو توانایانەی کە هەیە بەشدار بێت لە پرۆسەکانی بەرهەم هێنانی نوێ کە پێویستی بە جۆرە بەهاو پێوەری ڕەوشتی هەیە بۆ پشگیریکردنی ئەو کارە وەك: وردبینی لە ئەرك بەجێگەیاندن و بایەخدان بە کارو ڕێزلێنان لە کات و چاك مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرەکان.

ڕەنگە پێشکەوتنی ئاوەدانی و شارستانی و نوێکاری خێراتر هەنگاو بنێت لە یەك لە ناوچەکانی کۆمەڵگە تا ئەوانی تر. هەروەها جۆری ژیان و ئاستی خزمەتگوزاری ڕەنگە جیاوازبێت لە ڕووی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و جۆری خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەییەکەوە تا ناوچەیەکی تر کە بە ساکاری و دوواکەوتن و خراپی ئەو بوارانە ناسرابێت. دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی دوواکەوتنی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگە. لێرەدا ڕۆڵی پەروەردە دێت لە کارکردن بۆ سەپاندنی جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی نیشتەجێ بوون لە ڕووی ئاستی ژیان و خزمەتگوزاریەکان بۆ پاراستنی یەکگرتوویی کۆمەڵگە.

**ج- پارێزگاری لە ئایدیولوجیا و پێکهاتە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە:**

بڵاوبوونەوەی زۆرێك لە ئاڵ و گۆڕی هزر و بەهاو ئاراستە و باوەڕە جیاوازەکان لە ڕۆشنبیری باو و زاڵدا، ڕەنگە کاریگەری جیاوازی هەبێ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە. ڕەنگە هەندێکیان تا پلەیەکی گەورە دژ بن لەگەڵ پێکهاتە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە، دیارە وەرگرتن و پەسەندکردنی هەندێ لە تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ چەند ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری کە بە ئاشکرا پێچەوانەی بنچینە ڕۆشنبیرییە ڕەسەنەکەیان دەبێت و وایان لێدەکات کە لەسەر پەراوێزی هەردوو جۆرە ڕۆشنبیرییەکە بژین و ڕۆشنبیرییە ڕەسەنەکەیان بکەنە قوربانی.

لێرەدا ڕۆڵی پەروەردە دێت لە ئامادەکردنی تاکەکان و پەیداکردنی توانا لەسەر بیرکردنەوەی زانستیانە و ڕەخنەگرتنی پۆزەتیڤانە بە مەبەستی یارمەتیدانیان بۆ

دیاریکردنی ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە سوودبەخشەکان کە دژ بە ئایدیولوجیای زاڵ و بەها ناوەندییەکان و باوەڕە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە گرینگەکانن.

ڕەنگە ناهاوتاییەك ڕووبدات لە ڕێکخستنی بەها و ڕەوشتە باوەکانی ناو کۆمەڵگە وەك ئەنجامێکی سروشتی بۆ ئەو گۆڕانکارییە خێرا و جیاوازانە، ڕەنگە ڕیزبەندی بەهاکان گۆڕانێکی لەسەر ڕووبدات لە لای تاکەکانەوە. ڕەنگە بەها مادییەکان زاڵبن بەسەر زۆر لە ڕەفتاری تاکەکاندا، یان پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزتر داگیر بکات لەو بارەی پێشتری لە ڕیزبەندی بەها ناوەندییەکان.

لەوانەیە لایەنە مادییەکان زیاتر جێگای بایەخ پێدانی تاکەکان بێت، ئەوەش هانیان دەدا بەرەو بایەخدان بۆ بەدەست هێنانی سامان و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی گرینگ لە کۆمەڵگەدا، هەرچۆنی بێت سەرچاوە و هۆکاری بەدەس هێنانی ئەو دەسکەوتە.

ئەمە بە ڕۆڵی خۆی کارتێکردنی دەبێ بەسەر لایەنە ڕۆحی و سروشتیەکانی کە دژ بە بەها ناوەندییەکانی کۆمەڵگە دەبن، وەك: ئەمانەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی دەرفەت و هەوڵدان بۆ سەرکەوتن و شارەزایی و وردبینی لە کارو نیشتمان پەروەری و قوربانی و زۆری تر لە بەهاکانی ژیانی تاکەکان.

ئەم دۆخە وا پێویست دەکات کە پەروەردە بایەخ بدات بە چەسپاندنی بەها ئاینیەکان و داکۆکی کردن لەسەر بنەما دیاریکراوەکان و شێوازی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگە، هەروەها پێویستە بایەخ پێدانی بە پەروەردەی ئاینی و ڕەوشتی بێت نەك تەنها لە ڕێگای خوێندنی ئاسایی بەڵکو پێویست دەکات ئایین بە واقیعی ژیان ببەستێتەوە لە کۆمەڵگە بۆ ئەوەی خوێندکاران ئەو بەهاو ناڕاستانەی ڕۆشنبیریان جەختی لەسەر کردۆتەوە بە دەستی بێنن.

هەر بەم جۆرە پەروەردە لە ماوەی هەستانی بە پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کار دەکات لەسەر یارمەتیدانی خوێندکار بۆ پێکهێنانی ویژدان، ئەمەش وەك چاودێرێك دەبێت لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتە ناوخۆییەکانی مرۆڤ. بەم جۆرە

دەرنەچوون لە پێوەرە کۆمەڵایەتیە باوەکان لە ترسی دەسەڵات نابێ بەڵکو بەهۆی ئاراستە کردنێکی ناوخۆییەکە ئەویش ویژدانە.

ء- ئامادە کردن و ڕاهێنانی تاکەکان بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی گۆڕانکاریەکان و سوود وەرگرتن لێیان:

گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وا پێویست دەکات کە پەروەردە بە ڕۆڵی خۆی هەستێت لە ڕاهێنان و ئامادەکردنی تاکەکان، سەرەڕای بەدەس هێنانی تەبایی و بیرکردنەوەی زانستی لەگەڵ تێگەیشتنیان بۆ ڕۆڵی نوێیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گۆڕانکارییە نوێیەکان و گونجان لە گەڵیدا و سوود وەرگرتن لێی بە جۆرێك ببنە هێزێکی کارای گۆڕان لە کۆمەڵگە و توانای داهێنان و سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنی زانین و تەکنولوجیای جیهانی هەبێت. پێویستە لەسەر پەروەردە تاکەکان ئامادە بکات و یارمەتیان بدات لەسەر تێگەیشتنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە هەموو بوارەکان لەگەڵ ڕادەی گونجاندنیان بۆ دۆخەکانی ئێستای کۆمەڵگە لەبەر ڕۆشنایی داواکاری و پێداویستیەکان بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕانکارییە پۆزەتیفەکان ئەنجام بدەن، هەروەها ئەوەی پێویست دەکات بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و نوێکردنەوەی.

ئەم ئامادەکردنە پێویست دەکات بەدەس هێنانی توانا لەسەر بژاردن و پەسندکردنی زۆر لە شێواز و هۆکارە تازەکان بگرێتە خۆی لە بواری کارکردن و بەرهەم هێنان و بەکارخستنی تەکنولوجیای تازە و هەڵسەنگاندنی ئاراستە و ئەنجامەکانی لەگەڵ ڕادەی گونجانی بۆ قۆناغەکانی گەشەپێدان لە کۆمەڵگە.

ئەم کارە وا پێویست دەکات کە پەروەردە بە ڕۆڵی خۆی گۆڕان لە فەلسەفە و ئامانج و بەرنامە و ڕێگاو شێوازەکانی فێرکردن بکات، بۆ ئەوەی هاوشانی گۆڕان و پێداویستیەکانی بێت، هەروەها پێویست دەکات کە بەرنامە و ڕێگاکانی فێرکردن جەخت لەسەر گەشەکردنی شارەزاییە زانستیەکان بکەن، لەگەڵ بەدەس هێنانی بیر و بۆچوون و ئەو بەهایانەی کە گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکان دەیسەپێنێ وەك: وردبینی

و لێهاتوویی له ئەرك بەجێهێنان و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لە كارو مامەڵە كردن بە لێهاتویی لەگەڵ تەكنولوجیای نوێ و پشت بەستن بە خود و فێربوونی خویی و گرینگی زانست بە تایبەتی زانستی پەیوەندار بە كۆمەڵگە كە كار بۆ پێشكەوتنی و بایەخدان بە تۆژینەوەی زانستی و ڕێكخستنی زانیاریەكان دەكات. بۆیە گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی و ئابوری پێویست دەكات بایەخ بە پسپۆڕیە وردەكارییەكان بدات كە كۆمەڵگە پێویستی پێی دەبێ لەم سەردەمە، بەمە ڕۆڵی پەروەردە وا پێویست دەكات بایەخ بدات بە پسپۆڕی بۆ زیادبوونی لێهاتوویی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری لە كۆمەڵگەدا. هەموو ئەوانە وا پێویست دەكات كە بایەخ بدرێت بە پلانی پەروەردەیی بۆ بەستنەوەی فێربوون بە كۆمەڵگە و پێگەكانی بەرهەم هێنان و پێداویستیەكانی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی و ئابوری لە كۆمەڵگەدا.

**هـ- جەخت كردن لەسەر بەها ئاینیەكان:**

زاڵبونی لایەنە مادییەكان لە زۆربەی كۆمەڵگاكان بەهۆی گۆڕانكارییە خێراكان و بڵاوبونەوەی زۆر لە بەهاو بیرو بۆچوونانەی جەخت لەسەر مادە و خۆشگوزەرانی دەكەن، بێ بایەخدان لەسەر ڕەوایەتی شێواز و ئامرازەكانی بەدەست هێنانیان، یان چاك سوود وەرگرتن لێیان بۆ بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵ. ئەم دیاردەیە بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ لە تاكەكان گرینگی بە دیاردە مادییەكان بدەن بێ ڕەچاوكردنی بەها ئاینی و ڕەوشتیەكان.

لێرەدا ڕۆڵی پەروەردە دێت بە داكۆكی كردن لەسەر بەهاو بنەما ئاینیەكان و بەرز ڕاگرتنیان لە ژیانی تاك و كۆمەڵ و بەستنەوەی ئایین بە ژیان بۆ یارمەتیدانی منداڵ بۆ ئەوەی ئەو بەها ئاینیانە ئاڕاستەی ڕەفتارەكانی بكات لە مامەڵەكردنی لەگەڵ كەسانی تری ناو كۆمەڵگە. ئەو كارە وا دەكات كە هاوتاییەك لە كەسایەتی تاك دروست ببێت كە یارمەتی بدات لەسەر گونجانی لەناو كۆمەڵگە، هەروەها ببێتە هاوكارێك بۆ خێزان كە بە ڕۆڵی خۆی هەستێت لە ماوەی كرداری پێكەیاندنی كۆمەڵایەتی. داكۆكی كردنی هەریەك لە خێزان و خوێندنگا و هۆیەكانی تری

پەروەردە لەسەر بەهاو بنەماو پەندە گرینگەکان لە ژیانی تاك و کۆمەڵگە کە پێویستن بۆ سەرکەوتنی تاك لە کارەکانی، ئەو لایانانە تەنها نابنە هۆی جێبەجێ بوونی جۆرێك لە تەبایی و هاوتایی لە کەسایەتی تاك بەڵکو دەبنە هۆی ڕێکوپێکردنی باری کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەکە و کاریگەریی دەبێت لەسەر یەکگرتوویی و سەقامگیری کۆمەڵگە. دیدی نوی بۆ تاك و گرینگی لە ڕوودانی گۆڕان، ڕۆڵی فێربوون و گەشەسەندنی لە ژیانی تاکی زۆرتر کرد، فێربوون شارەزایی و لێهاتوویی و تواناکانی تاکی زۆرتر کرد لەسەر دیاریکردنی گرینگی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان هەروەها بوارەکانی و ڕادەی سوود وەرگرتن لێیان و بەستنەوەیان بە ژیان.

بەمە پەروەردە بەرپرس دەبێت لە ئامادەکردنی تاکەکان بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارەتیان و بەدەس هێنانی بەهاو ئاراستە و زانیاری و ڕێگاکانی بیرکردنەوە بۆ ئەوەی بە ڕۆڵە کۆمەلایەتیەکانیان هەستن لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان.

ئەمەش ئەوە دەگەێنی کە ڕۆڵی پەروەردە تەنها لەو سنوورە ناوەستێ کە لە خۆگرتنی سیستمی کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردنی و بەردەوام بوونی بێت، بەڵکو پێویست دەکات کە بوارەکانی بریتی بن لە چۆنیەتی هەستان بە کرداری نوێبونەوە و پەرەسەندنی ئەو سیستمە لەبەر ڕۆشنایی ئاوات و پێویستیەکانی هێزی کۆمەلایەتی و بە ئەقڵانیکردنی زانستیانەی چاکسازی و گەشەپێدان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

## پەروەردە و ڕۆشنبیری

هەر کۆمەڵگەیەك ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە، جیاوازە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکانی تر.

ڕۆشنبیری بریتیە لە کۆی هەموو ئەو شتانەی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو فێری بونە. لە جۆرەکانی ژیان و شێوازە هزری و زانیاری و باوەڕەکانیان لەگەڵ هەست و ئاڕاستە و بەهاو شێوازە ڕەوشتەکانیان دەگرێتە خۆی کە بەکاری دەهێنن لە ماوەی کار لەیەککردنیان لەگەڵ یەکتر، سەرەڕای هەموو ئەوشتانەی کۆمەڵگە بەکاری دەهێنێ لە ئامێر و کەل و پەل بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانیان و گونجاندنیان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتی و چاك بەکارهێنانی ژینگەی سروشتیان.

تاکەکانی کۆمەڵگە شێوازی ژیانیان پێکدە هێنن، دەری دەبڕن بە کردەوە و بەرهەم هێنان و شارەزایی و زانیاری و هونەرەکانیان. بەم جۆرە بە کەسانی چاك دادەنرێن لە دروستکردن و گونجاندن و بونیادنانی شێوازەکانی ژیانیان. هەموو ئەو لایەنانەی ڕۆشنبیری دەیانگرێتە خۆی لە زانیاری و شارەزایی و بەهاو ئاڕاستە و هونەر و شێوازەکانی ڕەفتار، هەموو ئەو شتانەی بەرهەم و دروستکراوی مرۆڤن، ژیانی تاکەکان ئاسان دەکەن، کار لەسەر گونجاندنیان دەکەن لەگەڵ تێرکردنیان بەو ڕێگایانەی زانراوە، هەموو ئەو کارانە یارمەتی ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری کۆمەڵگە دەدەن.

نەوەی نوێ ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی خۆی وەردەگرێت بەڵام ڕەنگە دەوڵەمەندی بکات یاخود هەندێکی لێ لابدات بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگاکەی تەبابێت، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە زیادەی بکەوێتە سەر.

کەڵەکەبوونی ڕۆشنبیری بە درێژایی ڕۆژگار دەبێتە هۆی خێرایی فێربوون و زۆر بوونی شارەزاییە مرۆڤایەتیەکان بە ڕێگای سوود وەرگرتن لە زانیاری و شارەزایی

نەوەکانی پێشو، بەمە ڕۆشنبیری لە نەوەییکەوە بۆ نەوەیەکی تر گۆڕانی بەسەردێت ئەگەر گۆڕانەکە بەهۆی خودی تاکەکانەوەش بێت.

## چەمکی ڕۆشنبیری:

ڕۆشنبیری ئەو ناوەڕۆکە و چوارچێوە هزرییەیە کە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە دیاریدەکات و لە کۆمەڵگاکانی تری جودا دەکاتەوە. لەناو دەقەکانیدا خسڵەتە کۆمەڵایەتیە هاوتاو نوێیەکان هەڵدەگرێت، هەروەها ڕۆشنبیری بەرهەمی چالاکی هزری و مادی داهێنەرانەی مرۆڤە.

ئەمە و لەوانەیە جیاوازی لە پێناسەکردنی ڕۆشنبیری هەبێ، بەپێی جیاوازی لە نێوان زانا و بیرمەندان و جیاوازی لە بایەخ پێدان و ئامانج و پسپۆڕیان. بەلاّم لە بەکارهێنانی زمانەوانیدا بە زۆری ڕۆشنبیری بە مانای زانایی و زیرەکی و خێرایی لە وەرگرتنی زانست و تێگەیشتنی دێت، زۆرجار دەوترێت ئەو کەسە ڕۆشنبیرە بەواتای پلەیەکی بالاّی فێربوونی هەیە.

لە زمانی ئینگلیزی بۆ زاراوەی ڕۆشنبیری وشەی (Culture) بەکار دێت کە بە مانای کشتوکاڵ و ڕووەك چاندن دەگەیێنێ. بەلاّم ڕاستی وشەکە لە زمانی لاتینیەوە هاتوە کە بەمانای کشتوکاڵ دێت بەلاّم لاتینیەکە بەمانای وانە وتنەوە و زانست پەیداکردن بەکار هێنراوە.

لە زمانی عەرەبی وشەی ڕۆشنبیری (ثقافة) لە سەرچاوەی کاری (ثقف) وەرگیراوە کە بەمانای تێگەیشتن هاتووە.

## چەند پێناسەیەك بۆ ڕۆشنبیری:

بە بۆچوونی (ڕالف لنتن) ڕۆشنبیری بریتە لە هەموو ڕەفتارێکی ڕێك و پێك لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەو ڕەفتارە. ڕەگەزە پێکهاتووەکانی ئەو هەمووە هاوبەش دەبن لە نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگە و هەر بە هۆی ئەوانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. لێرەدا ڕەفتارە فێربووەکە هەموو ئەو کارانە دەگرێتە

خۆی کە تاك پێی هەڵدەسێت ئەگەر ئاشکرا بێت یان شاراوە، ئۆرگانی بێت یان سایکولوجی.

بەڵام دیدی (دورثی ل) دەربارەی ڕۆشنبیری بریتیە لە (ڕۆشنبیری سیستمێکە لە هێماکان بە هۆیەوە تاك مانا بە هەموو شتێکی دەوروبەر دەبەخشێت) ڕەفتاری مرۆڤایەتی هەروەك ڕۆشنبیری دیاری دەکات سیستمێکە تاك دەبەستێتەوە بە جیهان، ئەگەر ئەو جیهانە کۆمەڵگە بێت یان سروشت یاخود گەردون یان ڕاستی ڕەها، ڕەفتاری تاك لە هەر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی تەنها گوزارشتێکە دەربارەی ئەو پەیوەندییە.

بۆیە ڕۆشنبیری بۆ تاکەکانی دەبێتە ڕێ پیشاندەر بۆ ڕاڤەکردنی هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریاندا هەیە، ئاڕاستەیان دەکات بۆ ئەو ڕێگاو شێوازانەی توانایان پێ دەدات کە بە ڕۆڵی خۆیان هەستن لە سنوری تواناکانیان.

لێرەدا گرینگی ڕۆشنبیری بۆ تاك دەردەکەوێت لە زۆرکردنی زانست و ڕێگاکانی بیرکردنەوە و شێوازەکان کارو جۆرە جیاوازەکانی ڕەفتارە و بیروباوەڕ و لێکدانەوەی هەست و سۆزەکانی لەگەڵ زۆرکردنی کەرەستە و ئەو ئامێرانەی کە یارمەتیان دەدات لە تێگەیشتنی جیهانی دەوروبەری و ڕوونکردنەوەی و زاڵبوون بە سەریدا لە سنوری تواناکان. هەروەها کرداری کار لەیەککردنی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان ئاسان دەکات.

تاك لە هەر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی، هەڵسوکەوتی بەپێی زانینی بە پێش بینیەکانی ئەوانی تر دەبێ لەگەڵ ڕوونکردنەوەی خۆی بۆ هەڵوێستەکە و ئەو ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتیەی کە هەیەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکەی بەو کەسانەی کارلێکردنیان دەبێ لەگەڵی، هەروەها تاك بەهۆی ڕۆشنبیرییەکەی چەند نموونەیەکی دیاریکراوی جیاواز فێردەبێ دەربارەی پاداشت و سزادان و شێوازەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکان. تاك نموونەی ڕەفتارە باوەکان لە کۆمەڵگەکەی فێردەبێ وەك ئەنجامێکی سروشتی بۆ ژیانی هەروەها لە ئاکامی کار لەیەککردنی لەگەڵ ئەوانی تر لە زۆر هەڵوێستی کۆمەڵایەتی.

دووباره بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕەفتارانە شێوەیەکی خۆڕسك دەبەخشێتە تاکەکان و دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك بەشێوەیەکی میکانیکی کاری پێ بکات بێ هیچ بەرهەڵستیەك.

زمانی نوسراو و دەربڕین هەروەها زمانی بێ دەنگی یارمەتی تاك دەدات لە گەیاندنی بیروباوەڕ و هەستەکانی بۆ کەسانی تر، ئەو کارە کرداری کار لەیەککردنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان ئاسان دەکات لە نێوان تاکەکانی یەك ڕۆشنبیری.

لەو ڕوونکردنەوەیەی پێشوتر بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیری کۆمەڵێکی گەورە لەو ڕەگەزانەی پەیوەستن بەیەکەوە دەگرێتە خۆی، ئەو کۆمەڵە تێکەڵاوە لە ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەکان سنوور بۆ ڕەفتاری مرۆڤ و چالاکیەکانی دادەنێ و جۆری کەسایەتی و تواناکانی دیاریدەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەی.

هەر لەبەر ئەوەی پێناسەی (ئیدوارد تایلور) بۆ ڕۆشنبیری بە گشتگیری دەناسرێ سەرەڕای تازە نەبوونی، لێرەدا ئێمە ئاماژەی بۆ دەکەین بۆ ڕوونکردنەوەی ڕادەی تێکەڵاوی ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری، بە بۆچوونی تایلور: ڕۆشنبیری ئەو گشتە ئاڵۆزەیە کە زانیاری و بیروباوەڕ و هونەر و ڕەوشت و یاساو داب و نەریتەکان دەگرێتە خۆی، هەروەها تواناکان و ڕەفتاری باو کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێ وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگە).

(کلباتریك) بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆشنبیری دەکات: هەرچی دەست و ئەقڵی مرۆڤ دروستی دەکات، لەگەڵ دیاردەکانی ژینگەی مرۆڤایەتی، واتا هەرچی مرۆڤ دایهێناوە یان دۆزیوییەتەوە و ڕۆڵی هەبووە لە کرداری کۆمەلایەتی.

ئەم پێناسەیە ئەوە دەگەێنێ کە ڕۆشنبیری ئەم بوارانە دەگرێتە خۆی:

زمان و خووڕەوشت و دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان و چەمك و بیروباوەڕ و هزرەکان تا ئەو شتانەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەیبینین و لەسەر دەستی مرۆڤ دروستکراوە.

ئەم ڕۆشنبیرییە میراتێکە بۆ نەوەکان. ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیێنێ کە ڕۆشنبیری دوولایەنی هەیە: لایەنی مادی و لایەنی نامادی.

بەلام (کلکهون) بەم جۆرە پێناسەی ڕۆشنبیری دەکات: ئامرازە جیاوازەکانی ژیانەکە لە ماوەی مێژووی دوور و درێژدا مرۆڤ پێی گەیشتوون، ئەوانی شاراوە بن یا ئاشکرا، ئەقلانی بن یان نا ئەقلانی. هەروەها ئاراستەکردنی ڕەوشت و ڕەفتاری خەلك لە کاتێکی دیاریکراو و ڕێنمایی کردنی هەنگاوەکانیان لەناو کۆمەلگەدا.

ئەم پێناسەیە لایەنی مەعنەوەی و مادی بۆ ڕۆشنبیری دەگرێتە خۆی، هەروەها ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو، لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیری لە سەریەك باردا نامینێتەوە بەلکو دەگۆڕێ بە گۆڕانی کات و سەردەم.

بەلام (فیرث) دەربارەی ڕۆشنبیری دەلێ:

ئەگەر سەرنجمان دایە کۆمەلگە بەوەی کە بریتییە لە کۆمەلە تاکێك، ئەوا ڕۆشنبیری دەبێتە ڕێگای ژیانیان. هەروەها ئەگەر ڕۆشنبیریمان بە کۆمەلە پەیوەندییەکی کۆمەلایەتی و کۆبونەوەی تاکەکان و پەیوەندییە ئالۆ و گۆڕەکانی نێوانیان، ئەوا ڕۆشنبیری دیارە کەلەکەبوە مادی و نامادییەکان دەگرێتە خۆی کە خەلکی پشتاوپشت پێیان دەگات و بەکاری دەهێنن و دەیانگوازنەوە. ڕۆشنبیری ناوەڕۆکێکی هزری هەیە کە چالاکیە مرۆڤایەتیەکان ڕێك دەخات.

بەلای تیۆری ڕەوشتگەرییەوە ڕۆشنبیری بریتییە لە (ڕەفتارێکی فێربوو) یاخود بەدەست هاتێکی کۆمەلایەتی، سەرەڕای ئەوەش دیاردەیەکی ناچارییە وەك هاندەرێك بۆ کار.

بەپێی ئەم بۆچوونانەی پێشوتر دەکرێ بوترێ کە ڕۆشنبیری لە جەوهەردا شێوەی ژیانی مرۆڤایەتیە بەوجۆرەی مرۆڤ نەخشەی دەکێشێ، ئەو مرۆڤانەی لەو ژیانەدا دەژین بە هەموو بیروباوەڕ و شێوازە هزرییەکانی. ڕۆشنبیری ئەو ژیانەیە کە خەلکی لە کات و ساتێکی دیاریکراودا نەخشەی دەکێشی. لێرەدا ئەو بەها

گرینگەی کە جێگای مەبەستانە ئەوەیە کە ڕۆشنبیری توانای فێربوونە، ئەوەش ئەو لایەنە پەروەردەییەیە کە بایەخێکی تایبەتی دەدەینێ لەم بوارەدا.

هەروەها ڕۆشنبیری بەمانای داهێنانی مرۆڤایەتی دێت، بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی بەخششەکانی و دەوڵەمەندکردن و گەشەپێدانیەتی. ڕۆشنبیری نیشانەی بەردەوام بوونی مرۆڤە بە شێوەیەکی میتۆدی لەسەر گەشەپێدانی بەهرە هزرییەکانی بە خوێندنی ئەدەب و زانست و هونەرەکان، هەروەها بە ڕەنجدان و بیرکردنەوە. وشەی ڕۆشنبیری نیشانەیێکە بۆ کۆمەڵە لایەنێکی هزری و ڕەوشتی و مادی و ڕێبازە گرینگەکان لەگەڵ شێوازەکانی ژیان کە شارستانیەتێك لە شارستانیەتەکان جودا دەکاتەوە.

لە ڕوویەکی ترەوە، هەروەك باسکرا ڕۆشنبیری ڕەفتارێکی بەدەس هاتووە، پشتی بە کرداری فێربوون دەبەستێ، ئەوەش وای لێدەکات کە پەیوەستی بە پەروەردە بە کارێکی گرینگ دادەنرێ. لەبەر ئەوەی پەروەردە ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو جۆرە جیاوازانەی ڕەفتار فێردەبن، بۆ ئەوەی تاك بتوانێ ئاوێتەی کۆمەڵگەی ببێت و لەگەڵیدا بگونجێ. ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیران پێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان.

(هشام الشرابی) لە کتێبەکەی بەناوی (پێشەکیەکان بۆ تۆژینەوە لە کۆمەڵگەی عەرەبی) ١٩٧٧. بۆچوونی وایە کە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە لە ڕۆشنبیری تێگەیشتووە. ئەو کەسەش بە دوو خسڵەتی بنچینەیی دەناسرێ:

١- **هوشیاری کۆمەڵایەتی**: توانا بە تاك دەدات کە کۆمەڵگە و کێشەکانی لەبەرچاو بێت بە شێوەیەکی فراوان. هەروەها شیکردنەوەی بۆ کێشەکان لەسەر ئاستێکی تیۆری یەکگرتوو بێت.

٢- **ڕۆڵی کۆمەڵایەتی**: بریتیە لەو چالاکیەی کە هەڵگری هوشیاری کۆمەڵایەتیە، بە لێهاتوویی کارەکان ئەنجام دەدات لە بواری پسپۆڕی پیشەیی و توانا هزرییەکانی. واتا تەنها زانست خسڵەتی ڕۆشنبیری نابەخشێتە تاك بە شێوەیەکی ئامێری، لەبەر ئەوەی بەدەس هێنانی زانست کارێکی بابەتیانەیە، لە

خودی خۆیدا ڕۆشنبیری پێکناهێنێ تەنها ئەگەر لای کەسی فێربوو هوشیاری کۆمەلایەتی دروست بوو، کە تەنها هۆکارە تاك بەهۆیەوە دەبێتە ڕۆشنبیر تا ئەگەر نەخوێندەواریش بوو.

لای (الشرابی) جیاوازی نییە لە نێوان ڕۆشنبیری و زاراوەی (ئەنتلجنسیا) کە بەمانای پوختەی ڕۆشنبیر دێت، بەڵکو بەیەك شتیان دادەنێ.

بە باوەڕی ئێمە بواری (ئەنتلجنسیا) ئەو ڕۆشنبیریەیە کە بوارە شارستانیەتەکەی (مادی و هزری)یە، جیاوازە لە ڕۆشنبیران بەوەی لە (بژاردە) پێکدێت، واتا ئەو توێژەی لەسەر لوتکەی پەیکەری ڕۆشنبیریدان بە هوشیاری کۆمەڵایەتی و بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەناسرێن.

بە تێگەیشتنی (زرتمان) ١٩٨٨، بژاردە ئەو کۆمەڵە کەسەیە کە لە لوتکەدا دەبن و هێزیش بەکار دەهێنن لە کۆمەڵگەدا، بەدەس هێنانی هێزیش جیاوازی هەیە لە نێوان خەڵکی.

بەڵام (بوتمور ١٩٧٢) مەبەستی لە بژاردە ئەو توێژەیە کە دۆخێکی جیاکاری هەیە لە کۆمەڵگە هەروەها ڕۆڵ و ئەرکیشی هەیە. واتا (ئەنتلجنسیا) بژاردەی ڕۆشنبیرانە و پیشەگەشی ڕۆشنبیرییە، ئەو توێژە کارتێکردنی گەورەی هەیە لە کۆمەڵگە ئەو کارتێکردنەش لە هەموو ڕۆشنبیرانی تر جودا دەکرێتەوە.

بە باوەڕی (گوڵدنر) ئەنتلجنسیا بەشێکە لەو چینە نوێیەی کە لە زانیندا زۆر شارەزایە، بەڵام ڕۆشنبیران بەشەکەی ترن کە توانای ڕەخنە گرتنیان هەیە لە ڕووی گشتیەوە و لە سیاسەت گەیشتوون، هەروەها ئەو تاکانەن کە لە تاکەکانی تری کۆمەڵگە جیادەکرێنەوە لە ڕووی شارەزایی و زانینەوە واتا توانای شیکردنەوە و پێکهێنان و جیاکردنەوە و بژاردن و ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڵوێستە نوێیەکانیان هەیە بە سەرکەوتوویی یان چارەسەرکردنی کێشە نوێیەکان بە داهێنانی هۆکارە لە بارەکان. لە ناوەڕۆکی ئەو پێناسە و بیروڕایانەدا بۆ ڕۆشنبیران دەردەکەوێت کە ئەو زاراوەیە لەگەڵ ئەنتلجنسیا لە یەك دەچن تا ڕادەیەکی گەورە، ڕەنگە تا ڕادەی جووت بوون بێت، کەوابێ لێرەدا ئاڵۆزییەك هەیە لە مانادا، ئەگەر زیاتر

قوڵبووینــەوە لــە شــیکردنەوەی نووســینەکان دەربــارەی ڕۆشــنبیران و ئەنتلجنســیا، سەرەنجی ئەوە دەدەین کە زۆرێك لە بیرمەنـدان تێکەڵیـەك پەیـدا دەکـەن لـە نێـوان هـەردوو واتـا کـە، هـەروەها دژ وارییـەك لـە دیـاریکردنی چـەمکی ڕۆشـنبیرییەوە سەرهەڵدەدات.

**توێژەکانی ڕۆشنبیری:**

**(هشام الشرابي) ڕۆشنبیرانی بۆ چوار توێژ دابەشکردووە:**

**١- توێژی ڕۆشنبیرە پابەندەکان:**

ئەو کەسانەن کە هوشیاری تـەواویان هەیـە، لەگـەڵ کـارپێکردنی تـەواو، هـەروەها کارپێکردنی تەواو لەگەڵ هوشیاری تەواو، ئەو کەسانەن کە نـاکرێ جیـاوازی بکرێـت لە نێوان تایبـەتی و گشتیان، ئەوانـە پێشەنگی ڕۆشنبیران پێکـدەهێنن و پرۆسـەی گۆڕانی کۆمەلایەتی لە ئەستۆیاندایە، ئەوانە بە شێوەیەکی ئاسایی پەیوەنـدییان بـە یـەك چـینەوە نییـە، بـەڵکو ئـەوەی کۆیـان دەکاتـەوە هوشـیاری تـەواوە بەرامبـەر کێشەکانیان لەگەڵ یەك جۆر کارپێکردنیان.

**٢-توێژی نیمچە پابەندەکان:**

ئەوانـەی تـەنها وشـەیان هەیـە نـەك کـرداری ڕاسـتەوخۆ، بـریتین لـە ئـەدیب و نووسەر و بیرمەنـدە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوانە کاریگەریان هەیە لـە هوشـیارکردنەوەی جـەماوەر، دیـارە ئـەم کـارەش گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی لێ پەیـدا دەبێـت لـە ماوەیـەکی درێژخایەندا. بۆیە ژیانی ئەوانە جۆرە شێوازێکی دیاریکراوی نابێ، ئەوانە تـەنها لـە ڕووی مەعنەوی و هزری پابەندن.

**٣-توێژی کارمەندان لە بواری فێرکردن:**

وەك مامۆسـتایان کـە کاریگـەریان لـە کاریگـەری توێـژی دووەم دەچـێ، ئەوانـە لـە بـواری کۆمەڵایـەتی کـار دەکـەن، بـێ تێـوەگلانی ڕاسـتەوخۆ لـە ململانێیـەکانی نـاو

کۆمەڵگە. کاریگـەریان بەسـەر نـەوەکان لەماوەیـەکی دوور و درێـژ دەردەکـەوێت، هـەروەها لـە مـاوەی دوورخایەنـدا کارتێکردنیـان لـە پێکهێنـان و بزوانـدنی هێـزە پێشەنگەکان دەبێ.

٤- توێژی تەکنوکرات و پێشەداران لە پیشەسازی و کارگێڕیدا:

لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونیان هەیە، لە هەموو توێژەکان دورتـرن لـە هوشیاری ئایدیولوجی و سیاسی. بۆیە پابەنـدبوونیان پیشـەییە و کاریـان لـە بـواری پسپۆڕیدا دایە. کارتێکردنیان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی و قوڵە بەڵام لە پاش ماوەیـەکی دوور و درێژ.

بەپێی ئەم دیدە بۆ توێـژی ڕۆشـنبیران دەگرێ نـاو لـە توێـژی یەکـەم (ڕۆشـنبیرە پابەندەکان) بنێن بە بژاردەی ڕۆشنبیری (ئەنتلجنسیا) بـەڵام توێـژەکانی تـر دەگـرێ ناویـان لێ بنرێـت ڕۆشـنبیران، ئەوانی خـاوەن توانـا و هێـزی زانسـتی و هونـەری و هزرین. دەگرێ بژاردەی ڕۆشنبیران بەپێی کاریگەریان بکرێنە دوو بەشەوە: ئـەوانی زۆر کـاران، واتـا بـژاردەی ڕۆشــنبیرانی پێشـڕەو، ئەوانــە کـار دەکـەن و گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی ئاڕاسـتە دەکـەن بـە شـێوەیەکی سەرنج ڕاکـێش، ئەوانـە بـە زۆر لـە دەسەڵاتدان و لە ناوەندە جیاوازەکانی سەرکردایەتین لە کۆمەڵگەکاندا، وەك (حـزب، سـەندیکا، سـوپا). بـەڵام بـژاردەی ڕۆشـنبیری دووەم، ئەوانـەش بـژاردەی ڕۆشـنبیرە کاراکـانن، کاریگــەریان بەســەر گــۆڕانی کۆمەڵایەتیــدا هەیــە، بــەڵام لــە پێگــە سەرکردایەتیەکان نین.

## خسڵەتەکانی ڕۆشنبیری:

ڕۆشنبیری چەند خسڵەتێکی جۆراوجۆری هەیە گرینگترینیان:

- ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی: ئەو خسڵەتە تایبەت بە خودی مرۆڤ نەك بە هیچ گیان لەبەرێکی تر.

- ڕۆشنبیری وەرگیراو: تاك ڕۆشنبیری بەدەس دێنێ بەپێی پەیوەندی بەو کۆمەڵەی کە تیادا دەژی.

- ڕۆشنبیری جێگیر و گۆڕاو:

ڕەگەز و پێکهاتەکانی ڕۆشنبیری هەندێکیان بە جێگیری دەمێنێتەوە و تووشی گۆڕین نابن وەك بەها کۆمەلایەتیەکان و ڕێبازە شەرعیەکان و بنەما ئاینیەکان. هەندێکیشی ملکەچی گۆڕان و پەرەسەندن دەبن وەك لایەنە مادییەکان، ئەوەی زانراوە هەندێ لە ڕۆشنبیرییەکان توانای گۆڕانیان هەیە زیاتر لەوانی تر، هەروەها پلەی گۆڕان و شێوازەکەی و ناوەڕۆکەکەی جیاواز دەبێت لە ڕۆشنبیرییەکەوە بۆ یەکێکی تر.

- ڕۆشنبیری ناواخنی و ڕۆشنبیری ئاشکرا:

بۆیە ناواخنیە لەبەر ئەوەی هەندێ لە ئاماژەکانی تەنها لە ماوەی ئەو شێوازەی کە دەخرێتە ڕوو تێگەیشتنی بۆ دەکرێ. ئەو ڕۆشنبیرییە شاراوەیە لەبەر ئەوەی لایەنەکانی جیهانی ڕۆح و جیهانی سروشت و دیاردە پەیوەندیدارەکانی دەگرێتە خۆی. بەڵام ئاشکرایی ڕۆشنبیری لە ڕەفتار و هەڵس و کەوت و گفتوگۆی تاکەکان دەردەکەوێت، هەورەها لە کاروبارە مادییەکان وەك داهێنان و دۆزینەوە و ئامێرە نوێیەکان و بەرهەمە پیشەسازییەکان.

- ڕۆشنبیری ناواخنی جۆراوجۆر:

ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە تا پلەیەکی گەورە جیاوازی تیادا دەردەکەوێت، ڕەنگە هەندێ جار بگانە ڕادەی دژایەتی، نموونەش لەسەر ئەوە هەندێ کۆمەڵگە ڕێگا بە فرە ژنی دەدەن بەڵام هەندێکی تر بە تاوانی دادەنێن لە ڕوویی یاساییەوە.

- ڕۆشنبیری ئەشێ بۆ بڵاوبوونەوە و گواستنەوە:

ئەو بڵاوبوونەوە و گواستنەوەیەش بە چەند ڕێگایەك دەبێ، گرینگترینیان: فێربوونە. چونکە زمان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەم بوارەدا، هەروەها هۆیەکانی پەیوەندیکردنی تازە (ئیزگە، تەلەفزیون، مانگە دەسکردەکان، ڕۆژنامە، گۆڤار...

هتد) کە هەڵدەسن بە تێکدانی کۆسپەکانی نێوان ڕۆشنبیرییەکان و کارکردن لەسەر بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری.

- ڕۆشنبیری بەردەوام:

ڕۆشنبیری بۆ هەمووانە و کەلەپورێکی پشتاوپشتی ئەندامانی کۆمەڵگەیە. لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. ڕۆشنبیری لەناو ناچێت تەنها بە لەناوبردنی ئەو کۆمەڵگایەی بەکاری دەهێنێ، یان دەرکەوتنی ڕۆشنبیرییەکی نوێ لە سەرچاوەیەکی نوێ و جێگای باوەڕ، ئەمەش کارێکە دژوارە جێبەجێکردنی لە ڕاستیدا.

- ڕۆشنبیری فێرکراو:

هەروەك چۆن ڕۆشنبیری گوزارشت لەو ڕەفتارانە دەکات کە مرۆڤ فێری بووە لەناو کۆمەڵ بەهۆی پەیوەندییەکان و لە ئەنجامی هەردوو کرداری فێرکردن و لاسایی کردنەوە وەردەگیرێ. ئەو ڕۆشنبیرییە بە ڕۆڵی خۆی پێویستی بە کارتێکردنی کۆمەڵایەتی هەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ تاکەکانی دەخولقێنێ. ڕۆشنبیری لە نەوەیێکەوە بۆ نەوەیێکی تر دەگوازرێتەوە و هەڵقوڵاوی کەلەپوورە بە درێژایی ڕۆژگار.

کەلەپوری ڕۆشنبیری نیشانەیە بۆ کۆمەڵە نموونەیەك کە تاك بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان پەیدای دەکات، ئەوە لەدوای ئەوە ڕەگەزی تری دەخرێتە سەر و ڕەنگە هەندێکیان بگوازرێنەوە بۆ نەوەیەکی تر، هەروەها ڕەنگە ڕەگەزەکان جیاواز بن لەیەکتر و هەندێکیان بزربن بەهۆی نەبوونی پێویستی بۆیان یان هەندێکی بە سوود تر و بە نرخترجێگا بگرنەوە.

- ڕۆشنبیری هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا:

ڕۆشنبیری بەمانا کۆمەلایەتیەکەی هاوبەش دەبێت لە نێوان ئەندامانی یەك کۆمەڵگە، ناکرێ لە لایەن تاکێك یاخود ژمارەیەکی کەمیش بێت پاوان بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر دۆزینەوەیەك بەکار نەهێنرێت لەناو کۆمەڵ ئەوا بە ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری دانانرێت.

ڕۆشنبیری بەو هەندەی کە هاوبەشە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەمە ئەوە دەگەێنێ کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و بەکار هێنراوە لە کۆمەڵگەدا. ڕەنگە ئەو ڕەگەزە ڕۆشنبیریانە هاوبەش بن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو ئاکارێکی گشتگیریان هەبێ، بەم جۆرە پێی دەوترێت ڕۆشنبیرییە گشتگیرییەکان یان هاوبەشییەکە لە نێوان توێژە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگە وەك کۆمەڵە پیشەییەکان یان چینایەتیەکان یاخود زانستیەکان.

- **ڕۆشنبیری پێداویستی تاکەکانی کۆمەڵگە تێردەکات:**

ڕۆشنبیری کار بۆ تێرکردنی پێداویستی تاکەکان دەکات، ئەگەر ئەو پێداویستیانە ئۆرگانی بن یان دروستکراو. هەر بەپێی بنەماکانی پالپشتی یان بەهێزکردن بە دەنگەوە هاتن دووبارە دەبێتەوە ئەگەر تاك تێرکردنی پێداویستیەکانی بۆ بەدیهات، ئەو بە دەنگەوە هاتنە یاخود وەڵامدانەوەیە بەرەو نەمان دەڕوات ئەگەر تێرکردنەکە وەك پێویست نەبوو. لە ماوەی نێوان تێربوون و کوژانەوە، بە دەنگەوە هاتن هەر دەمینێت بەڵام لە بارێکی سستدا دەبێت.

بەم جۆرە ڕەنگە لەژێر هەندێ باری دیاریکراودا دەرکەوێت کە پێی دەوترێت (گەڕانەوەی خۆ کردانە). بەڵام ئەگەر کارێك ڕووی نەدا کە لایەنی وەڵامدانەوە بەهێز بکات ئەوا ئەو کارە دووبارە نابێتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەێنێ کە هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری کار بۆ تێرکردنی پێداویستی تاکەکان دەکەن لە هەموو کاتەکاندا، بەڵکو تێرکردن لێرەدا ڕێژەییە و جیاوازە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر.

لە دیدی (جورد میردوك) ئەو بارو دۆخانەی کە ڕۆشنبیری یان هەندێ لە ڕەگەزەکانی تیادا کار بۆ تێرکردنی پێداویستی تاکەکان ناکەن، ئەوانە چەند بارودۆخێکی لاوەکین یان کاتین، ئەم بارەش ئەو ڕەگەزە ڕۆشنبیریانە دەگرێتەوە کە بەرەو نەمان دەڕۆن.

- **ڕۆشنبیری یارمەتی تەبایی دەدات:**

گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکان و خودی پرۆسەی گۆڕان کردارێکی گونجان دەنوێنن، ئەو ڕەگەزە ڕۆشنبیریانەی پێداویستی تاکەکان جێبەجێ ناکەن بە شێوەیەکی

ناناسایی بەرەو نەمان دەڕۆن و ڕەگەزی تر جێگایان دەگرێتەوە کە کار بۆ تەبایی تاك دەکەن لە ڕۆشنبیرییەکەی و دەبێتە یارمەتیدەر بەرەو بەردەوام بوونی.

تاك لە سەرەتای ژیانی پێویستی بە چاودێری گەورەکان دەبێ بەهۆی بێ توانایی بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی خۆی، بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵ منداڵ بەهۆی شارەزایی چەند کەسانێکی گەورە، وەڵامدانەوە فێردەبێ هەروەها شێوازەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکان بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی بە پشت بەستن لەسەرخۆی و لە کاتی لەباردا.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیری کۆمەڵگە کار دەکات بۆ گونجانی تاك لە کۆمەڵگەکەی و هەستانی بە ڕۆڵە کۆمەلایەتیەکەی پاش پەیداکردنی کۆمەڵەیەکی گەورە لە شارەزایی و زانیاری و داب و نەریت و بەهاو جۆرەکانی ڕەفتاری باو لە کۆمەڵگەکەی. بەم جۆرە ڕۆشنبیری کار لەسەر گونجاندنی تاك دەکات لە کۆمەڵگە.

ڕۆشنبیری لە یارمەتیدانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەرخۆ گونجاندنیان، ئەمە ئەوە ناگەێنی کە هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری بەردەوام و لە هەموو کاتەکان هاوکارن لەو بوارەدا.

ڕەنگە تاك لە ڕۆشنبیرییەکەی فێری هەندێ وەڵامدانەوە بێت کە ڕەنگە ببێتە هۆی زیان پێگەیاندن، بەمە پرۆسەی گونجان و بەدیهێنانی مانەوە کارێکی ڕێژەییە، ئەم دیاردەیە نیشانەی ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری و لە هەموو کاتەکاندا تایبەتمەندی خۆ گونجانی هەبێ.

## فەرمانەکانی ڕۆشنبیری:

ڕۆشنبیری چەند فەرمانێکی جۆراوجۆری هەیە، گرینگترینیان ئەمانەن:

أ- فەرمانی کۆمەڵایەتی:

فەرمانی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆشنبیری ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

١- یەکخستنی خەڵك لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت بە خۆیان، لە ماوەی پێکهاتەکانی زمان و هێماو بیروباوەڕ و بەهاکانیدا. ڕۆشنبیری وەك جیهانێکی هزری و

ڕەوشتی هێماکان، هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەشداری تیادا دەکەن، بەهۆی ئەو بارەوە توانای بەردەوام بوون و کارکردن لە ناویەک قەوارەوە بەدی بهێنن.

٢- ڕێکخستنی خەڵک لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان (یاسایی، خزمەیاتی، نیشتەجێی، خوێندنگا، پیشەیی، دامەزراوەی جۆراوجۆر) هەر لە ڕێگای ئەو پێکهاتانەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەیەک دەبەسترێنەوە و بەرژەوەندییەکانیان جێبەجێ دەبن.

٣- پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگەو دەستەبەرکردنی بەردەوامی و پەرەسەندنی. چونکە زانراوە هیچ کۆمەڵگەیەک بێ ڕۆشنبیری نابێ، ڕۆشنبیریش بێ کۆمەڵگە نابێ، هەروەها درێژە پێدانی ژیان لە کۆمەڵگە درێژە پێدانە بە تەبایی تاک لەگەڵ ژینگەکەی بە تایبەتی ڕۆشنبیری.

٤- دابین کردنی کۆمەڵە یاساو سیستمێک کە ڕێگا بە هاوکاری نێوان تاکەکانی یەک ڕۆشنبیری دەدات، لەگەڵ بە دەنگەوە هاتن بۆ هەڵوێستە تایبەتەکان بەدەنگەوە هاتنێک هیچ ململانێی تیادا نەبێ.

**ب- فەرمانی تاکگەرایی (مرۆڤایەتی):**

**ئەم فەرمانە خۆی لەم بوارانەدا دەبینێتەوە:**

١- پێکهێنان یان بەرهەمهێنانی کەسایەتی ڕۆشنبیری بۆ تاک، کە توانای هەبێ ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی و تێگەیشتنی لە کەسایەتیەکەی ڕەنگ بداتەوە، کە دەبێتە یارمەتیدەری لەسەر گونجانی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتیە باشەکان لەگەڵ ئەندامانی یەک ڕۆشنبیری.

٢- پاراستنی مرۆڤ لە مەترسی و کارەساتە سروشتی و ژینگەییەکان، ڕۆشنبیری ئامرازی مرۆڤە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە جۆراو جۆرانەی بەرەو ڕووی دەبێتەوە لە ژینگەدا، لە دوایدا هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری ئامانج و فەرمانێکی دیاریکراوی هەیە.

٣- پارمەتیدانی تاك لە پێشبینی كردنی بۆ ڕووداو و هەڵوێستە كۆمەڵایەتیە چاوەڕوان كراوەكان، پێشبینی كردنی ڕەفتاری تاك و كۆمەڵ لە هەڵوێستە تایبەتەكان. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ كە ئەگەر زانیاریمان هەبێ دەربارەی ئەو شێوازە ڕۆشنبیریانەی لەناو كۆمەڵگەدا باون و تاك ملكەچیەتی، ئەوا دەكرێ پێشبینی ئەوە بكەین كە ئەو تاكە چ هەڵوێستێك وەردەگرێ بەپێی ئەو شێوازانە.

ج- فەرمانی دەروونی:

ئەم فەرمانە بەواتای لە قاڵبدانی تاكەكانی كۆمەڵگەدێت، كە بریتیە لە خوڵقاندن و پەیداكردنی جۆرەكانی ڕەفتار و شێوازەكانی بیركردنەوە و زانیاری و دەربڕینی هەستەكان و هۆیەكانی تێركردنی پێداویستیە فسیولوجی و ڕۆحیەكان.

ئەوش پێی دوترێت زاراوەی (تێكەڵبوونی كۆمەڵایەتی) یان (پێگەیاندنی كۆمەڵایتی). ئامانجی ئەم فەرمانە یارمەتی دانی تاكەكانە بۆ خۆ گونجان لەگەڵ ڕۆشنبیری و بەدەس هێنانی پێناسەی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان.

## ڕەگەزەكانی ڕۆشنبیری:

**ڕۆشنبیری بەسەر سێ ڕەگەزدا دابەش دەبێت كە بریتین لە:**

**گشتگیریە ڕۆشنبیریەكان، تایبەتمەندیە ڕۆشنبیریەكان، گۆڕاوە ڕۆشنبیریەكان.**

**یەكەم: گشتگیریە ڕۆشنبیریەكان:**

گشتگیریە ڕۆشنبیریەكان بریتیە لە چەند ڕوویەكی ڕۆشنبیری هەموو تاكەكانی كۆمەڵگەی تیادا بەشدار دەبن، بە ڕوخسارە سەرەكیە دیاریكراوەكانی ڕۆشنبیری دادەنرێت لە هەر كۆمەڵگەیەك، هەر ئەویشە لە ڕۆشنبیرییەكانی تری جودا دەكاتەوە، ئەو گشتگیرانە زۆرترین ڕەگەزە جێگیرەكانی ڕۆشنبیری دەگرێتە خۆی، لەوانە: زمان، جل و بەرگی میللی، شێوازی نان خواردن، شێوەی سڵاوكردن، جۆری خانووبەرە، ئاهەنگ و بۆنەكان... هتد.

بەمە گشتگیرییە ڕۆشنبیرییەکان کۆڵەکەی هاوبەش پێکدێنن لە نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگە و دەبنە ڕەگەزی کۆکردنەوە و نزیکبوونەوە لە نێوانیاندا، هەروەها دەبنە هۆی دەرکەوتنی بایەخ پێدانی هاوبەش، کە هەستێك لە هاوکاری و چارەنووسی هاوبەش دروست دەکات، لە نێوانیاندا، بۆ نموونە: زمانی عەرەبی لە گرینگترین گشتگیرییە ڕۆشنبیرییەکانە کە کۆمەڵگەی عەرەبی پێی دەناسرێ و جوودایان دەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر، هەروەها کۆمەڵگەیەکی هاوبەشی ئەو کۆمەڵگە عەرەبییەیە.

**دووەم: تایبەتمەندیە ڕۆشنبیریەکان.**

لەناو خودی هەر کۆمەڵگەیەك ڕۆشنبیرییەکی لاوەکی (تایبەتی) هەیە کە کەرتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە پێی دەناسرێن، ئەوانەش بەشێکن لە ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگە، بەڵام لە هەندێ خسڵەت و دیاردە و ئاستەکانی جیاواز دەبن. بۆیە ڕۆشنبیری لاوەکی، ڕۆشنبیری بەشێکی جیاکارە لە کۆمەڵگە، کە بەش و ئاستی خۆی هەیە لەگەڵ خسڵەتەکانی تری کۆمەڵگە، بۆیە تایبەتمەندی ڕۆشنبیری بریتیە لە کۆمەڵە ئاکار و خسڵەتێکی ڕۆشنبیری، توێژێکی دیاریکراو پێی دەناسرێ لە توێژەکانی ناو کۆمەڵگەیەك.

**لەم بوارەدا چەند جۆرە تایبەتمەندیەکی ڕۆشنبیری هەیە لەوانە:**

**تایبەتمەندیەکانی تەمەن:**

هەموو کۆمەڵە تەمەندارێك تایبەتمەندی ڕۆشنبیری خۆیان هەیە کە جودایان دەکاتەوە لەوانی تر. منداڵان ڕۆشنبیری تایبەتیان هەیە و جیاوازە لە ڕۆشنبیری لاوان، لاوان و گەنجانیش ڕۆشنبیری تایبەت و جیاوازیان هەیە لە ڕۆشنبیری گەورەکان.

**سێیەم: گۆڕاوە ڕۆشنبیرییەکان.**

گۆڕاوە ڕۆشنبیرییەکان ئەو ڕوخسارە ڕۆشنبیریانەن کە هێشتا جێگیر نەبوونە. ڕەنگە لە کۆمەڵگە بە کاریگەری پێشڕەوانی گۆڕان دەرکەون، یان لەو ڕۆشنبیریانەوە هاتوون کە بەیەك گەیشتوون، ڕەنگیشە ئەو گۆڕاوانە ژینگەی گونجاویان بۆ پەیدا بێت بۆ ئەوەی بڕوێن و گەشە بکەن، بەڵام ڕۆڵی خۆیان وەرناگرن وەك تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکان و یان وەك گشتگیرییەکان.

ئەوگۆڕاوانە لە گشتگیرییەکان نین بەجۆرێك کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەشداری تیادا بکەن، هەروەها لە تایبەتمەندییەکانیش نین تا ئەندامانی چینێك یان تاکەکانی پیشەیەکی دیاریکراو بەشداریان تیادا بکەن. ڕەنگە لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەو گۆڕاوانە بگۆڕێن بۆ تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکان یان گشتگیرییەکان.

بۆ نموونە: لە سەرەتادا کۆمپیوتەر تەنها لە کۆمپانیا گەورەکان بەکار دەهات، بەڵام بە ماوەی ڕۆژگاردا و دوای ئەوەی گرینگی و سوودی دەرکەوت لە ژیانی گشتی و تایبەت بەکارهێنانی لەماڵ و نووسینگە و خوێندنگاکان بڵاوبۆتەوە، بەکارهێنانیشی گۆڕاوە بۆ گشتگیرکردنێکی ڕۆشنبیری.

شایانی باسە، هەندێ لەو گۆڕاوە ڕۆشنبیرییانە، ڕەنگە بەرەو ڕووی بەرهەڵستیەکی توند ببێتەوە لە لایەن کۆنەپارێزانی کۆمەڵگە، بەڵام خسڵەتە نوێکارییەکەی یان داهێنەرانەی زاڵی دەکات بەسەر ئەو بەرهەڵستیە و ڕەگی لە ڕۆشنبیری دادەکوتێ و دەبێتە بەشێکی جیا نەبۆوە لێی، ڕەنگە هەندێکی تری لەناوبچن بەهۆی نەگونجانی بۆ کۆمەڵگە و سروشتەکەی.

لێرەدا دەبینین کە ڕۆڵی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە تەنها بریتی نییە لە گواستنەوەی کەلەپوری ڕۆشنبیری و ڕەخنە لێگرتن و چارەسەرکردنی و پاككردنەوەی، بەڵکو درێژە دەکێشێت بۆ یارمەتیدانی تاك، منداڵ بێت یان گەورە لەسەر پشکنینی ئەو گۆڕاوە ڕۆشنبیریانە و ڕەخنە لێگرتن و دەرخستنی لایەنە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکانی و یارمەتیدان بۆ تێگەیشتنی و گونجان لەگەڵیدا.

سەرەڕای دابەشکردنی پێشو بۆ ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری، چەند دابەشکردنێکی تر هەیە لەم بوارەدا. هەروەك زانایانی (ئەنثروبولوجیا) ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیریان بۆ دووبەشی سەرەکی دابەش کردووە:

١- **ڕەگەزە مادییەکان:** مەبەستیش بەرهەمەکانی مرۆڤە، دەکرێت بە هەست پێکردن دیاری بکرێن.

٢- **ڕەگەزە نامادییەکان:** مەبەستیش ئەو ڕەگەزانەیە کە بنەماکانی ڕەفتار و ڕەوشت و بەها و داب و نەریت و شێوازە هونەرییەکان دەگرێتەوە کە کۆمەڵ بەکاریان دەهێنێ.

## پۆلێنکردنی ڕۆشنبیری:

١- **پێکهێنەرە مادییەکان:** یان ئەوی پێی دەترێت کەرتی مادی بۆ ڕۆشنبیری (ئامێر ـ کەل و پەلی ناوماڵ ـ خانووبەرە ـ هۆیەکانی گواستنەوە... هتد).

٢- **پێکهێنەرە کۆمەڵایەتیەکان:** ئەو بەشەی لایەنی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە لە ڕۆشنبیری، هەروەها بونیادی کۆمەڵایەتی، لەو کاتەدا چەمکی کۆمەڵگە دوو لایەنی بنچینەیی دەگرێتەوە کە بریتین لە بونیادی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە جێگیرەکان دەگرێتەوە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەها لایەنی ڕۆشنبیری کە خۆی دەنوێنێ لە بنچینەکانی ئەو پەیوەندی و بنەمایانەی لەسەری هەڵدەسێت.

٣- **پێکهێنەرە هزرییەکان:** ئەوەی پێی دەوترێت کەرتی هزری بۆ ڕۆشنبیری (زمان، هونەر، ئایین، زانست، داب و نەریت.. هتد).

## ئاستەکانی ڕۆشنبیری:

دەکرێ وا تەماشای ڕۆشنبیری بکرێت کە سیستمێکی گشتیە دابەش دەبێتە سەر چەند سیستمێکی لاوەکی پێیان دەوترێت ئاستی یەکەم بۆ ڕۆشنبیری، ئەو سیستمە لاوەکیانەش دابەش دەبنە سەر چەند سیستمێکی لاوەکی تر پێیان دەوترێت ئاستی

دووەمی ڕۆشنبیری، ئەوانەش بە ڕۆڵی خۆیان دابەش دەبنە سەر چەند سیستمێکی لاوەکی تر پێیان دەوترێت ئاستی سێیەمی ڕۆشنبیری و بەم شێوەیە.

پرۆسەی دابەش بوونی سیستمی گشتی بۆ ڕۆشنبیری درێژە دەکێشێت بۆ سیستمە لاوەکیە بچووکەکان چەندی بکرێ. ئەوەش بەمانایەکی تر لێرەدا ڕۆشنبیرییەکی دایك هەیە و چەند لقی ڕۆشنبیری تری لێ جودا دەبێتەوە.

بۆ نموونە: ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات کە بەشێکە لە ڕۆشنبیری جیهانی دابەش دەبێت بۆ سەر ڕۆشنبیری چینی، هیندی، پاکستانی، عەرەبی... هتد (ئاستی یەکەم).

هەر ڕۆشنبیرییەك لەو ڕۆشنبیریانە دابەش دەبنە سەر چەند ڕۆشنبیرییەکی لاوەکی (ئاستی دووەم) هەروەها ئاستی دووەمیش دابەش دەبێت بۆ ئاستی سێیەم و چوارەم... هتد چەندی بکرێ.

وەك نموونە: ڕۆشنبیری عەرەبی وەردەگرین وەك لقێك لە ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات، ئەم ڕۆشنبیرییە دابەش دەبێت بۆ سەر ڕۆشنبیری: ئەردەنی، میسری، فەلەستینی، سوری، لوبنانی، جەزائری.. هتد. هەروەها ئەگەر ڕۆشنبیری ئەردەنیمان وەرگرت وەك نموونە، دەکرێ دابەش بکرێتە سەر ڕۆشنبیری باکور، ناوەڕاست، باشور. یان ڕۆشنبیری ئەربد، ڕۆشنبیری جەرش، ڕۆشنبیری زەرقا، ڕۆشنبیری کەرەك، ڕۆشنبیری مەعان... هتد. لەسەر ئەم بنەمایانە دەکرێ ڕۆشنبیرییە لاوەکیەکان دیاری بکرێت لە هەر کۆمەڵگەیەك بەپێی چەند گۆڕاوێك وەك تەمەن یان ئاستی فێربوون، یان پیشەیی، یان پەیوەندی چینایەتی یان ئاینی... هتد. بەمە ڕۆشنبیری لاوەکی بە ڕۆشنبیری کەرتێکی جیاواز دادەنرێت لە کۆمەڵگە کە چەند خسڵەتێکی هەیە.

## ئاستە پێکهێنەرەکانی ڕۆشنبیری

شێوەی ژمارە (٢)




هەواڵنامەی کتێب

## تەواوکاری ڕۆشنبیری:

ڕۆشنبیری بۆ پارێزگاریکردنی قەوارەکەی و پاراستنی سیستمە گشتیەکەی کار بۆ ئاوێتەبوونی گۆڕاوە جیاوازەکان دەکات لە ناو قەوارەکەی بەجۆرێك کە توانای مانەوە و بەردەوام بوونی هەبێ وەك قەوارەیەك کەسیستمێکی گشتی هەبێ. ئەوەش پێی دەوترێت تەواوکاری ڕۆشنبیری.

بە واتایەکی تر تەواوکاری ڕۆشنبیری بریتیە لە پرۆسەیەك بەهۆیەوە (ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری نوێ ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکان دەبێ، ئەگەر ئەو ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە کۆمەڵێکی ترەوە گەیشتبێتە ئەم کۆمەڵە یان بەهۆی کارێکی نوێکارییەوە بێت لە ناو کۆمەڵەکە.

پەلەدەکەین و دەڵێین کە ڕەگەزە نامادییەکان دژوارە ئاوێتە بوونیان لە ڕۆشنبیریەکدا چونکە پێویستی بە کات و ڕەنجێکی زۆر دەبێ زیاتر لەوەی کە ڕەگەزە مادییەکان پێویستیان پێی دەبێ. هەروەها ڕەگەزە نامادییەکان دەبەسترێنەوە بەستانەوەیەکی گەورە بە پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکان، ئەو تەواوکاریە ئەوە دەگەێنێ کە لێرەدا ڕادەیەکی دیاریکراو لە ڕێککەوتن و تەبایی ناوخۆیی هەیە لەگەڵ پەیوەست بوونێکی فەرمانی لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکانی ڕۆشنبیری و لە دووایدا لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، ئەم هەل و مەرجەش هەڵنەوەشانەوە بۆ ڕۆشنبیری دەستەبەر دەکات، چونکە نەبوونی تەواوکاری لە ڕۆشنبیریدا دەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی تاك و لەدەستدانی کۆمەڵگە بۆ لێهاتوویيەکەی کە لەناو کۆمەڵگە دەردەکەوێت.

لە دیاردەکانی نەبوونی تەواوکاری لە ڕۆشنبیریدا ئەوەیە کە لەڕووی سیاسیەوە سیستمێکی دیموکرات بەدی دەکرێت، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە ئوتوکراتیەت باو دەبێ، هەروەها چەوساندنەوە و دەرەبەگایەتی لەڕووی کشتوکاڵیەوە.

ڕەنگە بارودۆخەکە بەم جۆرە بووە لە وڵاتی میسر لەپێش شۆڕشی ١٩٥٢. بەڵام لەڕووی ئابوورییەوە ئوتوکراتی و چەوسانەوە و پاوانکردن و زاڵبوونی سەرمایەداری لە هەموو بوارەکانی ژیانی باوبووە. هەر لەڕووی کشتوکاڵیەوە ئەوەی باوبووە

دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی جوتیار و مولکداری گەورە بە ڕادەیەك کە زەوییە کشتوکاڵیەکان لە دەستی ژمارەیەکی زۆر کەمی دەسەڵاتداران ماوەتەوە ئەوانەش نیشانەن لەسەر ئەوەی کە ڕۆشنبیری لە وڵاتی میسر هێشتا نەگەیشتبووە قۆناغی تەواوکاری، کە زۆرێك لە ڕۆشنبیرییەکانی تر بە دەستیان هێنابوو.

تەواوکاری ڕۆشنبیری ئەوە ناگەێنێ کە ڕۆشنبیری لەسەر یەك باردا لە نەبزۆکی و جێگیری بمێنێتەوە یان تەواوکارییەکی تەواو بێت، بەڵکو دەکرێ کە ڕۆشنبیری بە پرۆسەی گۆڕیندا تێپەڕ بێت بەهۆی نەرمی و لەباری.

شارەزا لەم بوارە (روث بندیکت) باس لەو سیستەمە ڕۆشنبیرییە دەکات کە لەناو ڕۆشنبیریەکدا باو دەبێ، کاتێ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆشنبیرییەك دەپشکنین دەبینین کە ئەو ڕۆشنبیرییە لە دەوری ناوەندێکی دیاریکراودا دەسوڕێتەوە کە ئەویش سیستەمە ڕۆشنبیرییەکەیە. ڕۆشنبیرییەکان لە هەموو ئاستەکانی پەرەسەندنیان توانیویانە کە ئەو تەواوکارییە بەدی بهێنن.

ئەو شارەزایە (بندیکت) چەند توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە لەسەر چوار کۆمەڵەی سەرەتایی لە: خێڵەکانی هندیە سورەکان لە دانیشتوانی دەشتاییەکان، خێڵەکانی زونی لە کەنارەکانی باشوری ڕۆژئاوا، خێڵەکانی کواکیوتل لە کەنارەکانی باکوری ڕۆژئاوا، لەگەڵ کۆمەڵەی دبوان لە میلانیزیا.

ئەو توێژینەوەیە بەوە کۆتایی هات کە سیستەمەی ڕۆشنبیری گشتی بۆ هەر ڕۆشنبیرییەك بەم جۆرەیە: دیونیزمی یان پاڵنەری خۆسەپێن، ئەبولونی یان مام ناوەندی، شێتی خۆگەورەزان، لەگەڵ سیستمی نزیك شیزوفرینیای (شێتی). ئەو پلە باڵایەش لە تەواوکاری هەموو ڕۆشنبیرییەك ناتوانێ پێی بگات.

بەڵام زانایەکی زانستە مرۆڤایەتیەکان کە ناوی (ئوبلەر)ە ڕەخنەی لە (بندیکت) گرت لەوەی کە ڕۆشنبیری یەك مۆرکی هەیە و هەموو جۆرە ڕەفتارەکان لە کۆمەڵگە ملکەچی دەبن. هەروەها باسی ئەوەی کردووە کە چەند تەوەرێك هەیە بۆ هەر ڕۆشنبیرییەك نەك یەك تەوەر. ئەگەر بە بۆچوونەکەی (بندیکت) بێ زۆربەی ڕۆشنبیریەکان ناتەواون.

(نوبلەر) نموونەیەك پێشكەش دەكات بۆ ئەوە دەربارەی تەوەر و دەربڕینە جیاوازەكانی ڕەفتار كە پیادەی دەكەین لە ڕۆشنبیری كاتێ باسی ڕۆشنبیری خێڵی (كرێكا هوا ئەباشی) دەكات. ئەو دەڵێ لە نێوان تەوەرە بنچینەییەكان، پیاوان دەسەلاتدارن بەسەر ژناندا لەڕووی فیزیكی و ئەقڵی و ڕەوشتیەوە. سەركردەكانی خێڵەكە هەموو پیاون و هەموو فەرمانە گرینگەكان بەدەست پیاوان دەبێ، پیاو جێگای ڕێز و پایەدارییە لای ژن. لێرەدا ئەو جیاوازیەی هەیە لەنێوان هەردوو تیۆرەكە، بە بۆچوونی (بندیكت) تەواوكاری ڕۆشنبیری باسی لەیەك تەوەر دەكات، بەلام (نوبلەر) وا دەبینێ كە تەواوكاری ڕۆشنبیری فرە تەوەرە.

بەلام ئەگەر یەك تەوەر هەبوو ئەوە لە دەرەوەی ڕێساكەیە.

## قۆناغەكانی تەواوكاری ڕۆشنبیری:

تەواوكاری ڕۆشنبیری بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت تا ئەو ڕادەیەی ڕەگەزە نوێیەكان دەبنە بەشێك لە ڕۆشنبیری:

### قۆناغی یەكەم:

ئەم قۆناغە بریتیە لە پێشكەشكردن و ناساندنی ڕەگەزە نوێیەكان بۆ كۆمەڵگە لە ڕێگای هۆكارە جۆراوجۆرەكان. دەس پێدەكات لە بەكارهێنانی تاكەوە تا دەگاتە هەڵمەتەكانی پڕوپاگەندە. ڕەنگە ئەو كەسانەی بەرژەوەندییان لەوەدابێ كە دۆخەكە وەك خۆی بمینێ ڕێگا لە ڕەگەزە نوێیەكانی ڕۆشنبیری بگرن لەم قۆناغەدا. ڕەنگە ئەو ڕێگا گرتنەش بەهێز بێت بەهۆی باوەڕهێنان بە كۆن و گومان كردن لە نوێ. بەرهەڵستی كردنی كەسەكان بۆ نوێكاری مادی و كۆمەلایەتی هۆیەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بە مەترسی دەزانن و هەڕەشە لە بوونیان و لە تەواوكاری كەسایەتیان بكات بە توندی. هەندێك لەو بارەدا هەلاتن بە باشتر دەزانن لەوەی كە باوەڕ بە نوێیەكە بكەن.

بەم جۆرە دەبینین دوو هۆكاری بنچینەیی كۆسپن لەبەردەم پرۆسەی تەواوكاری ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە نوێیەكان، هەر دووكیان بریتین لە: هەندێ هەوڵی فراوان لە

لایەن کەسانێك بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، هەروەها بێ جوڵەیی و چەق بەستوویی تاکەکان لەسەر شێوازێکی ڕۆشنبیری دیاری کراو.

### قۆناغی دووەم:

قۆناغی پەسندکردنی ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە نوێیەکانە. ڕەگەزە بەرهەڵستکارەکانی پێشو لێرەدا کۆدەبنەوە بۆ دەسنیشانکردن و ڕێگرتن لە پەسندکردنی ڕەگەزە نوێیەکان و بەکار هێنانیان. ئەگەر ڕەگەزە نوێیەکان لە قۆناغی یەکەمدا تێپەڕبوون بە سەرکەوتوویی ئەوا پێویست دەکات لەم قۆناغە هێزەکانیان کۆ بکەنەوە و بیسەلێنن کە بەسوودن و پێویستیەك لە پێویستیە بنچینەکانی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکەن. هەروەها پێویست دەکات شەڕەکە کۆتایی پێ بێنن دژ بە کۆن، ئەم شەڕەش لە هیچ قۆناغێکدا سارد نابێتەوە.

### قۆناغی سێیەم:

قۆناغی تەواوکاری و ئاوێتە بوونە، ئەگەر ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە نوێیەکان توانیان لە هەردوو قۆناغی پێشو بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بن، ئەوا ئەو ڕەگەزە نوێیانە پێویست دەکات جێگای خۆیان لە شێوازە ڕۆشنبیرییەکە بگرن لە کات و ساتی دیاریکراودا. بەڵام نەگەیشتن بە تەواوکاری ڕۆشنبیری تەواو دەبێتە هۆی ڕوودانی کێشە کۆمەڵایەتیە مەترسیدارەکان.

### پێکهێنەرەکانی تەواوکاری:

مەبەست لە تەواوکاری کۆمەڵ یان کۆمەڵگە، ئەو هۆکارەیە کە کۆمەڵە کەسانێك بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، ئەو هۆکارانەش جیاواز دەبن لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر. بۆیە چەند کۆمەڵێك دەبینین بە تەواوکاری و هەندێکیش ناتەواو دەبن. ئەمە وا ناگەیێنێ کە دوولای تەواوکاری هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا فرە پلەیی دەبینین.

نموونەی ئەوەش خێزان پلەی تەواوگاری بەرزدەبێت لە ڕووی بەرهەم هێنانی ئابوری، بەڵام پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان لاواز دەبێ.

**ئەو پێکهێنەرانەچین کە بەشداری لە کرداری تەواوگاری دەکەن:**

**١- تەواوکاری ئامێری و ئۆرگانی:**

دەوترێت ئەو پشتگیریکردنەی یەکتر کە لە ئاکامی کارەوە پەیدا دەبێ بە هۆکارێکی تەواوکاری دەدانرێت. بۆ ئەوەی باش لەم بابەتە تێبگەین ئەوا هۆکار یان ئەو هۆیانە دەخەینە ڕوو کەوا لە تاکەکان دەکەن لەناو کۆمەڵ بمێنن یان بچنە دەرەوەی.

خێزان باشترین نموونەیە لەو بارەوە. چی وادەکات کە ئەو پیاو و ژنەی بوونەتە هاوسەری یەکتر لەسەر ئەو بارە بمێننەوە، یەك لە هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە دابەشکردنی تەواوی کارە لە نێوان ژن و پیاو. ئەگەرچی هاوسەرێتی پەیوەندییەکی سیکسیە، بەڵام پەیوەندییەکی ئابوری گرینگیشە. بۆیە هاوسەرێتی ڕێکخستنێکی کارایە بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی مانەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە دابەشکردنی کار لەناو خێزان و لە دوواییدا لە کۆمەڵ یان کۆمەڵگە دەبێتە هۆی پاڵپشتی کردن، ئەندامانی یەك کۆمەڵ پێویستیان بە یەکتر دەبێ، پێویستیە ئاڵ و گۆڕکراوەکە کۆمەڵ بەیەك دەبەستێتەوە.

(دورکهایم) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم شێوازە لە تەواوکاری کۆمەڵایەتی و کە لە ئاکامی دابەشکردنی کارەوە هاتووە بە تەواوکاری ئامێری دادەنرێت. شێوازێکی تر هەیە لە تەواوکاری ڕوو دەدات کاتێ تاکەکان لە کارێکی هاوشێوە کار دەکەن ئەویش پێی دەوترێت تەواوکاری ئۆرگانی، کاری هاوشێوەش لێرەدا ئەو کارەیە کە کۆمەڵێکی دیاریکراو پێی هەڵدەسن لە بەرامبەر کاری کۆمەڵێکی تری جیاوازدا. بۆیە ئامێری و ئۆرگانی لێرەدا تەنها کۆمەڵێك دەگرێتەوە نەك کۆمەڵگە، لەبەر ئەوە مەبەستی دورکهایم دەربارەی کۆمەڵگە بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە.

لێرەدا لایەنگیرییەك هەیە بەوەی هاوڕێیان باشترین خەڵكن و ڕۆڵەكانی یەك ڕۆشنبیری چاكترین مرۆڤن و ئەو كۆمەڵگایەی تیادا دەژین چاكترین كۆمەڵگایە. ئەوەی جێگای سەرنجە كە توندبوونی ئەم بۆچوونە، یان دەركەوتنی لە ڕەفتارەكانی كۆمەڵگە گۆشەگیرەكان زیاتر دەبێ. بەڵام بەهۆی پەیوەندیكردن بە ڕۆشنبیرییەكانی تر ڕەنگە ئەم بۆچوونە بگۆڕێت.

**٢-تەواوكاری كۆمەڵایەتی دەروونی:**

پێشتر باسی ئەوە كرا كە تەواوكاری ڕەنگە ڕێككەوتن یا ڕازیبوونێكی گشتی بگرێتە خۆی. دەربارەی پێوەرەكانی كۆمەڵ. لە ڕاستیدا ڕازی بوونی گشتیش دیاردەیەكی دەروونیە، بەڵام تەواوكاری زۆر لە ڕازی بوون زیاترە، بریتیە لە هەستكردن بە تێربوون و پشوودانی دەروونی كە ناوی لێ دەنێین ورەی مەعنەوی كۆمەڵ.

بۆ نموونە پیاو بە ژنەكەی دەبەسترێتەوە لە ڕێگای پەیوەستی ئابوری لە نێوانیاندا هەروەها لە ڕێگای ڕێنماییە ڕۆشنبیرییەكان دەربارەی ڕەفتارەكانی هاوسەرێتی.

بۆیە ئەگەر كۆمەڵ باوەڕی وابێت كە هاوسەرێتی پەیوەندییەكە ناكرێ بپچڕێ، ئەوا ڕێژەی تەلاقدان زۆر كەم دەبێ، بەڵام ئەو كەمبوونە لەسەر دیاردەكانی جیابونەوە پیادە ناكرێ. بۆیە ئەگەری بوونی تەلاقی سۆزداری سەرەڕای پەیوەندی هاوسەرێتی فەرمی، وێنا كردنە بۆ ئەو هۆكارە كۆمەڵایەتی و دەرونیانە لە تەواوكاریدا. بۆیە یەكگرتنی كۆمەڵایەتی تا ڕادەیەك لەسەر ڕۆحی مەعنەوی دادەمەزرێت كە هەستێكە لەسەر بنچینەی تێربوون یان نەبوونی پێكدێت.

## هۆكارە كاریگەرەكان لە تەواوكاری:

مەبەستمان لە هۆكارە كاریگەرەكان لە تەواوكاری ئەوانەی پەیوەستن بە زیادكردنی تەواوكاری یان كەمكردنەوەی. لێرەدا بە كورتی ڕوونیان دەكەینەوە:

١- قەبارەی کۆمەڵەکە:

کۆمەڵی قەبارە بچووك زیاتر تەواوکارە لە کۆمەڵی قەبارە گەورە، ئەوەش بۆ ئاڵۆزی و چڕی پەیوەندییەکان دەگەڕێتەوە لە کۆمەڵی قەبارە گەورەدا.

٢-بە ڕەگەز بوون (یەکسانی):

قەبارەی کۆمەڵ پەیوەست دەبێت بە باری هاوکاریکردنی ناو کۆمەڵ لەسەر بنچینەی کار لە یەککردنی نێوانیان بە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ، هەروەها لەسەر بنچینەی بوارەکانی ڕێککەوتن و ڕازی بوونی گشتی بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ. ئاسانە لە کۆمەڵێکی بچووك ڕێککەوتن بەدەس بێت، بەڵام زەحمەتە بەدەس هاتنی لە کۆمەڵی گەورەدا، ئەم کارە وایکردوە کە هۆکاری بە ڕەگەز بوون وەك هۆکارێکی تەواوکار لە کۆمەڵدا باس بکەین.

بە ڕەگەز بوون زیاتر لە کۆمەڵی بچووك دەردەکەوێت تا کۆمەڵی گەورە، ئەم هۆکارەش لە لێکچوونەوە هەڵدەقوڵێت، بە تایبەتی لێکچوون لە پیشە یان ئامانجەکان یاخود ڕێکخستنی ناو خێزان. بەڵام بە ڕەگەز نەبوون سەرچاوەکەی لەو بابەتانە لە جیاوازییەوە هەڵدەقوڵێ.

٣-گواستنەوەی فیزیکی:

ئەم فاکتەرە دژی تەواوکاری کار دەکات، لەبر ئەوەی تەواوکاری پێویستی بە مانەوە دەکات لە ناو کۆمەڵ یان ئارەزووی مانەوە، هەر لەبەر ئەوەی گواستنەوە کارێکە تاك یان چەند تاکێك دوور دەخاتەوە لە کۆمەڵەکەی، بەم جۆرە دەبێتە هۆیەك بۆ دروست نەبوونی تەواوکاری. ئەگەر ئەو جێگۆڕییە بەو ئاڕاستەیە بێت کە تاك لە ڕۆشنبیرییەك دوورکەوێتەوە و بکەوێتە باوەشی ڕۆشنبیرییەکی تر ئەوا کێشەی گونجان بۆ بەها نوێیەکان دەبێتە گرینگترین بابەت کە ڕووبەڕووی تاك ببێتەوە. هەروەها جوڵە لە ناویەك شێوازی ڕۆشنبیری ڕەنگە بۆ پەیدا کردنی هاوڕێ و زانیاری نوێ بێت.

پێویست دەکات جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە کۆچکردن بکەین، یەکەمیان کاتێ کۆمەڵێك بە گشتی کۆچ دەکەن و دووەمیان یەك تاك بە تەنها یان چەند تاکێك کۆچ دەکەن، لە باری یەکەمدا ئەوا ئەو کۆمەڵە خسڵەتەکانی بە کۆمەڵ بوونیان لەدەس نادەن هەروەها دۆخی ناوخێزان، کێشەکەی ئەوان کێشەی تەواوکارییە لە ناوچە نوێیەکەدا، بەڵام لە باری دووەمدا کاتێ کەسی کۆچکردوو ئەندامێك دەبێ لە خێزانێکدا ئەوا ژیانی تووشی شلەژان و تێکچوون دەبێتەوە، هەروەها ژیانی خێزانەکەشی تووشی نا سەقامگیری دەبێت.

## دوواکەوتنی ڕۆشنبیری:

کاتێ کۆمەڵگە تووشی گۆڕان دەبێت، ئەوا ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی بە ڕێژەی جیاواز دگۆڕێن، ئەو ڕەگەزانەی کە بە ڕێژەی کەمتر دەگۆڕێن تا ڕەگەزکانی تر ئەوانە بە ڕەگەزی دوواکەوتووی ڕۆشنبیری دەناسرێن.

**شارەزا لەم بوارە (ئوجبرن) گەیشتە دارشتنێك بۆ ئەم زاراوەیە و بەم شێوەیە:**

بەشە جیاوازەکانی ڕۆشنبیری نوێ بەیەك خێرایی ناگۆڕێن، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەك و پشت بەیەك بەستنێکی ئاڵ و گۆڕ هەیە لە نێوان ئەو بەشانە، ئەو گۆڕانە بەشێك دەبێت لەو ڕۆشنبیرییە بەیەك بەستراو.

ئەو بۆچوونە ئەوە دەگەیێنی ئەگەر گۆڕان لە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە روویدا ئەوا هەندێ لایەنی تر کە پەیوەندیان بەم لایەنە گۆڕاوەوە هەیە دەبێ بگۆڕێن، ئەگەر گۆڕانیان بەسەر ڕوونەدات ئەوا تووشی دوواکەوتنی ڕۆشنبیری بوونە.

## شوێنی دوواکەوتنی ڕۆشنبیری:

وامان دانا کە سێ قۆناغ هەیە لە پرۆسەی گۆڕانی ڕۆشنبیری، ئەو قۆناغانەش کە وێنا کراون بریتین لە: قۆناغی بنچینەیی واتا ئەو خاڵەی گۆڕان دەستی پێدەکات، پاشان قۆناغی گواستنەوە، ئینجا قۆناغی کۆتایی. کەوابێ دوواکەوتنی ڕۆشنبیری یان

بۆشایی شارستانی لە قۆناغی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، قۆناغی گواستنەوە. دوواکەوتنی ڕۆشنبیریش بە شێوەیەکی گشتی پێناسە دەکرێت بەوەی: دیاردەیەکە لە دیاردەکانی نەگونجان و ناتەبایی لەگەڵ دۆخە نوێیەکە، ئەگەر وامان بیرکردەوە کە دۆخی لەباربوونی ڕاست وەڵامن، هەروەها ئەو هەڵوێستانەی کە دروست دەبن بەهۆی کارلێکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتیە جیاوازەکان پرسیار بن، ئەوا دەبینین ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندییە نوێیەکان دروستی دەکەن لە ئەنجامی گۆڕانیان لە بارنین، بەڵکو وەڵامەکان وەڵامی کۆنن بۆ ئەو پرسیارانەی کە بوونیان نەماوە، چەند پرسیارێکن دروستکراوی چەند پەیوەندییەکی گۆڕاو کۆتایی پێهاتوون، ئەو دوواکەوتنە زەمانیەی نێوان گۆڕانی بنچینەیی و گۆڕانە لاوەکیەکان کە لە ماوەیدا ڕەفتار توانای خۆگونجانی نابێ، تیایدا گوتە و دەربڕینی کۆمەڵایەتی پێوەر و بەها داڕێژراوەکان لەدەس دەدەن، ئەوەیە کە پێی دەوترێت (دوواکەوتنی کۆمەڵایەتی).

**بۆ نموونە:** کاتێ کارگەکان دروست بوون، ماوەیەك بەسەر چوو پێش ئەوەی یاساکانی کار و کرێکاران دەربکەوێت و پێش ئەوەی بتوانن کاتژمێرەکانی کارکردن دیاری بکرێت، یاخود بڕیار لەسەر قەرەبوکردنەوەی تووشبوون بدرێت. قوربانیەکی زۆر دَرا لەماوەی دوواکەوتنی ڕۆشنبیری، لە نێوان دامەزراندنی کارگەکان و داڕشتنی یاساو ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی کار. تا ئێستاش کارگە هەر خەریکە خۆی ڕێك دەخات و دەگونجێنێ، هەر کارتێکردنە نوێیەکان دەردەکەوێت و لە لایەکی ترەوە چاکسازی لەخۆی دەگرێت.

**نموونەیەکی تر:** بڵاوبوونەوەی هوشیاری تەندروستی و چالاکیە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان. کە بوو بەهۆی چارەسەرکردن و پارێزگاری کردن سەرەڕای دیموکراتیەتی دابەشکردنی ئەو خزمەت گوزاریانە. ئەوەش بووە هۆی کەمی ژمارەی مردن لە ناو منداڵان و ڕێکخستنی لەدایك بوون لەناو خێزاندا.

## هۆكارەكانی دوواكەوتنی ڕۆشنبیری:

چەند هۆكارێك هەیە دەبنە هۆی دوواكەوتنی ڕۆشنبیری، ئەو هۆكارانە لە بنچینەدا لە سروشتی كەسێتی كۆمەڵایەتیەوە دروست دەبن، كە ڕادەیەكی گەورەی بەرهەمی ڕۆشنبیرییە، لەو هۆكارانە:

### ١- پارێزگاری لە كۆن:

لە هەموو كۆمەڵگەیەك چەند بەهایەكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو دەبینین، كە ئامانج و پێوەرە بنچینەییەكان پێكدێنن. منداڵ لە ماوەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی ئەو پێوەرانەی لا دروست دەبێ، ئەو پێوەرانە دەچنە ناو پێكهێنەری كەسایەتی و دەبنە بەشێك لە خودی كۆمەڵایەتی منداڵەكە و جیانابنەوە، ئەو پێوەرە كۆمەڵایەتیانە تەوەری كەسایەتی تاكە، هەر گۆڕانێك لەو بەهایانە هەڕەشە لە تەواوی كەسایەتیەكەی دەكات.

### ٢-جیاوازی خێرایی گۆڕان لە ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەكان:

گۆڕانە تەكنولوجیەكان بە خێرایی ڕوو دەدەن لە كۆمەڵگە، هەروەها بە ئاسانی وەردەگیرێن لەبەر ئەوەی ئەنجامەكانی ڕوون و هەست پێكراون لە چاككردنی ئاست و بەرز كردنەوەی ژیانی ڕۆژانە.

بەڵام گۆڕان لە بوارە هزری و كۆمەڵایەتیەكان ڕووبەڕووی گومان و مەترسی زۆر دەبنەوە، بەڵكو ڕەنگە بەرەو ڕووی بەرهەڵستی پۆزەتیڤانە ببێتەوە. ئەوەی دەبێتە هۆی جیاوازی و خێرایی گۆڕان لە بوارە جیاوازەكان بە بۆچوونی خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەكان بریتیە لە ئاڕاستە كردن و بەڕێوەبردنی لە لایەكەوە. هەروەها ڕێگرتن و لادانی لە لایەكی ترەوە كە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەكانیان دەكات.

**٢-ئەو ماوەیەی کە دوواکەوتنی ڕۆشنبیری دەیخایەنێ:**

ماوەی دوواکەوتنی ڕۆشنبیری جیاواز دەبێت، ڕەنگە ماوەیەکی گونجاو و ئەقڵانی بێت، ڕەنگە درێژە بکێشێت تا دەگاتە دوو هەزار ساڵ. وەك نموونە: سیستمی خواردنی ئاینی کە سەرکردە ئاینیە شوانکارەکان پابەندی بوونە پێش دوو هەزار ساڵ، ئەو دیاردەیە تا ئێستا لەم سەردەمە پێڕەو دەکرێت کە خواردن لەسەر بنەما زانستیەکان پێڕەو کراوە.

بەڵام دوواکەوتنی ڕۆشنبیری لە ڕووی سروشتەوە ڕەنگە ئاسان بێت یان پەسند کراو بێت و کۆمەڵگە پێی ڕازی بێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، وەك: کەمکردنەوەی کاتەکانی کارکردن یان بڕیاردان لەسەر چاودێری پزیشکی پێویست لە کارگەکان. ڕەنگە سروشتی ئەم دوواکەوتنە بەڕادەیەك مەترسیدار بێت کە تەنها لە ڕێگای شۆڕش و جەنگەوە دووربخرێتەوە.

**ڕۆشنبیر کردن: Enculturation**

مەبەست لەم زاراوەیە هەر تاکێك ڕۆشنبیری خۆی بدۆزێتەوە، ئەو کارە لە ڕێگای چەند جوڵەو وروژێنەرێکەوە بەدی دێت کە کارتێکرنی بەسەر منداڵ (بونەوەری بایولوجی) دەبێت و دەیکاتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

ئەوانی لەم بوارەدا تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە خێزان شانەی یەکەمە لە کۆمەڵگە و لە هەموویان گرینگترە لە ماوەی پرۆسەی ڕۆشنبیری کردن. منداڵ لە ماوەی ژیانی و گەشەکردنی وردە وردە دەس دەکات بە دوورکەوتنەوە لە ڕەفتارە بیولوجیەکان و نزیکبوونەوە لە شێوازە ڕەفتارییە ڕۆشنبیرییەکان.

شایانی باسە منداڵ لە ساڵانی یەکەمی ژیانی دەکرێ فێربکرێت بە ڕۆشنبیرییەکی نوێ لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیری ناگوازرێتەوە پشتاوپشت بەڵکو وەردەگیرێ. هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی لە ماوەی کرداری ئاسایکردنەوەی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر گونجانی منداڵ دەکات لەگەڵ ڕۆشنبیرییە نیشتمانیەکەی کە پێویستی بە

ڕەنجێکی گەورە و ماوەیەکی دوورودرێژ و ڕاهێنان و فێربوونی لەبار هەیە، بۆ ئەوەی گەشە بکات و هوشیار بێتەوە و توانای هەبێ لەسەر هەڵس و کەوتی بە ئەقڵانی بەرامبەر داواکارییەکانی ڕۆشنبیری ڕەسەن.

ئەوەی نوێ توانای لەسەر فێربوون و ڕۆشنبیرکردن هەیە وەك ئەوەی کۆمەڵگا مەبەستیەتی ئەگەر مەرجە بابەتی و خودییە لە بارەکان بەدی بێت.

بە کرداری ڕۆشنبیر کردن ئەوەی تازە پێگەیشتوو توانای زاڵبوونی بەسەر کۆمەڵێکی گەورەی ڕەفتار و بیروباوەڕ و خووڕەوشت و بەهاکانی دەبێت، کە پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ پێناسەی کەسێتی و یەکگرتوویی ڕۆشنبیری، هەروەها ڕێگاکانی پەیوەندیکردن و کار لە یەککردن و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە لەسەر بنچینەی کردارە کۆمەڵایەتیەکان پێکدێت لە ناوەڕۆکی ڕۆشنبیرییەکە. لێرەدا کۆلکەیەکی هاوبەش هەیە لە بیروباوەڕ و ڕەفتار و بەهاو داب و نەریت کە دەبێ لای مرۆڤ پەیدا بێت بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا هەبێ، ئەگەر نا ئەوا لە بارێکی نامۆیی کۆمەڵایەتی دەژی، تاك بۆ ئەوەی ببێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پێویست دەکات فێربێ و لاسایی شێوازی ڕەفتاری و بەها تایبەتیەکانی ڕۆشنبیری بکاتەوە، هەروەها پێکهێنانی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان خۆی و ئەندامانی کۆمەڵگاکەی، لەسەر ئەم بنەمایە تاکەکانی یەك ڕۆشنبیری تا ڕادەیەکی زۆر لەیەك دەچن لە زۆر خسڵەت، بەڵام ئەو کارە ناگاتە ڕادەی لە یەکچوونی تەواو.

٥- فێربوون و ڕاهاتن لەسەر ڕۆشنبیری: (Acculturation)

ئەم زاراوەیە بریتیە لە پرۆسەی گۆڕان لە ماوەی پەیوەندیکردنی تەواوی ڕۆشنبیری، مەبەست لە پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری لێرەدا:

پەیوەندیکردن لە نێوان دوو ڕۆشنبیریدا کە دەبێتە هۆی زۆربوونی لایەنەکانی لەیەك چوون لە نێوانیاندا لە زۆربەی بوارە ڕۆشنبیرییەکان.

(بـاوەل) یەکـەم کـەس بـووە ئـەو زاراوەی بـەکار هێنـاوە لـە سـاڵی (١٨٨٠) وەك ئاماژەیەك بۆ خوازیاری ڕۆشنبیری.

**بەڵام (هێروسکوفیتس) کە یەکەم کەس بووە زاراوەی (Acculturation) بەکار هێناوە، بەم شێوە پێناسەی دەکات:**

ئەو دیاردانەی دێتـە دی کاتـێ پەیوەنـدیکردنی ڕاسـتەوخۆ ڕوودەدات و بـەردەوام دەبێت لە نێوان چەند گروپێك کە هـەڵگری ڕۆشـنبیرییە جـۆراو جۆرەکـانن. لەگـەڵ ڕوودانـی گـۆڕان لـە میتـۆدی ڕۆشـنبیرییەکانی یـەك لـەو دوو ڕۆشـنبیرییە یـان هەردووکیان بەیەکەوە.

شارەزا لـەم بـوارە (بیلـز) جەخت لەسـەر ئـەوە دەکـات کـە میتـۆدی گۆڕانەکـە لـە ئـەنجامی. پەیوەنـدیکردنی نێـوان ڕۆشـنبیرییەکاندا پێـی دەوترێـت (فێربـوونی ڕۆشـنبیری). کـەوابێ مەبەسـت لـەم زاراوەیـە کـارتێکردنی ڕۆشـنبیرییەکانە لەسـەر یەکتر بەهۆی پەیوەندیکردنی نێوانیان، چۆن بێت سروشتی ئەو پەیوەندیکردنە یان ماوەکەی.

**پێناسەیەکی تر بۆ ئەم زاراوەیە بریتیە لەوەی:**

گۆڕانی ڕۆشنبیری لەو دیاردانەوە پەیدا دەبن کاتێ پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لـە نێوان دوو کۆمەڵـە لـە دوو ڕۆشـنبیری جیـاوازدا ڕوو دەدات و دەبێتـە هـۆی ڕوودانـی گۆڕان لە میتۆدە ڕۆشنبیرییە ڕەسەنەکان کە باون لە ناو یەك لەو دوو کۆمەڵەیان لە هەردوو لایان بەیەکەوە.

**بەڵام (رادیکلیف براون) پێناسەکەی بەم جۆرەیە:**

گـۆڕین لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی بـەهۆی کاریگـەری یـان زاڵبـوونی داگیرکـارە ئەوروپاییەکان بە تایبەتی لە قارەی ئەفریقیا. ئەم دیاردەیە پەیوەسـتە بـە زۆرداری ئەوروپا (ئیستعمار)، کە هەردوولا هۆکارێکی بنچینەییان پێکهێنا بۆ زاڵبوون لەسـەر گەلان.

بەڵام لێرەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان (Acculturation) لەگەڵ زاراوەی (Trans chulturation). وشەی دووەم بە مانای ئاڵ و گۆڕ کردنی یەکسان دێت، بەڵام وشەی یەکەم بەمانای پرۆسەی گواستنەوەیە بۆ ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو. بەڵکو سەپاندنی؟

ئەم دیاردەیە چەند ناو لێنانێکی هەیە وەك: (پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیری) و (ئاوێتە بوونی ڕۆشنبیری) کە بە مانای گۆڕانی ڕۆشنبیری دێت و ڕوودەدات لە بارودۆخێکی دیاریکراودا کاتێ پەیوەندیکردن لە نێوان دوو ڕۆشنبیری - یان زۆرتر. دژ بن دژایەتیەکی ڕواڵەتی. هەموو کۆمەڵگاکان لە بارێکی پەیوەندیکردنن کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و دروست بوونی پەیوەندییەکان لە نێوان دوو ڕۆشنبیری و ئاکامەکەی ئاڵ و گۆڕ و وەرگرتنی زۆر لە ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەکان.

کرداری (فێربوونی ڕۆشنبیری) چەند گۆڕاوێك و پرۆسەیەك دەگرێتە خۆی کە کارتێکردنی لەسەر پرۆسەکە دەبێ وەك:

+ پلەی جیاوازی ڕۆشنبیرییەکە: ئەوەی پەیوەندارە بە ئایدولوجیاو تەکنولوجیاو بونیادی کۆمەڵایەتی و بەهاکان... هتد.
+ بارودۆخی پەیوەندیکردنەکە و توندوتۆڵی: پەیوەندیکردنەکان ڕەنگە دۆستایەتی بن یان دوژمنکارانە، ڕەنگە شێوەی داگیرکاری وەربگرێت یاخود پەیوەندیکردن لەسەر ئاستێکی فراوان، کاتێ پەیوەندیکردنەکە درێژە دەکێشێت لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەوا سروشتی فێربوونەکە جیاواز دەبێ.
+ هەڵوێستەکانی سەروەری یان پاشکۆیەتی: ڕەنگە پشت بە بواری یەکسانی ببەستێ، بەڵام وەك ڕاهاتن هەندێ جار ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو دۆخێکی زۆردارانە وەردەگرێ، بەجۆرێك ملکەچی ئەو کۆمەڵگە پاشکۆیە دەبێت بۆ بەکار هێنانی هێز بە ئاشکرا.
+ هۆیەکانی پەیوەندیکردن: لە هەموویان گرینگتر (نێردراوە ئاینیەکان، بازرگان و خوێندکاران و زاناکان.. هتد کە کارتێکردنی لەسەر دۆخی پرۆسەی فێربوونی ڕۆشنبیری هەیە.

+ ئاراستەی هەڵقوڵانەکە:

مەبەستیش ئەوەیە تا چ ڕادەیەك گۆڕانکارییە نوێیەکان یەك ڕێگا وەردەگرن. ئایا بە ڕێگای ئاڵ و گۆڕی لە نێوان توێژەکانی دوو ڕۆشنبیرییە پەیوەندارەکە دێتە دی؟ ئەم کارە چەند ئەنجامێکی بەسەر گۆڕاوەکانی پێشو دەبێ کە خۆی دەنوێنێ لە جێگرتنەوەی هەندێ خسڵەت یان پێکهاتە ڕۆشنبیرییە نوێیەکان لە جێگای کۆنەکان، یان نوێیەکە بخرێتە سەرکۆنەکە، لێرەدا هەردوو کۆن و نوێ پێکەوە دەژین، یان ئەو سازدانەی کە بەهۆی خسڵەتە ڕۆشنبیرییە نوێیەکان و کۆنەکان ئاوێتە دەبن، بۆ پێکهێنانی سیستمێکی سەرەکی یان لاوەکی نوێ کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی نوێکاری، واتا گەیشتن بەو بونیادە ڕۆشنبیریانەی ڕەگیان بڵاوبۆتەوە لە هەر ڕۆشنبیرییەك لە ڕۆشنبیرییە پەیوەندارەکان. ڕەنگە ئاوێتە بوونێك ڕوودات بە تایبەتی کاتێ ڕۆشنبیرییەکی دیاریکارو سەر بەخۆیەکەی لە دەس دەدات، بەڵام دەمینێتەوە وەك ڕۆشنبیرییەکی لاوەکی گۆشەگیر لەناو ڕۆشنبیرییە گەورەکە.

هەندێ جار ڕەنگە کرداری لێکبوونەوەی ڕۆشنبیری ڕوودات کاتێ پەیوەندیکردن دەبێتە هۆی لە دەسدانی لایەکی ڕۆشنبیرییەکە بێ ئەوەی لایەکەی تر جێگای بگرێتەوە، یاخود لەناوچوون ڕوودەدات کاتێ ڕۆشنبیرییەکی دیاری کراو تاکەکانی لەناو دەچن و ناتوانێ پاش ئەوە ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێ.

پرۆسەی فێربوونی ڕۆشنبیری لەیەك لای دوو ڕۆشنبیریە پەیوەندارەکە بەیەکەوە نایەتە دی، پەیوەندییەکانی کار لە یەککردن ئاڵ و گۆڕ دەبن لە نێوان هەردوو ڕۆشنبیرییەکە.

بەڵام توندڕەوی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان وای لە توێژەرانی کردووە کە پەیوەندییەکە بەو شێوەیە وێنا بکەن و دەری بخەن کە ئاڵ و گۆڕنیە، واتا بەخشین تەنها لای ئەوانە و هیچ وەرناگرن، بەڵام توێژینەوە بێلایەنەکان بە ئاشکرا ئەوە بە هەڵە دەردەخەن، ئاشکرا بووەکە زۆر لە ڕەگەزە ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بە ڕاستی لە گەلانی گەشەسەندوو وەرگیراوە.

کۆتایی...

## لێکدانەوەی زاراوەکان

| زنجیره | کوردی | عەرەبی |
| --- | --- | --- |
| ١ | بوونیاد | البناء |
| ٢ | بوونیادی کۆمەڵایەتی | البناء الاجتماعی |
| ٣ | بە ڕەگەزبوون (یەکسانی) | التجانس |
| ٤ | تازەگەرێتی | التحدیث |
| ٥ | نوێکردنەوە | التجدید |
| ٦ | تەواوکاری | التکامل |
| ٧ | پشت بەستن بە هێزە نادیارەکان | التواکل |
| ٨ | کۆنە پارێزی ڕۆشنبیری | المحافظة الثقافیة |
| ٩ | پەیوەندیکردن | الاتصال |
| ١٠ | چەسپاندنی ڕۆشنبیری | التثبیت الثقافي |
| ١١ | کەڵەکەبوونی ڕۆشنبیری | التراکم الثقافي |
| ١٢ | بێ لایەن | المحاید |
| ١٣ | ناکۆك | المخالف |
| ١٤ | نامادی | اللامادیات |
| ١٥ | گۆڕان | التغیر |
| ١٦ | گۆڕانی ئاڵ و گۆڕ | التغیر المتبادل |
| ١٧ | داهێنان | الاختراع |
| ١٨ | فێربوون و ڕاهاتن | التثاقف |
| ١٩ | ڕۆشنبیرکردن | التثقیف |
| ٢٠ | ئاڵ و گۆڕی ناهاوتا | التبادل اللامتکافي |
| ٢١ | ڕەگەز | الجنس |

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | لێك خشاندن (بەریەك كەوتن) | احتكاك |
| ٢٣ | وێناكردن | التصور |
| ٢٤ | درك پێكردن | الادراك |
| ٢٥ | خاكێتی | التواضع |
| ٢٦ | تایبەتمەندییەكان | الخصوصيات |
| ٢٧ | گشتگیرییەكان | العموميات |
| ٢٨ | دۆزینەوە | الاكتشاف |
| ٢٩ | تواندنەوەی ڕۆشنبیری | التمثيل الثقافي |
| ٣٠ | بڵاوبوونەوە | الانتشار |
| ٣١ | هۆكارەكان | العوامل |
| ٣٢ | خێرایی ڕۆشنبیری | التعجيل الثقافي |
| ٣٣ | خوازیاری (وەرگرتنی) ڕۆشنبیری | الاستعارة الثقافية |
| ٣٤ | مرۆڤی پەراوێزكار | الانسان الهامش |
| ٣٥ | كەم تەرخەم | الفاتر |
| ٣٦ | ڤین لە دڵ | المتعض |
| ٣٧ | لادانی ڕۆشنبیری | الانحراف الثقافي |
| ٣٨ | كەسی پایەبەرز | الشخص المهيب |
| ٣٩ | پەرەسەندنی ئۆرگانی | التطور العضوي |
| ٤٠ | خێزانی گەورە (دایك و باوك، منداڵەكان ـ كەسەكانی تر) | الاسرة الممتدة |
| ٤١ | خێزانی بچووك (دایك و باوك، منداڵەكان) | الاسرة النووية |
| ٤٢ | بەرهەڵستییەكان | العوائق |
| ٤٣ | دابین كردنی كۆمەڵایەتی | التأمين الاجتماعي |
| ٤٤ | گەڕانەوەی خۆكرد | الاسترجاع التلقائي |
| ٤٥ | میكانزمە دەروونیەكان | الميكانيزمات النفسية |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٦ | ناوچە ڕۆشنبیرییەکان | المناطق الثقافية |
| ٤٧ | سازدانی (ڕێککەوتنی) کۆمەڵایەتی | التوافق الاجتماعي |
| ٤٨ | گەشەکردنی کۆمەڵایەتی | النمو الاجتماعي |
| ٤٩ | قۆناغی سەرەتایی | المرحلة البدائية |
| ٥٠ | قۆناغی بەربەریەت | المرحلة البربرية |
| ٥١ | ڕاستی ڕەها | الحقيقة المطلقة |
| ٥٢ | سیستمی کۆمەڵایەتی | النسق الاجتماعي |
| ٥٣ | مۆرکی خۆپەرستی | الطابع الاناني |
| ٥٤ | بەهادارێتی | القيمية |
| ٥٥ | ڕەچەڵەك | العرق |
| ٥٦ | شێواز ـ میتۆد | النمط |
| ٥٧ | پابەند | الملتزم |
| ٥٨ | هەربوونایەتی جوگرافی | الحتمية الجغرافية |
| ٥٩ | مرۆڤی نوێکار | الانسان المجدد |
| ٦٠ | شێواز، سیستم | النسق |
| ٦١ | چین | الطبقة |
| ٦٢ | گۆڕاو | المتغير |
| ٦٣ | ئەزمونگەری | التجريبية |
| ٦٤ | زانینی ڕەها | المعرفة المطلقة |
| ٦٥ | لێکچوون | تشابه |
| ٦٦ | بژاردەی ڕۆشنبیری | أنتلجنسيا |
| ٦٧ | زانستی سەرژمێری | ديموكرافي |
| ٦٨ | تیۆری هەربوونایەتی | النظرية الحتمية |
| ٦٩ | تیۆری بایولۆژی | النظرية البيولوجية |

هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ٧٠ | تیۆری پەرەسەندگەرایی | النظرية التطورية |
| ٧١ | تیۆری هێڵگەری | النظرية الخطية |
| ٧٢ | تیۆری بازنەیی | النظرية الدائرية |
| ٧٣ | تیۆری بونیادی ـ فەرمانگەرای | النظرية البنائية ـ الوظيفية |
| ٧٤ | تیۆری مەرجداریگەری | النظرية الشرطية |
| ٧٥ | نەجولاو | ستاتيكي |
| ٧٦ | مرۆڤ ناسی | انثروبولوجيا |
| ٧٧ | هاوشێوە | تماثل |
| ٧٨ | ژینگە ناسی | ايكولوجيا |
| ٧٩ | دەروونناسی | سايكۆلوجيا |
| ٨٠ | کارپێکردن | ممارسة |
| ٨١ | ناواختی | ضمن |
| ٨٢ | قۆناغی شارستانیەت | مرحلة المدنية |
| ٨٣ | تیۆری بەیەکگەیشتن | نظرية الالتقاء |
| ٨٤ | تیۆری فرە هۆکار | نظرية العوامل المتعددة |
| ٨٥ | بەریەك کەوتن | تصادم |
| ٨٦ | دیدێکی رەش بینانە | نظرة تشاؤمية |
| ٨٧ | دیدێکی گەش بینانە | نظرة تفاؤلية |
| ٨٨ | پەرەسەندگەراییە گشتگیرییەکان | عموميات تطورية |

هەواڵنامەی کتێب